سەرنووسەر
عثمان محمد فائق

رۆژنامەیەکی لەفنانەی گشتی یە
لەدەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی
کوردی دەردەچێ

هاوکاری

١٢ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

کانونی دووەمی ١٩٧٠ دامەزراوە

مەنتیقی ئیمبریالیزم لەوسالانەی دوایی‌دا بەتەواوی
روون‌بۆتەوە ، ئیمبریالیزم هیچ حکومەتێك لە جیهان‌دا
لە پیلانەکانی ناپارێزێ تاکو بەتەواوی سەر بۆ پرۆژەکانی
شۆڕ نەکاو بەرەوڕەوەو قازانج‌و سیاسەتی خۆیەوە
نەبەسترابێتەوە .

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

● چوار شەممە ١٦ی شوباتی ١٩٧٧ ژمارە ٣٥٥ ●

● الاربعاء ١٦ شباط ١٩٧٧ العدد ٣٥٥ ●

سەرۆکی فەرمانده داوا دەکا کە:

دەمەکراتیەت لە کرداری رۆژانە دابەدی بهێنرێت

سەرۆکی بەرێز احمد حسن البکر ، تەنکیدی لەسەر ئەوئامانجە گەورانەی کەرتی کشت سازی کردوە ، لەپێناوی بەیستیەکانی ولات لەسامانی کشت سازی‌و ئاژەڵەوە ، هەروا چاودێری کردنی جوتیاران لەکشت لایەنی ئابوری‌و تەندروستی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەوە .

لەژێر ئەو چاوێکەوتنە دوخی ئێستای ئاودەوڵەتان‌و ئەو مەسەلانەی بۆ هەردوو ولات گرنگن‌و پێوەندی دووقۆلی باس‌کرا .

لەلایەن عیراقەوە بەرێز حسین علی وەزیری بازرگانی ئاوخۆ وەزیری بازرگانی دەرەوە بەڕەگالەت‌و دوکتور سەعدون حمادی وەزیری دەرەوەو لە لایەن مالیزیشەوە بەرێزان احمد رضا الدین وەزیری دەرەوەو اسماعیل بودن وەکیلی وەزارەت بەشداری چاوێکەوتنەکە بون .

وە دوائی بەیانی لەوەزارەتی دەرەوەدا لەنێوان وەفدی عیراقی بەسەرۆکایەتی دکتور سەعدون حمادی وەزیری دەرەوەو وەفدی مالیزی بەسەرۆکایەتی تانکو احمد رضاء الدین وەزیری دەرەوەی مالیزیادا گفتوگۆ کرا .

هەردوولا پەیوەندیی دووقۆلی‌ی هەردوو ولاتیان باس‌کرد ، یاری سەرنجی هەردوو لاشیان لە گفتوگۆکاندا یەك‌گەوتبو ..

ئەوەشیان چەسپاند کە دەبێ ئەو پەیوەندییە بە پەرەی پێبدرێ بەتایبەتی لەمەبانی دەستەبەندە زانستیانە ریتمبخشان بۆ لێکۆڵینەوەی بڕۆژە کشت سازیەکان‌و مەلخستنی بەرنامەیەکی دورست بۆ ئەم مەبەستە .

ئەمەو ئەنجومەن بریاری‌دا عەمبارێکی سارد لەنەینەوادا بۆ پاراستنی پەتاتە دامەزرێنی .

لەکۆتایی کۆبونەوەکەدا ، کە دووسەعاتی خایاند ، سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر ، لەلایەن هەئال سەرۆکی ئەنجومەنی بالای کشت‌سازی‌و بەرێز وەزیری کشت‌سازی‌و پاکگردنی کشت‌وکال‌و هەمو ئەندامانی ئەنجومەنی بەو پەری ریزو حورمەت‌و سوپاسەوە سوشیالیزمیەکانی ئێو ولات .

ئەنجومەنیش هەمو ئەو بڕیارانەی کە لەکارنامەکەی دا هەبو هەڵخستنی سەرۆکی بەریزیش راوویسەرنجی خۆی لەبارەی بترکردنی پسوڕتی جوتیاران‌و مەشق پێ‌کردنیان لەلایەن دەزگا پسپۆڕەکانەوە دوبات‌کردەوە ، بەشێوەیەکی کەدەستەبەری وەبەرهەمهێنانی هەمو ئەو توانایانە بێ کەزراندنی کەلەپێتەماوەی دەزراندنی بنکەیەکی باش‌و بەردەوامی گەشەکردنی کشت‌و سازی .. هەروا ئەنجومەن باسی لەو دەستەبەندانەکرد کە بڕۆژە کشت‌سازیەکانی ئێو زانستیانکان هەڵەدەستەنگین ..

لە کۆبونەوەکە بریاردرا ، هەمو جۆرە یارمەتیەك بۆ ئەو دەستەبەندانە هەڵبخرێ ، تا بەتەواوی کاری خۆی بسازێنی .. هەروا بریاردرا ئەنجومەن کۆبونەوەیەك لەگەڵ ئەو سوشیالیزمیەکانی ئێو ولات ئەنجومەنیش هەو ئەو تارانەی کە لەکارنامەکەی دا هەبو هەڵخست . سەرۆکی بەریزیش راوویسەرنجی خۆی لەبارەی بترکردنی پسوڕتی جوتیاران‌و مەشق پێ‌کردنیان لەلایەن دەزگا پسپۆڕەکانەوە دوبات‌کردەوە ، بەشێوەیەکی کەدەستەبەری وەبەرهەمهێنانی هەمو ئەو توانایانە بێ کەزراندنی کەلەپێتەماوەی دەزراندنی بنکەیەکی باش‌و بەردەوامی گەشەکردنی کشت‌و سازی .. هەروا ئەنجومەن باسی لەو دەستەبەندانەکرد کە بڕۆژە کشت‌سازیەکانی ئێو زانستیانکان هەڵەدەستەنگین ..

لە کۆبونەوەکە بریاردرا ، هەمو جۆرە یارمەتیەك بۆ ئەو دەستەبەندانە هەڵبخرێ ، تا بەتەواوی کاری خۆی بسازێنی .. هەروا بریاردرا ئەنجومەن کۆبونەوەیەك لەگەڵ ئەو

لەسەر بانگهێشتی بەرێز صدام حسین

سەرەك وەزیرانی مالیزیا سەردانێکی بۆ ولات دەست پێ‌کرد

بێری ئواری بەرێز صدام حسین لەمەکتەبی رەسمی خۆی لە بارەگای ئەنجومەنی نیشتمانی دا پێشوازی لە بەرێز داتوك حسین بن عون سەرۆك وەزیرانی مالیزیاکرد .

بەرێز داتوك حسین سەرۆك وەزیرانی مالیزیا بێری ئواری لەسەر بانگهێشتنی بەرێز صدام حسین بەسەرۆکایەتی بروانە ل : ١١

لەو چاوێکەوتنە دوخی ئێستای ئاودەوڵەتان‌و ئەو مەسەلانەی بۆ هەردوو ولات گرنگن‌و پێوەندی دووقۆلی باس‌کرا .

لەلایەن عیراقەوە بەرێز حسین علی وەزیری بازرگانی ئاوخۆ وەزیری بازرگانی دەرەوە بەڕەگالەت‌و دوکتور سەعدون حمادی وەزیری دەرەوەو لە لایەن مالیزیشەوە بەرێزان احمد رضا الدین وەزیری دەرەوەو اسماعیل بودن وەکیلی وەزارەت بەشداری چاوێکەوتنەکە بون .

وە دوائی بەیانی لەوەزارەتی دەرەوەدا لەنێوان وەفدی عیراقی بەسەرۆکایەتی دکتور سەعدون حمادی وەزیری دەرەوەو وەفدی مالیزی بەسەرۆکایەتی تانکو احمد رضاء الدین وەزیری دەرەوەی مالیزیادا گفتوگۆ کرا .

هەردوولا پەیوەندیی دووقۆلی‌ی هەردوو ولاتیان باس‌کرد ، یاری سەرنجی هەردوو لاشیان لە گفتوگۆکاندا یەك‌گەوتبو ..

ئەوەشیان چەسپاند کە دەبێ ئەو پەیوەندییە بە پەرەی پێبدرێ بەتایبەتی لەمەبانی رۆشنبیری‌و بازرگانی‌دا .. هەروەها هەوڵستی خۆشیان سەبارەت بە مەسەلەی ئاشتی‌ی لە ئۆقیانووسی هیندی‌و مەسەلەی ئەلەستین‌و ئەو زەوی‌یە داگیرکراوانەش کە قەوارەی زایۆنیزم زەوتی‌کردون حسابتۆنە روو . یاری سەرنجیشیان بەرامبەر ئەو مەسەلانە بەتەواوی یەك‌کەوتوە .

هەروەها لەکەلێك مەسەلەی گرنگی دەوڵەتانیش دواون ، وەك بەرەسەندنی بزووتنەوەی بێلایەنی .. رێکوپێکی پەیوەندیکانی نێوان دەوڵەتە تازە گەشەکردووەکان‌و دەوڵەتە پیشەسازیەکان لەپاریس .. کاروباری کۆنگرەی ئیسلامی ، لەهەموو ئەوەو مەسەلانەشا یەك‌کەوتوون‌و لێك‌نزیك بوون .. هەردوولا لەسەر ئەمەش پێك‌هاتوون کە بۆیە لەنێوان هەردوو ولاتا وەفد ئاڵ‌وگۆڕ بکرێت ، ئەمەو بەرێز وەزیری دەرەوەی مالیزیا بانگهێشتنی دکتۆر سەعدون حمادی کرد کە سەر لە مالیزیا بدات ، ئەمیش رەزامەندیی خۆی پیشان‌دا .

لەوەفدی عیراق بەرێزان

پەیوەندی نێوان عیراق و تورکیا لە ژێر ڕۆشنایی بەیاننامە دووقۆڵی یەکەدا

حمید عزیز

● ڕاپۆرتی سیاسی ●

پیلانەکەو ٠٠ ڕەفتاری دودڵو هەڵپەرستەکان

نوسەری سیاسی هاوکاری نوسیویەو دەڵێ :

ئەم ڕۆژانە مل‌ملانێی سیاسی لە لوبناندا خەریکە ئەکەوێتە بارومەودایەکی ترەوە چونکە هەسەلەکە دیسانەوە لەم چەند ڕۆژەی دواییدا تەقیەوەو هەرهاتەوە سەر ئەو بارەی کە، ئیمپریالیزمو زایونیزم ئەخشەیان بۆ کێشابوو کونە پەرستی ناوخۆو سەرکردایەتی ناو مەیدانی ئیمپریالیزم ـ وآتە ئەوڕیمانەی کەوتونەتە سەرسازدانو سەرشۆڕکردن کە ڕژیمی دەشق پیشەنیانە ـ بەجێی ئەهێنن ٠

هەر لەئەل تەقینەوەی وەزعدا ، هەندێ ڕووداوی نو ەن دینەوە یاد ، ئەلێین نوێ ئەك لە بەرئەوەی کەلکەی نوێیان داوەتە دەستەوە٠ بەنگوتەبەر بەودی ئەو ڕووداوانە خوێان لەخۆیاندا نوێن لە پوارچیوەو شەوەدا ، ئەمەش هەر بۆ خوی ئەقەیەکی زەرەلە زنجیرە ئەوانەك کە لەلایەن سەرکردایەتی نار مەیدانی سەر بەئیمپریالیزمەوە بەجێ ئەهێنرێ ٠

فوتاغی پێشوی مل‌ملانێ لە لوبناندا کە بریتی بو لە زورانبازیو کەشمەکەش لەنێوان هێزەکانی پشکەوتنو نازادی تەئەوایەتیو کومەلایەتیدا لەلایەکەوەو هێزەکانی ترەوایی و دەست تێکەلیی کونە پەرستانەی ئیستیعماری دا نە لایەکی ترەوە ، پاش ئەوەی تێزرەفتاری ناوانگارانەی تیداکرا وەکو چەقوتانە ملی بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنانو بەرکری فەلەستینیو دەستەوەژکردنی سەرکردایەتیی فەلەستینیەکانو بەزۆرسەپاندنی خۆبەدەستەوەدان بە سەریاندا ، پاش هەمو ئەمانە بەرەی ئەولای زورانبازیەکی هاتە سەر دەست ئاینەبیتی ئەو هێزانەی کە دزی خوبە دەستەوەدانن وبەرەنیکوشەرە کەیان تاکو بیانبەستنە شوێنێکەوە کە هێزە هاوپەیمانە ئیمپریالیە زاسترەوەکان بە ئاسانی دەستیان لێ بوەشێنن و قەلاچویان بکەن ، پاش ئەوەی لەدەستیان نەهات قەلاچویان بکەن بالەسەر ڕیبازی ڕاستی خۆیان لایان بدەن ٠

سیاسەتی ڕاکردن بەدوای ئفتوگۆ کردن لە ئەل دوژمنی ڕایۆنیداو شەان بەشەان دانیشتن لەسەرەتیزی کونفرانسی جنێف لەگەڵیدا ، لەم قوناغەداکە ئەمەریکاو زایونیزمو کونە پەرستان بەچالاکی ئەچووینەوەوای چەسپاند بەسەر نەو جۆرە ڕژیمانەدا کە بەبەرژەشەوەخەریکی وەدی هێنانی کونفرانسەکەن ، کە زوو بەزوو بکەونە خۆیانو بەرەنگاری کوەمەلانی خەلك بێنەوە ئەبادا بیروباوەڕی (ڕەفز) بەناویاندا ئەشەنە بکات وبکەونەخۆ لەژێر ئالای جولانەوەو ڕیکخراوو وحیزبە تێکوشەرەکانیاندا ئەمەش ـ لە کاتێکدا کە بەستنی کونفرانسی جنێف وئفتوگۆ کردن لەئەل دوژمندا نزیك دەبێتەوە ـ وای بیویست کرد کە هاوپەیمانەکان کە بریتین لە ئیمپریالیزمودارو دەستەکونەپەرستەکانیان دەنگی قەبول ئەکردنی ئەمەم جورە چارە سەرانە بناسێنن و لەناوی بەرن تابەم جۆرەزەمینەیەکی لەبارو هێوڵ بو ئفتوگۆکانی جنێف دروست بکەنو وەزعێکی بن دەنگی بۆ پێك بهێنن تا هیچ جورەدەنگ وسەدایەکی بەرپەرچ دەرەوەو نارازی بەر لە بەستنی کونفرانسە کە ودەرکەوتنی ئاکامە سەرشۆڕانەکانی لەئەل دوژمنی زایونیدا بتەنە بێتەوە

بۆ ئەم مەبەستە ئیمپریالیزمی جیهانی بالی بەبەکری تیراو هاوپەیمانەکانیەوە لە ناوچەکەدا تا کە خیرا بکەونە سەر پاکژدان کردنو بەکار هێنانی دڕندانە ترین شێوە لەم بوارەدا بەهۆی ئامشەی گورینی دەستیان واتە (ڕژیمی دەشق)ەوە ، بۆیە لەماوەی چەندڕۆژی ڕابوورودا هیرشە دڕندانەکانی هێزەکانی ڕژیمی گومرای سۆریا لەژێر بەردەی هیزی ناوبژی کەروکومەلی صاعقەدا دەستی پێکرد بوسەر چادرگای پەنابەرە فەلەستینیەکانو پنکەکانی ئەو هێزانەی سەربێچی لە قبول کردنی چارەسەری سەرشۆڕانە ئەکەنو وەلەئەل ئەوەشدا ئاگری ڕژێخانەی حوکمڕانەکانی دەشق قوربانیەکی زۆری خست ، بەلام ئەم هێرشە دڕندانەیە نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی بێنێتەدیو هەرئیستا ناشتوانی چونکە ڕیبازی پێشێل کردنی خواستو ویستی کۆمەلانی خەلك بەرەو ئازادی نیشتمانی ونەتەوەیی هەتاهەتاهەر بڕە لە ئاگرو کوسپ ودرك هەتا تێکوشەران و هێزەبەجەرگەکانیان مابن ٠

هێزەکانی ئازادیو پیشکەوتن لە ناوچەکەدا وەکو جاران نەتوانن خۆیان لەبەرئەمهیرشە پیلاناویە ڕاگرن ، لە هەمان کاتیدا ئەشتوانن ،وەکودەیەها جاری ڕابوورودو ، هەرەس بە هەر ئەخشەو پیلانیکی خیانەتکارانەی نوێ کە پانەوانەکانی چارەسازکردن ئامادەی بکەن ، بهێنن و بەدەردی پرۆژەو ئەخشەکانی تری ئیمپریالیزمو کونە پەرستیی بەرن ، ئەو ئەخشەو پروژانەی کە مەبەستیان پەلاماردانی بنکە شۆڕشگێرانەکانی ناوچەکەیە وەکو وآتە تێکوشەرەکەمان کە لە ڕێزی پیشەوەی ئەم بنکانەوەیە هەمان پروژەو ئەخشە بەملی شکاوەوە ئەدرێنەوە بەسەری دروستکەرانیاندا چونکە کومەلانی گەلمان ئەوەندە توانا ڕیو شوێنی پێشگریو بەرەنگار بوونی هەیەو ئەوەندە ئاقلی کردنەوەو وکارامەیی تێکوشانی دیوە کە بتوانێ سەرکەوتنو دەست بێنێ ، سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەو ئشتلاو لافاوی بەسەر هەموو دوژمنە ئاسراوەکانیدا ٠

ئەکەرچی ئەم جۆرە زەفتارە ناشیرینانەی حوکمڕانەکانی دمشق لە لوبناندا جۆرە سەرشوڕشکردنێکی سەیانەوە بەسەر هەندێ سەرکردایەتی فەلەستینیدا کە بە دوودلی و هەلپەرستی ئاسراونو هەندێکی تری دوور لەتیکوشانی جەماوەرانە هیناوەتە کارەوەلەم یاری سازکردنەدا وبەرەو کومڕایی و لێژی پالی پێوەئەنێ ، ئەو حوکمڕانە لەڕێ وەرگەڕاوانە ناتوانن ئیرادەی پولایینی هیزەکانی (ڕەفز)ی فەلەستینی بشکێنن کە ئەمڕۆسەربەرزانە لەڕووی بەکری گیراوانو لەڕێ وەرگەڕاوانئەوانەی دژی مەسەلەی گەلی فەلەستین پیلان ئەگێڕنو دژی‌مافی کەڕانەوەی بو زەوی‌و نیشتمانی داگیرکراوی ڕاوەستاون ٠

لە سوریا چ باسە؟

بەشی لێکولینەوە

ئەمڕۆ سوریا بۆخۆی بەندیخانەیەکی گەورەیە ٠٠ بەڵام لە بەندیخانە پاپوکەکاندا کەهەزاران ئیراوی سیاسییان تیدایە ، هەموڕۆژێکو ئەئانەت هەموسەعاتێك ئازارو ئەشکەنجەیەکی ئیراوەکان دەکرێ کە ویژدانی مرۆڤایەتی شەرمی لێدەکاتو هەمو بایەخێکی هەقو دەدڕەوەزی شەو ئەو سەرشتانەی مرۆڤ لە دڕندی جەهەنەم جیا دەکاتەوە ئەنقەل دەکرێن ٠

ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی جیهانیی لێبوردن چەند کارەساتو ڕوداوی سامناکی باس کردوە کە داروەدستەکەی ڕژێمی دەسەلاتداری دمشق بێکیان هێناونو ٠٠ بەهۆی ئەوانەوە هەمو چەشنە ئاکارێکی دڕندانەو خوێنخۆڕیو بێحورمەتی‌یەك بەکار دێنن‌و کەرامەتی ئیراوەکان پێشێل دەکەنو بەهەموو تواناوە هەول دەدەن سوکایەتی‌یان بێ‌بکەنو سەریان بێشۆربکەنو وەریان تێك بشکێنن ٠

هەر بۆ نمونە ڕێکخراوەکە لە ڕاپۆرتی خۆیدا ئەم چەند نمونە خوناویەی پیشان داوە :

● سەرو دەستی ئیراوەکان دەخرێتە ناو تایەی کاوچۆکەوەو لێیان توند دەکرێ بۆ ئەوەی خوێن نەگاتە سەرو دەستیانو ئەندامیان سست بێ ، ئەمکارە چەندین‌جار دووپات‌دەکرێتەوەو بەردەوامیش بەقامچی لێیان دەدرێ هەتا بێهۆش دەبن‌و دەکەونە سەر زەوی ٠

● هێندێك لە ئیراوەکان بە تەزووی کارەبایی ئەشکەنجە دەدرێنو لەوەش‌دا جەلادەکان خۆیان ڕادەی‌هێزو کاربگەریەکە دیاری دەکەنو ئەوکارە درێژەی دەبێ هەتا ڕەنگیان دەبزرکێو ماسولکەکانیان شل دەبێو دەگەنە سنوری گیان‌دان ٠

● هێندێك بەوە ئازار دەدرێن کە جارێك ئاوی ژێر گەرمو جارێك ئاوی ساردیان بەهۆی دوشەوە بەسەر سەردا دەکەن هەتا هەناسەیان پێ تەنگ دەبێو خەریك دەبێ بخنکێن ٠

● تاوانکارە خاوەن دەسەلاتەکان هەروەها قامچی کاری‌و ڕاکێشان لەسەر تەختەی بزهاردارو داغ‌کردنی شوێنە ناسکەکان بەئاگرو کوژاندنەوەی جگەرە بەلەشی بەندی‌یەکانو نوشت پچرین لە لەش بە گازو پلایەرو زۆرشتی لەوبابەتە لە کەرەستەی ئازاردان بەکار دەبەن ٠

یەکێك لە سەیرترین ئەشکەنجەکانی کە ئەودڕندە لەئەنجامی ئەوەی کە ئەو ئیراوە سیاسی‌یەکان ئازاد بکا یان بیان‌دا بە دادگا و لە دادگایەکی ئاشکرادا ڕوحاکەمەیان بکا کە بتوانن دیفاع لە خۆیان بکەنو ڕەتکاش بە پارێزەرانی عەرەبو پارێزەرەکانی وەکیلیان بدرێ کە دیفاع لە ئیراوەکان بکەنو لەکاتی لێ‌پرسین ڕوحاکەمەداو ڕزی هەمو ماڤە بنەڕەتیەکانیانو کەرامەتی‌مرۆڤایەتی‌یان بگیرێ ٠

سکرتێری ئشتی یەکیەتی پارێزەرانی عەرەب لە کۆتایی وتارەکەی‌دا دو ڕاستی بنچینەیی‌و دومەرجی بێویستی هەمو دەستکەوتێکی شارستانەتی‌و ڕزگاریخوازی دوپات دەکاتەوە کە بریتین لەمانە :

● ڕزگارکردن لە ماڤی مرۆڤی عەرەب ٠

● دان‌نان بە ماڤی دیاری کردنی چارەنوسی مرۆڤی عەرەب‌دا ٠

شتێکی ڕونە کە هیچ کام لەوانەی باسمان کردن کاریگەری ئەوەیە کە ئەو ئیراوە سیاسی‌یەکان ئازاد بکا یان بیان‌دا بە دادگا و لە دادگایەکی ئاشکرادا موحاکەمەیان بکا کە بتوانن دیفاع لە خۆیان بکەنو ڕەتکاش بە پارێزەرانی عەرەبو پارێزەرەکانی وەکیلیان بدرێ کە دیفاع لە ئیراوەکان بکەنو لەکاتی لێ‌پرسین موحاکەمەداو ڕزی هەمو ماڤە بنەڕەتیەکانیانو کەرامەتی‌مرۆڤایەتی‌یان بگیرێ ٠

ئەمە بو بەهۆی ئەوە کە سکرتێری ئشتی یەکیەتی پارێزەرانی عەرەب وتارێك ئاراستەی وەزیری دادی سوریا بکاو بەتاوی هەقو دادبەروەریەوە داوای لێبکا کە دەس‌بەجێ لەو تۆمەتانە بکۆڵێتەوە کە ڕێکخراوی جیهانیی لێبوردن دەربارەی ڕیزیی ئەوەنەوای دمشق باس کردنو هەول بدا بۆ دەرخستنی ڕاستەقینەو وەرگرتنی بیجراءاتی قانونی بێویست ٠

هەراوەکانەدا داوا لە حکومەتی سوریاش بکا کە ئەوانەی باسمان کردن کاریگەری بەجێ بهێلن ئەگەر بەرنامەیەکی ئاشتی دابنرێ ، و ئەمەریکاییەکان خۆیان ئارەزووی مانەوەیان نیە بەم جۆرە ئەم کار بەدەستەکۆریاییە بەم شێوەیە ، لەوەتە خواستی ئەلی کوریا لە کشاندنەوەی سوپای ئەمەریکا لە وآتەکەی دەدا ، وەمەسەلەکە ئەخاتە قالبی ئارەزووی ئەمەریکاییەکان خۆیانەوە !!

بەلام ئەم ئارەزووە بێ‌بەساسە ، لەلایەکی‌ترەوە بە درۆ ئەکەوێتەوە کاتێ کە دەستەلاتدارە ئەمەریکاییەکان بەدەمی خۆیان ئارەزووی مانەوە لە ڕۆژهەلاتی دووردا دووپات دەکەنەوە ٠ لە ئەشتەکەی زاپونیدا ، موندیل ـ جێگری سەرەك کۆماری ئەمەریکا ـ ئەوەی دووپات کردەوە کە وآتەکەی سوورە لەسەر مانەوە لە ئاسیا و بەتایبەتی لە ئوقیانوسی هادی‌دا ٠ کە واتە ئارەزووی کشانەوە لە کوریای خواروو چی‌لێهات و لە کوێ بەجێ ما ؟

لە ڕاستیدا ، قسەکانی وەزیری دەرەوەی کۆریای خواروو بەلگەیەکی تری کلکایەتی ڕژیمەکەیەتی بو سیاسەتی ئەمەریکا ودەلیلی ئەوەیە ئەو ناتوانی ڕێکای ڕاستی چارەسەرکردنی مەسەلەی کۆریا بدوزێتەوە کە بریتیە لە کشانەوەی ڕاستی‌و تەواوی هێزەکانی ئەمەریکا لە کۆریا وەك مەرجێکی بنەڕەتی وپێشەکیەك بو هەر جۆرە گفتوگۆو ووتوێژێك کە لە نیوان ژووروو خواروی‌کوریادا بکرێت‌و هەنگاو هەلنرێ بەرەو یەکگرتنەوەی کۆریا ٠

گومانی تێدا نیە کە سیاسەتی ئەمەریکا لە سەرئەکەوتن بەولاوە هیچی‌تری نی نابرێ‌وئیترناتوانی کلکەکانیشی لەچارەنووسی ڕەشی بی‌یەك ودوو بپارێزێ ٠

کاروباری جیهان

ـ جەزا صالح ـ

سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەلاتی دووردا ، بەتایبەتی لە هیندی چینیدا ، توشی کومەڵێك نووچ‌دان وبەزینی ئەوورەئەوورە بوو ، و لەگەڵ ئەوەشدا حوکومەتی وآتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا پالپشتیەکی بێ‌سنووری بۆ ماشەکانی دەستی ، واتا ،بەجی هێنەرانی سیاسەتەکەی لەو مەلبەندەدا پیك هێنا بو ،بەلام لە ڕووڕەشی وباشەکشین بەولاوە هیچی تری نەچنیەوە ٠

بەم جۆرە ، ئەمەریکا ، لە ئیندام ولاوس‌و کەمبودیا دەرچو وحەوت بەردی لەپشتەوە فڕێدرا بی‌ئەوەی تروسکەیەکی هیوای گەڕانەوەی لەدڵدا بێت ، ئەمە لێرە ، لەو وآتانەشدا کە تا ئیستا سەربەخۆیی ئەواویان وەدەست نەهێناوە شوین پێی ئەمەریکا شلوق بوەو هاتوتە هەژین٠ بێ‌گومان هۆی سەرنەکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا لەو مەلیلەندەو گەلی مەلیلەندی تری جیهاندا سروشتی کونە پەرستانەو دوژمن بەئازادی میللەتانو ناوەڕۆکی پڕ لەچەوساندنەوەیە کە بۆتە ناسینەری زەقی ئەو وآتە سەرەڕای تیکوشانی میللەتانی وآتە زیردەستەکان وسووربونیان لەسەر لەدەست دەرهێنانی ئازادی وسەربەستی بۆ خوریان ٠

لە وآتانەدا کە تا ئیستا ئەلەکانی نەیانتوانیوە سەربەخۆیی وەدەست بهێنن ، ڕژێمە حوکمڕانەکان کە سەر بەواشنگتۆنن ، بە ئەنقەست هەندی گورین لە کردارو ڕەفتاری خویاندا دەکەن کە لە لایەکەوە مانەوەی ئەمەریکا مسۆگەر دەکات و لەلایەکی تریشەوە پەردەیەکی نیشتمانی ساختە بەسەر ئەم ڕژمانەدا دەکێشێ ٠

هێزەکانی ئەمەریکا دەتوانن لەم ڕژیمانەی باسمان کردن، ئەو ڕژیمەی ئیستا لەکوریای خواروودا دەسەلاتی‌بەدەستەوەیە نموونەی نیشاندەرە٠ ئاشکرایە گەلی کۆریا سەربەخۆیی خۆی وە دەستهێناو ڕژێمێکی سوشیالیستی لەبەشی‌ژووروی کوریادا دامەزراند، بەلام بەشی خواروو هەر لەدەستی کۆمەڵێك لە بەکری گیراوی بە زەبری چەك ڕاگیراوی واشنگتۆندا مایەوە ٠ لەبەرامبەر شلوق بوونی کۆمای دەسەلاتی ئەمەریکا لەهەندێ وڵاتی نزیك یا دراوسێی کوریای خواروودا بەکرێ گیراوەکانی واشنگتون هیچیان بۆ ئەماوە کە ئەمەی دەسەلاتی خۆیانی پێدرێژ بکەن ئەوە ئەبی لەبارەی ئەوەوەکە کوایە ئەوەندەی ئەماوە ئەمەریکا هیزەکانی لە کوریای خواروو بکشێنێتەوە ٠ لەم بارەیەوە ، وەزیری دەرەوەی کۆریای خواروو لەم دواییەدا دەڵی :

هیزەکانی ئەمەریکا دەتوانن بەرنامەیەکی ئاشتی دابنرێ ، و ئەمەریکاییەکان خۆیان ئارەزووی مانەوەیان نیە بەم جۆرە ئەم کار بەدەستەکۆریاییە بەم شێوەیە ، لەوەتە خواستی ئەلی کوریا لە کشاندنەوەی سوپای ئەمەریکا لە وآتەکەی دەدا ، وەمەسەلەکە ئەخاتە قالبی ئارەزووی ئەمەریکاییەکان خۆیانەوە !!

بەلام ئەم ئارەزووە بێ‌بەساسە ، لەلایەکی‌ترەوە بە درۆ ئەکەوێتەوە کاتێ کە دەستەلاتدارە ئەمەریکاییەکان بەدەمی خۆیان ئارەزووی مانەوە لە ڕۆژهەلاتی دووردا دووپات دەکەنەوە ٠ لە ئەشتەکەی زاپونیدا ، موندیل ـ جێگری سەرەك کۆماری ئەمەریکا ـ ئەوەی دووپات کردەوە کە وآتەکەی سوورە لەسەر مانەوە لە ئاسیا و بەتایبەتی لە ئوقیانوسی هادی‌دا ٠ کە واتە ئارەزووی کشانەوە لە کوریای

Institut kurde de Paris

بیروڕا

لەبابەت بەرنامەکانی زانستی مرۆڤایەتیەوە

● لە دەرزەمانەوە ، فەیلەسوفەکان ، هەریەکەیان بە ڕێگای تایبەتی خۆی ، هەوڵی ئەوەی داوە بچێتە قوڵایی گەردان بە دوای ڕاستیدا ، خزیان خستۆتە دەریای زێر لیکۆلینەوەو باس و توێژینەوە بەمەبەستی چارەسەری کێشەی بوون و نەبوون و لیکدانەوەی ئەو شتانەی لەبەر چاویانە ، بەتایبەتی ئەو دیاردانەی ئەبنە هۆی ترس و لە دڕین و بێزاری، هەورەبروسکەو لافاو کارەساتەکانی سرۆشت ئەو شتانەبوون کە هەمیشە هەڕەشەبوە بۆ بوون و مانەوەو پەرەپێدانی کۆمەڵەکانیان .

● مرۆڤایەتیمان لە سەدەی بیستا زۆر کەرەستەی زانستی گەوردی دەسکەوت کە لە ڕێگایانەوە توانی مستحیل « تابێ » بروخێنێت و هەموو دیاردەیەك بخاتە بەردەستی خۆی ، هەڵبژاردەو لیکدانەوەو شی کردنەوەو کەرەستەکانی بتوانێو تاقی کردنەوەو تاقیکردنەوەو وردەکاری و لێکۆلینەوەی زانستی داهێنانی نوێ بونە ڕێگای زانستی گەران بە دوای نهێنیەکانی گەردونا ، بەڵام کێنەکان تواناو کەرەستەی تەواویان نەبوو بتوانن دوزینەوەی مەوزوعی تەواوبکەن ، لەبەر ئەوە ئەبێنن کە فەیلەسوفی یونانی « ئەرستۆ » بێپەروا هەوڵی ئەوەی داوە بگاتە قوڵایەکانی زانست بە هۆی بەرنامە خەیالیەکەی جۆیەوە کە باوەری خستبوە سەر « جدل » و بەرامبەر بەبێ پشت بەستن بە واقعی کاروبارو ئەو شتانەی لەبەر دەستو چاون ، کە ئەمەش هەوڵی داوە بگاتە زانست ، بێگومان شیوازێکی « نایدیالیە » بە پێچەوانەی « فرنسیس بیکون » ەوە کە لە بەرنامەکەیا باوەری خستبەسەر تاقی کردنەوەو یاری سەرنجی جێگر بەبێ گوی دان بە بڕچونو یاری سەرنجی تەیا رووت ، شیوازی زانستی لەسەر بنەرەتی ماددیو دیاردە هەمە جۆرەکانی دانراوە .

سێیەم بەرنامە کە هەوڵی داوە بگاتە زانست بەرنامەی « سوفیایەتیە » کەوا ئەبێنێ زانستی چەسپاو بە یەقین ڕێگای دەرك بردنو بەئەقڵاچوونی سوفیایەتی یە ، ئەم ئوسلوبە باوەڕ ئەخاتەسەر دڵپاکیو تەقەللای دەرون تا گەیشتنە ڕادەیەکی باڵای پاکی .. ئەم بەرنامەیەش لەگەڵ ئوسلوبی زانستی بە بەڵگەوە ڕیکناکەوی ، چونکە ئەمیش « نایدیالیە »و باوەڕ ئەخاتەسەر نوقم کردنی « خۆیی » وەك بنەڕەتی لێك دانەوەی کاروبار، ئینجا بەرنامەی ڕەخنەیی کە بەڵگەیی و عەقڵی بەیەکەوە ئەبەستێو لەسەرویانەوەش « کانت » باوەڕی یەم بەرنامەیە هەیە کە وای ئەبینێ ، زانست بەبێ شارەزایی هەستو باوەری عەقڵ بێکەوە ناگونجێ .

● ئەو بەرنامانەی باسمان

بروانە ل : ١١

شۆڕشی ٨ ی شوبات

تاقیکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕی پێشڕەو لە خەباتی گەلەکەماندا

دوێنێ گەلەکەمان ، بەبۆنەی بیرەوەری چواردەهەمی شۆڕشی ٨ی شوباتی ساڵی١٩٦٣ ئاهەنگی گێڕا ، ئەو شۆڕشەی کە حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەب لەباری سەرنجی شۆشگێڕانەو نەخشەی بۆ کێشاو ڕای بەڕاند، ئاهەنگ گێڕان بەم بۆنەیەوە بایەخێکی تایبەتی هەیە کە لەسەروو تەنیا بیرەوەری ڕووداوە گەورەکە خویدا بەتەنیا بوەستێ . بایەخی ئاهەنگ گێڕان بەم بۆنەیەوە ، لە هەڵسەنگاندنی پێناسی شۆڕشە کەدایەو بەرەو ڕێڕەوی ڕووداوە مەزنو گەورەکانی لەژیانی مرۆڤایەتیدا ، جالەوێوەکە مەبەست بوون وەك ئامانج جێبەجێبکرێن یان ئەو هۆیانەی کەوای کرد بەشێوەیەکی وا کە لە میژووی عیراقدا ڕووی نەداوە ببێ ، ئەویش ڕێگای ڕاپەڕاندنەکەی بوو کە بۆ یەکەم جار لەپانایەکانی تیکۆشانی هاوچەرخی گەلاشیوازی ڕووبە ڕووبوونی ڕژێمە دیکتاتۆرو تەسك ڕەوەکەی ڕاکان گۆڕا ، گۆڕانەکەش لە جولاندنی تیکرایی فراوانی جەماوەردابوو وە تێکەڵبوونی لەگەڵ هیزە چەکدارەکاندا بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتوریو لەجیاتی ئەم دامەزراندنی دەسەڵاتی جەماوەر ، بەم جۆرە تاقی کردنەوەی ڕاپەڕاندنی شۆڕشی (٨)ی شوبات کاریکی جەماوەری مەزنبوو ، ئەم شۆڕشە یەکەم کاری گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەبوو لەنیشمانی عەرەبدا کە ڕاستەوخۆ جەماوەر بێ ڕاپەڕی بەهاوشانی خەباتگێڕانە لەگەڵ هیزە چەکدارەکاندا .

لەگەڵ ئەوەشدا کە شۆڕشی شوبات کەو تەبەر شەپۆلی ئاڵۆزاندنو گومان بێبردن لەلایەن بەربەرەکانی کارەکانیەوە ، بەڵام لەبەال ئەوەشدا توانی لە ڕۆژگاریکی زۆرکرانو تەنگاو ئاڵۆزبوودا کۆمەڵێ گۆڕانکاری سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی لەوڵاتا بەدی بهێنێو بەبریارەکانی لە چەند هەڵێکی زۆرا توانی گۆڕانکاری وایەکار بەدی بهێنێ کەکاریکی دوور بینانەی- کردە سەر دانانی بنەڕەتی ماددی ئەو گۆڕانکاری یەشۆڕشگێڕانەی دوای ئەگەر هەڵگەڕانەوەکەی تشرین بەکردەوە فاشستیار - نەکەی کەهەڵی کوتایەسەر شورشی شوبات بە لگەیەکی دابە دەستمان کە شورشی شوبات پێشکەوتن خوازەو تاقی کرد نەوەیەکی دیموکراتیانەیە .

ئومانی تیا نیە کە شۆڕشی ٨ی شوبات ، بەپێی ئەو هوویانەی کە پاڵیان بەڕاپەڕاندنیەوە ناوبەو ئامانجانەی کاری بۆ بەدی هێنانی کردو ئەو دەسکەوتانەی زامنی کردن لەو ماوەکورتەی تەمەنیا وایان کرد کە شوێنە واریکی میژووی هەبێ لە وڵاتەکەماناو شوێنێکی باڵابگرێ لە بزوتنەوەی شۆڕشی هاوچەرخی عەرەبو بزوتنەوەی شۆڕشی دنیادا پشتگوی بخرێ .

ئەو گۆڕانکاریەی شۆڕشی ٨ی شوبات بەرپای کرد گۆڕانکاری جۆرەکی بوو کەلە مانەدا دەرئەکەون :

ـ ماوە فراوان کردن لەبەردەم ڕێکخراوە جەماوەری بە کاندا دەوروشوێنی خۆیان لەدەسەلاتداریەتی شۆڕشدا بگێرن کەبەمە لەهەموو کەندو کۆسپێکیوا لای بدا کە ڕێگای بەشداربوونیان لەژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریدا لێئەگرێ ..

ـ شۆڕش لەبنکەی بورجوازیەکانو بیروکرانیەکاندا ئەویش لەڕێگای زنجیرەیەك کاری شۆڕشگێرانەی توندەوە . چەسپاندنی بوچونی شورشگێرانە لە چوارچێوەی کاری تەواودا لەسەر زەمینەی واقع ئەمەش لە دیاردەسیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریەکانی وڵاتیعیراقا ڕەنگی دایەوە .

بەم کارە شۆڕشگێرەبێشکە وتنخوازانە یە شۆڕشی ٨ی شوباتە توانی جەماوەرو چینە جەوساوەکانی خاوەن سوودی ڕاستەقینە لەگۆڕانکاری شۆڕشگێرانەدا بۆلای خۆی ڕابکێشی لە کاری بیناکاری کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوری وڵاتی عیراقدا کەئەمە وای کرد لەلایەن هێزە کۆنەپەرستو لەرێ لادەرەکو مراکانەوە چاوی قینی تێ بڕری .

جا ئەگەر تاقی کردنەوەی شوباتلەبەر ئەو هوویانەی دەستمان بۆ کێشان توشی نوشستی بوو ، ئەوا سەرکەوتنی حزب لەبەرپاکردنی شۆڕشی ١٧ی تەموزی مەزناو سەرکردایەتی کردنی بەسەرکەوتوی نیشانەیەکی ساغی ئەوەیە کەحزبە کەمان بەهێزترە چونکە دەربری ڕاستەقینەی ڕەسەنی مرۆڤەو دەربری ڕاستەقینەی سوودی بنەڕەتی جەماوەری ئەلەو نوێنەری ڕاستەقینەی ئاواتە کانیەتی لەژیانەنەوەی سەربەزی دا .

● بەشی لیکۆلینەوە ●

چۆن کارگەران هاندەدەین بۆ زیاتر کۆشش کردن

● بەشی دووەم :

لیکۆلینەرەکە بۆ خۆپاراستن لە هەندێ لەو ئەنگی یانە پێشنیار دەکا کە دەسکاری بنچینەکانی زیادە بەخشین بکرێ ، وەك ئەوەی بەدوای ئیش و کارێکی چاکدا بدرێ کە کارئەرەکە کردوێتی ، یاخۆی وەرگرتنی ئەو زیارە ژۆرە یا کەمەی بۆ ڕوون بکرێتەوە یانەو کردەوانەی بوونەتە هۆی بێبەش کردنی لە ڕیادەبخرێتە پێش چاوی .

لیکۆلینەوەکە دەربارەی جۆرێکی تریش لە زیادە دەدوێ ئەویش ئەو زیادەیەیە کە لەبری بەرزبوونەوەی مەسرەفی ژیان دەدرێو کە کارگەر بەبێ گوێدانە ڕادەی شارەزاییو پێشکەوتنی لەبەرهەم هێناندا دەیدرێتێ . وەك زیادەی گرانیی مەعیشەت (غلاء المعیشه) کە دەدرێ بەو کارگەرانەی زۆرترین ژمارە منالیان دەبێ ئەم زیادەیەش زۆر دوورە لەوەوەی پێیتە هۆی زیادکردنی بەرهەم .

ناقە هاندەر کامەیە ؟

لیکۆلینەوەکە کە لە خەڵاتو بەخشیشو مووچە دەدوێ ، وایدەبینێ کە ئەمانە تاقە زیادەن لە مووچەدا کە دەکرێ ببنە هاندەر بۆ زیادکردنی بەرهەم ، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بەچێ هێنانی کارەکەوە هەیە .

هەروەکوو لەئەل ئارەزووی کارگەرەکەشدا دەتونێ لە دەسکەوتیدا لە زیادکردنی دەسکەوتیدا بە زیادکردنی بەرهەم .

جگە لەمانە دەزانرێ کە بەزیادکردنی بەرهەمو بەدی هێنانی ئامانج ، وەرگرتنی خەڵاتو بەخشیش بۆهاندان مسۆگەر دەبێ ، هەروەها ئەو سیفەتەش دەگەیەنێ کە هەر بەبەدی هاتنی زیادە لە بەرهەم هێناندا ، خێرا خەڵاتو مووچە هاندەرەکە زیاد دەبێ .

شەش پرسیارەکە ..

دوای ئەوە دەتەینە وەرامدانەوەی ئەو شەش پرسیارەی ئەم لیکۆلینەوە ئرنگە هێناونی یە کایەوە .

شەش پرسیارەکە ئەمانەن :

● هاندەر چی یەو چ دەورێك دەبینێ لە پرۆگرام داناندا بۆ بەرهەم هێنان ؟! .

● مەرجە پێویستەکانی سەرکەوتن لە جێبەجێ کردنی قاعیدەی هاندانا کامانەن ؟! .

● بەچ ڕێو شوێنێك دەتوانین جۆرەکانی ئەو هاندانە دەسنیشان کەین کە دەگونجێن بۆ کارگەران ؟! .

● جیاوازی چی یە سەبارەت بە مەفهومی هاندان لە کۆمەڵگا جۆراو جۆرەکاندا ؟ .

● ڕیبازە نوێیە هاوچاخەکان لە جێبەجێ کردنی باسی هاندانا بەکردار کامانەن ؟

● دواجار چ بیروباوەڕو قاعیدەیەك دەتوانین لە وەرامی ئەو پرسیارانەی پێشوو وەدەس بخەین کە بەڕیوە بەرێتی لە بەکار هێنانی هاندانا بۆ بەدی هێنانی ئامانجێکی دەسنیشان کراو لەبەرهەم هێناندا ڕێگای بێبینێ ؟ .

ئینجا لیکۆلینەوەکە دەس دەکا بە وەرامدانەوەی ئەم شەش پرسیارەو پرۆگرامێکی تەواو بۆ ئەم باسە گرنگەو بایەخدارە دادەنێ کەمێشکی کارگەرانی خەریك کردووەو کاردەکاتە سەر بەرهەم .

پرسیاری یەکەمی لیکۆلینەوەکە کە دەربارەی هاندەرە وای باس دەکا کە بریتی یە لەو ئامرازە یا ئەو ڕێو شوێنانەی پێویستی بەجۆراو جۆرەکانی مرۆڤی کارگەریان بێ جێبەجێ دەکرێ . جا بۆ ئەوەی جاك لە مەسەلەی هاندانو هاندەر بکەین ، دەبێ ئەوە بزانین کە ڕەفتاری مرۆڤ بەدەس خۆیەتی . چونکە ئەو لە ئێوان ڕەفتاری یەوە هەولی بەدی هێنانی چەند ئامانجێك دەدا . هەر وەها سێ شت ئەخشەی سنووری ڕەفتاری مرۆڤ دەکێش : هزو ئامانجو هاندەر .

هاندەرێکی پێویستی خێرا

لیکۆلینەوەکە دوای ئەوە مەرجەکانی سەرکەوتنی هاندان لە کردار پێکردندا ، لە ئێوانی وەرامدانەوەی پرسیاری دووەمەوە دادەنێو دەڵێ کە دوو مەرج پێویستن .

یەکەم : دەبێ هاندانەکە بگونجێ لە ئەڵ خواستی کارگەرانداو پێویستی یەکی گرنگیان جێبەجێ بکا .

دووەم : ئەو پەیوەندی یە بەمەوەی لە ئێوان بەچێ هێنانی کارەکەو هاندەرەکەدا هەیە (مووچەو خەڵات) ، چەسپێنێتە مێشکی کارگەرانو لایان مسۆگەر بێ کە ئەگەر کارەکەیان بە چاکی کرد هاندەرەکە وەردەگرن . هەر وەها دەبێ ماوەی بەینی کردنی کارەکەو وەرگرتنی هاندەرەکە تا دەتوانری کورت بێ .

سەرکەوتنی دەستووری هاندان لە پیشەسازی نوێدا بەندە بەتوانای هاندەرەوە لە تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانی کارگەراندا ، ئیتر سانەو حەزو ئارەزووانە هەبن یا تازە داهێنرێن . هەر وەکو پەیوەندی ئێوان بەرهەمو بەچێ هێنانی کار بەگشتیو ئێوان ئەمانو وەرگرتنی هاندەر بەتایبەتی ، مەرجێکی سەرەکی یە بۆ ئەوەی هاندەر یەکی بەرهەمهێنان جێن یەك بن .

سەرکەوتنی هاندان لە پیشەسازی نوێدا بەندە بەتوانای هاندەرەوە لە تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانی کارگەراندا ، ئیتر سانەو حەزو ئارەزووانە هەبن یا تازە داهێنرێن . هەر وەکو پەیوەندی ئێوان بەرهەمو بەچێ هێنانی کار بەگشتیو ئێوان ئەمانو وەرگرتنی هاندەر بەتایبەتی ، مەرجێکی سەرەکی یە بۆ ئەوەی هاندەر یەکی بەرهەمهێنان جێن یەك بن .

لیکۆلینەوەکە جەند ڕاستی یەکی گرنگمان دەربارەی هاندان دەسگیر دەخا وەك ئەوەی کە هاندەر بەپێی کەسانێکی جیاواز لەیەکتر هەمان دەور ببینێ لە بەرهەم هێناندا . واتە کاریگەری هەر هاندەرێك لای ئەم مرۆڤ جیاوازە وەك لەوی تر . لەبەر ئەمەیە دەووترێ کە ناشێ سیستەمەکانی هاندان وەك یەك بن ، یا بۆ هەموو خەڵکی و یا هەموو کارگەرانی ناو (وحدە) یەکی بەرهەمهێنان جێن یەك بن .

بەرێوەبەرێتی و پێویستیەکانی کارگەران

ئەگەر ئەمە وەها بێ ، ئاخۆ ئەورێو شوێنانەکامانەن کە بەرێوەبەرێتی بەکاریان دێنێ تا جۆرەکانی ئەو هاندەرانە دەس نیشان بکا کە بۆ کارگەرانی دەگونجێن ؟!

ئەمە پرسیاری سێهەمە کە لیکۆلینەوەکە وەرامی دەداتەوەو یەکەمجار باسی زانای دەروون (ماسلۆ) دەکا کە پێویستی یەکانی مرۆڤی بەپێنج پێویستی داناوە . گرنگترینیان پێویستی یە بنچینەیی یەکانی لەش و ئاسایش و سرۆزو هەست کردنی بەسەربەرزی و پێویستی بەنەش و نما کردنو پێشکەوتن یا خۆسەلماندنی لەسەرە .

(ماسلۆ) دەڵێ : ئەو پێویستی یانەی هێشتا جێبەجێ نەکراوون ڕەفتار دەسنیشان دەکەن ، چونکە مرۆڤ هەر هێندەی پێویستی یەکی تا ڕادەیەکی مەعقوول جێبەجێ کراو لێی تێر بوو ، ئیتر بایەخی کەم دەبێتەوەو سەبارەت بەڕەفتار ئەو تینەی پێشووی ئامێنێو دواجار ئەو پێویستی یەی لە هەرەمەکەدا بەدوایدا دێت ، جێگەی دەگرێتەوە .

بەڕێوەبەرێتی یەك تێگەیشتوو بێ لەو پێویستی یە جۆراو جۆرانە دەکولێتەوە کە کارگەرانی هەستیان پێدەکەنو بایەخی هەر یەکەیان بۆ هەر دەستەیەك لەوکارگەرانەو ئینجا شێوەی بەدی هێنانیانو بیروڕای کارگەران دەربارەی ئەو شێوەیە بەکردارو هەروەها ئەوەی چاوەڕوانیان دەکردو هەر چاوەڕوانی دەکەن دەسنیشان دەکا .

ئەگەر بەرێوەبەرێتی ئەو پێویستی یانەی کارگەرانی بەجێ هێنا ، ئەوا هاندەرێکی وەهای پێشکەش کردوون کە حەزو ئارەزوویان تێر کردوەو حەزو ئارەزووی نوێشیان لە لا دەبزوێنێ کە لەوە بەر لایان نەبوە یا هەستیان بەبایەخی نەکردوە وەك هەستی نیشتمانی بەوەی کارگەر حەز بکا نازناوی (هاونیشتمانی ی نموونەیی) وەربگرێ لەسەر زیادکردنی بەرهەم بەتایبەتی لەوەختی شەڕو تەنگەو چەلەمەدا .

سەر لووتکە کە پێویستی نەش و نما کردنو پێشکەوتن یا خۆسەلماندنی لەسەرە .

وەها دەبێ ماوەی بەینی کردنی کارەکەو وەرگرتنی هاندەرەکە تا دەتوانری کورت بێ .

Institut Kurde de Paris

رەگەزی ململانێ لەکاری هونەریدا

هەر کارێکی هونەری دەیگری ، بێجگە لە چەمکەرووکەشی یەکەی چەمکێکی دیکە بەخۆیەوە دەگرێ ، ئەوچەمکەش وەك کیانێك وایەوکەوا ئیلهامی هونەرمەندو نزیك بوونەودی لە شتە نادیارەکان و بڕوا بەخۆبوون دورستی دەکات ، ململانێی نەو هەستە جیاوازانەشە کەلە ناخی هونەرمەندا دەبێتەهۆی بە یەکداچوونی تەناقوزەکانی کاری هونەری .

ئێستا بابێین بزانین دەکات ؟ ئەی هونەرمەند لەپای هەستی بریندار دەگرێ، تا لەو نادەمیزاد بۆچی وێنە چی ؟ سانەدا نە قەنەمو کاغەزیش دەکێشێ ؟ مندال رەسم بۆ رۆژێ لەرۆژان کە مندالێك بەدەر شك نابا .. تا لێرەدا هونەر دەبێتە (تەنتریژ) بۆ بریتیك کە خوێنی لەبەر دەڕوا !! تەنانەت نادەمزادی دێرین کە نیانلە بەرتێکی نوانداری نەبینی بریتیکی تێدەکرد ! ئێمە ئەوەمان لەو وێنانە بۆ دەردەکەوێ کە دیواری نەشکەوتە کانیان داگیر کردوە ،نەو کیانەبەرانە نەو چەمکەن کە وەکو پەلە جوێنێکی بەرزك لە لەشی نادەمزاد دێ و دەچێ تا لە شوێنی دەردەقوڵێو دەبێ بەو زامە .. نەمە ململانێیە .. کێشەو بە یەکاچوونە لە نێوان دووشتدا ، بەکێك ئەوەی تر ڕاو دەنێت ..

لە سەر ئەم بنەوداتکەش دەڕوات تا وای لێدێت کە شتە سەرەتاییەکان دەبن بەشتی ئاسایی و شتی تر دەهێنێتە ئاوڕی کە بەهەمان پێوداتگ مرۆڤ ئەترسێنێ . ئەوەتانێ نیستاش نادەمزاد لە شتی نادیار دەسلەمێتەوە

ئەمەش جەوهەری ئەو کێشەیەیە کە باسمان کرد ، کێشەی مرۆڤ لە بێتاوی مانەوەدا .

راستە هەموو جارێ وەکو یەك نی‌یە ، دەفاودەق وەکو سێوە جیاوازەکانی دەربڕینی هونەر ، کە هەر کارێك بزوتنەوەو کێشەیەکی تایبەتی دەباودش دەگرێت . جا کە لەمە بەدەر بوو بێ وەمان بەوە دەنێینەبێ کە هونەرمەند پێویستی بەشمارەزایی یەکی پتر هەیەو بەهەرەی پێویستی تێدانی‌یە کە کیان بداتە رووی تابلۆ .

لە راستیدا زینەدوویی رووی تابلۆ بەرەنجامی هەموو ئەو کێشانەیە چونکە هەلچوون هەمیشە بەدوای هۆی‌دەربڕیندا دەگەڕێتو قاوخی پێکهێنانی کاری هونەری دیاری دەکاتو لە هەمان کاتیشدا ژیانی ئەداتێ .

گونجانی نادەمزاد دەکەل وێنە ئەوە دەئەیەنێ ، کە جاوەکانی توانیویانە وێنەو خیلو رەنگەکانی سەر رووی تابلۆ لە پێکهاتوویەکی گونجودا لەگەل ژیان(بەهەموو کێشەکانیەوە) کۆ بکاتەوە ، یانی ئەو وێنەی کە راستی‌یەك دەبڕێتە .

سەرباریکی تالۆزو بەپێچەوانە وەش وێنە تالیزەکان دەتەرپێتەوە باریکی هەست پێ‌کراو . کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا (هونەرمەند خۆی) پێ‌یدا نەڕوات‌و هەر ئەو هەلچوونانەشە کە کارەکانی هونەرمەند دیاری دەکات .

ئەمە چون روو ئەدا ؟

ئومانی ئیدا نی‌یە کە ئێمە لەژیانی ڕۆژانەمانداتووشی چەندەها هەڕەوونی جیا جیا دەبین وەکو نورەبوون ، شمت‌خستنە ناودل (انکبت) تاد .

ئێمە مانای تایبەتی دەقەبەری هەر یەکێك لەم (هەست)انە دەکەین کانیکیش لە وێنەین دەبینین جاریکی‌تر بەرەو رووماان دەبنەوەو ئەو هەستانەمان وێ ئەدەنەوە . کەواتە ز زمانی وێنە) لە کەل ئەوەشدا رەنگدانەوەی (زمانی سروشت) بێت ، بەلام بە هیچ بەیوەندیەکی ئەو بەیوەندیە ساکارانەی بیری لێدەکەینەوە دەتەل جیهانێکی هەست پێ‌کراودا یەك ناگرنەوە ، دیسان هەرچەند پلەی هەست کردنیشمان سنووردار بێت ، مەرج نی‌یە ئەوەی هەستمان پێی کرد سنووردار بێت .

گۆرینی نەژاد عزیز سورمی

ئێمە کە وێنەیەك دەبینین یەکسەر هەست بەوە دەکەین کە شتێکی بزێو خۆی لە ناخماندا دەسوێ .. تا لەم حالەتەدا بەتەنها رەنگەو هێلەکانی وێنە نابینین ،نەخێر بەلکوبزێو بەرامەشی دەکەین‌و ئریشمان لە دەنەی رەنگەو هێلەکان دەبێت‌و هەست بە چەشنە بەرمی‌یەکیش دەکەین !! ئەمەش نهێنی هونەرەکەیەو ئەو چەمکەیەکە دەکەوێتە ئەو دیر چەمکی رووکەش . تالیزەدا زیندوویی هونەر دەردەکەوێ . بەلام دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە بە راستکزی‌و دلسۆزی‌و ئەجرەبەو ئەزمزنێکی زۆر ئەبێت هونەرمەند بەعیج گلوجێك ناتوانێ ئەو هەستەمان بدانێ ، چونکە بێ‌ئەمانە کاری هونەری ئەراو نابێت‌و تابلۆکەی کێشەی ناکۆکی‌یەکان دەزنابرێ ..

چونکە تابلۆ (زینەدوویی بەرەنجامی کێشەکان)وکێشەی هونەرمەند دەتەل حامەکەی) دا بزر دەکات !!

تالیزەش‌دا رەگەزی کێشە لە بۆتەی ئەو لایانە دەبێرتت کە (فۆرم) بێك دەهێنن . ئەمەش نرخ‌و ئرنگیەکی زۆری هەیە چونکە هەموو ئومانێکمانە دەگەل کاری هونەریدا .

● بەدەسگاریەوە لەکتێبی: (کیف تقرا الصوره ؟ لغة الشکل الفنی) تالیف حسن سلیمان .

ورشەیەکی رەخنەی ئەدەبی لە نێوان « رۆشنبیری »یەوە

● حسین عارف ●

لەم سالانی دوایی‌یەدا چەند سووکە هەلەیەکی زەان « ناویان دەبەم بە سووکە هەلە ، چونکە خۆیان باراستنیان ئاسانە » تەواو تەشەنەی سەندووەو وای‌لێهاتوە ئەگەر بە وردی بویان بگەڕێیت ، ئەو نووسینانەی لێیان بەدوورن لە چاو ئەوانەدا گە دووچاریان دەبن ، نیسبەتێکی کەم پێکدەهێنن .

سووکە هەلەکان بەو بێیەی من لە نووسینێکی ژمارەی پێشوودا بەرچاووم کەوتن سیانن، چوارەمیش وەك نیمچە سووکە هەلەیەك دەچێتە بالیان . حەزیش دەکەم لە سەر بناغەی تاقی‌کردنەوەی خۆم وەك خوێنەرێك‌و بە یاری سایکۆلۆژێتی خوێندنەوەدا ناویان لێبنێم . ئا .. یەکەمیان ناو دەنێم هەناسەبڕ . دووەمیان هەناوخەر . سێهەمیان قورتم‌گرو پێچەوانەکەی قورتم‌دەرهێنەرە . نیمچە سووکە هەلەکەش سیخورمەیە !.

کاك رەزا سەیدکول بەرزنجی نووسینەکەی « چیرۆکی تەمسیلی ئریان‌و شی‌کردنەوەیەك » وەها دەس‌پێدەکا : « لە گەل سەرهەتدانی سالی تازەی ١٩٧٧ (×) ئەستێرەی هونەری کوردی دیسانەوە گەشایەوە لە ئاسمانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (××) . ئەمەش لەوەدا بەدیارکەوت کاتێ کە ئەلفزیۆنی ئەنمیم لە قەناتە کوردی‌یەکەی (×) لە شەوی ١٧-١٨ مانگی کانوونی دووەم (×) بۆ یەکەمین‌جار چیرۆکی تەمسیلی (ئریان)ی نیشاندا » .

جا ئکایە سەرنجدەنە هێلە راست‌وچەپەکانی ناو کەوانەکان کە شوێنی سووکە هەلەکانن . یەکەمیان هەناسەبڕەکەیەو من بەش بەحالی خۆم کە یەك بە دوای یەکدا وشە بە وشەی رستەکە دەخوێنمەوەو دەگەمە سەر ژمارەکە ، لە سەرپێ‌و هەناسەم وا بۆ ئامادەکردووە بخوێنمەوە : « سالی تازەی ١٩٧٧ ـ دا ـ » چونکە لە خۆم بە ئاگام کە لە پێشیدا وتەی « لە »م خوێندۆتەوە . کەچی لە ئاستی ژمارەکەدا بیناییم کە بە تەمای بینینی « دا » یەو ئابینێ‌و هەناسەم بۆی لە سەرپێ‌یەو نی‌یە ، هەناسەکەم « مەبەستم هەناسەی خوێندنەوەیە ؟ لە ناکاوێکا دەقرێ !.

دووەمیان دووان لە سووکە هەلەکانن پێکەوە . هەم هەناسەبڕو هەم هەناوخەرەکەش !. من دەخوێنمەوە « ... ئەستێرەی هونەری کوردی دیسانەوە گەشایەوە » . تەواو .. سیاقی لەوەبەری رستەکە وەها هاتوە من هەناسەی خوێندنەوەمی تەنها تا ئێرە بۆ ئامادەکەم‌و هەر یەکسەر هەناسەم بۆ رستەیەکی تری هەناسە جیاواز ئامادەکەم . کەچی کە دەخوێنمەوە : « ... لە ئاسمانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی » بە سەرێك هەناووم دەکەوێ (مەبەسم هەناوی هەناسەی خوێندنەوەیە) ، چونکە دەبوو پێش وتەی « گەشایەوە » بم خوێندایەوە تا درێژە بە هەناسەکە بدەم . بە سەرئکیش هەناسەبڕەکەی ئۆتۆنۆمی (دا) یە کە لەوەبەر باسم‌کرد !.

سێ‌هەمیان قورتم‌گرو پێچەوانەکەیەتی . دەخوێنمەوە : « بۆ یەکەمین‌جار تەلەفزیۆنی ئەنمیم لە قەناتە کوردی‌یەکەی ... » . بێگومان ئیرەشدا من کە (لە)م بەرچاو کەوتوە ، یەکسەر چاوەڕوانی ئەوەم بخوێنمەوە : (کوردی‌یەکە ـ یەوە ـ) . بەلام ئەو بەم سووکە هەلەیە دنتو قورتمم دەگرێ‌و (وە) کەم لە قورئدا گیردەدا . ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بینووسیایە « بۆ یەکەمین‌جار قەناتە ـ کوردی‌یەکەی ـ تەلەفزیۆنی ئەنمیم .. » ئەوا ئەوسا پێویستی بەو (وە)یە نەدەکردو منیش تووشی ئەو قورتم‌گیری‌یە نەدەبووم .

بەلام خۆ پێچەوانەکەی قەباعەت ترە ، واتە وەختێ پێویست بەو (وە)یە ئاکات‌و دەلکێنرێ بە وشەکەوە . وەك ئەوەی پنووسرێ : « لە نواندنی تیپی هونەرو وێژەی کوردی ـ لقی سلێمانی ـ یەوە بوو » . کە ئەمە رستەیەکی تری نووسینەکەی کاك رەزایەو بەلام بێگومان ئەو بە یاری راستیدا نووسیویە ، نەك بەم بارە چەوتەدا .

ئینجا دیمە سەر نیمچە سووکە هەلەکە کە لەو نووسینەدا باوەو مەسەلەش بریتی‌یە لە خوو پێوەگرتنەوە لە نووسیندا ، دەنا خۆلێ‌رزگارکردنی وەك ئاو خواردنەوە وایە . ئەمیش مەبەسم لە (راو)ی بەستنەوەی دوو رستەیە بە یەکەوە ، کە من بەو شێوەیەی زۆر کەس بەکاری دێنن ، لێم‌دەبێتە سیخورمەیەکو بە درێژایی خوێندنەوەی نووسینەکە بەیتابەیتا دەدرێ لە قەبرغەم . دەنووسن : « جووم بۆ بازار ، وە کتێبێکم کڕی ، وە هێنامەوە ، وە دەستم کرد بە خوێندنەوەی ، وە ... هتد » . بۆچی وەها ؟!. بۆ نەنووسین : « جووم بۆ بازارو کتێبێکم کڕی‌و ... هتد » . یا بگرە هەر بێ ئەوەش : « چووم بۆ بازار . کتێبێکم کڕی ... هتد » وتارەکەی کاك رەزا بڕی‌یە لەم (وە)یەو لە هەموو نووسینەکانی تریشیدا هەر وەهایە .

بە هەر حال لە ناو ئەم سووکە هەلانەدا هەناوخەرەکەیان (پێش‌خستنی کار ـ فعل ـ لە رستەدا) ، لە هەموویان قەبەترەو من بەش بە حالی خۆم لە خوێندنەوەی کوردیدا زەلالەتمە بە دەستی‌یەوە !

لە ئاسۆی ئەدەبدا

● دەردێکی تریش ●

صلاح احمد

هەندێك ئەدیب‌و نووسەری لای خۆمان زۆرجار نووشی ئەو دەردی رەشبینیە دەبن ، کە : ئەگەریتو ئەورەترین شاکاریش لە هەموو ئەدەبی دنیادا بنووسن ، ئینجا ئەنجامەکەی هەر هیچەو ، کەس پێیان نازانێت‌و .. هەرگیزیش ئەو بایەخەیان پێنادرێت کە شایانی هەن‌و ، کە بە بەرهەمی زۆر لەوانەیش خوارتر دەدرێت .. ئەم رایە ، ئەگەرچیش راستییەکی زۆری تێدایە ، بەلام باوەڕناکەم ئەو رەشبینی‌و دۆشدامانەو ، ئەو وازهێنانە هیچ تین‌و ئەوژەیك بە مەسەلەیەکی واخ‌و بارتران بەبەخشێت‌و ، هیچ چارێکی بکات .. بەکو بە پێچەوانەوە ، ئەو دەردی بایەخ بە یەکتر ئەدان‌و نرخی یەکتر ئەزانینە، خۆی ئەنجامی رنجیرەیەك لەم بابەتە پشت لێکردنەوەو ، ئوئەدانەیە ، بە تایبەتیش لای ئەوانەی بە راستی لێی دەزانن‌و ،بە راستی دەتوانن شتێکی تێدا بکەن ..

نازانم چۆن ئەدیبێك دەتوانێت بە راستی لە ئەدیبایەتیدا بەردەوام بێت‌و بزواوبێت، بەردەوام خۆی‌و ئەدەبەکەی نوێبکاتەوە ، ئەگەر ئاگای لە نزیکترین کەس لە خۆیەوە نەبێت !.. یان چۆن دەتوانێت لە رێگای چەند کتێبێکەوە ، لە ئەورە ئەدیبانی دنیا بگات‌و ، بە گیان لەگەلیاندا بژێت ، ئەگەر ئەزانێت ئەو کەسانەی کە لە گشت رووەکی دەروونی‌و فیکری‌و کۆمەلایەتییەوە ـ ئەگەر ئەلێین وەکو خۆیانن ـ ئێجگار زۆر لێیانەوە نزیکن چی دەلێن‌و ، تاقیکردنەوەو،رادەی بیرو داهێنانیان کەیشتۆتە چ ئاستو رادەیەك ؟!!

راستە ئێمە هێشتا لە سەرەتای رێگاداین‌و ، لە زوربەی هونەرەکانی ئەدەبدا زەمینەو پشتێکی بەوتۆمان نییە ، بەلام ئەگەر تۆزێك واز لەو بایەخ بە یەکتر ئەدانە بهێنین ، دەبینین ـ ئەگەر توانای بینینمان هەبێت ـ بەرهەمی واشمان هەیە رووی گشت کۆرو مەیدانێکی هەبێت .. بەلام پاش ئەوەی ئەوەندەی بۆ بکرێت کە بۆ ئەوانەی ئەوانی‌تر کراوە ، چونکە زۆر جار بەشەوارە کەوتن رنگا راستە کەمان لێون دەکات‌و ، دەگەوێنە بەلەگۆڕێ کردن‌و،ئاماان لە دەوروبەری خۆمان نامێنێت‌و ناشتوانین بە تەواوی بەدوای ئەو دەنگانەشدا بڕۆین کە دوای کەوتووین .

من دلنیام هەموو لەگەل کاك « محمود زامدار » داین کە لە « دەنگ مەکەی زمارەی پێشوویدا دەلێت : « .. دەیان وە قەلەم بەدەستی لای خۆشمان ، ناتوانن بەقەد .. « نووسەرێکی مەزنی وەکو ـ مۆزافیا ـیان ـ وێلز ـ یان ـ زۆربا ـ .. لە « باسی سیکس »دا .. « تاسەت بشکێنن » بەلام خۆ پێویستیشە بۆ ئەوەی ئەم حەقیقەتە بزانین ، چاوێك بەنووسینەکانی ئەوانیش، خوشماندا بخشێنین ، ئەگەر نەلێین زۆر جاك لە هەردوو لا وردبینەوە .. رەنگە « زۆر کەس » لێرەدا بلێت : بۆچی ؟ چیبووە ؟!.. وەلامەکەم ئەوەیە : کاك محمود تائێستا ئەگەرچیش چەندەها جار هەموو ئەدیبانمانی کردووە بە مورویەك بە لەشی « زۆربا »وە ، کەچی « زۆربا » ، کە پالەوانێکی رۆمانی « زۆربای یۆنانی »ی رۆماننووسی گەورەی یۆنانی « نیکۆس کازانتزاکیز »ە ، بە « نووسەرێکی مەزن »ی لە قەلەم دەدات ، یا « نیکۆس » خۆیشی ئەو پالەوانەی بە ئەخوێندەواری خولقاندبێت !؟!.. ئاشکرایە لێرەدا مەبەستی « نیکۆس »ەو ، من ئەهاتووم لەم بارەیەوە بگرەو بەردەی لەگەلدا بکەم .. بەلکو ئەوەی مەبەستمە رایەکەیەتی دەربارەی ئەدیبانمان‌و ، چۆنێتی بەراورد کردنیانە لەگەل ئەوانی‌تردا ، لەلایەن یەکێکیشەوە کە دەتوانین بلێین خۆی کەمی بۆ هەندێك لەم ئەدیبانە نەکردووە .

ئینجا ئەگەر نووسەرو رۆشنبیرێکی وەك کاك محمود بەم جۆرە بڕوانێتە مەسەلەی ئەدیبانمان‌و وا ئەدەبەکانیان بنرخێنێت ، (ئاخۆ دەبێت حالی ئەوانی تر چۆن بێت ؟!؟) .. دەتێم ئەم نرخی یەکتر ئەزانینە دەردێکی کوشندەی تری ئەدەبە کەمانەو ، زۆریش کاتی خۆیەتی بیری لێبکەینەوەو ، بە هەول‌و تەقەلای دلسۆزانەوە خۆمان لەم نیمچە بایەخ پێدانانە رزگار بکەین‌و ، بە ئەواوەتی بچینە ناو مەسەلەکەوە .. چونکە توانامان هەیەو ، ئەگەر بمانەوێت دەتوانین رزگاربین ، بەلام هیچ شتێك لە ئاسمانەوە بەسەرماندا داناباریت ، ئەگەر هەروا بەم حانەمان رازی‌بین .

خەوی خزمەتکارەکە !

نووسینی : سانتیاگۆ ئەلفاریز
ایوبکر عبدالله خۆشناو
کردوویە بە کوردی

زۆر بێ دەرەتان بوو ، رۆژێکیان رووی کردە مالی یەکێك لە مولکدارە دەولەمەندەکان ، بۆ ئەوەی بیکەن بە خزمەتکاری خۆیان ، بەلام بە بێ کرێ ، تەنیا بەنانە زگ ، هەرئەوەندە زگی خۆی تێر بکات ، بەری برسی‌یەتی‌یە کاریئەرەکەی بگرێت .

کاتێك لە بەردەمی ئاغاکەدا وەستا لە ترسا وێك هاتبوو هەستی بەبچووکی‌خۆی دەکرد. ئەیدەتوانی قسەیەك بکات ، دەتووت دەمی دووراوە :

ئەوە ئاغایە کە لەشێکی ئەورەو قەلافەتیکی بەرزی هەبوو ، دەمو چاویکی سێبی ئەرمی هەبوو ،بەلام خزمەتکارە کە ، هەستی بەوە دەکرد ، کە هیچ نی‌یە ، هیچی پێوە ئەمابوو ، حەزی دەکرد ،بووبا دلۆپە ئاوێك‌و بە عاردی‌دا چووبا خواری .

● هەقە تۆ مرۆڤ بیت ؟ هەرگیز باوەڕ ناکەم ، ئەوە ڕاست بێت !!.

ـ قوربان .. هەردەبێ شتێك بم ! ئەگەر نا چۆن دەیانئاردمە خزمەتی جەنابتان؟!

● بەلام لەوانەیە ، تۆ پێ غەریب نەبووی !

ـ بیورە گەورەم .. داوای لێ بوردنت لێ دەکەم..قوربان دەمویست هەندێ قسەتان لە گەدا بکەم !

ئاغا ، بەولاو بەولادا چوو، تا ئەوشەکە نزیك دەنگەکە ، خزمەتکارەکە بوو، خۆی نوشاندبووە ، ئەوەی پشیلە نەوشتە بیت !! تۆ قەتو قەت لە مرۆڤ ناچیت ،کەواتە هەر دەبێ سەگ بیت ! بەلێ. بەتەواوی وایە ، تۆ سەگیت.. با ئەمە تاقی بکەینەوە !

ها چاو بدەمێ ، وەك چۆن سەگەکان . سەیر دەکەن !

« خزمەتکارەکە چاوە شاردراوەکانی بلند کرد ، کە پڕ بوون ، لە فرمێسك » .

● ئێستا دەی ودك سەگ بجەپە !

« بۆ جاری دووەم ، خزمەتکارە کە ویستی وەرام بداتەوە ، بەلام دەنگی لێزە ئەهات ، گریان لەقورگی‌یەوە وەستا بوو ! » .

● دەی لێرەوە غارکە .. بۆ ئەوێ .. دەی بۆ ئەم لا .. دەی خێراکە .. خێرا ..دەی وەرەوە لێرە ..!!

خزمەتکارەکە ، لەوسەرەوە دەچوو ، بۆ ئەوسەر ، تا خۆی کردەبەر بێی ئاغاوە .

ماوەیەك بەسەر ئەمەدا تێ پەری .. ئاغاکەش هەرچار ناچار ئەمەی لەگەل خزمەتکارەکەیدا دووبارە دەکردەوە .

لە یەکێك لە شەوەکاندا ، کاتێك ئاغا ، لەکۆشکەکەیدا ، پیاسەی دەکرد ، گوێی لە دەنگێك بوو ، بەلام دەنگەکەی پێ غەریب نەبوو !

یەکی لێ مابوو ، کەلێك لەوە بچووکتر بوو ، کە دەبوایە وابێت !.

● چی ..؟ ئەوە تۆی ؟ دەتەوێ چ بڵێی ؟ دەتەوێ دیسان بچەپی !؟

ـ ئەورەم .. خەوم دیوە.. دوێنێ شەو ، ئێمە هەردووکمان ، پێکەوە بووین ، ئایا ئۆتم لێ دەگری ئاکوو بۆت بگێڕمەوە ؟!

ئاغا ئەورەیی خۆی ،نیشان دا ، سەری خۆی لەقاند ، وای نیشاندا کە پێی خۆشە !

ـ لە خەوما هەردووکمان مردبووین .. گەورەم !

لە ئەنیشت یەکەوە ، راوە ستابووین ، هەموو ئەشمان ڕووت بوو ! ئێمەیان بردە بەردەمی بابەگەورەی « سان فرەنسیسکۆ » ، لە بەردەمیا وەستاین . لەبر رووناکی‌یەك پەیدا بوو .. زەلامێك هاتە پێشەوە ، دەتووت ئەلاوێزە ، ئەوەندە جوان‌بوو ، دوو بالی زێرینی پێوە بوو ، کراسێکی، سپی شۆڕی کردبووە بەر ، کە ئەماشای دەستیم کرد ، گۆزە یەکی زیرینی بەدەستەوەبوو ، پری هەنگوینی ساف‌و بەتام بوو !.

● ئێ .. دەی .. ی لە دوایی‌دا چی‌بوو ؟!

بابەگەورە ئەمری بەزەلامەکە کردو پێی ووت : هەنگوینەکەت بەسەر ئەو ئاغایەدا بکە !

گەورەم هەر لە ئەوقتی سەرئەوە ، تا ئینوکی بێت ، هەموو هەنگوین بوو ، لەبەر پرشنگی خۆردا ، وەکوو زێر دەچریسکایەوە !

پاش ماوەیەك ، زەلامێکی زەش ، وەدیارکەوت ، دەمو چاویکی دووکەلاوی‌و دەستێکی زەش ، هەزار سوێندت دەخوارد ، قیرە ، گۆزەیەکی بەدەستەوە بوو ، هەمووی پیسایی بوو ، بابەگەورە ، ئەمری پێ کردو پێی گوت پیسایی‌یەکەت بەو خزمەتکارە دابکە .. ئەویش ئەیکردە نامەردی‌و هەموو لەشی سواخ دام ، بە جۆرێك جێ‌یەکی پاکم ئەمابوو ، هەتا دەمو چاویشی سواغدام .

ئاغا هەواری لێ‌بەرز بوەوە، زۆر بەدڵخۆشی‌یەوە وونی :

● ئەوە بۆتۆ باشە ، بەڕاستی جێگای خۆیەتی ، ئەوەها دەبێ ئاغا لەخەووئاگایی‌دا ل، ژیان‌و مردندا ، هەموو ئەشی هەنگوین بێت..! دەبێت خزمەتکاریش پیسایی بەخۆیەوە ببینێ .. ئەوە جێگای خۆیەتی .. بەلێ زۆر راستە ..!

خزمەتکارەکە لە سەر کیرانەوەی خەونەکەی خۆی بەردەوام بوو :

ـ گەورەم لە دوایی‌دا ، زەلامێکی تر پەیدا بوو ،ئەمەیان وەکوو ئەوانی تر نەبوو .

بروانە ل : ٨

Institut kurde de Paris

ڕەخنەکانی نابێ بە ڕەخنە

فولکلۆری

سلام محمد

نووسیت :

مرۆڤی ئەورە کەسێکە بە متمانەو باوەڕێکی قووڵەوە هەنگاوەکانی نەهاوێ ، گوێ بادانە ـ ئەرەبیدشەی دەوروپشت دەداری لەسەل زامەردەسەنەکانی ژیاندا نەکات ، بە بژەیەکی ئاسک تووڕەیی و هەروەکانی دانە ڕۆشیت ، تا لە وزەیدا بێت دی بۆ خەمو ئازو سکالای خەنکی تر بەکاتەوە بە ڕوانەت ناحەزەتیو هەوڵ بدات شتەکان وەکو خۆیان وەرئەنێت .

ئەزێ داماى ، دانەکانت جیپ ئەکردەوەو لێوت ئەکرۆشت ، لەکەن دورکەی ئاهێکی سووتاوا پرسیت :ـ

ـ ئەی ئەوان ؟؟

خۆت وەلامت دایەوە : کاروان بە ڕێگادا بڕوات سەت هەر ئەوەنێ .

ـ ئاخر .... بۆ ؟!

ئەشێ برسیان بێت ، یان لەکەل وەڕیندا (داهاتین) ، دوور نییە بە هەلە پەروەردە کراین ..

ئاقە جیاوازیەك لە نێوان سەکی هارو سەتی پاسکەری خۆمانیدا جۆری پەروەردە بوونەکەیە ، ئەتبیستروە هیندیەکان ئەلێن :ـ ئەگەر ئارامت هەبێ (شێر) یش دەستەمۆ ئەکەی !

هەلئەچیتو دانەمرکێنیتەوە ، فسەکەی لۆمیرۆزۆت (زاتایەکی پاساناسی ئینگلیزی) دێتەوە بیر کە وتی (هەندێك هەر لە سکی دایکیانەوە بە تاوانباری لەدایك ئەبێو پێویستە لە کۆمەل دوور بخرێنەوە) !!!

ئەرداوە کارەبایی یەکانی ناوەوەت شۆرت ئەکەن ، ڕەردینەی چاوەکانت وەك تا شەبەردیکی چەقیو لە ناوەندی جۆگەلەیەکا دەبریسکێنەوە :

ـ هەست بە لێبرسینەوە ئەکەم ...

ـ بۆ ؟

ـ چونکە ئەگەر لۆمبرۆزۆ ڕاست بکات ئەوامنیش ناهەقم لی یە ئێرەبیدرشەی دەوروپشت بم هەڕیقێ ..

سەد ساڵێك ئەڕایشەوە بۆ دواوە ، وتەکەی لۆمبرۆزۆ یەکێك بوو لە پێویستی یە ئۆمەلایەتیەکانی ئەوسەردەمەی ئیتالیاو فەرەنسا بەلام بۆ ئێستا دەس نادات .

سەیرە بەلاتەوە ، زۆربەی پاساو فەلسەفە کۆمەلایەتیەکان لەگەل کاتو شوێنێکی تایبەتیو ئاواز ئەرکێکی زۆر پیرۆزەو ڕاستەوڕاست ئەکەوێتە سەرشانی هەمو هونەرمەند وڕۆشنبیرێکی ڕەسەنو ئەبێ کەمتەرخەمو خەمساردی لێ نەکرێت ..

چونکە کۆ کردنەوەو بژاربڕو تەتلە کردنی سەر جەمی ئەو گۆرانی وناوازو ئاهەنگانەونیجا دیراسە کردنێکی بە جەرگیو هاوچەرخانەیان ، لەدروشمە هەرە پیرۆزەکانی پەیامە سەرفرازەکەی بزوتنەوەی هونەریمانە ..!!

بۆ ئەم ناملکە بێ نازو بە (نرخە) یش ئەبێ جوامێرانە بەنا ببردرێتە بەر ئەو کەسانەی وەچەی بزۆزی ئەو دەورو زەمانەن ، تا سەر لە تازە ناوازوچریکەو سۆزەکانیان بێ تۆمار بکرێ و لە باشا بە وردی شی بکرێتەوە ، چونکە کەنجینەیەکە و لە دەس دانی ، لە دەسدانی لایەنێکی دیاری گۆرانیو سرودی کوردیە ..

من لام وایە ، ئەوەی ئەمەنەرکە پیرۆزە ، بتوانێ بە کارامەیی و لێهاتویی بخاتە سەرشان ـ لەبەر گەلێ هۆ ـ تەنیا هەر تیبە هەرە ئازیزەکەی (مۆسیقای سلێمانی)یە .. چاوە نۆڕین ..!؟

چاوم بەو ڕخنەی کەوتکاك حسین عارف نووسویەتی دەربارەی وتارەکەم قەلای ئینکسلەوەو لەبواری ئەو شتانەی سرنجمی ڕاکێشا کۆمەلێك تێبینیم لە لا کۆ بۆتەوە ، حەز ئەکەم بیانخەمە پێش چاو .

من بە کاك (حسین عارف) ئەلێم با بتەرێتەوە کتێبی قەلای ئینکسلی ئیدەزند ویلسەنەوە لاپەڕە ٩ کە سەرەتای ڕاستەفینەی کتێبەکە ئەنوێنێت . یەکەمین ڕستە ئیایا ئەلێت : (زمانجەکەم لم کتێبە ئەمەیە ، ڕەسەنەکانی چەند ڕۆچکەیەکی دیازکراوی ئەدەبی هاوچەرخ بەدۆزمەوەو پەرەسەندکردنەکەی پیشان بدەم لە نووسینەکانی شەش نووسەری هاوچەرخ) بۆ چارێکی تر ئەتەرجەمەوەو ئەلێم بۆی هەیە چاوێك هەلبخشێنیت بە لاپەڕە ١٦٦ کە دانەزەکە تیایدا ئەلێت : (شەش نووسەرەکان کەوەریانم ئەت ...) واتە ئەمان شەشن ئەك حەوت ین ، دانەر وردبۆوە لێیان لەکتێبەکەی قەلای ئینکسلو هەموو بایەخەکەی ڕژاندە سەر بەرهەمەکانیان .

دەربارەی ناوەکان کە ئەلێت چەوت نوسراون ئەلێم نووسەر هیچ لێیچراو نیە ، بەج جۆرێك لەچەوتەکانی چاپی ، سەرلەبەرشتی تر هەیە بۆ ئەم خالە ، ئەرکی بایەخ دانێکی ڕاستەقینەیی ئەکەوێتە سەر شانیان .

لەڕاستی دا شتێکی سەیرە نووسەرێك وەکو (کاك حسین عارف) بکەوێتە هەلەیەکی کەورەو وای لێ بێت بلێت ، هەروەکو لە ڕخنەکەیدا ، لەنێو هەروەکو لە ئەمانەدا کەسێك نیە بکەوێتەوە ئەیاری بیرەوەری ئەنیا دووانیان ئەبێت . کەچی لەڕاستیدا هەموویان ئەگەڕێتەوە یەك ئەیاری بیرەوەری ئەمیش ڕاستەقینەیەکە ، لەلای کەس شاردراوە نیە لە ڕخنەگرو چیرۆك نووسان .

لە سەرەتای هەمو ئەو شتانە ، ئەو ڕخنەی کاك حسین عارف نووسویەتی ، بە لای کەمەوە ، دورست نەکراوەتە سەر چەند بناغەیەکی زانستی بەڕێز لەنوانای خوێنەوار هەبێت پشت ببەستێت بێی هەبێت کەمیش بێت ، بە ئاستی هەتا کەمیش بێت ، ڕاستەقینەیی دا . عیبارەتێك کەوتە پێش چاوم شۆربنهاور وتوویەتی کە پێویستە ڕخنە هەردوو لای وەربگرێت لای باریکو لای ڕونالکو (نابێت بایەخ بدات بە لاوازە نوسینەکانی ، لنجا پاش ئەوەی بچێت پایەی نزم کاتەوە ، بەلکو پێویستە بایەخێك بدانە ئەم سیفە تانەی سەرکەوتنو نیمتیازی دا بەدیار ئەکەوێت . چونکە بەجیهانی ئەقل دا ، هەروەکو لەهەر مەجلێکی تر ، بێ هێزیو ڕزیویەتی بیر هەرچۆن نەخۆشیەك بێت بە سروشتی مرۆڤەوە ئەنووسێت ، بەجۆرێك مەزنترین ئەقل بەدرەوشانەوەو زیرەکی بێت ، فریا نابێت لێیان لە هەموو کاتێك دا) جا ئەگەر بێینە سەر واقیع خۆ هەموو ئەم سیفەتانە هیچ دیار نین ، گەر کاك حسین عارف بیەوێت یا نەیەوێت ، لەڕخنەکەیدا .

خالێکی تر هەیە لەڕخنەکەدا سرنج ڕانەکێشیت . ئەوەترین ئەو شتانەی سەر لێ سوڕمانێك بەڕیا ئەکات ئەوەیە کاك حسین عارف بێی سەیرە عیبارەتی (ئەم شەشانە) بەکار بهێنین ، جا دەبێ خۆی بەچەوت دانەنێت لە ڕووی ڕێزمانەوە ، کەچی ڕاستی یەکەی خستنە ڕوو ئەکردوە ، گەرێتو بە چەو دابنێین .

بەرەبەیانی ڕۆژی دوشەممەی ڕیکەوتی حەوتی شوباتی ١٩٧٧ سێ ئەندامو سەروکی کۆڕی زانیاری کورد لیکولینەوەیەکیان بەستبوو دەربارەی ئەم شتە . من ئەم پرسیارەم خستە پێش چاویان ، وەلامەکەش ئەمە بوو

کە (ئەم شەشانە) هیچ چەوت نیەو ئەگەر هاتو کاك حسین عارف باوەر ناهێنێت بەم شتە خۆ دەربارەی کۆڕ کراوەتەوە بۆ پرسیارکەران . ماموستایانی کۆڕ ئەم شتەیان پێ سەیر بوو وەڵامیان وتی : ئەگەر هاتوو (ئەم شەشانە)ی بەچەوت ئەزانی ئایا ڕاستی یەکەی چیە ؟ بۆچی دیاری ناکات ؟ یەکێکی تریان وتی : ئەگەر بیتوبلێین (ئەم شەش کەسانە) قسەکە هەر ڕاستە ، بەلام لەبەر ئەوەی ناوەکان کەوتوونەتە پێشەوە پێویستە ، لەڕووی ڕێزمانەوە (ئەم شەشانە) بەکار بهێنین .

لە ڕەخنەکەدا تیایدا هاتوە کە وتارەکە سەر دەنیشێنیت لەروی زمانو شێوازەوە ئاشزانم ڕخنەگر بەسەر چ بنەڕەتێك ئەم ئەرمانەی دەرکردوە . هەر حوکمێك نابێت لە خۆڕایی نابێت ، هەر کەسێك ڕخنەکە بخوێنتەوە بۆی ئاشکرا ئەبێت زۆر بەچوانی کە ڕخنەگر حوکمی خۆی دەربڕیوە هەروەکو مەسەلەکە پرکردنی کاغەز بێت بەوشە ؟ خۆ هیچ لاکانی بێ هێزی دیارنەکردوەو هیچ ناویکی نەهێناوە نە لە ئەزیکەوەو نە لە دوورەوە بەلام ئایا نوسەر ئەوماڤەی نیە ، بەج شیوازێك بێت بنووسیت ؟ ئایا زمانی کوردی زمانێکە شێوەکانی یەکگرتوونە بۆ ئەوەی بلیین ئەم و تارە پڕە لەوشەی باو وئەوەی تریان پڕە لە وشەی پەتی ؟ جا ئەگەر ڕخنەگر هەموو کەسێکی بەراورد ئەکات بەخۆیەوە خۆ هەموو کەس یەك قابلیەتیان نیە . مرۆڤ هەر چەندە پایە بەرز بێت لەزیرەکی دا ، نا توانیت خۆی ڕاپرسکینیت لە شێوەی شارەکەی دا کە لێی ژیاوە ، شان بە شان لەگەل ڕێزگرتنی شێوەی یەتی . هەمووکەسێك شانازی بەشێوە ئەهێنیت ، چونکە شەخسیەتی ئەنوێنێت ، ئەنجا بەزمانەکەدا چونکە کەیانی خۆی لە نوێنێت .

یەکەمین تێبینی دەربارەی کاك (حسین عارف)دوە بنوسرت ، لە سەرەتای هەر دەمەتەقەیەك ، ورەنە لە کۆتایی کەشی دا بێت ، ئەمو مزاوی و ئەمو مزاویەتی نوسینەکانیەتی . هەریەکێك یۆی خۆیندبێتەوە ، یا بۆی ئەخوێنتەوە ، بە زووترین کات ئەزانێ کە پارسەنگێکی گەورەی ئاوو زاراوە ئەبەستێتە ئێوی ، ئەمیش زۆر جار وا دێت کە لە جێگای خۆی ئەبێت ، ئەگینە ئەم شتانە پیوەریك نیەو ڕۆژێك بەپیوەر دانەنراوە بۆ فراوانیەتی ڕوشنبیری ، تا باسەکە بە بازارەکی قەرەباڵغی سەرەمانکدا ئەچێت ئەبێ ئەو ڕەخنەگرەی هەموو کەس بەخاوەن ڕوشنبیریەکی فراوان ئەیناسن ، با بەبین زۆر کەس هەبێ وا دایبنێت ، ئاوی (ونسۆن)ی بەر گوێ کەوتوو بێ ، جا ئەگەر بەڕاوێی نەکەوتوو بێ یا لە بیری کردبێ ، من ئەزانم هەر لەڕێتەی خۆمەوە کە ئۆستاف لۆنسۆن ، یەکێکە لە ڕەخنەگرە کانی بە ناوبانگی فەرەنسا ، زۆر بە (تین)و (برونیتیر) ی ئەنەسیر بوو ئەیەوت ئامانجی سەرەکی لیکۆلینەوەی ئەدەب ، پەیداکردنی فیکرو زەوقە . خۆشی هەر یەکێك بوو لە بانگ کەرەکان بۆ ڕخنەیەکی ورد بۆ ڕاستەقینەو جووت بێت لەئەلی دا .

لە لاپەڕە ٨٤ـ٨٥ لە کتێبێك کۆلۆنیو فیللو نووسویانەوە بە ناونیشانی (بەرەسەندنی ڕخنەی ئەدەبی لەسەردەمی تازە)دا وەرگێرانی جۆرج سعد دەزگای پەرتووکخانەی فەرەنسی بە ئەدەبی ئەلێن (گەر بێتو خاوەن ڕوشنبیریە فراوانەکان بزانن بە دلسۆزی بمینێنەوە بۆ بیرەوەرەکانی لۆنسۆنو خۆیان نەشارنەوە ژێر کۆمەلی پسوولەیانو ڕوشنبیری فراوان ئەنیا بە ڕێگایەك ، ئامرازێك ، دانەنێن زۆر لەو ڕخنانەی ڕووبەڕوویان ئەبێت هەر لەخۆیەوە بە (ئەبێتەوە) بێ گومانم شتەکە هەر وایە .

چیرۆکێك لە نێو دەستم دایە تیستا ، ڕەخنەگر ووسویەتی بەناو نیشانی بە یەکا چوونی شتەکان لە ڕوشنبیری نوێ ژمارە ٥٥ـ٥٦ کانونی یەکەم ١٩٧٦ بلاوکراوەتەوە ، کەمترین شت بکوترێت دەربارەی ئەو کە چیرۆکێکە مانای نیەو دەربڕینی سەرنجدانی مرۆڤێکی دروست بۆ جیهانێکی دروست ناکات ، واتە دەروونێکی داخراو ..بێزار.. زاراو دوودل .. پەشێو دەرئەبڕێت خۆ سروشتی جیاکەرەوەی ئەم چیرۆکو ئەوانەی بەو ئەچن لەچوار چێوەی : یاخی بوون ، ڕەتکردنەوە ، تێکشکاندنی هەموو شتێك باو بێت وهەمووشتێك ئاسایی بێت، بڕلە بێهودە یی ، لە ئازاوەو وشەی دا نیرساوە دەرناچێت .

لێرەدا وا دیار ئەکەوێت چەند میکانیزمێکی عەقلی ناهەستی دەسەلاتێکی تەواو ئەخاتە سەر بەڕێوەبردنی نوسەر ، ئەمیش ـ واتە میکانیزمەکان ـ بوون بە بەشێك لە شەخسیەتیك لەئەل واقیعدا ناگونجێت . لە بارچە هۆنراوەیەکی (کرستوفەر)لوچدا ئەلێت ، ئەر بێتو شتێکت خوێندەوەو جی لێ تێنەگەیشتووی و وا هەست کرد هیچ شتێکت نەخوێندوە ، باشترین شت وایە بەرتووکەکە فڕێدە لایەك .

ئەوەی ئەزانم ، گەر بێتو لەنوسەرمان پرسی بۆ چی ئەڕوات لە چیرۆکەکەیدا ، وەلامەکان نادانەوە ، جا ئەگەر وەلامی دایەوە وەلام دانێکی ئەمومژاو ئەبێت هەروەکو چیرۆکەکەدا . لە یەکێك لە کتێبەکانی دا ڕخنەگرانی بەریتانی نیۆژر بڕاون ئەلێت (ئەوە باوە لەم ڕۆژانە لە جیهانی ئەدەبدا ئەزانی مەبەستت چیە ، جا گەر مرۆڤێك لە داوەستا بەرامبەرت چ بە گوتەی تۆ نیە ، تەنیا سانت بتورگنینی هیچ بایەخێکی ئەدەیتێو ، بلێی من ئەو شتەی بەوێ ئەنوسمو ئەوەی بەسەر خوێنەرە ماناکەی دەربازی بدات) ئایا ئێوە لە ئەل من دا نین کە هەمان قسە ئەتوانین بەسەر کات (حسین عارف)ەوە بڕەسێنین ؟ نوسەری بەریتانی سۆمەرەست مووم لە هەموو کەسێك زیاتر ڕقی لە تەمو مژاوی ئەبۆوە . جارێکیان نووسویەتی ئەلێت (من ئەفەسێکی درۆز بە دەرمدا نیە بەرانبەر بەم جۆرە نووسەرانە کە تێ ئەپشتنیان زۆر لەسەر خوێنەر ئەکەوێ) .

ئایا هۆوهاندەری ئەم تەمومژیە چیە ؟ خۆ ئەو وشانەی ڕستەیەکی مانا شاراوە لێ دروست ئەکەین هەر ئەم وشانەیە ڕستەیەکی مانا ڕۆن لێ دروست ئەکەین . دوا خالیش ، تەمومژاوی خوێنەر دوور ئەخاتەوە لە چاوبەخشینو سوود لێ وەرگرتن . ڕخنەگرو ئەدیبی فرەنسی نیکۆلا بوالۆ ناسرابوو بەوەی ڕخنەکانی خۆی بەشیعردا ئەنووسی . هەر خۆی لە کتێبی (هونەری شیعر)دا ئەلێت .

(ئەگەر بێتو مانای شیعرەکانت لەگوێکانم بەداوە کەوت .

بە خێراترین کات گیانم لێت دوور ئەبێتەوەو .

نێوانی ونێوان قسە ناسوود بەخشەکانت تێك ئەچێتەوە جا سوودی بایەخ دان بەنوسەرێك چیە کەوا پیویست کات بەشوێن واتاکانی بکەرێی) ئەمە دەقی ئەمەیە کە بوالۆ ئەیلێت دواترین شت ئەتوانم بڵێم ، یا ئەوەی هەر پیویستە بڵێم لە چوار چێوەی هەمان پرسیاری بوالۆ لە شیعرەکەیدا دەرناچێت : سوودی بایەخ دان بە نوسەرێك چیە کەوا پیویستکات بەشوێن واتاکەیدا بکەرێین ؟

بەرهەمێکی نوێی و

چەند سەرنجێکی زمانەوانی

(چیرۆکی « باوەشی خەم »نووسینی سابیر ڕەشید» ل ٢٤ آ ـ ڕینووس :

ـ ل ٢٤/ د ٤ (چاووما)و(دەسوێتەوە) . ڕاستی یە کەیان (چاوما)و(دەسووڕێتەوە)یە .

د ٥ (پەلە)و (چلکن) . ڕاستی یەکەمان (پەنە)و (چلکن)ە .

د ٦ (شاردبووەوە) . ڕاستی یەکەی (شاردبووەوە)یە .

د ١٠ (دەهاویشتە) . ڕاستی یەکەی (دەهاوشتە)یە

ـ ل ٢٥/د٢ (دەدامەو)ڕاستی یەکەی (دەدامەودو)ە .

د ٣ (بەنکوو)ڕاستی یەکەی (بەنکو)یە .

د ٤ (قووڵ) ڕاستی یەکەی (قووئی)یە .

د (٨،٦) ـ (ئەبینم)دەبوایە بنووسرێت (دەبینم) .

د ١٧ (دووا) . ڕاستی یەکەی (دوا)یە .

ـ ل ٢٦ / د ١ (هەڵگلوفت)ڕاستی یەکەی (هەڵگلوفت) .

د ٩ ل ٢٧/ د ١٧ (ووتی)دەبوایە لە ئەل (گوتی) دایە یەکبخرێت .

هەروەها (کووت)ی د ١٥ل ٢٤ و د ٢ ل ٢٥ .

د ١٤ (وەکوو) ل ٢٧/د٢ لەگەل (وەکو)دا یەکبخرێت .

ب ـ پیرورا :

١ ـ لە ل ٢٤/ دێڕی دوایی دا هاتووە : (ـ بەڕاستی ژیان ڕێگایەکی سەختە) . لامو وایە بکوترایە : (ـ بەڕاستی ڕێگای ژیان سەختە) یان (ـ بەڕاستی ڕێگای ژیان ڕێگایەکی سەختە) یان (ـ بەڕاستی ژیان ڕێگاکەی سەختە) واتە سیفەتی (سەختێتی) بخرایە سەر (ڕێگای ژیان) نەوەك (ڕێگا) ببوایە بەسیفەتی (ژیان) باشتر دەبوو ـ چونکە : کە (ژیان) (ڕێگا) بوو (ڕێگا)ش دەبێت بگات بەشوێنێك ، ئایا ئەو شوێنەی کە (ژیان) دەی گاتێ چیەیان کوێیە ؟.. بێ گومان ئەگەر (مردن) بێت ئەوەڕاستە، بەلام وابزانم مەبەستی نووسەر ئەمە نیەو مرۆڤی تێکۆشەر ژیان ناکات بە ڕێگا بۆ مردن بەلکو مردن دەکات بە ڕێگا بۆ ژیان !

٢ ـ ل ٢٤ / د ١٥و ل ٢٥/ د ٢ ، چەمکی (دەکردو دەمکووتو دەدامەوەو دەیگووت) بەردەوامی دەگەیەنن واتە ئەو شتەی کە کراوە

فیصل مصطفی

بڕوانە ل : ١١

دەنگی

بەڵگەنامەیەکی تر .!

محمود زامدار

(٧٥) لاپەڕەیە ، قەوارەکەی (١٧ × ٢٣) یەو بەژمارە لە زنجیرەی (٤) مینی چاپکراوەکانی کوردی مەریوانی .. نزیکەی (٥٠) ساڵێ ئەبێ چاپکراوە .. (٦٥) گۆرانی سرودی هەمە چەشنەی تیدا تۆمار کراوە .. نرخی (٤) فلس بوە .. لە چاپخانەی (ایتام)ی بەغداش ڕۆشنا دیوە .. پێشەکیەکەی (٦)دێڕو بۆ (کچە قوتابیانی ..) ئەوسای کورد پێشکەش کراوە.. سرودو گۆرانیەکان لە لاپەڕە (٣)و بە سرودی (بیرەـمەگرون) دەس پێ ئەکا ..

بە نرخترین گۆرانی نێو ئەم نامیلکە بە نرخە ئۆپەرێتە (دلاوەران) ـە کە لە چەندەدەنگی جیا جیای وەکو (دایك ـ باوك ـ منالەکان ـ کچەکان ـ نافرەت بە منالەوە ـ کۆرس) ئەسازێنرێ وبە قەڵەمی چەلەنگی (م. نوری شاعیر نوسراوەتەوەو لەسەر ئاوازێکی فارسی ئامیزی بەناو (دیشب کەمرا) وتراوە .. کە من لام وایە ئەمە یەکەم دەس پێشکەریو یەکەم ئۆپەرێتی کوردیە ، کە بە شیعر نوسرابێتەوە .. سەیرە!

زۆربەی زۆری هەواو ئاهەنگ و ئاوازەی سرودەکان لەو سرودە عەرەبی و تورکی وفارسیانەی ئەو سەردەمە هەڵێنجراوە ، کە باوو بوون ودەوریان هەبوە .. واتە :

(٢٣) ئەو سرودو گۆرانیانە لەعەرەبی وەرگیراوە .. (١٥)ی لە تورکی و (٣)ی لە فارسی.. ئەوەی تری کوردیە .. (٢٥) پارچە شیعریی نێو ئەو ئامیلکەیە لە هەلبەستی زێوەری شاعیرە

لەگەل (خاوکەر) یك و دوو (ئای ئای)و (ئەلا وەیسی)یەو و دوو (قەتار) و (لاوك) یکی لای پژدەر و هەشت (حەپران)ی کورتی پژدەریانە ..

ئەو پیاوە دلسۆزانەی کە بەشداریان تیدا کردوە ـ چ لە سرود و چ لە شیعر دانانا ـ ئەم نەمرانەن :

(زێوەر ـ بێکەس ـ م. نوری ـ علی کمال ـ رفیق حلمی ـ عارفسایب ـ ئەسیری ـ کوردیك ـ ع . واحد ـ مەلایەکی کورد ـ لاوێکی کورد ـ م. ع ـ رمزی قەزاز) .. بێگومان جێ پەنجەی پڕ لە نازو کرانیەهای هەردوو شۆڕەسواری مەیدانی چاپەمەنی و کەلە پوری سەر فرازی کوردی (کوردی مەریوانی)یشی پێوەدیارە ..!

من ـ لەم کۆشەیەدا ـ ئەنیایەم شێوەیە ئەتوانم باسی ئەم ئامیلکە بەنرخە بکەم ، دەناگەلێ شتی وای تیایە ئەبێ زۆر بەوردی باسی لێ بکرێ ..!!

● ئەمە سەر پۆرتیکی یەجگار کە سکون وخێرای ئاوەڕۆکی ئەم ئامیلکە بەنرخەبوو ، کە بەقەد گرانیەکەی گرانەو ئەبێ سەر لە تازە وبەخۆشەویستی و بە ئاوی ئالتون بنوسرێتەوە ، چونکە بەڵگە نامەو شا رشتەیەکی دیاری جولانەوەی پڕ لە ژانی گۆرانی کوردیمانە بەهەمو بەش وجۆرەکانی (گۆرانی فۆلکلۆری ـ گۆرانی میللی ـ مەقامات ـ گۆرانی تازە بابەتی کوردی) .!

لە پال ئەوەیش زۆربەی ئەوسرودو گۆرانیانە لە ئاوازو ئیقاعاتی تورکیو عەرەبیوفارسی وەرگیراونو (کورد ئنراون) ..!!

بەلام دانەرەکانیان لایەنەرەسەنەکەشیان فەرامۆش نەکردوەو ژمارەیەك گۆرانیوسرودی خۆمانەو رەسەنیشیان بۆ تۆمار کردوین .

● بێگومان لە ڕۆژی ئەمڕۆمان دا ، گشت ڕێبازە ڕاستەقینەکانی فەلسەفەی سەربە مرۆڤایەتیو پاشە ڕۆژی مرۆڤایەتی ، ئەو ڕاستی یە ساغ ئەکەنەوە کە : مۆسیقاو گۆرانی توانایەکی یەجگار بەرکو شادی هەبوەو هەیە ، ئە دوانەندو نواندنی بیرو تاسەو خەونوسۆزەکانی مرۆڤ و ڕازەکانی ژیانو گەردون.. دەستاوێژێکی گەلێ مەزنیشە لە خولقاندنی گیانی سەر سامیو قولبونەوەو تێڕامانو جوانیو چێژ وەرگرتن .. بۆیە موسیقاناسانی گەلانی بێشکەوتو ، هەولێکی بێ شومارو هەناسە درێژیان بۆ نوسینەوە وپاراستنی ـ هەمو چەشنە ـ گۆرانیەکانیان داوەو ئەیدەن نرخ وبایە خێکی شارستانانەی بۆ ئەقرسێنن.. هەربۆیەشە بۆ ئێمەیش ، دۆزینەوەی بنکەو سەرچاوەیەکی ئاشکرای گۆرانیو ناواز ئەرکێکی زۆر پیرۆزەو ڕاستەوڕاست ئەکەوێتە سەرشانی هەمو هونەرمەند ورۆشنبیرێکی ڕەسەنو ئەبێ کەمتەرخەمو خەمساردی لێ نەکرێت ..

ئەو ئەرکە ئەمە ئەرکە پیرۆزە ، بتوانێ بە کارامەیی و لێهاتویی بخاتە سەرشان ـ لەبەر گەلێ هۆ ـ تەنیا هەر تیبە هەرە ئازیزەکەی (مۆسیقای سلێمانی)یە .. چاوە نۆڕین ..!؟

Institut Kurde de Paris

سه‌روکی فه‌رمانده سه‌ری له‌دامه‌زراوی لیکولینه‌وه‌ی زانستی دا

به‌ڕێز سه‌رۆك احمد حسن البكر داوای كرد كه لێكۆڵینه‌وه‌زانستیه‌كان پێش بخرێن به‌تایبه‌تی (تطبیقی)یه‌كان‌و ئه‌وانه‌ی پێوه‌ندیان له‌گه‌ڵ پیشه‌سازی‌و كشتوكاڵ‌و خزمه‌ته ئشتیه‌كانه‌وه هه‌یه‌و به‌ره‌سه‌ندنی ئابوری نیشتمانی خێراتر ده‌كه‌ن .

سه‌رۆكی به‌رێز له‌سه‌ردانی لێكۆڵینه‌وه‌ی زانستی داوای كرد سه‌عات یازده‌و نیوی بێیش كه نه‌خشه‌یه‌كی گشتی دابنرێ نیوه‌ڕۆی ڕۆژی یه‌ك شه‌مه‌ی بۆلێكۆڵینه‌وه زانستیه‌كان له ڕابردوی‌دا بۆ دامه‌زراوی هه‌مو مه‌یدانێك داو ئه‌ولایه‌نه‌ش وه‌زیری فێركردنی به‌رزو لێكۆڵینه‌وه‌ی زانستی‌و سه‌رۆكی دامه‌زراوه‌كه‌شی له‌گه‌ڵ دوكتۆر نزار نظیف الشاوی كۆبۆوه‌و گوێی بۆ ئه‌و باسه دریژه‌گرت كه سه‌رۆكی دامه‌زراوه‌كه ده‌رباره‌ی پێشنیاره‌كانی سیاسه‌تی گشتی لێكۆنینه‌وه‌كان پێشكه‌شی كرد ، كه له‌وسیاسه‌ته‌ش خزمه‌تی سه‌ركه‌وتنی به‌رنامه‌كانی به‌ره‌پێدانی ئه‌ته‌وایه‌تی‌و جێبه‌جێ كردنیان ده‌كا .

سه‌رۆكی به‌رێز له‌وباره‌وه تێبینی‌و ڕێنوینی‌یه‌كانی خۆی ده‌ربڕین‌و داوای كرد كه چاره‌دێری جێبه‌جێ كردنی ئه‌نجامی لێكۆڵینه‌وه‌كان بكرێ‌و لێكۆڵه‌ره‌كان هان بدرێن‌و كۆنفرانسی زانستی به‌رپا بكرێ‌و له‌ناوه‌وه‌و ده‌ره‌وه‌ی وڵات هاوكاری له‌گه‌ڵ ڕێكخراوه زانستیه‌كانی هاوچه‌شن دا بكرێ .

سه‌رۆكی به‌رێز به‌ئامانه‌ی دوكتۆر محمد صادق المشاط سه‌رۆكی به‌رێز كه به‌رێز وه‌زیری فێركردنی به‌رزو لێكۆڵینه‌وه‌ی زانستی‌و سه‌رۆكی دامه‌زراوه‌كه‌شی له‌گه‌ڵ دابون ، به‌ناوه‌نده زانستیه‌كان‌دا گه‌راو به‌سه‌رلایه‌نێكی ئه‌و باسه (تطبیقی)یانه‌دا ئاماده‌بو كه لێكۆڵه‌ره‌كان جێبه‌جێیان ده‌كه‌ن .

له‌كۆتایی سه‌ردانه كه‌دا كه زیاتر له سه‌عاتێكی خایاند سه‌رۆكی فه‌رمانده احمد حسن البكر به‌ڕه‌ه‌ی و ڕزگرتنه‌وه له‌لایه‌ن وه‌زیری به‌رزو سه‌رۆكی دامه‌زراوه‌كه‌وه نیشكه‌رانی دامه‌زراوه‌كه‌وه به‌ڕێ كرا .

★★

سبه‌ینی دوكتور ئه‌لیاس فه‌رح باسێك ئه‌خوێنێته‌وه

سبه‌ینێ هاوڕێ دوكتور ئه‌لیاس فه‌رح ئه‌ندامی سه‌رۆكایه‌تی ئه‌ته‌وه‌یی حزبی به‌عسی سۆشیالستی عه‌ره‌ب له هۆڵی زانكۆی مستنصریه كۆڕێك ئه‌به‌ستێ‌و دوانێك به‌ناونیشانی (ڕه‌وه‌رده له ئه‌ده‌بیاتی حزبی به‌عسی سۆشیالستی عه‌ره‌ب)دا ئه‌م كۆڕه‌ی بۆ هاوڕێ فه‌رح ئه‌به‌ستێ له چوارچێوه‌ی وه‌رزی ڕۆشنبیری كۆمه‌ڵه‌ی زانستی‌و په‌روه‌رده‌ی ده‌روونی عیراقه‌كه چه‌ند چالاكیه‌كی‌تری ڕۆشنبیری‌و زانستی‌و په‌روه‌رده ئه‌گێڕێته‌وه .

★★

طارق عزیز سه‌رۆكایه‌تی وه‌فده‌كه‌مان ئه‌كات له كۆبونه‌وه‌كانی ئه‌نجومه‌نی ڕێكخستنی ده‌وله‌ته بێ لایه‌نه‌كان

عیراق به‌شداری كۆبونه‌وه‌كانی ئه‌نجومه‌نی ڕێكخستنی ده‌وله‌ته بێ لایه‌نه‌كان ئه‌كات كه‌له كۆتایی ئه‌م مانگه‌دا له تونس ده‌ست پێ ئه‌كات .

ماڤۆستا طارق عزیز وه‌زیری ڕاگه‌یاندن سه‌رۆكی وه‌فدی عیراق ئه‌بێ ، به‌شداراني ئه‌م كۆبونه‌وه‌یه كه بریتین له نوێنه‌رانی ١٤ ده‌وڵه‌تی بێ‌لایه‌ن له‌سه‌ر بنچینه‌ی به‌یره‌وی ناوخۆو ده‌ڕۆا بنچینه‌ییه‌كانی ئه‌كۆنفه‌وه‌و چالاكی ده‌وڵه‌ته بێ لایه‌نه‌كان له بواری ڕاگه‌یاندنانیشان ئه‌دێن ، وه ته‌ماشای ئه‌و به‌رنامه‌ی كاره ئه‌كه‌ن كه سه‌رۆكه‌كانی ده‌وڵه‌ته بێ‌لایه‌نه‌كان له كونگره‌ی كۆڵۆمبۆدا هۆریان كرده‌وه .

دوێنێ ئه‌نجومه‌نی ڕابه‌راندنی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی كۆبونه‌وه‌یه‌كی فراوانی به‌ستوه

له ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی كۆبوونه‌وه‌یه‌كی فراوانی بۆلێكۆلینه‌وه‌ی باری ناوچه‌كه‌و ڕابه‌راندنی پێویستیه‌كانی هاوولاتیه‌كان به‌ستراوه .

له‌م كۆبوونه‌وه‌یه‌دا هاوری فلیح حسن الجاسم ئه‌ندامی سه‌ركردایه‌تی قطری حزبی به‌عسی سۆشیاستی عه‌ره‌ب وه‌زیری ده‌وله‌تی ڕاسپێردراو بۆ ڕێكخستنی كاروباری نێوان ده‌سه‌ڵاتداریه‌تی مه‌ركه‌زی‌و ده‌زگاكانی ئۆتۆنۆمی‌و به‌رێزان هه‌ردوو سه‌روكی ئه‌نجومه‌نی ڕابه‌راندن‌و یاسادانان‌و ئه‌مینداره‌گشتی‌یه‌كانی ئۆتۆنۆمی‌و هاوری عدنان داود جێگری‌یه‌كانی سه‌ركردایه‌تی حزب لقی ژورو ئاماده بوون .

له كۆبوونه‌وه‌كه‌دا له چۆنیه‌تی كاروباری ئیداره‌كانی ئه‌نجومه‌نی ڕابه‌راندن‌و پێویستیه‌كانی به‌ره‌پێدان‌و فراوان كردنیان دواون بۆ ئه‌وه‌ی زیاتر ئه‌رکی خزمه‌تگوزاریان بۆ ناو چه‌كه‌و هاوولاتیه‌كان به‌جێ بهێنن‌و له‌گه‌ڵ یتەوكردنی بنه‌ره‌تی ئۆتۆنۆمی‌و خۆش‌كردنی ڕێگا بۆ كاروانی به‌و پێیه‌ی له‌گه‌ڵ ئاواته‌كانی سه‌ركردایه‌تی حزب‌و شۆڕشدا له به‌رزكردنه‌وه‌ی ڕاده‌ی ژیانی ناو چه‌كه‌داو ڕزگاركردنی له دواكه‌وتن له هه‌مو ڕوبه‌كه‌وه ئه‌گونجێ .

دوای كۆبوونه‌وه‌كه هاوری الجاسم له‌گه‌ڵ به‌رێز سعاد ئه‌دیب جێگری سه‌روكی ئه‌نجومه‌نی ڕابه‌راندن‌و هاوڕێ عدنان داود جێگری ئه‌مینداری سه‌ركردایه‌تی حزب لقی ژورو سه‌ریان له ئه‌نجومه‌نی یاسادانان‌و ئه‌مانه‌تی گشتی كاروباری ئه‌وقاف داوه‌و له‌گه‌ڵ كاربه‌ده‌ستان له چونیه‌تی كاروباری هه‌ردوو شوێنه‌كه‌و ده‌زگاكانیان دواون .

میوانداری كۆشكی كۆماری

دوێنێ هادی جبر حمادی به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی ڕێكخستن‌و بارمه‌تی له‌وه‌زاره‌تی پیشه‌سازی‌و كانزاكان چو بۆ كۆشكی كۆماری‌و له‌ده‌فته‌ری میوانداری‌دا خۆی ناونووس‌كرد بۆ سوپاس‌كردنی سه‌روكی به‌رێز به‌بۆنه‌ی دانانیه وه‌له كاره‌وێی یه‌كه‌ی .

دیسان صالح مهدی عماش باڵوێزی كۆماری عیراق له فنلندا سه‌ری له كۆشكی كۆماری‌داو بوئیزن وه‌رگرتن و گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ سه‌ركاره‌كه‌ی ناوی خۆی نووسی .

هه‌روه‌ها دوكتور طه تایه‌ذیاب سه‌روكی زانكۆی ته‌كنه‌لوژی به‌بۆنه‌ی هاتنه‌وه‌ی به‌وه له‌ده‌وه‌ره‌ی وڵاتسه‌ری له كۆشكی كۆماری‌داو ناوی خۆی له‌ده‌فته‌ری میوانداری‌دا نووسی .

قازی به‌غدا داوای له‌ڕێ‌وانبێ مانگی « ربیع الاول »ی كرد وه

به‌رێز قازی یه‌كه‌می به‌غداداوای له هه‌مو موسوڵمانان كرد وه كه سبه‌ینێ ئێواره‌ی بۆ مانگی نوێی ربیع الاول بڕوانن بۆ ئه‌وه‌ی بیره‌وه‌ری له‌دایك بونی پێغه‌مبه‌ری عه‌ره‌بی (د.خ) دیاری بكرێ . ئه‌مڕۆ به‌رێز قازی به‌غدا ئه‌م به‌یاننامه‌ی خواره‌وه‌ی ده‌ركرد وه :

بسم الله الرحمن الرحیم

بۆ دیاری كردنی ڕۆژی بیره‌وه‌ری له‌دایك‌بونی پێغه‌مبه‌ری مه‌زنمان (د.خ) له‌سه‌رێ تكا له‌هه‌مو موسوڵمانان ده‌كه‌م ئێواره‌ی ڕۆژی پێنج شه‌مه بیست‌و نۆی صفری ١٣٩٧ی كۆچی ریكه‌وتی ١٧-٢-١٩٧٧ی زایینی بۆ مانگی نوێی ربیع الاول‌ی ساڵی ١٣٩٧ی كۆچی بڕوانن . پێویسته ئه‌و كه‌سه‌ی دینتی پێته مه حكومه‌ی ڕه‌سمی دو ڕۆژه‌ی دوای مانگ دبینێ له كاتی ده‌وامی شه‌رعی له‌به‌غدا . ئه‌مه بۆ ئه‌و كه‌سانه‌یه كه له پایته‌خت‌و ده‌وروبه‌ری پایته‌خت داده‌نیشن . ئه‌وانه‌ش كه له‌ده‌ره‌وه‌ی پایته‌ختن ده‌توانن بچنه مه‌حكه‌مه‌ی شه‌رعی سونی دانیشتنیان .

عبدالقادر ابراهیم
قازی یه‌كه‌می به‌غدا

پێره‌وی وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف

ڕۆژی دوشه‌مه‌ی ڕابوردو پێره‌وی وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف ده‌رچوو ، وه له ڕۆژنامه‌ی ڕه‌سمی‌دا بڵاو كرایه‌وه .

به‌پێی ئه‌م به‌ڕێوه یاسای دیوانی ئه‌وقاف ژماره (٤٤)ی ساڵی ١٩٧٠ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شتیه‌وه‌وخۆی چوار به‌شی تیایه كه به‌شی یه‌كه‌میان ئامانجه‌كانی وه‌زاره‌ت‌دیاری ئه‌كات كه له پێناوی گه‌شه كردنی هۆشیاری ئیسلامی‌و بڵاو كردنه‌وه‌ی ڕۆشنبیری ئیسلام‌و ڕاستنی مزگه‌وت‌و شوێنه پیرۆزه‌كان كار ئه‌كات‌و ئه‌وانه‌ی وه‌قف كراون به‌ڕێوه‌یان ئه‌بات له پێناوی پێشكه‌وتنی كۆمه‌ڵگای ئیسلام‌و هاریكاری كۆمه‌ڵایه‌تی‌و ڕێكخستنی كاروباری حه‌ج‌دا .

به‌شی دوه‌م ده‌سه‌ڵات‌و دابه‌شكردنی وه‌زاره‌ت‌و مه‌رجه پێویستیه‌كانی دامه‌زراندنی فه‌رمانبه‌ره‌كان‌و ده‌سه‌ڵاتی ئه‌نجومه‌نی باڵای ئه‌وقافی‌دیاری كردوه كه ئامانجه ئشتیه‌كانی ئه‌خشه‌ی وه‌زاره‌ت ده‌سه‌ت نیشان ئه‌كات له‌ناو چوار چێوه‌ی گشتی ئه‌خشه‌ی ئه‌شه كردن‌و بڕیاردان له‌سه‌ر ڕۆژه یاسایه‌كان‌و به‌ڕێوه‌كانی وه‌زاره‌ت‌و كردنه‌وه‌ی دامه‌زراوه ئایینیه‌كان‌و بڕیاردان له‌سه‌ر ئه‌و ڕۆژانه‌ی كه كه‌ڵوپه‌ڵ‌و ملكه‌كانی ئه‌وقاف به‌رهه‌م دێنن .

ئه‌نجومه‌نی زانستی به پێی ئه‌م یاسا تازه‌یه چاو به دامه‌زراندنی فه‌رمانبه‌ره ئایینیه‌كان‌و ئه‌رك‌و فرمانه‌كانیانا ئه‌خشێنێ وه ڕاسته‌وخۆ به‌یوه‌ندیان له‌گه‌ڵ به‌رێز وه‌زیردا ئه‌بێ .

★★

ئه‌وبروسكانه‌ی گه‌یشتوته سه‌رۆكی فرمانده احمد حسن البكر و هاوڕێ صدام حسین

هێشتاو به‌رده‌وام شه‌پۆلی نارەزایی له نێو كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك‌و دینداراني وڵات جۆش ئه‌خوا ، له باره‌ی ئه‌و دوا هه‌وله‌پر له تاوانه‌ی كه‌رژێمی هه‌ڵه‌ڕاوه‌ی دیمه‌شق وبستی مه‌رقه‌دی حه‌زره‌تی حسین به بومباو ده‌نه‌مێت به دەستی یه‌كێك له كرێ گرته‌كانی - ڕۆژی سێ شه‌مه‌ی رابردو - هه‌ڵ ته‌كێنێ .

ئه‌م نارەزاییه له‌وبروسكانه‌دا هاتوه كه كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك بۆسه‌رۆكی فه‌رمانده‌احمد حسن البكرو هاوڕی صدام حسین ناردویانه ٠٠ كه‌تیایا په‌نجه‌ی تاوانیان بۆ ئه‌و هه‌وله‌پر له‌تاوانه دریژكردوه ، پاڵپشتی خۆیشی بۆ كاروانی شۆڕشی ١٧ ته‌موزو حزبه سه‌ركرده‌كه‌ی ده‌ربڕیوه٠ ئه‌مانه‌ی خواره‌وه ناوی هه‌ندێ له‌و بروسكانه‌یه :

سه‌ركردایه‌تی حزب لقی نه‌جه‌ف
بیاوانی ئایین‌و كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی كوفه
یه‌كێتی گشتی نوسه‌رو ڕۆژنامه چیانی فه‌له‌ستینی عیراق -
مه‌لاو كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی شارالثورة
ئاماژگای ماموستایان له كه‌ربه‌لا
نه‌قابه‌ی ماموستایان له بابل
كۆمه‌ڵه‌ی جه‌ڵاوه‌ران له كه‌ربه‌لا
قوتابیانی به‌حرین له به‌غدا
ئه‌نجومه‌نی میللی له مثنی
ده‌سته‌ی ئایینی‌و زانستی‌ی له‌نه‌جه‌ف
یه‌كێتی گشتی زوره بازرگانیه‌كانی عیراقی
ماڤۆستایانی قوتابخانه‌ی الرسول له‌نه‌جف
یه‌كێتی ئۆپی ئی له‌نه‌جه‌ف
فه‌رمانبه‌رانی به‌ڕیوه به‌رایه‌تی‌دابه‌شكردنی كاره‌با له‌كه‌ربه‌لا
لیژنه‌ی نه‌قابه‌ی پزیشكه‌كان
به‌ڕیوه‌به‌رایه‌تی ده‌زگای ڕۆشنبیری میللی له‌كه‌ربه‌لا
كرێكارو خاوه‌ن ئاسیاو نان واخانه كان له‌كه‌ربه‌لا
ئه‌نجومه‌نی میللی له ناحیه‌ی قلعه‌سكر
پیشه‌ساژه‌كانی ذی قار
دوكتۆره‌كانی ذی قار
كرێكارو قوتابیانی قه‌زای الخضر .
ئه‌نجومه‌نی میللی له فضلی به‌غدا
سه‌رۆكایه‌تی ته‌ندروستی ئه‌نبار
نه‌قابه‌ی پیشه ته‌ندروستیه‌كانی ئه‌نبار
ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری قوتابیانی عیراق له‌میسر
قوتابیانی عیراق له جه‌زایر
كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی خه‌ڵكان له سلێمانی
كرێكارو فه‌رمانبه‌رانی نه‌قابه‌ی بناغه‌و پروژه‌كانی دهۆك
فه‌رمانبه‌رانی به‌روه‌رده‌ی دهۆك
سه‌رۆكی زاناكانی موسل
لقی یه‌كێتی كۆمه‌ڵه‌ی جوتیارانی ئامێدی
نه‌قابه‌ی بناغه‌و پرۆژه‌كانی واسط
ئه‌نجومه‌نی هه‌ردوه‌زی الغره له‌به‌غدا
سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی میللی میعماروسنك له‌به‌غدا
ئه‌نجومه‌نی میللی له حی‌الفیل
مه‌لاو زاناكانی دهۆك
كۆمه‌ڵه‌ی ئابوریستانی عیراقی له هه‌ولێر

بروسكه‌ی نارەزایی

١ - ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری یه‌كێتی ئه‌دیبانی عیراق .
٢ - نیقابه‌ی ماڤۆستایان - لقی پارێزگای (مثنی) -
٣ - یه‌كێتی ناو خۆی كۆمه‌ڵه‌ی جووتیاران له پارێزگای قادسیه
٤ - خزمه‌ت گوزارانی ڕزگه‌وتنی ئه‌ڕۆژی حه‌یه‌ری له پارێزگای ئه‌جه‌ف .
٥ - لیژنه‌ی به‌ره‌ی نیشتمانی‌و ته‌ته‌وه‌یی پێشكه‌وتنخواز له پارێزگای واسیت .
٦ - جه‌ماوه‌رانی قه‌زای مه‌نازیره .
٧ - كرێكارانی گواستنه‌وه له پارێزگای قادسیه .
٨ - یه‌كێتی كۆمه‌ڵه‌ی جوتیارانی قه‌زای عه‌فه‌ك .
٩ - ئه‌نجومه‌نی میللی ناحیه‌ی به‌دیر .
١٠- كارگوزارانی مه‌كته‌بی پۆسته‌ی حه‌ره‌ز .
١١- ئه‌نجومه‌نی میللی ڕۆژه‌ی - مسیب - له‌پارێزگای بابل .
١٢- لقی ژووروی مه‌كته‌بی جووتیاران له بابل .
١٣- جه‌ماوه‌رانی ناوچه‌ی جوادیه له ناحیه‌ی شوملی .
١٤- كرێكارانی گواستنه‌وه له مه‌دحه‌تیه .
١٥- جه‌ماوه‌رانی دێی زیار له ناحیه‌ی شوملی .
١٦- ئه‌نجومه‌نی میللی ناحیه‌ی شوملی .
١٧- ئه‌نجومه‌نی میللی هاشمیه .
١٨- كارگوزارانی ده‌زگای میوه‌و سه‌وزه ناردن له مه‌دحه‌تیه‌و یانه‌ی وه‌رزشی‌ی مه‌دحه‌تیه .
١٩ جه‌ماوه‌ری گه‌ره‌كه‌كانی عروبه‌و سه‌راو فاضلیه‌و سوق له دیوانیه .
٢٠- نیقابه‌ی پیشه‌ئه‌ندازیاریی‌و هونه‌ریی‌یه‌كان .
٢١- یه‌كێتی هه‌ره‌وزكاریی كشت‌و كاڵ .
٢٢- یه‌كێتی كۆمه‌ڵه‌ی جووتیاران .
٢٣- نیقابه‌ی كرێكارانی كشت‌و كاڵ‌و ئه‌ندازیاران .
٢٤- یه‌كێتی ناوخۆی نیقابه‌كانی كرێكاران .
٢٥- كرێكارانی جگه‌ره‌و پیشه‌سازیی خوارده‌مه‌نی .
٢٦- كرێكارانی شه‌مه‌نه‌فه‌رو خانووبه‌ره‌و پرۆژه‌كانی دامه‌زراندن .
٢٧- كرێكارانی كاره‌با‌و شاره‌وانی‌و خزمه‌ت گوزاره گشتی‌یه‌كان .
٢٨- ڕێكخراوی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست له ناوچه‌ی كه‌رتی ئیسكان .
٢٩- ده‌سته‌ی ماڤۆستایان‌و قوتابیانی زانستگای ئامادەكردنی ماڤۆستایان .
٣٠- ماڤۆستایان‌و قوتابیانی قوتابخانه‌ی مه‌ناهیل .
٣١- ئه‌نجومه‌نی میللی گه‌ره‌كی ئیسكان له دیوانیه .

بانگهێشتنی هونه‌رمه‌نده‌كان بۆ به‌شداریی كردنی پیشانگای چواره‌می حزب

لیژنه‌ی باڵای پیشانگای چواره‌می حزب هه‌موو هونه‌رمه‌نده عیراقیه‌كانی بانگهێشتووه ناوه‌كو به به‌رهه‌مه‌كانیان به‌شداریی ئه‌و پیشانگایه تایبه‌تی‌یه بكه‌ن كه به بونه‌ی یادی (٣٠) سی‌یه‌مینی دامه‌زراندنی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست له حكومه‌تی نیسانی نایینده‌دا پێك ئه‌هێنرێت .

لیژنه‌كه له بانگهێشتنی هونه‌رمه‌نده‌كانا دوو كاری هونه‌ریی به مه‌رج دانوه بۆ به‌شداریی كردنی پیشانگاكه ، ئه‌بێ ئه‌وكاره هونه‌ریی‌یانه‌ش بێش (٢٠) بیستی مانگی نایینده پێشكه‌ش بكرێن .

به‌رهه‌مه‌كانی ده‌زگای گشتی كانزاكان له ساڵێكدا

ده‌زگای گشتی كانزاكان ساڵی ڕابوردو ژماره‌یه‌ك ڕۆژه‌ی به‌رهه‌م هێنانی كۆگردو له‌و چه‌وی له پارێزگاكانی وڵات‌دابه‌جێ هێنا .

ده‌زگاكه له‌دروست كردنی كارگه‌كانی چه‌و له‌نباعی له‌پارێزگای به‌غدادا بۆوه كه‌وزه‌ی به‌رهه‌م هێنانی له‌ماڵێك‌دا ملیۆنێك و ٨٠٠ هه‌زار مه‌تره‌شه‌ش باڵو له‌چه‌وی شۆڕاوه‌و چاك‌كراو ، ئه‌مه‌ش ٢ ملیۆن‌و٦١٦ هه‌زار دیناری‌ئ چووه‌بۆئه‌وه‌ی بزوتنه‌وه‌ی ئاوه‌دان كردنه‌وه له ناوچه‌ی ناوه‌ڕاستی‌وڵات‌دا له‌چه‌و مسۆگه‌ر بكات.

له‌پارێزگای به‌سراشدا كارگردن بۆدامه‌زراندنی كارگه‌ی چه‌وی سه‌نام‌و كارگه‌ی چه‌وی طیب به‌وزه‌یه‌كی به‌رهه‌م هێنان كه ئه‌گه‌نه ملیۆنێك‌و ٣٠٠ هه‌زار مه‌تره شه‌ش‌باڵو بۆهه‌ردوكیان دوایی هاتوه .

دووباره ده‌زگاكه سێ كارگه‌ی تر گه‌ڕۆكی دامه‌زراندووه بۆ به‌رهه‌م هێنانی چه‌و كه بریتین له كارگه‌كانی جلات‌و صواب‌و عكاشات،وزه‌ی هه‌ر یه‌كێكیشیان به‌یه‌كه‌وه ئه‌گاته ٢٧٠ هه‌زار مه‌تره شه‌ش باڵو له‌چه‌و ، وه زیاتر له ٩٠٠ هه‌زار دیناریان ئ چووه .

ئامانجیش له‌و كارگانه گه‌شه‌پێدانی پرۆژه‌كانی فۆسفات‌و ناوچه‌كانی تره‌به‌چه‌و .

له‌باره‌ی به‌رهه‌م هێنانی لم‌و مه‌ڕمه‌ڕیشه‌وه ده‌زگاكه پرۆژه‌ی لمی حه‌بانیه‌ی به‌وزه‌یه‌كی به‌رهه‌م هێنان كه ٣٩٠ هه‌زار مه‌تره شه‌ش باڵوه له ساڵێك‌دا به‌ئه‌نجام هێناوه .

هه‌روه‌ها كارگه‌یه‌كی (رخام)یشی له هه‌ولێر به‌وزه‌ی ١٠٠ هه‌زار مه‌تره شه‌ش باڵو له ساڵێك‌دا له ته‌خته‌مه‌ڕمه‌ڕ به‌جێ هێناوه له ساڵی ڕابوردوودا ژماره‌یه‌ك كانه مه‌ڕمه‌ڕو موزائیكی ته‌واو كردوه كه‌بریتین له كانه‌كانی ڕایات‌و قه‌ره‌جماع‌و خرسبان‌و صلاح‌الدین‌و گه‌ڵاله ، به‌رهه‌می هه‌موو‌ئه‌و كانانه‌ش له‌مه‌ڕمه‌ڕ گه‌یشتوته هه‌زارو ٨٤٩ مه‌تره شه‌ش باڵو وه‌له موزائیك گه‌یشتوته هه‌زارو ٧٥٩ مه‌تره شه‌ش باڵو .

هاوكاری
له ده‌زگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوكردنه‌وه‌ی كوردی
ده‌رده‌چێ
بغداد ساحة الخلاني
ص.پ ١٠٤٦
ته‌له‌فون ٥/٦٨٢١١ خت
ژماره‌ی سپاردنی به‌كتێبخانه‌ی نیشتمانی ١٥٦
بڕیاردركردنه‌وه و بڵاوكردنه‌وه‌ی هاوكاری له‌ده‌زگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنه‌وه‌ی كوردی به‌ده‌ست ده‌كه‌وێ

Institut Kurde de Paris

زاناو پیاوە ئاینیەکان ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر تاوانەکەی ریژیمی هەڵگەراوە دەرئەبڕن کە ویستی مەرقەدی پیرۆزی ئیمامی حسین لەناوبەرێت

زاناو پیاوە ئاینیەکان بەردەوامن لە ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر هەوڵە تاوانکارییەکەی ئەم دواییەی ڕژیمی گومڕای سوریا لە دیمەشق کە ویستی مەرقەدی پیرۆزی ئیمام حوسەین وێران بکاتو بە هەزاران هاووڵاتی بێ گوناهبکوژێ کە بە بۆتەی زیارەتی چەوە چوبوون بۆ ئەوەی •

لە چاو پێ کەوتنەکانیاندا لە گەڵ پەیاملێنێرەکانی(ئا.د.ع) لە چەند پارێزگایەکدا تووڕەیی و خۆیانیان بەرامبەر بەم کارە بێ نرخو ناپاکانە بیشان داوە کە بەلگەی نابووتی ئەو ڕژیمە تاران بارەیە لە ڕووی جەماوەریو سیاسیەوە • هەروەها وەستانیان شان بە شانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش دووپات کردۆتەوە لە کاروانی پێشڕەویا بۆ بیناکاری کۆمەڵێکی سۆشیالستی نوێ •

دوێنێ چەند ئامراوێکی ئاینی سەریان لە سەرکردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەب لە نەجەف داوەو ڕێزیان پیشان داوە بەرامبەر سەرپەرشتی حکومەتی شۆڕشو دەسەڵاتداریەتی نیشتمانی بۆ پاراستنی شوێنەوارە پیرۆزەکان و سەلامەتی گیانی هاووڵاتیەکانو داوایان کردوە توند ترین سزای ئەوانە بدرێ کە ڕژیمی بەکرێی بۆ ڕایەراندنی ئەو تاوانە ترسنۆکانەیە گرتون •

هاوڕێ ابراهیم خلف ئەمینداری سەرکردایەتی حزب لقی نەجەف چاوی بە پیاوە ئاینیەکانی مەزاری حیدریەو مزگەوتی کوفەو مەزاری مسلم بن عقیل کەوتوە دیسان هاوڕێی ئەمیندار چاوی بە الغلغال و کریم عزامو احسان شیرو جلیل عبداللەو عبود نفاخو محسن بکاء وعلی سید بەریزان تقی الغلغال و ضیاء زبرو موسی منحیو عبدالشهید حمید و شیخ طعمه یاسینو علی مجیدو مزهر وناس و عبدالرحیم ئاتم حسنو حسن حمادی و سعید عبدالشهیدو عباس ابو ناصریەو حمد توبیجو محمد حسن البیاتیو حاجی هادی توینی کەوتوە •

وە شیخ عبدالهادی عصامی سەروکی کۆمەڵەی ئاراستەی ئاینی لە پاریزگای نەجەف ووتەیەکی داوە تیایا ناڕەزایی بەرامبەر تاوانەکەی ڕژیمی گومڕای سوریا دەربڕیوە •

دیسان پیاوی ئاینی گەورە مسلم الحسینی ناڕەزایی بەرامبەر بەم کارە بێ دەربڕیوەو ڕێزی لایەنە ئاینییەکانی بەرامبەر پاراستنی هاوڵاتیەکانی لە لایەن حکومەتی شۆڕشەوە دوپات کردۆتەوە •

هەروەها زانا عبدالله الحسینی ئەم پیلانە ناڕەوا چەوتەی گوناهبار کردوەو وتویە ئەمە ناڕەزایی دەربڕینو ئەم پیلانە گوناهبار ئەکەین لە ڕژیمی گومڕا لە ڕێگایەوە ویستی مەزاری پیرۆزی ئیمام حوسەین وێران بکاتو ئەمە بە تاوانێکی چەوتو بۆگەن دائەنێنو الحسینی دەستی ڕێز لە هەلویستو تەقەللای حزبو شۆڕش ئالە ڕێگای زامن کردنی دلنیاییو هێمنی بۆ هاوڵاتیە بی گوناهەکان •

دیسان خێزانی خوا لێ خۆشبو محمد سماکە ئامراوی بەرزی ئاینی لە پاریزگاکەو ئەوەکەی عبدالمجید ناڕەزاییان بەرامبەر بەو هەوڵە ناڕەوایە دەربڕیوە کە ڕژیمی گومڕای سوریا ویستی مەزاری ئیمام وێران بکاتو بەهەزاران هاووڵاتی بێ گوناهبکوژێ بە دیسان ڕزی هەلویستی دانایانەی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشیان ئرتوە لە پێشێل کردنی ئەو هەوڵە چەوتەدا •

هەروەها شیخ عبدالوهاب عزیز شماع سەرۆکی کۆمەڵەی زانا ئاینیەکان لە موصل ناڕەزایی بەرامبەر بەو کارە چەوتەی ڕژیمی دیمەشق دەربڕیوە کە مەبەستی ئازاوە نانەوەو تێك دانی یەکێتی نیشتمانی بوو •

هەروەها چەندان بروسکە لە جەماوەری تیگوشەرەوە ناڕەزاییو تووڕەییان دەربڕیوە بەرامبەر بەو کارە چەوتەی ڕژیمی دیمەشق کە ویستی دەنەمێت بخاتە مەزاری پیرۆزی حسینیەوە لە کەربەلا لە ڕۆژی سەردانی چلەی شەهیدانی درودی خوایان لە سەربێ •

جەماوەر لە بروسکەکانیان بۆ سەروکی ئەرمانده احمد حسن البکرو تیکۆشەر هاوڕێ صدام حسین پەیمانیان داوە کە چاو کراوە بن بەرامبەر جموجولی ناڕەواو بە توندی بەر بەجی نەخشەکانی ئیمپریالیزمو کونەپەرست بدەنەوە کە ئەیکەنە سەر حزبی مەزنمان حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەبەو دەسکەوتە مەزنەکانی لە زۆر لایەنەوە •

زاناو پیاوە ئاینیەکان بەردەوامن لە ناڕەزایی دەربڕین بۆ لەناوبردنی مەرقەدی بەرامبەر ئەو تاوانە ناڕەوایەی کە ڕژیمی هەڵگەراوەی دیمەشق لە سێ شەممەی دوێنێوە ویستی بەجێی بهێنێ پیرۆزی ئیمامی حسینو گوشتنی ئەو هاووڵاتیە بێ گوناهانەش کە بە بۆنەی سەردانی چلەوە هاتبونە ئەوێ •

لە چەند چاوپێکەوتنێکا کە بەیامنێرەکانی ئاژانسی عیراق لە هەندێ لە پارێزگاکان کردوویانە ، پیاوە ئاینیەکان وتیان ئەو تاوانە ، بەشێکە لە نەخشەیەکی ئیمپریالیزم کە ڕژیمی بەکرێگیراو جێ بەجێ کردنەکەی خستۆتە ئەستۆی خۆی ، بۆ ئەوەی بەمەهەلویستە خۆی ، بۆ ئەوەی بەمەهەلویستە خیانەتکارەکانی دەربارەی مەسەلەکانی گەلی عەرەبو مەسەلەی لەپێش هەموویانەوە مەسەلەی فەلەستین داپۆشێنو بارو دوخێکی لەبارپش بۆ تیپەڕ کردنی ئەو چارەسەرییە تەفروتونا کەرانە بخولقێنێ کە بەهەناسە بڕکێ شوێنیان کەوتوە •

ئەمەش ناوی ئەو بەرێزانەیە کە پێزارییان بەرامبەر ناوانەکە دەربڕیوە :

حاجی محمد علی سکافی لەشاری شامیە •

حاجی محسن خلف علیوی سەرۆکی مەوکیبەکانی حسێن لەبەری بڕووکی شاری شامیە ئیمام عەبدەئیدریس محمد عثمان ئیدراوی ئەزهەر بۆ کۆماری عیراق لە پارێزگای زیقار •

شیخ عبدالحکیم عبدالرحمن السعدی زانایەکی ئاینی لە پارێزگای ئەنبار •

شیخ قوام الدین عبدالستار زنایەکی ئاینی لە پارێزگای ئەنبار •

سید علی سید عبدالله موسەوی لە پارێزگای بەسرا •

شیخ محمد جواد السهلانی دووبارە لە پارێزگای بەسرا •

حاجی یونس حاجی حاو لە پارێزگای واسیتەوە •

حاجی مهدی حاجی احمد شیوخ حاجی مجید ئەمیمی حاجی مهدی علی ئەمیمی ، حاجی حسنی حاجی علی ، سید رشیدی سید محسنی یاسری ، بەرێز شیخ عبدالمجید قطب سەرۆکی زانا ئاینیەکانی پارێزگای ئەنبار ، بەرێز حسین احمد الحکیم بەرێوە بەری زانستگای ئیسلامی لە پارێزگای ئەنبار •

بەرێز جبار سعید ئەندامی ئەنجومەنی میللی پارێزگای میسان •

بەرێز فوزی جمعه عیسی بەرێوەبەری ئەوقافی ئەنبار

شیخ فاتیح قەرەداخی ئیمامو خەتیبی مزگەوتی گەورەی سلێمانی •

شیخ محمد محمود خەزانی ئیمامو خەتیبی تەکیەی خالدیە لە سلێمانی •

شیخ عبدالله وەرازی ئیمامو خەتیبو ئەندامی لیژنەی هوشیاریی لە پارێزگای سلێمانی •

بڕیاردان لەسەر فرمانەکانی لیژنەکانی سەرژمێری دانیشتوان

لیژنەی باڵای سەرژمێری گشتی دانیشتوان ، بڕیاری لەسەر ڕاپۆرتی لیژنە هو نەری یەکەی داوە ، کە یەدرێژی کارو فرمانی لیژنەی سەرژماردنی ناوچەکانی تیدا باسکراوە ، کە لە هەفتەی یەکەمی مانگی داهاتووەوە دەس پێ نەکرێ •

قۆناغی دووەمی پرۆژەی مریشکەوانی سلێمانی

بڕیارکە ، قۆناغی دووەمی پرۆژەی مریشکەوانی سلێمانی کە (٢٫٧٠٠) ملیون دینارە تێچوە وبە توانای (٧٠) ملیۆن هێلکە لە ساڵێکا ، جێ بەجێ کرا •

پرۆژەکە ڕوبیوی ئەکاتە (٣٫٢٠٠) دۆنم لە تاسلوجەدا بڕتی یە لە : چوار کێڵگە ، سێیان بۆ هێلکەو ئەوی تریان بۆ بەخێوکردنی مریشك •• سەرەڕای ئێژگەیەکی کارەباو کۆگایەك بۆ ئامرازەکان •

ئەم پرۆژەیە بەیەکێ لە پرۆژە هەرە گەورەکانی ئەم شارە ئەدرێتە قەلەم •• تیازوایە لە کانونی یەکەمی داهاتودا تەواوبێت •

پرۆژەی مریشکەوانی سلێمانی

ئەمەیان لەو کۆبونەوەدا هاتوە کە سەرلە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمە لیژنەکە لە وزارەتی نەخشەو بەسەرۆکایەتی بەرێز سامی جلیل سەرۆکی دەزگای مەرکەزی سەرژمێری بەسترا تیایا دەس نیشانی مەختەی بابلو عەین کاوەی هەولێرو ئەکەدی ـ ذیقار ـ کەراوە وەکو مەلبەندی سەرژمێری •

بۆ ئەم مەبەستە لیژنەی باڵا ، بانگێکی بۆ ڕێکخراوە میلیەکانو بۆ کاربەدەستەکانی شارەکان ڕاهێشتوە ، تا بەوردی ئەم کارەو ئەم تەجرەبەیە ڕابەڕێن •

هەروا لیژنەکە بۆ ئەم مەبەستە باسی ئەو هاووڵاتیە عیراقیانەی کردوە کە لە دەرەوەی عیراقن وچون ئەوانیش سەرژمێر بکرێن •• ئەوانیش سەرژمێر بکرێن •

بەرفراوانکردنی «پیشەسازی یەمیکانیکی یەکان»

کۆمپانیای گشتی پیشەسازی میکانیکیەکانی بەرفراوانتر ئەکرێتەوە ، بۆ دروستکردنی کەدەستەبەری پێداویستیەکانی وڵات ڕەتێوبهێنێ •

ئەمەیان نزار جمعەی ئەندازیار بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیاکە ڕایگەیاندوەو وتویەتی : بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیاکەمان درێغی نەکردوەوبەپێی باشترین شێوازی زانستیو تەکنیکی خۆی سازاندوە ••

هەروا وتویەتی : ئێستا خەریکین کارگەیەکی تازە بۆ دروستکردنی باسکی (ریم) دانەمەزرێنین بەهەرسێ جۆرەکەی یەکەمیان (٤٢) کەس ئەگرێ دوەمیان (٢٣)و سێیەمیان (٢٨) کەس •

توانای بەجێ گەیاندنی پرۆژەکە کە سەرەتای ئەمساڵە دەستی بەکار کرد (هەزار) پاس ئەبێ لە ساڵێکا

هەروا ئیستا خەریکین کارگەیەك بۆ لۆری سکانیا دروست ئەکەین ، کە (١٢) تا (١٦) تەن هەڵئەگرێ سەرباری لۆری (٤٠) تەنی •

ئەسکەندەریەی سەر بەشاری بابل ، دەها جۆرە ئاوتۆمبیلو لۆری بەشێوەیەك توانای کاری ئەم کارگەیە ئەگاتە (٥) هەزارو (٨٠٠) لۆری لە ساڵێکا •• واچاوە ڕوانئەکرێ ئەم ساڵە کارە ئەندازیاریەکانی بۆ جێ بەجێ بکرێ •

هەروا بەرێوەبەری بەرێز کۆمپانیاکەمان خەریکی تەجرەبەی ئیش پێ کردنی پرۆژەی بەرهەمهێنانی لۆری صلاح الدینە ، کە لە ناوەڕاستی ئەمساڵەدا ئواناکەی ئەگاتە « ٥٠٠ » لۆری لە ساڵێکا •

کۆبونەوەی لیژنەی بەرە لە دهوك

ڕۆژی یەك شەممەی ڕابردو لیژنەی بەرەی نیشتمانیو زەنەوایەتی پێشکەوتنخواز لە پارێزگای دهۆك کۆبونەوەیەکی بەسەرۆکایەتی هاوڕێ مزهر مطنی ئەمینداری سەرکردایەتی لقی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە دهۆك و سەرۆکی لیژنەکە باسی دۆخی سیاسی ناوچەی عەرەبیو لایەنەکانی ڕەوبیلانانەی کرد کە ئیمپریالیزمو زایۆنیزم بە شمشێری ڕژێمە وەرەڕاوو بەکرێگیراوەکان لە ناوچەی عەرەبیداو لەدژی مەسەلەکانی نەتەوەی عەرەبمان ڕەخشەیان بۆ دەکێشن •

لیژنەکە لە بروسکەیەکدا کە بۆ سەرۆکی بەرێز احمد حسن البکرو هاوری صدام حسینی نارد بێزاری توندی خۆی لەو کردارە تاوانکارانەیە دەربڕی کە ڕژێمی وەرتەڕاوی سوریا ویستی لەمەرقەدی پیرۆزی حەزرەتی حسین (ع)دا جێ بەجێی بکا •

جێ بەجێ کردنی چەند پرۆژەیەکی کارەبا لەساڵی ڕابردودا

دامەزراوی گشتی کارەبا لەوەزارەتی پیشەسازیو کانزاکان لەماوەی یەك ساڵی ڕابردودا چەند پرۆژەیەکی کارەبای لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی پارێزگاکانی وڵاتدا جێ بەجێ کردوە •

سەرچاوەیەکی وەزارەتی پیشەسازیو کانەکان گوتی یەکێك لەو پرۆژانە ڕایەلکەی تەوژمی بەرز بوەکە بەرفراوان کردنی ئیزگەی دوهەمی شامیەو نجفو حمام العلیلو دامەزراندنی ئیزگەی فلوجەو بەرفراوان کردنی ئیزگەی دوهەمی بابل دەگرێتەوە ز

هەروەها دامەزراین ئیزگەی تاجی وئیزگەی مرسلو (وحدەی غازی) لەناوچەی دیبسو (وحدەی غازی) لە صرافیەو نەجەف کە ئەم دوایانە بۆ تاقیکردنەوە خراونەکار بەشێك لە پرۆژانەن •

دیسانەوە گوتی دامەزراوەکە ژمارەیەکی تر پرۆژەی کارەبای لادێی جێ بەجێ کردوە کە بڕیتی بوە لەکەیاندنی کارەبا بۆ ٣٢٦دێو و ٣٢٠ وحدەی ئاوکێشکردنەوە لەپارێزگا جۆربەجۆرەکانی وڵاتدا •

هەروەها گەیاندنی وزەی کارەبا بەپرۆژەی ئاوی دهۆك و ئیزگەی ماکروویف لەباش تەپە لەپارێزگای هەولێرو ئیزگەی ماکروویف لەکەلەك لە پارێزگای نەینەواو ئیزگەی سێکانیان لەپارێزگای التامیمو پرۆژەی هێلی مەلا عبداللەو پرۆژەی بەرفراوان کردنی بەرهەمە نەوتیەکان لە کەرکوك جێ بەجێ کراوە •

هەڵبژاردنی سەرۆکی تازەی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

لەکۆبونەوەیەکی ناناسایی دا کە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بێکی هێنا بەرێز احمد عبدالقادر بەسەرۆکی ئەنجومەن هەڵبژێردرا لە جێگای بەرێز بابکر محمود رسول کەکراوەتە وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی •

بەرێز عبدالقادر لەپێشدا ئەمینداری گشتی ئیدارەی کاروباری دارایی و ئابوری بو کەیەکێکە لەئیدارەکانی ئەنجومەنی ئەنفیزی ناوچەی ئۆتۆنۆمی •

لەوکۆبونەوەدا هاوڕێ فلیح حسن الجاسم ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو وەزیری دەوڵەت کە دائراوە بۆ ڕێکخستنی کاروباری نێوان دەسەڵاتی ناوەندیو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیو بابکر محمود رسول وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتیو سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنو هاوڕێیان محمد حمزە ئەندامی جێگری سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبو عدنان داود ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوی حزب لە شیمالو بەرێزان سەرۆکو جێگری سەرۆکو ئەندامانی ئەنجومەنی ئەنفیزی بەشداربون •

بەرێز عبدالقادر دوای هەڵبژێرانی وتارێکی خوێندەوەو سوپاسی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی کرد لەسەر ئەو بڕوایەی پێیان کردوەو دوپاتی کردوە کە ئەو بڕواپێکردنە پشتیوانی دەبێ لەبەجێ هێنانی ئەرکەکانیدا •

ناوبراو ستایشی ئەو دەستکەوت و سەرکەوتنانەی کرد کە شۆڕشی ١٧ی تەموز بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب وەدی هێناوو لەپێش هەمویانەوە جێ بەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردمان •

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان داوای لەئەندامانی ئەنجومەن کرد کە زیاتر هەوڵ بدەن بەگوێرەی ڕێنوتنی یەکانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە هەمو بارێکەوە گەشەپێ بدەن •

لەباشان بەرێز بابکر محمود رسول وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتیو سەرۆکی پێشوی ئەنجومەن لەوتارێکدا سەرکەوتنی بەرێز عبدالقادری لە کارەکانیدا بەئاوات خواست •

وەزیری بەرێز لەوتارەکەیدا باسی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کرد کە لەپاش جێ بەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا وەدی هاتون کە هەموشیان بەپشتگیری سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش بون •

هەروەها ئەنجومەنی یاسادانان لەسەرپێشنیاری بەرێز هاشم حسن سەرۆکی ئەنجومەنی ئەنفیزی موافەقەتی کرد کە بەرێز محمد امین محمد احمد دابنرێ بەئەمینداری گشتی ئیدارەی ڕۆشنبیریو لاوان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی •

هەموو هەفتەیەك

سەربەست

بایەخدان بە چارەسەر کردنی گیروگرفتە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵانی خەڵکیو ڕزگار کردنیان لەو تەنگوچەلەمانەی کەوا ساڵەهای ساڵ تەنگی پێ هەلچنیونو دابێن کردنی دووا ڕۆژێکی بەختیار بۆیان •

ئەرکێکی پیرۆزەو جێبەجێ کردنی، هەنگاوێکی نیشتمانیو پێشکەوتوانەیە ، بە تایبەتی بە نیسبەت چینە ڕەنجدەرەکانەوە کە زۆربەی ـ زۆریان کرێکارو جوتیارن ••

لەبەرئەمە ، ئەو هەنگاوانەی کە لە مەجالی کشتوکاڵی وەیا لەهی پیشەسازیو پیشەیدا ئەنرێن ، دەورێکی ڕاستەوخۆو سەرەکی ئەبینن لە هێنانەدی گوڕانە ڕەچاوکراو پێویستەکاندا •

لەم مەیدانەدا صەرف کردنی (٥٥) ملیونو (٧٢٧) هەزار دنیا بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی شارەوانی لە پارێزگاکاندا ، دەورێکی دیار ئەبینێ لە ئەشەسەندنی بزوتنەوەی ناوەدان کردنو بیناو سیاحەتو لەو پرۆژانەی کە تەواو بوونە ، دروستکردنی چەند کارگەیێکی خشتو قیرو بەخرو کردنەوەی چەند ڕێگایێکی نوێو قیرناو کردنی چەندێکی تر •

لەلایەکی ترەوەو بۆ ئەم ساڵ ، دەزگای گشتی ڕۆشنبیری جوتیاران ئەخشەیێکی داناوە کە بڕتی یە لە ڕێکخستنی ٨٣٦ دەورەی ڕۆشنبیریو ٢١ هەزارو سێ صەد جوتیار ئەگرێتەوە ، چگە لە(٢٩٢)دەوری ڕاهێنانی پیشەیی کە یانزە هەزارو پێنج صەدو چل جوتیار ئەگرێتەوە ، دیسان لە ماوەی ئەم ساڵ دا(٤١)مەلبەندی ڕۆشنبیری بۆ جوتیاران دا دادەمزرێ سەرەڕای (٢٤٦) مەلبەندی تر کە ئیستا هەن ، ئەمەو بەرێوەبەرایەتی هاوکاری کشتوکاڵ پرۆگرامێکی بەرفراوانی داناوە کە بڕتی یە لە دامەزراندنی (١٠٣) هەرەوەزکاری نوێ لەناو زەوییەکانی ئیصلاحی ئەرزی لەئەنجامی (١٧) کێڵگەی کشتی وە لە لایەکی کە (٢٣) ملیونو (٤٢٥) هەزارو (٦٤٤) دینار تەرخان کراون بۆ ئەوەی بەقەرز بدرێتە داهاتوو چوار ملیونو (٦٥١) هەزارو (١٩٠) دونم ئەم هەرەوەزکاریانەو وا ڕەچاو کراوە کەوا ساڵی بەگەنم بچێندرێتو ملیونێکو (٨٣٧) هەزارو (٩٣٨) دونم بە چۆ ، ئەمەو پرۆگرامەکە بایەخێکی تایبەتی داوە بە زامن کردنی مەشینو ئۆتۆمبیلو تەراکتوری جۆربەجۆر بۆ کێڵگەو هەرەوەزکاریەکانو دیسان لە پروگرامەکدایە کە (١٠٤) پرۆژەی بە خێوکردن مریشك (١٠٧) پرۆژەی بە خێوکردنی مەڕۆمالات ، بکرێتەوە •

شایانی باسە لەم ماوەیەدا (٦٠) هەرەوەزکاری کشتوکاڵی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی سێ صەدو ئۆوەد هەزار دیناریان بە قەرز وەرگرتووەو ئەم قەرزانە بو دامەزراندنی چەند پرۆژەیێکی نوێو فراوان کردنی هەندێکی ترو کرینی سەمادی کیمیایی و تەراکتورو مەکینەی تر •

شتومەکی پێویست بۆ بازاڕەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

لە چوارچێوەی بایەخی حکومەتی شۆڕشدا بۆ زۆر کردنی شتومەکی پێویست بۆ خەڵکی ، بەتایبەتی بۆ دانیشتوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەبینین بازار بەتەواوی بوزاوەتەوەو زوربەی پێویستی تیدا دەست دەکەوێت ، ئاردو شەکرو چاو دوشاوی تەماتەوسابونو سایدو ڕۆن بەڕیکو پێکی لە بازاردا چنگ دەکەون مەندی جار لە پێویستی زیاتر ئەکەونە ناوبازارەکانەوە ، ئەمەوای لە هاووڵاتیان کردوە کەواز لە هەستی شت کەلەکەکردن بهێنن و هەربەقەدر پێویستی خۆیان شت بکڕن •• بەڵام ئەوەی جێگای داخە تا ئیستا هەندی کەرەسە لە بازاڕەکاندا چنگ ناکەوێت ، یا ئەوەندە ئەخرێتە بازاڕەوە کەبەشی هەموڵایەك ناکات و ئەمە ئەبێتە هۆی شلەژانی بازاروداڵنیایی نەهێنی ، لەچاو چەسپاوی ئەو کەرەسانەدا کەبە ئاسانی دەست ئەکەن و لە پێشەوە باسمان کردن •• ئەوکەرەسانەی دەست ناکەون بڕتین لەمانە :

پارچەی سوپێری ئۆتومبیل نەبونی هەندێ جۆری تایەی ئۆتومبیل وەك ١٦٥ × ١٣ ، جلوبەرگی منالانو قوماشی پیاوان پیانەی چاو ماسی دەریا (ماسی یە گەورەکانیان) زوبای نەوتو چیمەنتو ••

***

Institut Kurde de Paris

شتێك له بارەی سوارچاکی و شەرەشێرو نیشان شکێنی و مەلەوانی و راکردنەوە

هەواڵ و لێکۆڵینەوە

هەواڵ :ـ یەکێتی ساحەو مەیدان نیازی وایە لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا بۆربورێنێك لەویاریانەدا پێك بهێنێت .

لێکۆڵینەوە :ـ یەکێتی ساحەومەیدان وەك هەمو یەکێتیە وەرزشیەکانی تری وڵات ، ئەیەوێتو حەز ئەکات ئەو جۆرە وەرزشانە هانبدات کە پەیوندیان بەیەکێتیەوە هەیە .. لەو بارەیەوە لەزوربەی پارێزگاکانی وڵاتدا بۆربۆرێنی زنك خستوە بەمەبەستی پێشکەش کردنو دەرخستنی ئەو وەرزشیە بەهرەمەندانەی ئەوەیان لێدەوەشێتەوە ، لەنیو وڵاتاندا رووی وەرزشی وڵات پێوتن .. ئەمەشی هێنایەدی بەوەی هەندی لە لاوانی دیاری کرد ئەمانە توانیان لە راکردنو بازدانو زۆر بابەتی تری وەرزشدا سەربکەون .

یەکێتی ساحەو مەیدان ، بۆیە دەیەوێت لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا بۆربورێن ، بۆ لاوان سازبکات تاوەکو بەهردو توانای لاوان لەوبوارانەدا دەربخات بەتایبەتی ئەو وەرزشانەی ئەم یەکێتیە سەربەرشتی ئەکات ..

بێگومان ئەمەش هەنگاوێکی چاکو بەکەلکە کە یەکێتی لەو مەیدانەدا دەیێنێت ، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین .

سلاو لەم یەکێتیەی کەسانی لێهاتوو بەهرەمەندو بەتوانا هەڵدەبژێرت تابینە توتنەری وڵاتمان لەناو وڵاتانی عەرەبو هەمو وڵاتانی دنیادا .

ـ عبدالوهاب ... ـ

بیری داهەزراندنی ئەم یاریەنوێنانەنە ساڵی ۱۹۱۰ هاتە ئۆریو داهەزرێنەری بزوتنەوەی ئۆلۆمپی نوی بارون دی کوبرتان دایهێناون .

● ئەم پێنج یاریە بەشێکن لەو ۲۱ یاریەی لە ئۆلومپیادا ئەکرێت .

● یەکەم یەکێتی لە سویدا داهەزرا دوای ئەویش لە ئەمەریکا ، ئەم دوو یەکێتیە ساڵی ۱۹۱۲ لەیەکەم خولی یاری ئۆلومپیادا لە ستوکهولمی پایتەختی سویدا بەشداریان کرد .

● دوای ئەمان بەرەودوا یەکێتی یە نیشتمانیەکان لە وڵاتانی ئەمەریکا و ئەوروپاو ئاسیادا پێك هێنران ، تا ژمارەیان گەیشتە ٤٢ یەکێتی .

● یەکەم کۆنگرە بۆ پێك هێنانی یەکێتی نیو هەمو وڵاتان ساڵی ۱۹٤۸ لە لەندن کرا ، بەڵام یەکەم بۆربۆرێنی نیوان وڵاتان ساڵی ۱۹٤۹ لە ستوکهولم کرا .

● هەمو ساڵێك بۆربۆرێن لە نیوان وڵاتاندا ئەکرێت وە ئەمانەش بەشێکن لە یارێکانی ئۆلۆمپی ..

● **تەعریفی پێنج یاریە نوێیەکە ..**

ئەو پێنج یاریە نوێیە برتیە لە سوارچاکی ، شەرەشێر ، نیشان شکێن و مەلەوانی ، راکردن ..

سوارچاکی :ـ ماوەی راکردنی ئەم بۆربۆرێنە ۸۰۰ مەترە یە هەرسوارە ئەسپێکی ئەدرێتی کە لە رێگای قورعەوە بەری ئەکەوێت ماوەی راکردنەکە رێگوبێك نیە بەڵکو ئەبێ هەر سوارەی لە ۱۵ کۆسپ خۆی قوتارکات جەندە ئەو کارەی زو جێبەجێ کرد ئەوە ئەوەندە خال زیاتر وەرئەگرێت ، بۆ نمونە ئەگەر ئەو ماوەیەی لە ۲٤ر۱ دەقیقەدا بری ئەوە ۱۱۰۰ خال وەرئەگرێت ، وەهەر سانی یەیەك کەمو زیاد بە دووخال حیساب ئەکرێت ..

● **شەرەشێر .. ماوەی یارێکە ۳ دەقیقەیە لە هەر کاتێکا ئەگەر شمیرباژەکە لەهەر کاتێکا شمیرەکەی دا لەشمی بەرامبەرەکەی ئەوە پێش بکێشە کۆتایی دێت .. لە ژمارەی ئەو یاریانەدا کە ئەکرێت کام یاری کەریان شیری زیاتردابو لە بەرامبەرەکەی ئەوە ئەو یاریکەی بردۆتەوە .**

● **نیشان شکێنی ..**

ئەم یاریە لە یاریکەیەکی ۲۵ مەترەی ئابیەتیدا ئەکرێت .. هەر یاریکەری ۲۰ فیشەکی ئەدرێتی بۆ جوار جار هەر جارێ بۆ جارێکی تر ماوەکەی حەوت سانیەیە ، ونەی کرێتە نیشانەیەك کە جەند بازنەیەکی ئەورەو بچوکی بە دەوری یەکتریدا تیا کراوە لیدانی بچوك کرین بازنە ۱۰ خالی لەسەر وەرئەگرێتو کەورەترین بازنەش یەك خالو هەر فیشەکی بەر نیشانەکە ئەکەوێت ئەو نیشان شکێنە ۲۲ خالی لێکەم ئەکرێتەوە ، جا ئەو یاری کەرانە کامەیان حالی زۆر کزکردەوە ، ئەوە ئەوەیان یەکەمەو ئەوانیش بە بلە دوای ئەو بەرەو دوادێن .

● **مەلەوانی ..**

ماوەی پشمیرکیکە ۳۰۰ مەترەیە ، ماوەی هەر مەلەوانە بە جیا حیساب ئەکرێ ، بەهەر مەلەوانێك ئەو نیوانی بە ۳ر٥٤ دەقیقە بری ئەوە ۱۰۰۰ خالی بۆ ئەنوسرێت ، وە هەر پێنج سانیەیەك کەمو زیاد ۸ خالی زیادو کەمو ئەنوسرێت .

● **راکردن :ـ**

مەودای بۆربۆرێنەکە ٤ کیلۆمەترەیە ، هەر راکەرەی بە جیاو بۆ خۆی رائەکات ، نیوانی راکردنی هەر راکەرێکو ئەوی تر دەقیقەیەکی فەرقە ، بۆ نمونە یەکەم رائەکات دوای دەقیقەیەك یەکێکی تر رائەکات .. بەم جۆرە .. ئەو شوێنەی پیایدا رائەکەن تەختانی نیە بەرزایی تیایە بۆ مەودایەك کە لە ٦۰ مەترە زیاترە بەڵام لە ۱۰۰ مەترە تێپەرناکات .. بە بەرزاییەك کە لە دەوروبەری ۱۲ م ۱۸ م ۲۰ مەترەیە هەر یاریکەرێك بە ماوەی ۱٥ر۱٤ دەقیقە ئەو مەودایە ببرێت ۱۰۰۰ خال وەرئەگرێت هەر سانی یەیەك کەم وزیاد ۳ خال ئەکات .

● **تێبینی :**

۱ ـ ئەوەی خانی زۆر بێ ئەو ئەیباتەو .

۲ ـ هەر تیپەی لە ۳ یاریکەر پێك دێت بەجۆرێك ئەمانە لە هەر پێنج بۆربۆرینەکەدا بەشداری بکەن .

۳ ـ ئەنیا یەکان ، لە یاریکەرێك یا دوان پێك دێت .

٤ ـ بۆربۆرێنەکە لە پێنج رۆژدا ئەکرێت .. هەر رۆژەی بۆربورێنی یاریەکیان .

مونتریال زیانی ملیاریك دولاری لی کەوتوە

بەو دوا هەڵسەنگانەدا کەکەوتۆتە رو ، ئەوە دەرکەوتوە کە زیانی مونتریالی ئەولومپی گەیشتۆتە ملیاریك دۆلار .. تائێستاش بەردەوام ئەوپر ـ سیارە هەر ئەکرێت : لەماوەی ٤ ساڵدا چۆن ئەو هەڵسەـ نگاندنە لە ۳۱۰ ملیون دۆلارەوە گەیشتە ملیارو نیوێك دۆلار ؟ .. گرانیو زیادبونی نرخی شت ناپێت بکرێت بە پاکانەی ئەم جیاوازیە کەورەیە ..

وەك ئاشکرایە لیژنەیەکی بەرلمان بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم باسە پێك هات بەڵام ئەگەیشتە هیچ ئەنجامێك .. لەبەر ئەوە بەرایەتی پێك بهێنرێت بۆ فیکتۆر گولد بلوم) وەزیری یەرپرسیار پریاری داوە لیژنایەکی لێکولینەوەی بەریوەبەرایەتی پێك بهێنرێت بۆ ئەوەی یەقولی لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوە .. بەمەرجێك لە کۆتایی ساڵی ۱۹۷۷دا سەبارەت ئەوە راپورتێك پێشکەش بکات ، چونکە لیژنەیە لە هەمو مەلەفو وسیقەیەکی بنیات نانی گونده ئولۆمپیەکە ئەکۆڵێتەوە ، لە کەل هەمو ئەو یاریگەیانەی بۆربۆرێنی یارێکانی ئەو دەورەیەیان تیاکراوە .

پەروەردە

لاوان و وەرزشە

ئافرەت نیوەی کۆمەڵە

عبدالقادر خلیل

ئەمرو لە هەمو جهاندا ئافرەت بە هەمو کەسانێکی راگەیاند کە تەنها بۆ چێشت لێنانو بۆ منداڵ بەخێوکردن نیە ؟

ئافرەت شوێنێکی دیاریکراوی هەیە لە کۆمەڵدا ئافرەت توانای هەمو جۆرە کارێکی هەیە چ سوك چ گران وە شانبەشانی پیاو لە کۆڕی خەباتدا هەنگاوی بلیمەتانە دەنێت . کاتێك دەزانیت ئافرەت لە نیوەی کومەڵ پترتر دەبێتو پیاو دەکەوێتە دوای کاروان ، ئەو رۆژەش دور نیە !!

بێگومان زوربەمان ناوی پالەوانە جیهانیەکانی وەرزشمان لەبیش پاوە زیریان لەو پالەوانانە پلەی زیر بالایان وەدەستهێنا زور بەیشیان ئافرەتبون جهان ئەمرۆ جیاوازی ناکات لە نێوان ئافرەتو پیاودا کەن توانای باشبێت ئەوە سودی بێت بۆ کۆمەڵی زیرم بێخوشبو کە بیستم ئافرەت ئەمرۆ لە کرماری عیراقدا شانبەشان تێکوشێت بۆ ئەوەی جێگەی خۆی دیاریکات لە یەکیەتیە وەرزشیەکاندا ساڵانی رابوردو بەداخەوە ئافرەتەکانمان تەنها ئەوەیان دەزانی بەتەتین بکەن وەیا ببنە دیدەوانی . بەڵام ئەمرۆ بەختەوەرین کە ئافرەتمان هاتوتە کۆرەوە چاکی مەردایەتی کردوە بەلادا دەچەنگێت تا بە هەمو لایەکی بسەلمێنێت کە ئەو تەنها بو چێشتلێنانو منداڵ بە خێو کردن نیە ئەو فرۆکەوانە رێپیشان دەرە ، ئەو ئەندازیارە ئەو پزیشکە ئەو پەرئوەبەرە ئەو لە کونگرە جهانیەکاندا سەر بەرزە دەست دەکات بە چاوی ئیمپریالیزمو ئەوکەرانیدا . ئەچەنگێت روبەروی کونەپەرستان . مافی خویو کەسانێکی ماف خوراو دەردەهێنێت وە ئەمرو لە کوماره خوشەویستەکەماندا . ئافرەت جیگەی خوی دیاری کردوە وە لە کوری وەرزشدا هەنگاوی گەورە دەنێت هیچ جیاوازی نیە لەکەل براکەیدا . تەنها ئەوە شك دەبەم کە چەپکی گولی رازاوەی پێشتکەش بکەم وە هەمیشە رێزی لێبگرم وە خوم بە یەختەوەر بزانم کە بەم چەند دێرە ستایشێکی بربەپیستی خۆی پێبدەم هیوادارم کە وڵات ئاوەدان بێت بەو گولە جوانانەی کە هەمیشە کومەڵ چاوەنواری توانای ئەوانە ، هەزار هەزار سلاو بۆ ئافرەت بو ئەو کەسانەی کە پەچەی رو پوشراوی خویان فرێ داو چاکی مەردایەتیان کرد بەلادا . وە شانبەشان لەکەل براکانیاندا . لە کارکەکانداو لە کێڵگەکانداو لە هەمو شوێنێکدا دەریانخست کە هەن وەدەبێت هەربن . دوا جار کورنوشو رێزم بۆ هەمویان هێوادارم زۆرکەسی تریش چاویان لێبکەن تا عیراقێکی ئاسودەگی و برایەتیو پیشکەوتو پێك بهێنین .

لاوان و رێبان

.. لەئەڵ داهاتنی ساڵی تازە ، بەخێربێتەوە .. لەگەڵ کاروانی ورشەی لەبارو بیروڕای هۆشمەندانە ، بەخێربێتەوە .. لەکاتی بەپەگەگەیشتنی هەردودو ساڵەکە ، بە شادمانی ، بەخێربێتەوە .. هیوادارم جیاوازیەکی ئەوەرە لە نێوان هەردود ساڵەکەدا بەدیبکەین .. ساڵی پارو ئەمساڵە ... هەر لە نێوان ئەو جیاوازیەشدا ، با نەختێ لە جیاوازی نێوان (بەرگەگرتن)و (سەرکەوتن) بدوێم ..

بێگومان جیاوازیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە .. بەرای ئێمە سەرکەوتن بەندە بە بەرگەگرتنەوە ، تا بکرێ بە هێزێکی لەبن نەهاتووی داهێنانو نوێخوازیو پر لە تاسەو جۆشی لاوان ، کە لە هەمان کاتەو خۆی لەخۆیدا جوانەی سەرکەوتنە ..

خوێنەری ئازیز :

با لەم ساڵە تازەیەماندا ، بە سەرکەوتنو داهێنانو بەرهەمو جگەرسۆزیمان .. بە وردەکاریمان ، بەسەر ساڵی پارا زاڵبینو ساڵانی تەمەنو دروشمەکانمان پریکەین لە جولانەوەو ژیانو بەردەوام بیانینەوەو بەخەینە کار .

● **امل علی** ●

پاشماوەی : خەوی خزمەتکارەکە

ئەمەیان لە زەلامی یەکەم جوانتر بوو ، بەڵام لە زەلامی دووەم بەناو تر بوو ! شمشێریکی کەورەو تیژی بە دەستەوە بوو ، لە سەر ملی هەردووکمانی داناو ، بەدەنگیکی کەورەوە ، ووتی :

« ئێوە لە ژیانتانا ، ئەلك رەزیلو چاو برسی بوون » .

● **بەلێ .. بەلێ .. بەراستی ئێمە هەردووکمان ژیانمان پریەتی لە ناخۆشی ، کەس نیە رەزیل نەبێت .. بەڵام دەبێم بڵێ لە دوایی ا چ رووبدا !**

ـ خزمەتکارەکە ووتی :

بەلێ .. ـــــ ورەم .. شمشێرەکەی بەرزکردەوەو بە دەنگیکی نزەوە ووتی :

« ئێوە هەردووکتان ، لە ژیانتانا ، هەڵەتان کردووە ، بۆیە پیوستە سزانان توندو هەمیشەیی بێت ! »

من بەناوی خزمو بەناوی هەموو بێ گوناهەکانو پەریو هەموو کەسیکی پاك ، سزاتان دەدەم ، دەبێ هەرکەس لە ئێوە ، نەوی تر بایستێتەوە ، ئەوە سزایەکی هەمیشەیی یە !!

پاشماوەی : سەردانەکە

● سەردانەکەی بەرێز جنگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە تورکیا سەرکەوتو سودبەخش بوەو ئەنجامی باشی داوەتە دەست .

● ساخی کردەوە کە راباشە ، بکرە پیویستە ، سەرکردەکانی هەردوو دەوڵەت ناوبەناو چاویان بەیەکتری بکەوێو لەکەل یەکتریدا کۆببنەوە بۆ وتوێژو ئالوگۆرکردنی بیروڕاو باری سەرنجو هەلویست سەبارەت بەو مەسەلە ناکۆییانەی بەیوەندی بەهەردوو دەوڵەتەوە هەیە .

● سەردانەکە ئاسۆیەکی ناوخۆی یەکتری یەوە فراوانتری هاوکاری کردنی لە نێوانهەردوو دەوڵەتدا کردەوە لەبوارو مەیدانە جۆربەجۆرە گرنگەکاندا .

● شورشی عیراق ، بەپێی ئەم سەردانەو ئەنجامو بەیاننامە ناوکزییەکەی دەورێکی کاریگەر ئەگێڕێ لە چوار چێوەی شورشی جیهانیدا .

● هەروەها بەیاننامەو سەردانەکە رێزەوی ئەگۆڕاوی شورشیان ساغ کردەوە سەبارەت بە ئەرێدانو بەستنی پەیوەندی بەنێوان لەنێوان عیراقو وڵاتانی دراوسێیو نزیکیدا ، بەپەیوەندی یەك کە بەندبێ بە بنچینەی بەرزەوەندی ناوکۆییو رێزگرتنی یەکتریو دەست نەخستنە ناو کاروباری ناوخۆی یەکتری یەوە .

باشماوەی : پەیوەندی نێوان.

● سەردانەکەی بەرێز جنگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە تورکیا سەرکەوتو سودبەخش بوەو ئەنجامی باشی داوەتە دەست .

● ساخی کردەوە کە راباشە ، بکرە پیویستە ، سەرکردەکانی هەردوو دەوڵەت ناوبەناو چاویان بەیەکتری بکەوێو لەکەل یەکتریدا کۆببنەوە بۆ وتوێژو ئالوگۆرکردنی بیروڕاو باری سەرنجو هەلویست سەبارەت بەو مەسەلە ناکۆییانەی بەیوەندی بەهەردوو دەوڵەتەوە هەیە .

● سەردانەکە ئاسۆیەکی ناوخۆی یەکتری یەوە

ئەوەی دەڵێن

وتامرازی بەجێهێنانی ئەخشەکانی ئیمپریالیزمو کونەپەرستی .

بیروباوەڕی شۆرشی حەفدەی تەمووزو ئەو مەترسیە راستەقینانەی کەخستویەتە سەر دەسەلاتی ئیمپریالیزمو کونەپەرستانو ئەو مستە ئەستۆشکێنەی کە ئاراستەی بەرژەوەندیو ئیمتیازاتی چینە خیانەتکارەکان کردوە و ئەو مەودا دووروودرێژەی لەمەیدانی بیناکاری گەلی دیموکراتیانەدا بڕیویەو ئەم هەمو کومەڵانی خەلکەی کە بەلای خویدا رایکیشاوە ، هەمو ئەمانە زەندەقی هیزەکانی ئیمپریالیستیو کونەپەرستیان بردوەو خستویانیەتە هەوڵو تەقەللای سەرشێتانە بو یەیداکردنی ئامرازو ئالەتی دەستو زەمینەو هۆ بو ئەخشەکانیان تا بەو جۆرە کوسپ بخەنە بەردەمی شۆرشو ئەیهێڵن پروگرامە شۆڕشگێرانەکانی بەجێبهێنن .

هەر لەچوار چێوەی ئەمزورانبازیەی نێوان هیزەکانی ئازادیو پیشکەوتن دا ، کە وڵاتی ئێمەوشەرمان لە پیش هەمو یانەوەیە لە لایەکەوە ، و هیزەکانی ئیمپریالیزمو ئەورژیمانەی شانیان بوی شل کردوە لە لایەکی تردێوە ، راستی ئەو جموجۆڵە ئاوانبارانەیە دەردەکەوێ کەهەندی بەکرێگیراوو روخێنەر لە روژی ٥ و ٦ شوبات لە پاریزگای ئەجەف بە بۆنەی سەردانی سەرچاوەی مەرقەدی ئیمامی حوسەین (سلاوی خوای لی بی) کردیان .

حیکمەت وزانایی سەرکردایەتی سیاسیو شارەزایی لە ئاستیی رووداوی چواردەوری خۆیو زانیاری رێبازەکەی و ئەو دەرسەبرنرخانەی کە لە چەندین بەکژاچوونی پیلانو هەوڵو تەقەللای ئیمپریالیستانەوە لە ۱۷ی تەمووزی (۱۹٦۸)وە دەستی هێناوەو کارامەیی جیهازە تایبەتیەکانی لە باراستنی ئاسایشی شۆرشدا ، هەمو ئەمانە ئەوەندە جێبڕی شورشیان قایمو توندکردوە کە توانای بەرەنگاربوونی هەرجۆرە رووداوێکی هەیەو توانای ئەوەی هەیە بە خرابکاران وروخێنەران بەزوویی تێك بشکێنێو لەناویان بەرێ و ئەم هەوڵو تەقەللا فش هەڵاتوانە بکاتە جێبڕی تازە بو قووڵکردنی رێبازی شۆرشگێرانەو زیاتر سووربوون لە سەر بیروباوەڕو ئامانجی شۆرشگێرانە .

راستییەکی ئاشکراو روونەهەیە ، کە ئەم بەلامارە خویرانەیە جارێکی تر دووباتی ئەکاتەوە ، ئەویش ئەوەیە کە ئیمپریالیزمو هاوبەیمانەکانی کە رژیمە کونەپەرستو خۆبەدەستەوە دەرەکانن ، بە باشی ئەزانن کە عیراقی شورشو هەلویستە مەبدەئیە رەسەنەکانی بەردەهەلئەمالن لە رووی هەلویستی خیانەتکارانەی ئەم رژیمانە و ئاشکرایان ئەکەن بو میللەتەکانیان و بەمە لە مەرگی بی ئەم لاوئەولایان ئزیکیان ئەکاتەوە ... بویە ئیمپریالیزمو هاوبەیمانەکانی ، بە ئەوبەری توانایو بەردەوامە لە هەوڵو تەقەللای خۆکوژانە بو کوسپ دروستکردن بو وڵاتە تیکوشەرەکەمان کە دەوری شۆرشگێرانەی خۆی لە ناوچەکەدا نەگێڕێ ، ئەمەش ئەوە پیویست ئەکات ، لەم قوناغە گرنگەدا ، کە بەهەستیکی بەهێزترەوە هەست بە بەرپرسیاری نیشتمانیو شۆرشگێرانە بکەین بەگەرتنی و پیشەنگی شۆرشگێر لەکەل کۆمەڵانی خەلکدا زیاتر بکەین و ئەم کۆمەڵانە بینێتە کوری خەباتو خۆراگرتنو پالەوانیەتیەوە کە شۆرش پیشرەوی ئەکات .

ئەو سەودایەی کە شۆرش لەسەر رێبازی گورانکاری دیموکراتیانەوسوشیالیستانە بریویەتیو ئەو باوەڕەیتەوەی کە سەرکردایەتی زانیارانەو کۆمەڵانی هوشیار بە یەکەهەیانە ، نەك تەنها هەتاهەتا دەوری هیزە بەکرێگیراوە رووزەشەکانی دوایی پی هینناو دەسەلاتی لەدەست وەرگرتەوە ، بەلکو ئاووهەوایەکی شۆڕشگێرانەی دروستکردو و یەکگرتنێکی جەماوەرانەی بێك هێنا ، بە جۆرێك ئەمە هەموی بو بەحەسارو چەپەری باریزەری شۆرش دژی ئەو نەخشانەی کەبو شۆرش دروست ئەکرین ، و هەر ئەمە خۆشی وای کردوە کە هەرگیز هەوڵ و تەقەللای دوژمنان لە بووجیو سەرشۆڕی بەولاوە هیچی دەست نەکەوێت و شۆرشیش لەسەر وەدی هێنان بەرنامە شۆرشگێرانەکانی بی بەروا بروا و پشتگیری تێکۆشانی عادیلانەی کۆمەڵانی خەڵك بێت لە هەمو جیگایەکی جیهانی بەرینیدا .

شۆڕشی هەشتی شوبات بەخواستی گەل بوو لەپێناوی گەلدا هەڵگیرسا

شۆڕشی هەشتی شوباتی پڕۆز کە جۆرێ لەعەرەب سەرکردایەتی کردو سەردەمی سۆشیالستی پیلان گێرانو گۆشەگیری و هەڵبازی و دیکتاتوریەتی (شعوبیانە)ی راماتی کە ئەمە هەمووی بۆ بەدی هێنانی خواستو ئاواتەکانی ئەوجەماوەرەهات کە لەگەڵ هیزو چەکدارە ئازاکاندا لەبەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا یەکی گرت ، ئەو یەکگرتنەی کەوتنەیەکی راستەقینەی چەسپاندنی تێکوشانی شۆڕشگێرانەی نواند ، تیپە میللی وسەربازی یە یەکگرتوەکان هەستیان بە پێویستی دژای هێنانی ئەو بارەکرد کە بیروڕای ئەقلیم گەری بلاوکردەوە ، تارادەیەك گەیشتە ئەوەی هەرەشە لەپاشە ڕۆژی گەل و نشتمان بکات و لەو ئامانجەراستە قینانەی دووربخاتەوە کە شۆڕشی ١٤ی تەموزی لە پێناودا بەرپاکراو دوایی نەیتوانی بەردەوام کاروان بەرێوەبەرێ لە چوار چێوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەو پێویستە میژوویەکان و خواستو ئاواتی جەماوەر لە جێبەجێ کردنی گۆڕانکاری شۆڕشگێرانەدا .

شۆڕش ڕێی خۆی بەباوەڕی حزبو ئامانجەکانی ڕوونـاك کردەوە ، چەسپاندنی باوەری بوو بەدەوری گەلو متمانە پێ کردنی وەك بەرنامەیەکی مەبدەئی جێگیر بۆ ڕابەراندنی ئەرکی شۆڕشگێرانەو نیشتمانی . جاکە ئیمپریالیزمو زایونیزمو هاو سوێنەکانیان لە کۆنە پەرستو بەکری گیراوەکان ، لەبەردەم ئەم تاقی کردنەوە شۆڕشگێرانەدا سەرشێت بوون و هێنان هەستاو یەکیان گرت بۆ ئەوەی بیلان دژی ئەم شۆڕشە بکێڕن، لەبەر ئەوە بوو کەهەرلەیەکەم ساتەوە هەستیان بەشوێنو توانای ئەم شۆڕشەکرد لەروو ئیمپریالیزمو زایونیزم دژی هیزەکانی بەروو بوونی هیزە شەڕانیەکانی جیهاناو سووربوونی لە سەر بەرەیەستی هاوسەنگینی هیزەکانی دوژمن بەسەربەستی و پێشکەوتن هەستیان بە وەکرد کە شۆڕش بەلایەنی روخاندنی هەموو مەبەستە گومڕاکانا ئەروات و شۆڕش سەرەتاو پێشەکیە بۆ فراوان کردنی پاتایی تێکوشان لە ناوچەکەدا بۆ بەدی هێنانی ئامانجی گەورە .

شۆڕش ئاراستەی لایەنێکی دیاری کراونە بوو ، بەڵکو ئامانجی سەرکردایەتیەکەی لەو هەنگاوە نازایانەیە بەدی هێنانی ئامانجی گەلبوو کە حوکمی قاسمی لەرێگاکەی لایدا ، خیروخۆشی بۆ گەل ئەویست لەخۆشەویستی و ئاشتی و دادپەروەری کۆمەلایەتی بۆ هەموو هاوولاتیەکان ، کۆنە پەرستیش بیلانی دژی شۆڕش گێڕا ، لەبەر ڕووی پێشکەوتنخوازانەی شۆڕش بوو .. وەسووربوونی لەسەر بەدی هێنانی ئاواتو ئامانجە کانی هەموکریکارو جوتیارو چەوساوەکان .

بەلام دەربارەی ڕووداوی هەڵەی هەندێ لە سەر کردەکانی شۆڕش ، کارتکە کە سوپارنکبخاتەوەو هیزی لەزۆر شۆڕشدا ڕوونەدا ، ڕۆی بخاتە پاڵ کە لەگەڵ بەتایبەتی لەکەر تاقی کردنەوەی تەواوی نەبێو بیەوێ بەربەستی خراپە کاری یەك پکات کەتایبەتەت ڕەگی داکوتابێ ، هەڵەکانیش بەوڕادەیە نەبوون کە لەلایەن دوژمنانە وەکراو لە بنەڕەتا بۆ ئەوە بوو بکرێتە پەردەی شێواندنی بایەخ و ئرخی شۆڕشەکەو دورخستنەوەی لە ئامانجە راستەکانی ، دیسان نەبوونی بەرەی نەتەوەیی و کەرت بوونی ڕیزی نیشتمانی و کوسپی ڕێگای کاروباری بیناکاری بوون ، چونکە ئەهوەنی و یەکێتی نیشتمانی ناوخۆ دوومەرجی پێویستی پێکەوە بەستراون بۆ هەموو پیشکەوتنی سەرەڕای باوەڕی حزبو بەرنامەکەی کە لەماوەیەوە بۆ بیناکاری کۆمەلی عیراق لەسەر بنەڕەتی دیموکراتی میللی وەك پێشڕەوی ئەم گەلە کارئەکات .

شۆڕش بەر لەوەی لە باربێرێ توانی زۆر دەسکەوت بۆ گەلەکەمان بەدی بهێنێ و توانی سەرکردایەتیەکانی لەبەرەب سەرکردایەتی کردو سەردەمی سۆشیالستی پیلان گێرانو گۆشەگیری و هەڵبازی و دیکتاتوریەتی (شعوبیانە)ی راماتی کە ئەمە هەمووی بۆ بەدی هێنانی خواستو ئاواتەکانی ئەوجەماوەرەهات کە لەگەڵ هیزو چەکدارە ئازاکاندا لەبەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا یەکی گرت ، ئەو یەکگرتنەی کەوتنەیەکی راستەقینەی چەسپاندنی تێکوشانی شۆڕشگێرانەی نواند ، تیپە میللی وسەربازی یە یەکگرتوەکان هەستیان بە پێویستی دژای هێنانی ئەو بارەکرد کە بیروڕای ئەقلیم گەری بلاوکردەوە ، تارادەیەك گەیشتە ئەوەی هەرەشە لەپاشە ڕۆژی گەل و نشتمان بکات و لەو ئامانجەراستە قینانەی دووربخاتەوە کە شۆڕشی ١٤ی تەموزی لە پێناودا بەرپاکراو دوایی نەیتوانی بەردەوام کاروان بەرێوەبەرێ لە چوار چێوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەو پێویستە میژوویەکان و خواستو ئاواتی جەماوەر لە جێبەجێ کردنی گۆڕانکاری شۆڕشگێرانەدا .

شۆڕش ئاراستەی لایەنێکی دیاری کراونە بوو ، بەڵکو ئامانجی سەرکردایەتیەکەی لەو هەنگاوە نازایانەیە بەدی هێنانی ئامانجی گەلبوو کە حوکمی قاسمی لەرێگاکەی لایدا ، خیروخۆشی بۆ گەل ئەویست لەخۆشەویستی و ئاشتی و دادپەروەری کۆمەلایەتی بۆ هەموو هاوولاتیەکان ، کۆنە پەرستیش بیلانی دژی شۆڕش گێڕا ، لەبەر ڕووی پێشکەوتنخوازانەی شۆڕش بوو .. وەسووربوونی لەسەر بەدی هێنانی ئاواتو ئامانجە کانی هەموکریکارو جوتیارو چەوساوەکان .

دەربارەی گەشتەکەی فانس

چەند بڕۆژەیەکی ئێشکاو چەند بڕۆژەیەك چاوەڕێی ئێشکان دەکات

لە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا سایروس فانس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانەکەی لە قەوارەی زایۆنیو سوریاو میسرو لوبنانو سعودیەو ئەردەن تەواوکرد کە حەوت ڕۆژی خایاندو ئامانجی ڕێکا خۆشکردن بو بۆ بەستنی کۆنفرانسی ژنێف لە نێوان قەوارەی زایۆنیو ڕژێمە عەرەبیەکانی لایەنگری سازاندن لە نیوەی دوهەمی ئەمساڵدا بۆ کۆتایی هێنان بەدۆخی شەڕو بەستنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ قەوارەی زایۆنی .

لەکاتێکدا لە کۆتایی سەردانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ قەوارەی زایۆنی ڕادەگەیەنرێ کە هەردوولا لەسەر ستراتیژیەکی هاوبەش ڕێکەوتون بۆ وەدیهێنانی سازاندن لەگەڵ هێندێك ڕژێمی عەرەبیداو لەسەر ئەوەش یەکدەنگن کە هەوڵبدرێ بۆ بەستنی چەند ڕێکەوتنێکی کاتیو دوقۆلی تازە ، یا ڕێکەوتنی کۆتایی هێنان بەدۆخی شەڕ لەگەڵ هێندێك ڕژێمی عەرەبیدا ، هەروەها هەردوکیان ڕێکەوتون کە دژی بەشداربونی ڕێکخراوی ڕزگارکەری فەلەستین لە کۆنفرانسەکەدا بوەستن ، بێجگە لەوەش کە ئەمریکا چەند بەڵێنی تازەی داوە بۆ بشتگیری قەوارەی زایۆنی بە چەك ... ئالەوکاتەدا دەبینین ڕژێمە عەرەبیەکانی لایەنگری سازاندن جۆن باکانە بۆ هەوڵو تەقەلای ئەمریکادەکەنو هەریەکە لەبەرخۆیەوە ئامادەیی تەواوی خۆی بۆ بشتگیری ئەو هەوڵونەقەلایەو لەناوبردنی کەندو کۆسپەکانی سەرڕێگای سازاندن دەردەبڕێ . کاربەدەستانی میسر لەکاتی سەردانی « فانس » بۆ قاهیرە ڕایانگەیاند کە بڕۆژەیەك هەیە بۆ یەکیەتی ئەردەنو فەلەستین پێش ئەوەی بچنە کۆنفرانسی ژنێف بۆ ئەوەی مەسەلەی بەشداربونی فەلەستینیەکان لە کۆنفرانسدا بەوەفدێکی هاوبەشی

● هاوکاری ●

بڕوانە ل ١١

لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا کە بەبۆنەی سەردانی سەرەك وەزیرانی مالیزیا لە عیراقەوە دەرچووە

هەردوو وڵات دوبارە دەکەنەوە کە بەبێ ڕزگاربونی هەموو خاکی داگیرکراوی عەرەب ئاشتی وادگەرانەو بەردەوام بەدی نایەت

عیراقو مالیزیا دوباتیان کردەوە کە ئاشتی دادگەرانەو بەردەوام لە ناوچەی عەرەبیدا بەدی نایە بەبێ ڕزگار بونی هەواوی خاکی داگیر کراوی عەرەبو وەرگرتنەوەی هەموو مافە ڕەواکانی گەلی عەرەبی فەلەستین کەیەکێك لەوانە مافی گەڕانەوەیە بۆ نیشتمانە زەوت کراوەکەی .

ئەمەش دەقی بەیاننامەی هاوبەشی عیراقو مالیزیایە : صدام حسین جێگری سەرۆکی لەسەرباڵنك هێشتنی بەڕێز ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، بەڕێز داتو حسین بن عون لەماوەی نێوان ١٤ هەتا ١٧-٢-١٩٧٧دا سەردانێکی ڕەسمی لە کۆماری عیراق کرد

لەوسەردانەدا خێزانی سەرۆك وەزیرانی مالیزیا خاتو دایتن سهیلەو وەفدێکی پایە بەرز کە لە پێشمەوە وەزیری دەرەوە تنکو احمد رضاالدین دەبینرا هاوڕێی سەرۆك وەزیران بون .

لەماوەی سەردانەکەدا بەڕێز مهیب احمد حسن البکر سەرکۆماری عیراق پێشوازی لە بەڕێز سەرۆك وەزیرانی مالیزیاکرد .

وەفدە میوانە کە سەری لە هێندێك دامەزراوی پیشەسازیو کشتوکاڵیو روشنبیریو هێندێك شوێنە واری مێژویی و سەرانگاکانی کۆماری عیراقداو لەسەرکەوتنەکانی کەلی عیراق لەسێبەری شۆڕشی ١٧ ی تەموزدا بەسەر کردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ئاگادار بو .

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەڕێز سەرۆك وەزیرانی مالیزیا وتووێژێکی دۆستانەیان پێکەوە کرد

بڕوانە ل : ٨

بەستنی کۆنگرەی باڵای عەرەبی لە شەشی مانگی داهاتودا ..

دوێنێ ئێوارە ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەرچاوەیەکی ئاگاداری وەزارەتی دەرەوەی میسرەوە ئەم هەواڵەی وەرگرتوە کە کۆنگرەی باڵای عەرەبی لەشەشی مانگی ئازاری داهاتودا لەقاهیرە ئەبەسترێ ، بەر لەوەی کۆبونەوەکانی کۆنگرەی باڵای عەرەبیو ئەفەریقا دەستپێبکات کە لە ڕۆژی حەوتەمی هەمان مانگدا لەقاهیرە ئەبەسترێ .

ئەم سەرچاوانە وتویانە ئەم کۆبونەوانە بۆ باس کردنی کۆرینی هەلوێستی ناوچەی عەرەب تەرخان ئەکرێ . وە لە لایەکی تریشەوە ئیسماعیل فەهمی وەزیری دەرەوەی میسر دوێنێ شەوی ڕابوردو وتویە کە لە ٢٧ی ئەم مانگەدا کۆنگرەی باڵای سێقۆلی لە خەرتوم ئەبەسترێ وە میسرو سودانو ڕژێمی بەکرێگیراوی سوریا تیا بەشدارئەبن ، وە ئەم کونگرەیە بۆ ئەوەیە باسی ئەوە بکەن کە سودان بەرەسمی بچێتە ناو سەرکردایەتی سیاسی یەکگرتوی ئێوان میسرو ڕژێمی سوریا .

ڕژێمی بەکرێگیراوی سوریا زەبرو زەنگ دژی هاوولاتی یە عیراقیەکان بەکار ئەهێنی

ڕژێمی بەکرێگیراوی وانەی دژی ئەو هاوولاتی یە سوریەوە بەشەمەنەفەر بەرەو ئەو ڕژێمە قامیشلی هەموو لەو شەمەنەفەرە داگرتە ردوو بەرەو تورکیا ئەچوون ، بارەگاکانی خۆیو جۆرەها کردن هاوولاتی (احسان- لە ناوچەی -کاظمیە- ووتی : بارەگای موخابەرات سوری کارێکی زۆر بێئابڕو- عیراقی بانە نواندوە کە لە خاکی تورکیا ڕێشتوون موخەبەراتی ئەو هاوولاتی یە عیراقی یانەی خوارەوە کە حەفتەی ڕابوو- هەموویانی ڕاپێچ کرد بۆ شێوازی ئازاردانی بەرمبەر صادق علی) کرێکاری خشڵ لەیەکێ لە ژوورەکانی

بڕوانە ل ١١

لە بەرنامەی ڕادیۆی عیراقدا ئەوەی ڕاگەیەنرا

هەردوو لا ڕەزامەندی دەربڕی کە بەبێ ڕزگاربونی هەموو خاکی داگیرکراوی عەرەب ئاشتی وادگەرانەو بەردەوام بەدی نایەت

عیراقو مالیزیا دوباتیان کردەوە کە ئاشتی دادگەرانەو بەردەوام لە ناوچەی عەرەبیدا بەدی نایە بەبێ ڕزگار بونی هەواوی خاکی داگیر کراوی عەرەبو وەرگرتنەوەی هەموو مافە ڕەواکانی گەلی عەرەبی فەلەستین کەیەکێك لەوانە مافی گەڕانەوەیە بۆ نیشتمانە زەوت کراوەکەی .

ئەمەش دەقی بەیاننامەی هاوبەشی عیراقو مالیزیایە : صدام حسین جێگری سەرۆکی لەسەرباڵنك هێشتنی بەڕێز ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، بەڕێز داتو حسین بن عون لەماوەی نێوان ١٤ هەتا ١٧-٢-١٩٧٧دا سەردانێکی ڕەسمی لە کۆماری عیراق کرد

لەوسەردانەدا خێزانی سەرۆك وەزیرانی مالیزیا خاتو دایتن سهیلەو وەفدێکی پایە بەرز کە لە پێشمەوە وەزیری دەرەوە تنکو احمد رضاالدین دەبینرا هاوڕێی سەرۆك وەزیران بون .

لەماوەی سەردانەکەدا بەڕێز مهیب احمد حسن البکر سەرکۆماری عیراق پێشوازی لە بەڕێز سەرۆك وەزیرانی مالیزیاکرد .

وەفدە میوانە کە سەری لە هێندێك دامەزراوی پیشەسازیو کشتوکاڵیو روشنبیریو هێندێك شوێنە واری مێژویی و سەرانگاکانی کۆماری عیراقداو لەسەرکەوتنەکانی کەلی عیراق لەسێبەری شۆڕشی ١٧ ی تەموزدا بەسەر کردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ئاگادار بو .

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەڕێز سەرۆك وەزیرانی مالیزیا وتووێژێکی دۆستانەیان پێکەوە کرد

بڕوانە ل : ٨

Institut kurde de Paris

• راپۆرتی سیاسی •

کشانەوە لە خواروی لوبنان و ئارەزوە کانی ئیسرائیل

نووسەری سیاسی هاوکاری نوسیویە دەڵێ :

حوکمڕانەکانی دیمەشق فەرمانیان بەو هێزانەیان دا کە لە خواروی لوبنان دابوو فیدائیەکانی فەلەستین ئاڵوگۆڕ بدەن و هەموو جورە چالاکیەکیان کە بینە هۆی دڵشکانی دوژمنی زایۆنی لێ قەدەغە بکەن .. بەڵێ فەرمانیان بەهێزەکانیان دا کە مەیدانەکانی خواروی لوبنانیان بەجێ بهێڵن و بەرەو چادرگای پەنابەرە فەلەستینیەکان بکەونە ڕێ تا ئامادەی بەرەنگاری هەر کردارێك بن کە لەوانەیە دژی « سازکردن » بکری تا بەم جۆرە ئەوەو ئەخشەی « سازکردنە » بێ تێکڕێ و کۆسپ بهێنرێتە دی کە ئەمەریکاییەکان هەر لە هاتوچۆدان بۆی لە ئاوان پاتیەختە عەرەبیەکاندا کە زور بەتەنگی مەسەلەی سازدانەوەن .

ئەڵێ بەڵکە هەبێ ڕون لەسەر ئەوەی کەوا ڕژێمی لەڕی وەرگەڕاوی سوریا هەموو هێزەکانی خۆی بەستاوەتە خواروی لوبنانەوە بەگوێرەی ڕێککەوتنامەیەکی دوو قۆڵی لە نیوان خۆی و ئەمەریکادا و بە ڕەزامەندی ئەواوی دوژمنی زایۆنی ، هەرهەمان بەڵکە وانیشان ئەدەن کە کیشانەوەی هێزەکانی سوریا لە خواروی لوبنان لەلایەن حوکمڕانەکانی سوریاوە لەم قوناغەدا هەر بەتوێرەی ئەو ڕێککەوتنەمەیە و بەڕەزامەندی دوژمنی زایۆنیش کراوە ..

ئەم بەڵگانە ، ئەگەرچی هەستێکی سیاسی و ئیدارکیکی تەواوی ئەم سەرو ئەوسەری مەسەلەکە بە تەنیا لە ناوچەکەدا بەلام، لەگەڵ ئەوەشدا ، لە چوار چێوەی شی کردنەوەو کۆمەڵە قەناعەتێك دەرناچن کە زادەی ئەو شی کردنە وانە ئەنجامی ئەوانەیە کە لەیکیان لە واقیعی ڕووداوە کاندا یەك بگرنەوە .. بەلام ئەوەی لەم چەند ڕۆژەی دواییدا دەرکەوت بەبەڵگەی بێ چەن و چۆن ڕاستی ئەو شتانەی دایە دەستەوە کە لە سەرەوە پەنجەمان بۆ کیشابوون چونکە بو هەموو چاودێری کەران و ئەوانەی بە شێوەیەك پەیوەندیان بە ڕووداوەکانی ناوچەکەوە هەیە دەرکەوت کە وا ئەوانەی هێزەکانی ڕژێمی دەمشق لە خواروی لوبنانەوە گۆڕەی ڕێککەوتنامەیەکی هانەدی لەگەڵ واشنتۆنداهەروەها کیشانەوەی ئەو هێزانەو دانانی ڕووبەڕووی بەرگری فەلەستینی و هێزە نیشتمانیە لوبنانیەکان و لە نزیکی چادرگای فەلەستینیەکانەن لە لوبنان هەر بە ڕێکەوتنی دووقۆلی حوکمڕانەکانی دیمەشق و ئەوانی واشنتۆنە .

هەروەها بو ئەو چاوەدێری کەرانە دەرکەوت کەوا بە درێژەی ئەوکاتەی کە هێزەکانی ڕژێمی سوریا لە خواروی لوبنان دابو دوژمنی زایۆنی هەرگوتشی بێ ئەنجامی و ولاو هەرگیز هێزەکانیشی نەخستە وەزعی نەفیرەوە ، وەکو جارانی تر کە هەستی بە جموجولێکی سوپای لە باشوردا ئەکرد . بە تەواوی بە پێچەوانەی ئەوەوە ، هێزەکانی دوژمن لە وەزعی بشوردان و بەخۆ ڕوانیندا بووکانی کە ڕژێمی سوریا دەستی کرد بە زەوی مال کردنی باشوور لە هەمو جموجوڵێکی بەرتری فەلەستینی و وەزعی ئاسایش ی بەجۆرێك چەسپاند کە بەدڵی دوژمنی و کەورە ... بو کاتیکیش ئەو ڕژێمە بەکری گیراوە ... سەرشوڕانەکەی سەرشانی خۆی بەجێ هێشا ، داوای ... کرد کە لە باشوور بکشێنەوە تا هێزەکانی دوژمنی زایۆنی بە تەواوی هەموو ناوچەکانی باشوور ... بدات تا بەو جۆرە ئەو (بەرژێنە ئەمنیە)دروست بدات کە ئەمیکەوە ناواتە خوازی بوو وهەوڵی بۆ ... ئەم جۆرە ڕژێمی دیمەشق بێ هیچ ئەرکوزەحمەتێك بۆی بچێ هێنا .

دوا بەدوای ئەو زنجیرە تاوانی ... رزەی لەڕی وەرگەڕاو گرتیە ئەستو ، وەزع ... لوبنان زۆر گرژاوی وترسناکتر بوو . لە ڕووبەڕوی ، باشوور کە لەکەوتە بەرامبەر فەلەستینی داگیر کراوە ، هێزەکانی دوژمنی زایۆنی سوپایەکی زۆر چڕی خستە ناوچەکەو بەم جۆرە پانایەکی تر ئەوی خستە سەر ئەوەی کە لە پێشدا داگیری کردبو ، بۆ ئەوەی ڕێگە لە هەرجۆرە خۆتێ خزاندنێك بگری کە بیتە هۆی بەرین بوونەوەی ئەو شوێنانەی کە تێکۆشانی چەکداری تیدا بەگری لەناو سەرزەمینی داگیر کراودا . لەناوەندو باکوورەشەداو بە درێژایی ڕۆخەکانی لوبنان ، هێزەکانی ڕژێمی لوبنان لەژێر ناوی نهێنی جۆراوجۆردا هێرشیان داوە وەکو هێزی ناوبژی کەرو هێزی پاراستنی ڕێکوپێکی و هێزی بروسکە .. هتد لەناو بەیروتیشدا دەزگاکانی موخابەراتی ڕژێمە خیانەتکارەکە ، شان بەشانو دەست لەناو دەستی موخابەراتی ڕژێمی بەکرێ گیراوی ئەردەنو هەمو ڕژێمە خۆیە دەستەوەدەرە شان شل کردوەکان، ئەرکێکی تریان گرتۆتە ئەستۆواتە ئەرکی ئاراستە کردنی ڕۆژنامەکانو ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن بەجۆرێك کە خزمەتی ئەخشەی پاکسودان کردنی بەرتری فەلەستین سەرەڕای کرداری سەرکوت کردنو ترساندنو و پیاوکوشتن دەزگاکانی ڕژێمی لەڕی وەرگەڕاویش جموجوڵی فیدایی لای خەلك ببوغزێنن ومێشکی خەلك بەبیروڕای هەڵەتنو سەرشۆڕکردن ڕەهەراوی بکەن .

ئەوەی ئیستا لە لوبنان دا ڕوودەدا پیلانگێڕانێکی چەپەڵانەیە دژی مافی ئازادی و نەتەوایەتی و کومەڵایەتی چەماوەرو بۆ ئەوە تەنراوە کە بەرینتر ببێتەوەو تا هەمو لوبنان بگرێتەوە . وڵاتە

بروانە ل : ١١

گەشتی سیروس ڤانس بۆ گەیاندنی هەل و هەرجی سازاو

لەهەفتەی ڕابردو «سیروس ڤانس » وەزیری دەرەوەی ئەمریکا قۆناخی یەکەمی گەشتەکەی بۆ ناوچەبەسەردانی فەلەستینی داگیرکراوو وتوویژ لەگەڵ سەرکردەکانی زایۆنی دوژمن دا دەستپێ کرد .

ئەم گەشتەی ڤانس تەواو کردنی ئەو هەوڵو تەقەلایەیە کە لەشەڕی تشرینەوە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکادەیدا بۆ گەیشتن بەو شتەی ناوی ئراوە چارەسەری «ئاشتیخوازانە»ی کێشەی عەرەبو زایۆنیزم ، بە جورێك کە سەرەنجام بیتە هۆی جێگیربونی زەوت کردنی خاکی عەرەب لە لایەن زایۆنیکانەوە لە سەر حیسابی مەسەلەی ناوەندی عەرەب واتە مەسەلەی فەلەستین ..

بێداچونەوەیەکی خێرای قسەکانی کاربەدەستانی ئەمریکا لە دەزگای سەرۆك ((کارتەر))دا چ کاتی بەرەبەرەکانی هەڵبژاردنو چ باش ئەوەی سەرکەوتو بو بەسەرکۆماری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، نیشانیدەدا کە هەمویان لایەنگری ئەوەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە زایۆنی دوژمن دوبات دەکەنەوەو ئامادەن لە هەرچەشنە «سازان»یکی داهانودا ئەو شتە قبول بکەن کە زایۆنیەکان دەیانەوێ ، ئەمجار گەشتی یەکەمی ڤانسو چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ سەرکردەکانی زایۆنی دوژمنو سەرۆکانی هێندێك ڕژێمی عەرەبی خاوەن ڕێبازی ساتو سەوداش بەرهەمەکەی لە دوبات کردنەوەی لایەنگری ئەواوی ئەمریکا لەزایۆنی دوژمن دەرناچێ .

ئەگەر وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆك کارتەردا بە یەلە روی کردۆتە مەسەلەی کێشەی نێوان عەرەبو زایۆنیزم ، ئەو بایەخ پێدانەی لە لایەك لەبەر ئەوەیە کە ناوچەی عەرەبی بۆستراتیژی ئەمریکا گرنگەو لەلایەکی تریش بۆ پاراستنی قازانجی مۆنۆپۆلە گەورەکانی و بەتایبەتی هی ئەوتە .

لە شەڕی تشرینەوە تا ئەمڕۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەونی داوە هەڵو قۆسپ لە بەردەم چارەسەری حۆبە دەستەوە دەرانە لابەرێ، ئەگەر کیسنجەر پێش ئەوەی لەمبارەوە سەرکەوتنێك بەدەست بێنێ لە سەرکار لاچوە ، دەبینین ڤانس هاتۆتە ناوچەی عەرەبی بۆ ئەوەی درێژە بە ڕێبازی ساتو سەودایەکەبدا لە ڕێگای کۆتایی هێنان بە دۆخی شەڕەوە لە نێوان هێندێك ڕژێمی خۆ بەدەستەوەدەری عەرەبی و زایۆنی دوژمن دا کە ئەمەش لەسەر حیسابی مەسەلەی ناوەندی ئەتەوایەتی واتە مەسەلەی فەلەستین تەواو دەبێ .

کەوابو ، ئەم یەکەمین گەشتەی ڤانس هەر لە سەر ئەو بنەڕەتە لەجوار چێوەیێ گەیاندنی هەل ومەرجی ساتو سەودایەکی خۆ بەدەستەوە دەرانەدا سەیر دەکرێ کە سەرەنجام بەرهەمەکەی بەقازانجی دوژمنی ڕەگەز بەرستو داگیرکەری زایۆنی تەواو دەبێ .

لایەنگری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە زایۆنی دوژمنو ئامانجە مەزنایەتی خوازیەکانی زادەی حکومەتی تازەی ئەمریکانیە ، بەڵکو لایەنگری یەکی مێژوییە ، و هەر چەشنە سەیرکردنێکی دەوری وڵاتە یەکگرتوەکان لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە، هیچ مانایەکی نیە بیجگە لە پاشەکشەی زیاتری ڕژێمە عەرەبیە خۆ بەدەستەوەدەرەکان بە قازانجی زایۆنی دوژمنو بەردەوام بونی داگیرکاریەکەی بۆ خاکی عەرەب .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پشت بەستنی سەرکردە کانی هەندێك ڕژێمی عەرەبی خاوەن ڕێبازی ساتو سەودا بە دەوری بێلایەنی وڵاتە یەکگرتوەکان لە بریتی کێشەی عەرەبو زایۆنیزمدا ، تەنیا خەونو خەیاڵەو هیچ بەرهەمێکی نابێ بیجگە لە جێگیربونی زایۆنیزم لەسەر خاکی عەرەب .

ستراتیژیەتی ئەمەریکا لە خزمەتی مەبەستی دوژمنایەتی کاری دا دژی گەلان

دوای شەڕی جیهانی دووەم ئیمپریالیزم زیاتر بێوەستی بە بوونی بنکەی عەسکەری لە زۆر ناوچەکانی دنیادا هەبوو، لەو قوناغەشدا بایەخی ناوچەی عەرەب بە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە دەرکەوت ، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە شوێنی ستراتیژی ڕەسی هەیەو لە بازاڕە ... کانی و ... ی بلۆکردنەوەی ئەو سامانە نەونەی تیایەتی ، جا لیرەوە بایەخ دانی ئیمپریالیزم بەم چەپە زیادی کردو خرایە چوارچێوەی سیاسەتی ستراتیژی ئیمپریالیزمی جیهانەوە ، لەسەرویەوە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ، لەڕووی چەسپاندنی بوونی خۆی بەهۆی ئەیاندنی هێزەکانی گەشتی گەلیەو ه بۆ دەریای ناوەڕاستو هەوڵدانی بۆ بەستنەوەی ناوچەکە بە گۆمەڵەی هاوسوتێندی عەسکەریەوە ، بۆ ژەمن کردنی بوونی خۆی لە ناوچەکەدا درێژ ترین ماوەی لە توانادا بوو ، ئەوساش ڕێگا کردنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی بەناوچەکانی تری دنیادا .

بایەخو ئرنگی ناوچەی خەلیجی عەرەبی لای ئەوانەی ستراتیژیەتی دوژمنایەتی کاری ئەمەریکایان داناوە ڕووی کردە گرنگیدانی تایبەتی بەسوودی مۆنۆپۆلی نەوت ، لەبەر ئەوە، هەر تاوەناتاوێ حکومەتی ئەمەریکا بەکار هێنانی سیاسەتی ترساندنو ڕاوە شاندنی دار ئەستوری لیدانی بۆ داگیرکاری سەرچاوەکانی نەوتەکان پیشان ئەدا کە بەر بێتو هەر وڵاتێکی خاوەن نەوت پەنابەرێتەبەر بەکار هێنانی سامانە جۆر بەجۆرەکانی بۆ سوودی چارەسەری کیروگرفتی ناوخۆو ئەتەوەیی و زامن کردنو تەواوکردنی سەر بەخۆی سیاسیو ئابوری .

جا بەپێی بایەخی ئەم ناوچەیە ، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەپاڵ هەوڵدانی بۆ ئەوەی ناوچەکەبخانە ناو چوار چێوەی سیاسەتی عەسکەری خۆی لەڕێگای پەیمان بەستنەوە هەوڵی دروست کردنی بنکەی ووشکانیو دەریایشی تیا داوە، بۆ ئەوەی سیاسەتی عەسکەریو سیاسی بکاتە دەقێك و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ناوچەکەی بی ئەمارۆ بدات بۆ بەربەستی ڕابەرینو شۆڕشگێڕانەی گەلانیان .

لەچوار چێوەی سیاسەتی گشتی ئەمەریکادا بۆ پاراستنی بنکە عەسکەریەکانیو ئەوکردنەوەی ڕێکەوتنەکانی نێوان ئەمەریکاو وڵاتانی تر ، ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا موافقەتی لەسەر ڕۆژەیەك کردوە کە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا پارێزگاری بەبنکە عەسکەریەکانیەوە لە دەرەوە بکات و دروست کردنیو دامەزراندنی بەندەرو دەزگا هەمەجۆرەکانی تری لە ئۆقیانووسی هندی فراوان بکات بۆ بەهێز کردنی دەستی لای ڕۆژهەڵاتی پەیمانی ئەطلسی ، سەرەڕای ئەوەی ناوچەی ئۆقیانووسی هندی بایەخێکی عەسکەری تایبەتی هەیە لەلایەکو لەپاڵ بایەخی ئابوری لەلایەکی ترەوەو نزیکی لە ڕووگردنە دەست بەسەرا گرتنی سەرچاوەکانی نەوتی خاورش .

گۆڕانو بنشکەونەکانی تالات و دەزگاکانی وزان کاریو چەسپاندنی ئەلکترۆنو چەکی هەمەچەشنە لەو دەزگایانەداو پەیدابوونی مانگی دەسکردی جاسوسیو ئەوسارو خانەی نوکی ئەتۆمیان ڕۆیەیو بەدەوری زەمینداا ئەسوورانەوەو وەسارو خی وا کە لە کیشوەرنکەوە بۆ کیشوەرنکی تر ئەپەرنتەوە ، بەلام ئەمانە هەموو لەبایەخی بوونی بنکەی عەسکەری چەسپاویان کەم نەکردۆتەوە نە بۆتە هۆی فراوان نەبوونیانو بایەخی ستراتیژیەتی لە سیاسەتی ئەمەریکادا نەهاتۆتە خوارەوە .

بەرامبەر بەمەش ، گەلانی تێکوشەر دژی هەموو جۆرە فەرزکردنێکی داگیرکارانەی ئیمپریالیزم زیاتر هەستیان بە ترسناکی بوونی ئەو بنکانە کردوەو داواکاری لە ڕێگای ڕێکخراوە دەولەتیەکانو لە دەرەوەی ئەورێکخراوانەشا تا دێ بەرزتر لەبێتەوەو داوا ئەکەن بە داخستنی ئەو بنکانە و هێرش نەبە نە سەر سیاسەتی دوژمنایەتی کارانەی ئیمپریالیزم کە دژی ڕابەرێتی شۆڕشگێڕانەی وڵاتانی ئەمەریکای لاتینو ئاسیاو ئەفریقانە وەستی .

بروانە ل ٨

کاروباری جیهانی

جزا صالح

هەموو وڵاتانی عەرەبی وەدەوڵەتە ئەفریقاییەکان موافەقەتیان کردوە کە لە کۆنفرانسی یەکەمی سەرۆکانی عەرەبی و ئەفریقایی دا بەشداربن کە بڕیاروایە لە (٧) تا (٩)ی ئازاری داهاتودا لە قاهیرە ببەسترێ . لەو کۆنفرانسەدا چوار ڕێکخراوی ئەفریقاییش وەك چاوەدێریکەر بەشداردەبن کە بریتین لە : بانقی بەرەپێدانی ئەفریقا ، لیژنەی ئابوری ئەفریقا ، کۆمەڵی ئابوری ڕۆژئاوای ئەفریقا کۆمەڵی ئابوری ناوەڕاستی ئەفریقا .

بەستنی ئەم کۆنفرانسە بەشێکە لەو هەوڵو تەقەلایەی دەدرێ بۆ بە هێزکردنو پەرەپێدانی هاوکاری عەرەبو ئەفریقا . لەسەرەتای حەفتاکانەوە هەڵوێستی ژمارەیەك لە دەولەتانی ئەفریقاو پاشان بیروڕای گشتی ئەفریقا ڕووی کردۆتە پشتیوانی لە هەڵوێستی عەرەب لەلایەکو پچڕاندنی پێوەندی لەگەڵ قەوارەی زایۆنی لەلایەکی تر .

ئەم ڕووتێکردنەش بەرهەمی چەند هۆیەك بوو . یەکەمیان قۆڵبونی ڕێبازی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی ئەفریقاو جیاکردنەوەی دۆست و هاوپەیمانەکانی لە دوژمنەکانی زایۆنیەکان بەهەموو هێزیانەوە پشتی ڕێبمە ڕەگەز پەرستەکانی ئەفریقایان گرتبوو سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی خۆشیان لەفەلەستینی داگیرکراودا بۆ هەموو کەس ئاشکرابو لەبەر ئەوە شتێکی سروشتی و بێویست بوو کە بیروڕای گشتی خەلکی ئەفریقا بەرەودوژمنایەتی زایۆنیزمو داوای بێوەندی پڕین لە زایۆنیەکان بڕوا . بەم جۆرە پاش ئەوەی قەوارەی زایۆنی توشی تەریك مانەوەیەکی جیهانی خنکێنەر هات دەولەتە ئەفریقاییەکانیش یەك لەدوای یەك پێوەندی خۆیان لەگەڵی پچراند .

دوهەمیان ڕوون بونی مافی عەرەبەکان لە فەلەستین بو پاش ئەوەی جولانەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە زایۆنیزم لەسەر بناغەیەکی زانستی و ڕوون دیاری کرد شۆڕشی حەقدەی تەموزو حزبە سەرکردەکەی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بەپێوەندی پتەوی خۆی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەدەولەتە ئەفریقاییەکاندا دەورێکی گرنگی گێڕا بۆتە ریك خستنەوەی فەوارەی زایۆنی لەقارەی ئەفریقا .

لەبەرامبەر ئەم وەزعەتازەداواتە گۆڕانی بنەڕەتی بیروڕای گشتی ئەفریقا بەرامبەر کێشەلەگەڵ زایۆنیزم ، پێویستە هەنگاوی باشو بەکەلك بۆ پتەوکردنی پێوەندی لەگەڵ قارەی ئەفریقا بهاویژرێ . جابۆیە کۆنفرانسی سەرۆکانی عەرەبو ئەفریقا کە بڕیاروایە ببەسترێ لەگەڵ پێداویستیەکانی خەبات دژی زایۆنیزمو ڕەگەزپەرستی ڕێك دەکەوێ و لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕەش دێتەوەکە لە پێوەندی گەلانی عەرەبو گەلانی ئەفریقادا پێك هاتوە . ئەوەش شتێکە کە هەموو دڵسۆزانی سەرکەوتنی خەباتدژی ئیمپریالیزمو نۆکەرانی ، بەدڵخۆشی یەکی تەواوەوە سەیری دەکەنو سەرکەوتنی تەواوی بۆ بە ئاواتدەخوازن .

ناوانەکە ئەم دواییەی ڕژێمی سوریا چی ئەگەیەنێ

ئەگەر لەو جموجوڵیانەوردبینەوە کە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئارادانو ئەو ڕووداوانەی تیایدا ئەقەوەمێن بۆمان دەرئەکەوێ کە ئیستاکە لە هەموو کاتێك پتر واقیع هێزەکانی لەیەکتری هەڵاواردوە ... هێزەکانی شۆڕش کە هەمیشە بەرەوپێش ئەچنو هێزەکانی دژی شۆڕش کەدەستیان بەدامێنی ئەخشەوپیلانو ستراتیجەکانی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانەوە ئرتوە .

هەروەها لەلایەکی تر ئەوەبۆمان دەرئەکەوێ کە ئەو ئەخشەو پیلانانەی دژی ناوچەی عەرەبو بەتایبەتی دژی مەسەلەی فەلەستین ڕێژراوە بۆیان ناوەتە قۆناغێکی نوێی جێبەجێکردنەوە بۆیە جموجوڵی ئیمپریالیزمو دوژمنان دووشێوەی وەرگرتووە :

● بەکەم شێوە خولقاندنو درێژەدان بەباری شکستیو شێواویو پچڕپچڕی لەمەیدانی تێکوشان دژی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو بۆ ئەوەی پتر ڕێگای کۆنترەی جێنۆف و ریکەوتنو دانان بەدوژمن خۆش بکرێ .

● دووەم لیدانی بزوتنەوەی شۆڕش کە دوژمنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمو کۆنەپەرستانەبەتایبەتی دەستە پێشکەوتوەکەی کە هێزی پەرگری فەلەستینە .

جا دوژمنان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم دوو مەبەستە لە ڕژێمی سوریا باشترو دڵسۆزتریان دەستنەکەوتوە کە ئەم دوو ئاواتەیان بۆ بهێنتەدیو کاربەدەستە گۆمڕاکانی دیمەشقیش لەم بارەیەوە کەمتەرخەمیان نەکرد ... بەلەشکر خاکی لوبنانیان زەوت کردو بەگژی فیداکارانی فەلەستینداچوونو چەکە قورسەکانیان لێ سەند ...

لە بارو شێوەی دووەمیشدا دەستیان کرد بە نانەوەو جێبەجێ کردنی ئەخشەو پیلان دژی ڕژێمە نیشتمانپەروەرەکانی عەرەبو تاوانی هەوڵی تەقاندنەوەی مزگەوتی ئیمامی حسین لەکەربەلا نموونەی ئەو چالاکیە گومڕاو چەپەڵەی ڕژێمی سوریایە کە دژی گەلە کەمانو شۆڕشەکەمان ئەیکات .

ڕژێمی سوریا کەدەستی بەخوێنی تێکوشەرانی شامو لوبنانو فیداکارانی فەلەستینیو ڕۆژنی بە کاربەدەستانی ئەمەریکاو زایۆنیزم ستایشی ئەکەن .. بەوتاوانەی لایەرەیەکی تری گۆمڕایی ئەخانەسەر کرداری بێشەرمەکانی . دووبارە ئەو بەڵگانەی لە بەردەستدان حەقیقەتی ئەو ڕژێمەمان بۆ دەرئەخەنو هیچ پیویستمان بەپتر پەردە لەسەر لادانی ناکات .

تاوانەکەی ئەم دواییەی کاربەدەستانی سوریا کەویستیان دژی گەلی عیراق بیکەن ئەم دوو خاڵەی خوارەوە ساخ ئەکاتەوە :

● شۆڕش لەوڵاتەکەمان دابەو پایەو مەبەندەی لە ڕیزی بزوتنەوەی ڕزگاریو شۆڕش لەجیهاندا هەیەتیو ئەو دەورەی لە هەموو بوارەکان دائەیگێڕیو ئەو دەسکەوتانەی بەدیهێناون مەترسیەکی زۆر گەورەیە لەسەر بەڕژەوەندی و ستراتیجو نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستان .

● دووەم هەوڵی تاول کردنی مزگەوتی ئیمامی حسین لەکەربەلا لەلایەن ڕژێمی سوریاوە ساخی ئەکاتەوە کە تاج ڕادەیەك ئەو کاربەدەستانە ئاپرویان تکاوەو لە هەموو بنچینەیەکی ئاکارو ڕەوشت بێبەرین و تەنانەت دەست لە هیچ تاوانێك ناپارێزن بۆ جێبەجێ کردنو بەدیهێنانی ئاواتو مەبەستیان .

● حەمید عزیز ●

دەرکردنی دو ئەمەریکایی لە بەریتانیا

لە هەفتەی ڕابوردوودا حکومەتی بەریتانیا بڕیاری دا دوکەسی ئەمەریکایی کە ناویان ((فلیپ ئیجی)) و ((مارك هوزینال))ە لە خاکی خۆی دەربکا .

لێبرسراوێکی بەریتانیا ئەمەی لەوتارێك دا درکاندو کوتی ئەم بڕیارە کاتێك وەرگیراوە کە کاربەدەستە تایبەتیەکان بۆیان دەرکەوتوە ئەم دوکەسە تێکۆشانی دژی ناسایشی بەریتانیایان هەیە .

دەربارەی هەوڵ و تەقەللا خائینانەکەی ڕۆژانی ٥ و ٦ ی شوباتی تاقمە بەکرێگیراوەکان

مەسەلەی گواستنەوە لە شێوە ناناسایییەکانەوە بۆ شێوەی نوێ لە کرداری دیموکراتیانە و ڕەفتاری سروشتی دا..

ناقیکردنەوە شۆڕشگێڕەرەسەنەکان لە ناو ئەم مەسەلانەدا کە دەبێ ڕوبەڕویان ببێتەوە و چارەسەریان بکەن، توشی مەسەلەیەکی بنەڕەتی دەبن، ئەویش مەسەلەی گواستنەوەیە لەو شێوە ناناسایییانەوە کە قۆناخەکانی سەرەتای دامەزراندنی دەسەلاتی شۆڕشگێڕ دەیان سەدەن بۆشێوەی دیموکراتی یا ڕەفتاری سروشتی کە بەرهەمی جێگیربونی دەسەلاتی شۆڕشگێڕانەو قوڵبوونەوەی فراوانبونی باوەڕی جەماوەری و گەشەپێدانی ئەدەورو بەریەتی.

ناقیکردنەوەی شۆڕشی وایە: ((پێویستە کەمو کوڕیەکان لە دەرەکانی مەلبەندو ناوخۆ لە زە جموجۆڵو هەوڵو تەقەلایەک دژی ناقیکردنەوەی شۆڕشگێڕی لە قۆناخێکی ئەوتۆدا دەست پێ دەکەن.

لێرەدا باش وایە بەخێرایی ناقیکردنەوەی ناوچەکەمان لە دیموکراتیەتدا ڕون بکەینەوە، چونکە ئەو مەسەلەیە گرێدراوە بۆ ئەوەی تێبگەین ئیمپریالیزمو هاوکارەکانی بەرامبەر ئەو مەسەلەی باسی دەکەین چۆن دەجوڵێنەوە.

دیموکراتیەت ڕاستەقینە کە بریتی بێ لە وەی جەماوەر دەوری خۆیان لە بڕیاردان و بنیات نانی ڕاستەقینەدا بگێڕن، شێوەیەکی تازەیە کە شۆڕشی جەندەی تەموز لە سەرکردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب کە باوەڕی بەو چەشنە دیموکراتیەتە هەیەو لە ناقیکردنەوەی قۆناخی جۆرەجۆرداو لە زیاتر لە وڵاتێکی عەرەبیدا قالبوە. دەیەوێ باش ئەوەی وەك باسمان کرد شۆڕش گەیشتۆتە قۆناخی بتەوبونو جێگیربونو جێبەجێی بکات. ئەم شێوەیەش لەمەوبەر لە ناوچەکەدا نەبینراوە، چونکە ئەوەی لە ناوچەکەدا بینراوە تەنیا دو جۆرە، جۆری دیموکراتیەتی لیبڕالی کە دەوڵەت هێزو دەسەلات و توانای بزوتنەوەو دەست پێشخەری نیە، و دەوڵەت تەنیا دەزگایەکە بۆ پەکلا کردنی کارو بارو سەرپەرکردنی ناتەبایەکانی ناو کۆمەڵ، هەروەك بۆ نمونە لە لوبنان دا پێش تەقینەوەی ڕوداوەکانی ئەم دوایە هەبو. جۆرەکەی تریش دیکتاتوریەتە کە لەم ناوچەیەدا زۆر چەشنو لێکدانەوەی جۆراو جۆری هەبوە، بەڵام هەمویان لە سروشتێکدا یەك دەکەونەوە کە بریتیە لە حوکمی کەمایەتی و نەبونی ڕێگای ڕاستەقینەو کاریگەرو بەردەوام بۆ بەشداربونی جەماوەر لە دانانی ڕێبازو ناقیکردنەوە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵدا. لەسەر بناخەی ئەم ناقیکردنەوەی ناوچەکە ئیمپریالیزمو کۆنە پەرستی لەڕێی لادەران کاتێك ناقیکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی وەك ناقیکردنەوەی تەموز دەبینن کە بەوشیاری و هەنگاوی قایمەوە لە شێوە ناناسایییەکانەوە دەگوێزێتەوە بۆ شێوەی دیموکراتیانەو ڕەفتاری سروشتی لە لێکدانەوەیاندا بەهەڵە دەچن و خراپ تێدەگەن ئەوان وا دەزانن ئەم گواستنەوەیە کە لە ڕاستیدا دیاردەیەکی هێزوتوانایە، نیشانەی ئەوەیە کە ڕێژیمە شۆڕشگێڕەکە لاوازەو ناتوانێ جڵەوی کاروبار بە توندی لە دەستی خۆیدا ڕابگرێ، ئەوان لە بەرچەند هۆیەك بەسەر ئەو هەڵەیەدا دەکەون، یەکیان ئەوەیە کە بەراوردێکی سەرپێستو غەلەت لە نێوان ئەزموونی ڕەسەنەکان لە ناو ئەو مەسەلانەدا کە دەبێ ڕوبەڕویان ببێتەوەو چارەسەریان بکەن، توشی مەسەلەیەکی بنەڕەتی دەبن، ئەویش مەسەلەی گواستنەوەیە لەو شێوە ناناسایییانەوە کە قۆناخەکانی سەرەتای دامەزراندنی دەسەلاتی شۆڕشگێڕ دەیان سەدەن بۆشێوەی دیموکراتی یا ڕەفتاری سروشتی کە بەرهەمی جێگیربونی دەسەلاتی شۆڕشگێڕانەو قوڵبوونەوەی فراوانبونی باوەڕی جەماوەری و گەشەپێدانی ئەدەورو بەریەتی.

ناقیکردنەوەی شۆڕشی وایە: ((پێویستە کەمو کوڕیەکان لە دەرەکانی مەلبەندو ناوخۆ لە زە جموجۆڵو هەوڵو تەقەلایەک دژی ناقیکردنەوەی شۆڕشگێڕی لە قۆناخێکی ئەوتۆدا دەست پێ دەکەن.

لێرەدا باش وایە بەخێرایی ناقیکردنەوەی ناوچەکەمان لە دیموکراتیەتدا ڕون بکەینەوە، چونکە ئەو مەسەلەیە گرێدراوە بۆ ئەوەی تێبگەین ئیمپریالیزمو هاوکارەکانی بەرامبەر ئەو مەسەلەی باسی دەکەین چۆن دەجوڵێنەوە.

دیموکراتیەتی ڕاستەقینە کە بریتی بێ لە وەی جەماوەر دەوری خۆیان لە بڕیاردان و بنیات نانی ڕاستەقینەدا بگێڕن، شێوەیەکی تازەیە کە شۆڕشی جەندەی تەموز لە سەرکردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب کە باوەڕی بەو چەشنە دیموکراتیەتە هەیەو لە ناقیکردنەوەی قۆناخی جۆرەجۆرداو لە زیاتر لە وڵاتێکی عەرەبیدا قالبوە. دەیەوێ باش ئەوەی وەك باسمان کرد شۆڕش گەیشتۆتە قۆناخی بتەوبونو جێگیربونو جێبەجێی بکات. ئەم شێوەیەش لەمەوبەر لە ناوچەکەدا نەبینراوە، چونکە ئەوەی لە ناوچەکەدا بینراوە تەنیا دو جۆرە، جۆری دیموکراتیەتی لیبڕالی کە دەوڵەت هێزو دەسەلات و توانای بزوتنەوەو دەست پێشخەری نیە، و دەوڵەت تەنیا دەزگایەکە بۆ پەکلا کردنی کارو بارو سەرپەرکردنی ناتەبایەکانی ناو کۆمەڵ، هەروەك بۆ نمونە لە لوبنان دا پێش تەقینەوەی ڕوداوەکانی ئەم دوایە هەبو. جۆرەکەی تریش دیکتاتوریەتە کە لەم ناوچەیەدا زۆر چەشنو لێکدانەوەی جۆراو جۆری هەبوە، بەڵام هەمویان لە سروشتێکدا یەك دەکەونەوە کە بریتیە لە حوکمی کەمایەتی و نەبونی ڕێگای ڕاستەقینەو کاریگەرو بەردەوام بۆ بەشداربونی جەماوەر لە دانانی ڕێبازو ناقیکردنەوە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵدا. لەسەر بناخەی ئەم ناقیکردنەوەی ناوچەکە ئیمپریالیزمو کۆنە پەرستی لەڕێی لادەران کاتێك ناقیکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی وەك ناقیکردنەوەی تەموز دەبینن کە بەوشیاری و هەنگاوی قایمەوە لە شێوە ناناسایییەکانەوە دەگوێزێتەوە بۆ شێوەی دیموکراتیانەو ڕەفتاری سروشتی لە لێکدانەوەیاندا بەهەڵە دەچن و خراپ تێدەگەن ئەوان وا دەزانن ئەم گواستنەوەیە کە لە ڕاستیدا دیاردەیەکی هێزوتوانایە، نیشانەی ئەوەیە کە ڕێژیمە شۆڕشگێڕەکە لاوازەو ناتوانێ جڵەوی کاروبار بە توندی لە دەستی خۆیدا ڕابگرێ، ئەوان لە بەرچەند هۆیەك بەسەر ئەو هەڵەیەدا دەکەون، یەکیان ئەوەیە کە بەراوردێکی سەرپێستو غەلەت لە نێوان

ناقیکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بەهێزو ڕەسەنو چەند ڕەهەندێکی تردا دەکەن کە لەشێوەی ناناسایییەکانەوە دەگوێزێتەوە بۆ شێوەی دیموکراتیەتی لیبڕالی یا شێوەیەکی لەوبارەیەوە بە بێ بارسەنگ ڕاکشاو لە نێوان وەیان ئامادەکردنی بۆ ئەنجامدا ئەمانە توشی لاوازی و سەرلێشێواوی دەبن. دوهەم ئاگاداریەکی غەلەتە کە لە بارەی ناقیکردنەوەی شۆڕشگێڕانەوە هەیانەو سەرچاوەکانیان لە ناوچەدا و لەوانەیە هێندێك کەسی گومان لێکراو لە ناوخۆش دا بێشکەشیان دەکەن ئەم سەرچاوانە ئیمپریالیزمو وا حالی دەکەن کە ناقیکردنەوە شۆڕشگێڕیەکە لاوازەو ناتوانێ خۆی ڕابگرێ بەو کارەش دەیانەوێ ئیمپریالیزم هان بدەن کە پشتیان بگرێ بۆ ئەوەی لە دژی ناقیکردنەوەی شۆڕشگێڕی بکەونە چەشنە خۆ بە یەکدادانێك.

هەروەها ئیمپریالیزمو کۆنە پەرستی و لەڕێ لادەران هەست دەکەن گوازتنەوەی ناقیکردنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ قۆناخی تازە ڕێگایەکی گرنگن خەڵك هاندان و کردەوەی دژی شۆڕشیان لێدەگرێ، ئەویش بونی شێوە ناناسایییەکانە کە ئیمپریالیزمو کۆنە پەرستی و لەڕێ لادەران لە کاری دژ بە شۆڕش دا کەلکیان لێوەردەگرن جا بۆیە هەوڵ دەدەن بە چۆرتکناژاوە بۆ ناقیکردنەوەی شۆڕشگێڕی دروست بکەن بۆ ئەوەی لە ڕێبازی دیموکراتیەت و شێوە ناساییەکان بیگێڕنەوەو سەر لەنوی بیهێننەوە سەر بەکار بردنی شێوە ناساییەکان، ئەمەش ڕێگایەك بۆ ئیمپریالیزم و هاوپەیمانەکانی و بۆ لەڕێ لادەرەکان دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەراو هوریاو بەلامار بۆ سەر ناقیکردنەوەی شۆڕشگێڕی دروست بکەن و لە ئەنجامدا هەوڵ بدەن لە جەماوەری دوربخەنەوە.

لەم دوروەوەکە ئیمپریالیزمو کۆنە پەرستی ناوچەو لەڕێ لادەرەکان لە نێوان بەرامبەر ئەو مەسەلەیە ڕەفتاریان بێ دەکەن، نەخشە بۆ هێندێك کردەوەی تاقیکاری دەکێشن کە هێندێك دەستەو تاقمیان بۆ ئاوخان کراون بۆ ئەوەی لەڕوی نەخشەوە بزانن شۆڕش تاج ڕادەیەك بەرەبەرچیان دەداتەوە جا ئەگەر دیتیان بەکردەوەشۆڕش لاوازو سستە، ئەوەدم خۆی ئامادە دەکەن تا لە قۆناخێکی دواتردا گەمارۆی بدەن.

لێرەدا بەجێ بە ئەمەش بگوترێ کە ئیمپریالیزم کاتێك دەیەوێ ئەم هەوڵو تەقەلایە جێبەجێ بکا کە چەند دەستەو ناقەتێکی تایبەتی بۆ ئامادە کراون لە ڕاستیدا ئەم ناقمانە واتێ دەگەیەنێ کە بەجۆرێك لە سزا ڕزگاریان دەبێو بەم جۆرە دەبانکاتە قوربانی ئامانجە ئالاوە کانیو وایان حاتی دەکاکە ئۆبا ملیان ناکەوێتە بەرشمشیری تیژی سزاوە. ئەم کارەش ئەو ناقمانە هان دەدا کە بەردەوام بن لەسەر دەستدرێژ کردنو جێبەجێ کردنی نەخشەو بیلانی ئاژاوەنانەوەو بەربەرەکانی لەگەڵ شۆڕشدا.

ڕاستیەکەی ئەوەیەشۆڕشی جەندەی تەموز کە زۆر ناقیکردنەوەی جۆربە جۆری دیتووەو شارەزایی و ناقیکردنەوەی دەست کەوتوە بۆ بەرەورو بونەوەی نەخشەو بیلانەکانی ئیمپریالیزمو کۆنە پەرستی و یەك لەدوای یەك تێکی شکاندون لەم لایەرە تازەیەی ئالو گۆڕی ناقیکردنەوەکەش بێ ناگا نەبوو دەیزانی ئەم ئالو گۆڕە چ نیازێکی ئۆردوگای دژی شۆڕش، ئۆردوگای ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی و لەڕی لادەران، دەگەیەنێ ئەو هەوڵو تەقەلا لاخرابکاریە خائینانەیە کە هێندێك کەسی بەکرێگیراوو خرابکار لە بارێزگای نەجەفدا بەڕێنەی زیارەتی سەرجلەی مەرقەدی ئیمام حسین (ع)ەوە ڕێکیان خستو بەیاننامەی قسەکەری ڕەسمی وەزارەتی ناوخۆ ڕۆژی دەی شوبات ڕایگەیاند بۆ شورش و حزبو دەزگا تایبەتیەکان شتێکی چاوەڕوانی نەکراونەبو چونکە ئەمسال بەتوندی دەستوردرا بو کە ئازادی تەواو بدرێ بە هاونیشتمانیان بۆ ئەوەی جۆرێکی بەیان خۆشە ئەوبیرەوەریە پیرۆزە ئاینیی بە بکەنەوە، هەرچەند لەلایەك دەیزانی هێندێك کرداری زیانبەخش لەوجۆرە موناسەباندا دەکرێن کە لە گەڵ بیروباوەڕی ئیسلامو یاپەخە ڕەسەنەکانی دا ناگونجێو لایەکی تریشەوە دەیزانی بەکرێگیراوو لەڕی لادەران ئەم هەلەو هەلو مەرجی ناقیکردنەوەی دیموکراتیەت بە دەرفەت دەزانن بۆ ئاژاوەنانەوەو خرابکاری ئەم هەوڵو تەقەلا خرابکاریە پێش بینی یەکەی حزبو شۆڕشی وەراست کەوا، لە کاتێکدا تاقیکخرابکار کەلکیان لەوبیرەوەریە ئاینیی پیرۆزەوە دەستیان کرد بە دەستدرێژی بۆ سەر هاونیشتمانیانو هەڵگرتنی دروشمی گومان لێکراو، دەزگاکانی شۆڕش بۆ ئەوەی خۆیان تێبگەیەنن بەوردی خستیانە بەرچاوو دیری، بۆ ئەوەی بەتەواوی نیازی دڵیان دەربخەن ئەمەوای لەو تاقمە گەیاند کە دەسەلاتی شۆڕش «ناتوانێ» پێشیان بێ بگرێ، بۆیە زۆر بە سەررەقی هەوڵو تەقەلای پیاوە ئاینیی بە خۆرخوازەکانو وەفدە ڕەسمی بە کانیان پشت گرێ خست کە جوبون ئامۆژگاریان بکەن.

لێرەدا دەزگاکانی دەسەلاتی شۆڕش دەورەیان دان و بەوردیو خۆرایی ئاژاوە کەیان سەرکوت کردو خرابکارە بەکرێگیراوە کانیان گرت، هەر لەوکاتەش دا سامو شکۆی بیرەوەری بە ئاینیی بە کەو نرخی بەرزی لە دڵو دەرونی موسوڵمانان دا بارێزرا ئەمە زۆر بو بەهۆی خۆشحالی وەرەزامەندی کۆمەڵانی بەرینی گەل کە ئاهەنگی ئەو بیرەوەریە پیرۆزەیان بەڕێوە دەبرد.

بێ گومان ئەو کەسانەی بە تەواوی دەرکەوتوە کە بەکرێگیراوی بیگانەو سەریان بە نەخشەو بیلانەکانی ئیمپریالیزمەوە بەندە ئەوسزا سەختە وەردەگرن کە هەقی خۆیانە، چونکە ئەوانە تاوانیان دەرهەق بیرەوەری یەکی ئاینی بیرۆزکردوەو بە چەشنێکی خوێریانە کەلکیان لێوەرگرتوە لەلایەکی تریشەوە وەستویانە بەرەنگاری شۆڕش بنەوەو بەگژی دابچن، جا پێویستە ئەوانە بزانن و باهی تریش کە نازانن تێبگەن کە ئەو شۆڕشە لەزاری ئەقلو سنگی فرەوانی خۆی تەنانەت بۆ ئەو تاوانبارانەش کردۆتەوەکە بەفریوچونو بەویەری نەرمی و هێندایەتیەوەڕەفتاریان لەگەڵ دەکا، هەر لەوکاتەدا دەستکەوتەکانی بچوڵێتەوە، و بەکرێگیراوو خرابکارێك دەدا کە دژی گەلو شۆڕشەکەی و دەستکەوتەکانی بچوڵێتەوە، و لەمەش دا هەروەك لە تاقیکردنەوەکانی پێشودا دیتراوە هیچ دوودڵیو سەرئیشو سوکی یەك بەکار ناهێنێ.

هەرچەند ئەم ڕوداوە بچوك بوو هەرەشەو مەترسی یەکی ئەوتۆی بۆ شۆڕش نەبو، بەڵام حزبو شۆڕش کە شێوەیەکی زانستی لە لێکدانەوەی هەموو ڕوداوێکی گەورەو بچوك دا بەکاردێنن، پێویستە دەرسی ڕاست لەو ڕوداوە وەربگرنو ئەو دەرسەش بە حزبو هێزەکانی بەرەی نیشتمانیو نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازو کۆمەڵانی گەل ڕابگەیەنن.

ئەو ڕاستیە بە تەواوی دەرکەوتوە کە ئەو ناقیکردنەوە شۆڕشگێڕیانەی جێبەجێ کراون پتەوکردوەو جێگیربون بە پیلانی ڕاستەوخۆو هەوزو تەقەلای گۆڕینی ڕاستەوخۆ هیچیان لەگەڵ ناکرێ، ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستیو لەڕی لادەرەکان زۆرکەم وایە بتوانن ناقیکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە تێك بڕوخێنن کە ڕەنگی داکوتابێ، بەڵام ئەی چۆن لە دژی ئەم چەشنە ناقیکردنەوەیە پیلان ساز دەکەن؟

ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستیو لەڕی لادەران کە ناتوان لە باری ستراتیژیەوەبەرەوروی شۆڕش ببنەوە، هەوڵدەدەن توشی هێندێك هەڵەی تاکتیکیو فەننی بکەن، جا ئەگەر جارێكو دوجاروسێ جار سەرکەوتن ئەو دەم ئەو هەڵانەو ئەنجامە مادیو نەفسی یەکانیان بۆ وەدی هێنانی ئامانجی ستراتیژی واتە لەدانی شۆڕش دەخەنەکار.

لەبەر ئەوە حزبی شۆڕشگێڕو کۆمەڵانی شۆڕشگێڕو هێزەکانی بەرە دەبێ هەمیشەوشیاربن، بزانەوەی ئالزبن، بۆ ئەوەی لە چارەسەری مەسەلە فکریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریەکاندا توشی هەڵەی تاکتیکیو فەننی نەبن.

یەکێك لە شێوەکارە گرنگەکانی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستیو لەڕی لادەران کاتێك بیلان دژی ناقیکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەنێنەوە ئەوەیە کە بەکردەوەیەکی ئاژاوەچی یانەی دیاری کراو هەوڵدەدەن شۆڕشو لایەنگرو جەماوەرەکەی دەربارەی هەڵوێستە مەبدەئیەکانی شۆڕش بخەنە گومانەوە، وبیان خەنە بارێکی نەفسی نارێك وبێکەوە کە ئیمپریالیزمو لەڕی لادەران دەیانەوێ بەوکردەوە ئاژاوەچی یانەیە دروستی بکەنو جا ئەگەر ئیمپریالیزمو یارەتی دەیانەوێت بەتەنە مەیدانی ئاژاوەو لێك پچڕانو لاوازی و بەکترکوشتن لە ڕۆژێکی پیرۆز لە مێژوی دوورو دریژی خۆی دا کە ڕۆژی حەفدەی تەموزە لە سەرەتای خۆی ڕاوەستاوەو دەستی بە دروستکردنی ژیانی تازەی کردوە لە ستیمەری حزبی خۆرخوازو شارەزای خۆی دا کە خاوەنی هەڵویستی مەبدەئی بەرزو ئیرادەیەکی پتەوو قایمەو ئیتر ئیستاو باشەڕۆژی خۆی خستۆتە دەستخۆی و بە ئازایەتیو بەردەوامیو گەشبینی یەوە ڕێبازی خۆی دەبڕێ.

Institut Kurde de Paris

لە ئاسۆی هەڵدەبندا

لە کەلەبەرێکی زمانەکەمانەوە

ـ صلاح احمد ـ

هەندێك هەڵە ئەوەندە لەزمانە کەماندا تەشەنەدیان سەندووە ، دەتوانین ناویان بنێین « هەڵەی باو » چونکە زۆرێك هەر تەنها خەڵکی ناسایی‌ئەو ڕۆشیان دەبن ، بەکو وای لێهاتووە تەنانەت ئەو کەسانەی کاری ڕاستەقینەی ئەم کۆڕەدایە ، هەروەها ڕۆژنامەنووسین و گفتوگۆدا ساتەی لێبکەن .

زمانزانین تەنها ئەوەنیە کزمەلێك وشەو نیدیۆمەی وات لە ئەزبەربێت بە بیری کەسدا نەهاتبێت ، یان کەس نەیبیستووبێت ، نەخێر !.. کرێنك ئەوەیە ـ ئە هەر ئەرهەنگێکی ووشەی زۆرپچکۆلانەشت هەبێت ـ ڕستەی را دروست بکەیت کە لە هەرشوێنێو ، بۆ هەر مەبەستە . نامو بۆنی خۆی هەبێتو ، بڕبە پێستی مەبەستەکەبێت ، نەك ئەوەندەی فروبدەیت مەعری ئەبێتی جیانەکرێتەوەو ، دۆو دۆشاری لیا بنێکەل کرابێت .. چونکە ڕستە دەتوانێت وشەیەکی تەواو ناسکی وەکو « گوڵ » ت بۆ بکات بە شتێکی زاڵستەنەی وشك و پوشك و دەشتوانێت وشەیەکی وەکو « بەرد » ڕەقیت بۆ بکات بە ووشەیەکی شاعیرانەی پڕ لە خرۆش و سۆز .

ئەمە بەو کەسانە دەڵێم کە چەواشە لە مەسەلەکە دەکەن و ، شتە هەرەزێك و کاریئەرەکان فەراموش دەکەن و ، بە هەناسە پڕکێ دوای ئەو ووشانە دەکەون کە شارستانێتی خۆی دوورێ خستووەتەوە .. ئەم شتە هەرد نزیکانەش بەلای مەوەو بڕیتییە لە زوانم کردنێکی ناڕەوا لە هەندێك بێتو ناڕازە ڕۆری هەزارەها جار !. هەر خووی ئەو کەسانە ڕووتی دەدەن و ارفی دەدەن ، کە ئوایە فرەنیسك بۆ شێوانی زمانەکەمانو کۆنەواریی ئەمو ئەو هەندەرزن .. وا من لێرەداهەر بە بەڵەبڕۆژێ چەند نموونەیەکی کەمی لێدەخەمەبەرچاو ، بەکو ئەمە خوایە بسپۆزانەمان ناوڕێکی ئانلێدەنەوەو ، هەر هیچ نەبێت بەووردی سماغیان بکەنەوەو ، ئەگەر کۆڕی زانیاریی کورد باوەڕی پێهێنا ، هەونبەدات لەلای خۆیەوە ، لە چاکراوەکانیدا پەیڕەوی بکاتو . بەزۆربێت ، یان بە ڕەزا بیسەپێنێت :

پیتی « ك »ی « ێك »ی نامرازی نەکیرە :

ئەم کافە پەستەزمانە لە بکرەو بەردەبەکدایە هەر ئەبێتەوە ، نە ئەوەتا وازی لێبێنێرێت و ، بۆ خۆی دابکاسێت ، نەشئەوەتالێی بکەڕێنرێت دەورەکەی خۆی وەکو خۆی دەیزانێتو ، وەکو پوپایەرانمان لە ماوەی ساڵەهای ساڵدا فێریان کردووەبە ڕێکوپێکی ببینین ..

بۆ نموونە لە وتنی : گوڵ ، جاڕێ ، چاڕێ .. هتددا ، فورنەمی ئەم «ك»ەدەگەڕێ درێتو ، وەکو ئشت حەقیقەتەکانی تری لەم بابەتەقووت دەدرێت . بەڵام کاتێك کە هیچ چارێك نامێنێت ، بەدەستو پێ ماچکردن ڕووی تێدەکرێتەوەو ، داوای لێبوردنی لێدەکرێت لەو قوتدانانەی پێشووی‌و!! ئاشت دەکرێتەوەودەهێنرێتەوە ناو ! وەك لە : گوڵکیان هەڵوەریوە ، چارنکیان‌وتی ، چارنمیان بۆ دەدۆزمەوە . هتددا ، چونکە قوتدانیش‌سووری خۆی هەیەو ، هەموو شتێك بە ئاسانی قووتنادرێت وەك لێرەدا ، کە ناتوانرێت بوترێت : گوڵنیان ، جارنیان .. چارنیان .. هتد .

پیتی « ت »ی ڕانـاوی کەسی دووەمو سێیەمی تاك ، لە کاتی ئێستادا .

حاڵی ئەم «ت»یە هێجکسارلە حاڵی «ی»ی برای ! یان ، خوشکی ! ـ نازانم کامیانە ـ خراپترە ، خۆ هەرچی جۆرێك بێت ئەو لە هەندێك جێگادایەزۆر خۆی دەسەپێنێتو ، نووسەر ، یان قسەکەر ناچاردەکات دانی پێدا بنێت ، بەڵام ئەم ئەوەشی پێناکرێت ، ڕەنگەهەولیشی دابووبێت چاو لەو بکات ! بەڵام سەری نەکرێتووەبۆی ، بۆیە وا ئێستا ناچار چاوی لە دەستی ئەوە ، پەلکوبتوانێت بەیارمەتیی پسپۆڕێکی دلسۆز مافی خۆیو ئەمیش لەمخەڵکە دلڕەقە بستێنێتەوە . بۆ نموونە لەم پەرەگرافەی ئەمنووسینەمدا ، ئەم وشانەی لەم بابەتەی تێکەوتووە : هەرچی چۆنێك بێت ، کە راستەکەشی ـ ببێت ـەو ـ ب ـی یەکەمیم‌ڕووتراوە ، دەسەپێنێت ، دەکات ، دانی پێدا بنێت ، ناکرێت « راستەکەشی ـ نەدەکرێت ـە » ، ..دابووبێت ، بکات ، نەکرتبێت « کە راستەکەشی ـ کرتووبێت‌ـە » ، بستێنێتەوە . بۆ نموونەش دەڵێم : دەخۆیت ، دەڕۆیت ، دەمرێت .. دەجوات دەڕوات ، دەمرێت .

یا هەندێك ـ زۆر نادێم ـ لەگەل خۆماندا راستبین .. کامەمان ڕۆژی سەدان جار ـ بە تایبەتی ئەوانەی زۆر دەڵێنو ، زۆر دەنووسن ـ ئەم بیتە جوانو پر مۆسیقایە ناخنکێنین ؟!.. ڕەنگە گوناهی‌خۆیشی بێت ! چونکە ئەوەندە ناسکە ، لە هەندێك جێگای‌زۆر کەمدا نەبێت ، وەك لە « بستێنێتەوە » کە ناتوانین بڵێین « بستێنیەوە » ، لە دڵی نایەت خۆی لە قوڕگی ئەوەزەمان گیربکات .

وە نەبێت مەسەلەکە هەرلەم دوو بیتەدا بەم جۆرە بێت ، نەخێر ! زۆری تریش‌هەیە ، هەر بۆ نموونە لەم نووسینەی خۆمدا ڕستەی« بەڵام ئەم ئەووشەی پێناکرێت »ی تێکەوتووە ، کەچەند وشەیەکی تیا بە پەندکراوە ، چونکە منیش هەر بەدەم ، ئەم هاوارانە دەکەمو ، بۆ ئەوەمە گۆشەی گۆشەی ئەم هەفتەیەمی پڕبکەمەوەو ، واش دەربخەم‌کە گوایە زۆر دڵسۆزم ، ئەگینا دەبوو بموتایە :« .. پێنەدەکرێت » ، چونکە « ئە »ی ئەفی دەچێتە سەر« دەکرێت »و « پێنەدەکرێت » دروست دەکات ، بەڵام دەست

بروانە ل : ١١

دیمەنی دەوکاوییەکان .. وچەند هەڵوێستێکی ڕەجەب !!

دیمەنە دەوکاوییەکان .. چیرۆکێکی مامۆستا سلام عبدالغفوورە .. لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٣٤٩)دا بڵاو کراوەوە .. چیرۆکەکە : (باسی پیاوێ دەکات ..سەری دەشێرو بۆ ئەو ئەخۆشی‌یە.. دەچێتە لای دکتۆر .. بەڵام لە خەستەخانە پێش چارە کردنی .. چاوی بەناسیاوێکی دەکەوێت... وئەویش‌بەهەمان بازاڕەوە ئەتەمەوە .. سەر ئەنجام پەی بەردەکەی دەبا .. و سەری دەترێنەوە دوای ئەو سەرگرتنەوەیە ، ئەوەندە نابات هیچی دێ .. پاشان کە خۆشی بۆ ئەخۆشی‌یەکەی .. دکتۆر دەیبینێ ، (هوقنە !)ی دەکات .. و هەندی حەبی بۆ دەنووسێت .

لیتر بەوەودوا .. ئەو هۆقنەی لێدەبێتە .. ئەخۆشی یەکی سایکۆزی .. و دوچاری چەندان ئازار کە دەبێ .. یەکێك لەو کتێبانە ئەوەیە .. خۆی بەلەس پیس دادەنێت .. ئەخێر بۆ کتێبەکەی برسیار دەبرێتە بەر مەلا .. مەلاس هەر چەند ئێدەکۆشێ .. مەتەلەکەی بۆ ساڕ ناپێتەوە .. و سەری لە کێشە کە دەرناچێت .. دوای چیرۆکەکە ، بەوە کۆتایی دێت .. مەلا بۆ ئەوەی لە دەست کابرا قوتاری بێ .. ئەی دەڵێ :ـ بڕۆ..باشتروایە بوسلی خۆت دەرکەیت ..وانە ، لەش پیسی خۆت دەربکە! »)

هەرلەیەکەم ، سەرنج دانی ئەم چیرۆکەدا .. بۆ خوێندەواران ڕوون دەبێتەوە .. کە کاتی ئەخۆش ، ڕەجەبی سەدەر .. دەبێ ئەبنە ماماوەی « ئوحەفیز » یەکی ئەرزەکی ئەرەمەی بێ .. بەتکەش بۆ ئەمە ئەوەیە چارێ ئەو دوە ، ڕەجەبی سەدەر .. ناوێکی ئاینی زۆر کۆنە .. و سەردەرای ئەودش ، سەروسیمای کاك ڕەجەب .. بەکەواو سەتەکەیا ،و سەعاتە بن باخەڵەکەیدا .. بەوە دەبێت گوایە سەری بچێت ، نوازی ئەچێ .. خۆ ئەوەتا ، لە ڕووە (عمل)ی یەکەشدا دەبینین .. لەوەتەی ئوسای چۆتە سەر..لەشی داهێزراوە چۆنئە خۆشی دەوکەتووتن ، ڕەش هەدەگێریت .. ئەمیش چی‌بوو ، کە ڕەجەب کرا ؟!. کێ بەرپرسیارە لەوە ؟!. ڕەجەب یان دکتۆر ؟! ئایا هەموو دکتۆرەکان بەو ڕێکایە چارەسەری ئەخۆشەکان دەکەن ئەی بۆچی ناسیاوەکەی ڕەجەب نەکرا ؟! خۆ ئەویش هەمان ئازارو ژانی بوو ؟!.

ئەو پرسیارانەو ئەلێ پرسیاری‌کەی لەو بابەتەش.. پاودروانی وەلامە !! ئەتەر بە ووردی وەلامی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە .. بێگومان زۆری دەوێت .. و شوێنێکی فەرەش لەم ڕۆژنامە تازیزە دەگیرێ .. لەبەو ئەوە ، ناچار بەم چەند کورتە وەلامە .. ئەنجام بە دەستەوە دەدەین و دەڵین :ـ

جارێ پێشەکی ئێ‌ئاتەم .. چۆن ڕەجەب ، بۆ ئەو ماوە زۆرە بە لەش پیسی مایەوە؟!بە تایبەت بۆ ئەو ، کە بە پیاو چاك ناسراوە ؟! ئەگەر ئایا هۆی ئەو هۆقنە کردنە سروشتی گۆڕاوە .. وئەنانەت ئەو ڕۆژەی شایەتی « براخاس یاخی » دەبێ .. بەوهۆیەوە شایەتی یەکەی بۆ نادات :ـ

چۆن کەلامی خوا بخۆم .. بۆ لەشم پیس‌نیە .. تا .. سەریشم ببڕن‌سوێند ناخۆم.. هاوکاری ژمارە ٣٤٩ لاپەڕە(٥)

گریمان ئەم پێوانەی ، بۆ پیاو چاکی ڕەجەبمان دانا .. پێچەوانە بۆوە ، و ئەوبۆ چەند دەست کەوتن .. ئەو جڵو بەرکەی بۆشی بوو .. کەلامواید ، لەهەر دوو دیمەنە کەدا .. کە ئوژاڵی دەزەوەی چیرۆکەکەیە .. هیچ لە مەسەلەکە نەکۆڕێ .. وئەنها چ لە « قازانچو زیان » ڕووی ڕەجەب ئەگرێتەوە .. بەڵام ئەوەی ، ناشێ بکرێ بە ژیرەوە .. و پەیوەندی بە کۆمەڵەوە هەیە .. و بەناوکی چیرۆکەکە دەژمێرێ ئەوەیە .. ئایا هۆی ئەو هۆقنە کردنە چی‌بوو ، کە ڕەجەب کرا ؟!. کێ بەرپرسیارە لەوە ؟!. ڕەجەب یان دکتۆر ؟! ئایا هەموو دکتۆرەکان بەو ڕێکایە چارەسەری ئەخۆشەکان دەکەن ئەی بۆچی ناسیاوەکەی ڕەجەب نەکرا ؟! خۆ ئەویش هەمان ئازارو ژانی بوو ؟!.

ئەو پرسیارانەو ئەلێ پرسیاری‌کەی لەو بابەتەش.. پاودروانی وەلامە !! ئەتەر بە ووردی وەلامی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە .. پێوەمان زۆری دەوێت .. و شوێنێکی فەرەش لەم ڕۆژنامە تازیزە دەگیرێ .. لەبەو ئەوە ، ناچار بەم چەند کورتە وەلامە .. ئەنجام بە دەستەوە دەدەین و دەڵین :ـ

جارێ پێشەکی ئێ‌ئاتەم .. چۆن ڕەجەب ، بۆ ئەو ماوە زۆرە بە لەش پیسی مایەوە؟!بە تایبەت بۆ ئەو ، کە بە پیاو چاك ناسراوە ؟! ئەگەر ئایا هۆی ئەو هۆقنە کردنە ئایا هۆی ئەو هۆقنە کردنە بەهاتایە ، زوو بە بیر مەسەلەکە بچویایە .. و ئوسلی خۆی دەربکردایە .. ئەوا هەرگیز ئەو دیمەنە دەوکاوییانە ڕووی ئەدەدا .. ئە بە دل ئەنیمەو، دەچووە دادێ .. و ئە بە پێزاریش لەسەر قەبران دەکەرایەوە ..ئەم هەلوێستەی ڕەجەب .. ئەوەیان دەخاتەوە یاد .. کە ڕەجەب سەفەر ، لەو جۆرە مرۆڤانەبێت .. کە بۆ کێچن ، گایەك مردار بکاتەوە .. ئەوەندەش دەم بە هاوار بێت شتێکی بچووك ، زۆر زل بکات ..

ئەوە لەلایە ، لەلایەکی کەش .. ڕەجەب بەوەوە ئەودستێتەوە .. ئۆبای ئەو هۆقنەگردنە دەیەویت .. بە ئەنها بخاتە ملی دکتۆرەکە .. کەبێ ئەومان ئەمەش شتێکی ڕەوانی‌یە !!

چونکە دکتۆر چەند دەستی لەو کارەدا هەبووە..ڕەجەبیش لەو ڕووەوە بکرە کەڵێ زیاتر .. بەڵام ئەوەی لێرەدا سەیری ئەوەیە .. نازانم چۆن دکتۆر ، پەنای ئەبردە ، بەر ڕێکایەکی نوێ و بەو ئامێرە کۆنە ڕەجەبی تیمارکرد؟ یان چۆن ڕەجەب بۆ ئەخۆشی یەکەی .ئەچووە لای دکتۆرێکی کەو بە ڕێگایەکی نوێتر ئازارەکەی ئەسەر هەڵگرێت ؟!

کەواتە ، لەمەوە دەردە کەویت .. دیچ لایە ، لەوی تریان ، نامۆنیە .. و چ دکتۆرو چ ئەخۆشەکە کۆتن.. ئیتر کێ هەیە ئیرۆ !! لە ئەوەی نوێ ئەزانێت ؟ ئەو جۆرە دکتۆرانە .. بەتایبەت دکتۆرەکەی ڕەجەب .. هەر ئەوەبیشەو ڕەفتاری ئەبووە ؟!

ئەمەش وەنەبێ ، کارێکی سەرنج ڕاکێشەربێت !!.دیارە هەموو ئەبێ ئەوە بزانیین .. کش دکتۆرێ ، کە ئەو ڕێبازەی گرتبێت چ بەحوکمی (وظیفی)و چ بۆ سوودی خۆی .. ئەشێ ئەك ڕەجەب ، هەموو ئەخۆشێ بەو دەردە بەرێت .

کە کەر ڕەجەبی سەفەر، نکولی لەو بابانە دەکات .. و ناچێتە ژێر ئەو دارەئەوە .. و هەر لە ڕوانگای هەڵ خەڵەتاندنی خۆیەوە .. دەروانێتە هەڵ خەڵەتانی کۆمەڵ .. ئەوا دڵنیایی

بروانە ل : ١١

فوراتەکەم

ئەی فورات‌ەکەی باچەی‌ژیانم . فەرو یادگار
مل‌دەنێت هێمن ڕێ دەگرێتەبەر
شەواڵو ڕۆژگار ..
دەگرێتەباوەش ... گەنمی خواردنو
ژینی جوتیاران
ڕوتو هەژاران
ئای کە نازداری لە کوڕەکە دەست
دەگەیتە ملی دیجلەی خۆشەوشەنگ
دێتەهەڵبەڕین شەوی مانگەشەو ..
هەزار دڵی پەست ..

ماچدەکەن لێوار .. شەپۆلی بێدەنگ
ئەی فوراتەکە .. بۆ گیانی ماسی
تۆ بەهەشتێکی .. کەلێن‌ئایابی
کە بەهار ، زەوی .. ئەڕۆڕێ ڕەنگی کراسی ،
سەیرە چەند جوانی .. هیچ‌بایی‌نابی
بەڵام توخواکە دەگوشی دەستی
بەپیتی دەریا ..
سلاوی ئێمەی سەربەست بدەرە
دەست گوڵچکەی کەلان
بڵێ : وەك ئێمە دەبێ براین..
نابێ بەربدەین ڕێگای تێکۆشان
وەك ئێمە ئێوەش بژین بۆ ئاشتی
بۆ ڕێی پێشکەوتن
بۆ گیانی شەڕو دیلیو هەژاری
دوژمن گۆڕکردن ..

جەباری حاجی کەریم .. هەڵەبجە

دینامیەت لە شیعردا

نەوزاد ڕەفعەت

کە ئەڵێین شیعری دێنەمی ئەو شیعرانەمان مەبەستە کە تا ماوەیەکی دوورو درێژ .. بە پێوە ئەوەستێتو توانا ناڤەتی ناوەوەو دەرەوەی خۆیان ئەپارێزێتو بە میشك و هەستو خەیاڵی مرۆڤەوە ئەلکێتو لێی نابنەوە ، مرۆڤ لەکاتشوتنی خەمباریو تووڕەییو خۆشەویستیدا ئەیانلێتەوە . جا لەوانەیە لە شیعرێکی پانزە بیست دێری کلاسیکیو ڕۆمانسیو ئەنانەت (نوێ)یش دێری .. یا چەند دێری ئەو دینامیەتەیان تێدایێ .. هەر ئەو چەند دێڕەشە ئووی زیانی خۆیان هەڵئەگرنو دەست بە ئۆچانی پیرتیی‌ئەوە ناکرن .

زۆر دەقی فولکلۆریشمان هەن ئەو دینامیەتەیان تێدا کە ئەڵێین شیعری دێنەمی ئەو شیعرانەمان مەبەستە کە تا ماوەیەکی دوورو درێژ .. بە پێوە ئەوەستێتو توانا ناڤەتی ناوەوەو دەرەوەی خۆیان ئەپارێزێتو بە میشك و هەستو خەیاڵی مرۆڤەوە ئەلکێتو لێی نابنەوە ، مرۆڤ لەکاتشوتنی خەمباریو تووڕەییو خۆشەویستیدا ئەیانلێتەوە . جا لەوانەیە لە شیعرێکی پانزە بیست دێری کلاسیکیو ڕۆمانسیو ئەنانەت (نوێ)یش دێری .. یا چەند دێری ئەو دینامیەتەیان تێدایێ .. هەر ئەو چەند دێڕەشە ئووی زیانی خۆیان هەڵئەگرنو دەست بە ئۆچانی پیرتیی‌ئەوە ناکرن .

زۆر دەقی فولکلۆریشمان هەن ئەو دینامیەتەیان تێدا بەدێی ئەکرێ ئەنانەت سەرەتا بەهێزو کۆتایی‌یە دوا ئەهاتوو لە پارەکەی (شێخ فەرخو خاتوون ئەستی) ماددەیەکی هاوچەرخو زیندوو درامیانەی شیعری ئەمڕۆن .

زۆر جار کە ئەچینە میهرەجانێکی‌شیعریو بانزە شیعرمان ئوێ لێئەبێ .. ئەو ڕووزێنو تادەستمان سوورەوە ئەبێ جەبڵە ئەکوتین .. کەچی کەدێینە دەرێ چەند دێڕیکمان لە مێشکدا ئەمێنن !! دیارە هەرئەو چەند دێڕە لەکانیەباڵو ڕاستەقینەکەوە هەڵقولاون .

هەر ئەو سەرنجەیشەئەمانباتەوە سەر مەسەلەی ئەرکێکی تری شاعیر .. کە بەرزکردنەوەی ڕادەی ڕۆشنبیری‌و زەوقی هونەری ئوێکری‌شیعریو خوێنەری شیعرە .

ئەوا کۆزانی‌ی خۆشەویستی‌ی(ج الفرید پرۆفرۆك ١٩١٥)و (وێرانە خاك)و (چور چوارین١٩٤٣)ی شاعیری کەوەی ئەنگلۆئەمریکی توماس ستیرنز ئەلیۆت ـ١٨٨٨ـ١٩٦٥ دەوری گرنگیان لە پێشخستنی چەندەها شاعیر بینیوە ..

ئەنانەت دوو شاعیری گەوردی عەرەبی وەکو ـ سەیاب ـ و ـ صلاح عبدالصبور ـ بە جۆرێکی شیعرەکانی‌ئەلیۆت ئاودێرکراون .. ئەو شیعرانەی لەوساوە لە بڵاندەو بەررزی‌و ئەوەیی‌ی خۆیان ئەکەوتوون ..

ئەو شتانەی من لە شیعرێکی وەکو (ئۆزانی‌ی خۆشەویستی‌ی ج ـ الفرنسد پرۆفرۆك)ی ئەلیۆتدا بەدی‌ی ئەکەم لە زۆربەی شیعری ئەمڕۆدانایبینم چاو خشاندنەوە بەسەر چاوە چیهانیەکانی شیعر ، ڕێگایێکی چاکی داهێنانی شیعری نوێی گوردیمانە .

وەشە یەکی ڕەخنەی ئەدەبی لە نێوان « ڕۆشنبیری »یەوە

● حسین عارف ●

هیچ مرۆڤێکی چەوساوە بەو چەوساندنەوەیەی بەختەوەر نی‌یەو لە ناخدا بە تەما نی‌یە تا سەر هەروەها بژو هەردەم بە ئاواتی تۆڵەسەندنەوەوە دەبژو هیوا دەخوازێ نۆرەگورزی دابێت .

سا چیرۆکی (خەوی خزمەتکارەکە)ی سانتیاگۆ ئەلفاریز لە ژمارەی پێشوودا ، لە بەرگێکی نیمچە کۆمیدیو شێوە فۆلکلۆرییدا هەر ئەم مەغزایەمان پێرادەگەیەنێ . ئاغا بە جۆرێك خزمەتکار دەچەوسێنێتەوە کە گەیاندوێتی‌یە ئەو ڕادەیەی گومانی لێبکا کە مرۆڤ بێ ، یا بشێ بۆ ئەوەی مرۆڤ بێ .. « هەقە تۆ مرۆڤ بیت ؟!. هەرگیز باوەڕ ناکەم ئەوە ڕاست بێت ! » . بەڵام کە مرۆڤ نەبێ ، دەبێ شتێك بێ .. شتێکی غەیری مرۆڤ !.. سا ئەو شتە چی بێ باشە ؟!. لەوە دەچێ خۆی بۆی نەدۆزرێتەوە . بۆیە کە خزمەتکار دەسپێشکەری دەکاو دەڵێ : « قوربان .. هەردەبێ شتێك بم .. » ، ئینجا مێشکی دەکرێتەوەو شتەکە دەستیشاندەکا .. « کەواتە هەردەبێ سەگ بیت . بەڵێ .. بە تەواوی وایە ، تۆ سەگیت .. » . بۆ ئەوەش دڵنیابێ کە وایە ، دەبێ گوێی لە شەپەی بێ .. « ئێستا دەی وەك سەگ بجەپە ! » .

خزمەتکار دەحەپێو دەداتەغاریشو دێتە بەر بێی ئاغاشو کلکیش دەلەقێنی‌و ئیتر وایەو چەوساند ئەوەیەو حەزیشی لێی نی‌یەو بێی بەختەوەر نی‌یەو لێی بڕەو بەڵام چی بکا ... لە چارەی نووسراوە !.. ئەو ئاغایەو ئەم خزمەتکارو ئەو دەسەڵاتدارەو ئەم بێدەسەڵاتو ئەو ورگ‌و گیرفان پڕەو ئەم لات‌و برسی !!

لەگەڵ ئەوەشدا وەك لە سەرەتاوە وتم کە بەسەرزاری وەها زەبوونو زەلیلەو سەرشۆڕ ، بەڵام بە ناخ بورکانێکی ڕق‌وکینەیەو قوتبدەداو بە ئاواتەوەیەو هیوا دەخوازێ . تکایە سەرنجدەنە هەر ئەو قسەیەی کە دەڵێ : « قوربان هەر دەبێ شتێك !. ئەگەر نا چۆن دەیانناردمە خزمەتی جەنابتان ؟! » قسەکە دیارە چی لە پشتەوەیەو دەیەوێ چ بڵاوێ بهاوێ ؟.. چ نوقورچێ لەئاغای چەوسێنەری بگرێ؟! واتە دەبەوێ بڵێ : ئەگەر مرۆڤو ئەبوومایە ئەیاندەناردمە لای جەنابتی مرۆڤو ئەگەر سەگیش بم یا هەر ئاژەڵێك ، ئەوا تۆش هەر وەکوو منیت .. تۆش سەگ‌و ئاژەڵیت وەك من !.

ئاشکرایە ئاغا هەر بەردەوام دەبێ لە سەر ئەم چەوساندنەوەیەی خزمەتکار تا دەگاتە تینی‌و بریاری تەقینەوە دەدات . بەڵام بڕوانن چیرۆکنووس چەندە هونەرمەندانە ئەمەی کردووە !. ئەو ئەهاتوە کارێکی دۆنکیشۆتیانەی پێبکات .. نەء !.. بەڵکوو تەنها خزمەتکارەکەی لە ئاغا هێناوەتە قسە کە خەوێکی خۆی بۆ بگێڕێتەوە .. خەوێکی هەڵبەستیش گە بێگومان وای هەست بێدەکەین نەك بڵێی چیرۆکنووس ئەمەی وتبێ . خزمەتکار بە درێژایی گێڕانەوەی خەوەکەی هێشتا هەر خۆشی‌و گەشکەی ئاغایەتی دەبەخشێ بە ئاغا .. « ئاوەها .. دەبێ ئاغا لە خەوو لە بەئاگاییدا ، لە ژیانو لە مردندا ، هەموو لەشی هەنگوین بێ . دەبێ خزمەتکاریش پیسایی بە خۆیەوە ببینێ .. بەڵێ زۆر ڕاستە .. » . ئاغا وا دەڵێ . بەڵام خزمەتکار لە دوا وتەی گێڕانەوەی خەوەکەیدا کە دوا ڕستەکانی چیرۆکەکەشە ، ئینجا دەستی خۆی دەوەشێنێ کە دەڵێ گوایە یەکێکی‌ترمان لێ‌یەیدا بوو ، شیرێکی بە دەستەوە بوو ، حوکمی‌دا بە سەرمانا کە هەر یەکەمان ئەوی‌تر بلاسێتەوە !.

گرنگ نی‌یە دوای ئەوە چی ڕوودەدا . ئەم دەتوانێ بڵێ : « قوربان ئەم خزمەتکارە سەگی ئازداد سەگە خەوە نەگریسەکەی وا بینی !.. من گوناهم چی‌یە ؟!. خەوەکەم ڕابوو ! » . ئا .. بە سەرزاری وەها .. بەڵام لە ناخدا ئەو دەستی خۆی وەشاند !. خۆ چیرۆك نووس ، ئەویش هەر دەتوانێ بڵێ : « بابە من چیرۆکێك بوو نووسیم یا ئەمنووسی ! » . بەڵام لە واقیعدا چەزرەبەی خۆی وەشاندووەو سەری لووتی چەوسێنەرە دڕندە لەخۆبایی‌بوەکانی بێچووزاندۆتەوە .

★★★

بەڵام دەربارەی وەرگێڕانەکەی کە هی ئەدیبی لاو ابو بکر خۆشناوە ، لە هەندێ کەموکووڕی بەدەر نی‌یە . بۆ نموونە سەرنجدەنە ئەم پەرەگرافە : ((ئەوە ئاغا ـ بە کە لەشتکی گەورەو قەڵافەتێکی بەرزی هە ـ بوو ـ دەموچاوێکی سپی‌و نەرمی هە ـ بوو ـ . بەڵام خزمەتکارەکە هەستی بەوە دە ـ کرد ـ کە هیچ نی ـ یە هیچی بێوە نەما ـ بوو ـ . حەزی دەکرد ، بووبا .... هتد)) . بەبنی داشەکان شوێن هەڵەکانی زمان دیاری دەکەن ـ کات ـ . جگە لەوەی مانای گشتی پەرەگرافەکە شێواوو ئاڵۆزە . هەروەها هەڵەی (وە) ، (گریان لە قورگی‌یە ـ وە ـ) پێویست نی‌یەو دانراوە . یا لە دوا دوو ـ سێ دێڕدا (هەموو کەسێکی پاك ـ وە ـ) پێویستەو دانەنراوە . ئینجا لە شوێنێکدا دەڵێ : ((بۆ جاری دووەم خزمەتکارەکە ویستی وەرام بداتەوە)) کوا جاری یەکەم !؟..

Institut Kurde de Paris

کورته باسێك دەربارەی مێژووی دراما

• طلعت حامد سامان •

بەگوترەی توانا هەوڵدەدەین باسەکەمان ڤراوا ڕبێت و زۆربەی کوونوقوژبنەکانی ئەم هونەرە پیرۆزە بگرێتەوە . لە سەرەتای پەیدابوونی ڕوالەتەکانی سەماوە (کە جۆرێك بوون لە نواندنی بانتۆمایم)(١) تا دەگاتە درامای فیرعەونی و گریکی و ڕۆمانی و درامای ئەوروپایی کۆن و نوێ . هەروا باسی درامای ئاسیایش دەکەین ، تا دەگاتە درامای عەرەبی لەعیراق و لوبنان و سوریا و میسر . تەوساکە هەوڵدەدەین ئەم مێژووە گوێ‌ئاڕەی دراما بەبەستینەوە بە درامای کوردی و چۆنیەتی پەیدابوونی و ڕەشەسەندنی ..

پێش ئەوەی (تیبیس ٥٣٥ پ . ز ،٢٠) لە کۆرس جیابێتەوە و دەست بکات (بەتەنیا) بەنواندنی کشت دەورەکانی یەکەم درامای بێکیاترو لە دیالۆگ و بانتۆمایم .. ئەکەر سەمای دەکرد .. چونکە زۆربەی مێژوو نووسانی درامایان وایە کە هونەری درامای لەبنەڕەتەوە بەشێکە لەهونەری سەما (شلدۆن تشینی) لەم دوورتر دەڕواو دەڵێ سەما سەرچاوەی کشت هونەرێکی تادەمیزادە . بۆ سەماندنی ئەم رایە کەلێك نموونەی هێناوە تەوە لەباری ژیانی کە لە سەرەتایی یەکانی کۆن و نوێ .

مرۆڤی سەرەتایی هەر لەوکاتەوە چاوی کردۆتەوە لەسەر زەوی ، دوچاری چەندەها کێچەلی دیارو نادیار بوە . توشی گیروگرفتی سەیرو بەهێزبوە . کۆمەڵێك نهێنی لەبەردەمدایە ، دەیێ کلیلەکانیان بدۆزێتەوە ئەگینا

ناتوانێ زۆرانبازی لەگەل سروشت بکات ، ناتوانێ بوونی خۆی بپارێزێ . ئەم مرۆڤە ساویلکەو نەشارەزایە ، ئەم مرۆڤە ئاوارەیەی سەرزەوی دەبێ لەنهێنی هەوروبروسکەو شەوو ڕۆژ بکات . دەیێ مانایەك بۆ لافاوو بومەلەرزەو دنیاسۆر وەدی بهێنێ ..

کاتێ مرۆڤی سەرەتایی بەیدا بوو ، زەوی لەو بەری کەنجایەتی دابوو .. لەوبەری هێزو توندی و کرژی دابوو جا مانەوەو خۆباراستن ، لەم جیهانە نەناسراوەدا ، لەنێو ئەم هەموو نهێنیە سەر سوڕێنەدا ، هێزێکی گەورەکە وەك هێزی دیناسۆر . کەچی مرۆڤ ، هەلبەتە ئەم هێزەی نەبوو .. بەلام کەی هێز ، تەنیا هێز ، بوەتەمایەی سەرکەوتن و نەمری !؟ کەواتە شتێکی تر هەیە ، هێزێکی تر هەیە لەناخی مرۆڤ ، لەنێو دڵی ، لەمێشکی دایە .. هێزێکی تایبەتی بە مرۆڤ ، ئەویش هەست کردن و بیرکردنەوەیە .

هەست کردن بەناوارەیی و جەوساندەوەو بیرکردن و بشکنین لەهێزی لابردنی .

مرۆڤ ئەم هێزە تایبەتیەی هەبوو بۆیە پەرەی سەندو دیناسۆر فەوتا .. ئەمە سەوداسەری و دڵداری و عەودالی و زۆرانبازی لەگەل سروشتدا ، مرۆڤ بەکەم هەنگاوی سەرکەوتووی نا . کۆمەڵی دروست کرد . بەمەدا هەندێ پشوی هاتەوە بەر بۆی دەرکەوت کە تەنیا هەر ئەو ئاوارە نیە مرۆڤی ترپش هەن . دەبێ پێکەوە خەبات بکەن ، هێزیان بکەنەیەك . بێکەوە بیربکەنەوە . بەیەك قەڵغان بوەستن بەرامبەر هێزە روخێنەرەکانی سروشت .

پێکهێنانی کۆندی یەکەم کۆمەڵگای یەکەم بوە هۆی ئەوەی زانیاری مرۆڤ بەرەبستینی و نیمچە ڕۆژمێك پەیدا بکات لەبنەڕەتدا بایەش کردنی ئیشو بەرژەوەندی ئاوان کۆمەڵ و خێزان ، لە پێناو باراستنی مرۆڤ لەدوژمنە سروشتیەکانی . بەوجۆرە جەنگاوەر و یاری ئایین و کونخاو سەرۆك پەیدا بوون .. دروستبونی کۆمەڵ بوەهۆی ئەوەی ڕێکا بدۆزرێتەوە بۆ لە یەکگەیشتن و دەربڕینی هەست و نەست و نارەزوەکانی ئەندامانی ئەم کۆمەڵە .. بەوجۆرە مرۆڤ سەمای داهێنا .

بەڵێ سەماتاکە ڕێبازبوو بەدەست مرۆڤەوە بۆ دەربڕینی هەست و نەست ، بۆ بارانەوە لەخواوەند ، بۆ هاندانی جەنگاوەران بۆ دەربڕینی ئەو خۆشی و ناخۆشیانە کە مرۆڤی سەرەتایی هەستی پێدەکات وانە سەمای مرۆڤی سەرەتایی وەکو پێداویستیکی گرنگ بو لە ژیانی ڕۆژانەی . ئەگەرچی ئەم سەمایە هیچی بەسەر هونەری دراماوە نەبو (بەو مانایەی ئێستا) بەلام وەکو شلدۆن تشینی دەڵێ ، بزووتنەوە ڕتکەکانی وجولانەوە بەپلانەکانی نیشانەو تۆیی هونەری درامایان تیادا بو .. جا ئێمە ئەگەر چاوێك بخشێنینە مێژووی ئەوە سەرەتایەکان ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ کە سەما تا چ ڕادەیەك کارنگەربوە لە ژیانیدا . مرۆڤی سەرەتایی سەمای دەکرد بۆ ڕاو ، بۆ باران وبروسك . بۆ ڕۆژو گیاو مێوەو ئاژەڵ و ، بۆ زاوزێ و دلداری . لەمانەش گرنگترو لە سەرەوەتر سەمای نواندن . ڕاوکەرەکە خۆی دەشارێتەوە لەپەنادار و بارێکی چردا . شێرەکەش دەنەڕێنێ و دەمڕێنێ . ڕاوەکەر نێزەکەی دەوەشێنی ، شێرەکە هەلەت دەبا ئێمە وا ئونجاوین و هەناسە بربوین و ئاخو ئوخمانە لەبەر سەیری ئەم ڕوداوەو لەترسان (بەم جۆرەش یەکەم تیبی کورس پێکهات) نێزەکە بەشێرە دەکەوێ شێرەکەش زرپەی دێ و هەناسەی لێ دەبڕێ . بەم جۆرە دراماکە کۆتایی دێت .)

ئەم نموونەیەی لەسەرەوە باسکرا پاڵپشتکەش کرا بێ بەسەما دەچێ نەك دراما بەلام لەڕاستیدا جۆرێکە لە دراما ، چونکە هەمان مەبەستی درامای بەخشی . ئاشکرایە سەما هۆیەکە لەپێناو دەربڕینی هەست و سوز ، بەلام دراما دەبێ کرداری .

تیادابێت . کردار لە نموونە کەدا ڕاوکردنی شێرەکەبوو .

شایانی باسە ، زۆربەی هۆزە سەرەتاییەکان پێش ئەوەی بچنە کۆری جەنگ ، سەمای جەنگاوەران پێشکەش دەکەن . لەو سەمایەش وەکو شلدۆن تشینی دەڵێ ، لەبەر دوو هۆیە یەکەمیان تارەزامەندی و قایل بونی خواوەند دەستگیرکەن لەکاتی جەنگدا سەرکەوون و زیان نەبەخشن . هێزی دووەمیش ، تا جەنگاوەران هاندەن و گیانی نەبەزی و پالەوانی بخەنە دڵیان .

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ، کە ئەو سەمایە تا ڕادەیەك وردەکاری درامای دەبەستێتەوە بە مەبەستی ئایینی و ڕۆژانی . ئۆمس هەمایر) باسی جۆرە سەمایەکی جەنگی دەکات کە هۆزەکانی (ناگا)ی هیندی دەیکەن .

سەمایەکە بەخۆبشاداتیکی

جا ئێستا ئەم دوو ڕاوە جەنگاوەرەتان دەست پێ (یەکەم دوو ئەگەر لەم ژوودا) چۆنیەتی بەسەرهاتی ڕاوە کەمان نیشان دەدەن . ڕوداوەکە وەك چیرۆك ئاگرنەوە ، بەلکو بەشێوەی ڕاستەقینەدان . بە گشت ئەوەشدا ئۆك بەجۆرێکی سەیر بە شێر دەچێ . وا دیارنی یە یەکێك بێ لە ئێمە . هەلبەتە ئەمە ئۆکە ، بەلام ئەمە شێرپشە !؟



دەکرد لە پێناو ڕاکێشانی ڕەزامەندی و قایل بونی خواوەند . تا نەخۆشی لەناویاندا نەمینێ و ڕۆژاری یان تا لە دوژمن و زەوی و زاریان بە بێت و بەرەکەت بێ و لە ڕاوکردندا هەمیشە بێنتیجە نەگەڕێنەوە . هەربۆیە دەبینین شوێنی سەماکردن گەلی بەرزترەو کۆنترە لە شوێنە پیرۆزەکانی ئاین .

لەگەل سوڕانی چەرخی ڕۆژگار (هێشتا هەرباسی چاخەکانی پ . ز دەکەین)ئەم سەمایە (بزوتنەوە ڕتك و بە لانەکان) بتر لە (بانتۆمایم) نزیك دەبێتەوە . ڕوالەتی لاساکردنەوەی تیاء بەدی دەکرێ . (چۆنس نمونەیەکی ئەندیشەیی دەهێنیت ، بەلام زۆر نزیکە لەوەی ئەم، بۆی چوویەن . چۆنس دەڵێ :

« وادانێین ئێمە گەراوینەتەوە ـ چاخەبەردینیە کان ـ چاخی مرۆڤی ئەشکەوت و دیناسۆرو وئەم دیاریەکانی ئەشکەوت . دونیاشەوە ، لەبەردەم ئاگردان دانیشتوین . ئۆك پاو ، پۆنج ، جلب لەگەل زووی منالو کشت ئەندامانی هۆزە کەمان . لەلایەکەی تری ئاگردان ، گەورەو سەرۆکەکان دانیشتون ، ئەوانە لە ئێمە بەهێزترو چابوك ترنو توانایان زیاترە . تەنانەت ئەمرۆ شێرنکیان کوشتوە ، ئەم ڕوداوە بەگجار کاری تێکردوین . باس هەر ئەو باسەیە . فەرموو ئەوە پێستەشێرەکە فڕێ دراوە لە نزیك ئاگردانەکە .. ئەها ، ئەوە سەرۆکی هۆز هەستاو کوتی ـ شێرەکەم کوشت ! بەڵێ من کوشتم ، شوێنیم هەلگرت . هێرشی بردەسەرم کە نێزەکەم لێ وەشاند ، بەکسەر کەوتو هەناسەی لێبڕا . بەوجۆرە سەرۆکی هۆز ڕوداوەکەی بۆ گێڕاینەوە بەلام لە ناکاوقیت وەستاو پیرۆکەیەکی بۆ هاتو کوتی ـ با بەشێوەیەکی جاکتر جیرۆکەکەتان بۆ بگێڕمەوە . بڕوانن ، ڕوداوەکە بەم جۆرە بوو ، بالاسای ڕوداوەکەتان بۆ بکەم ـ تا لەم کاتەدا دراما لە دایك بوو .

سەرۆك دەست بەگفتوگۆ دەکاتەوە ـ لە دەورم دانیشن ، ، ئۆش ، ئۆش .. لێم نزیك بنەوە تا دەستم پێتان بگات . ئۆك ، هەستە ، هەستە ببە شێرەکە . ها ئەوەتا چەکو تفاقیانەوە بەرەوپێش هەلەت دەبەن ، بە گوێرەی توانا خۆیان لە زەوی نزیك دەکەن ، تا وای لێدێت تەنیا ڕیزێك قەلغانت لێدیار دەبێ . کاتێ بە تەواوی لە دوژمنە نادیارەکە نزیك دەبنە بازێك داوێنو هێرشی دەبەنە سەر . پاش کوشتنی تیبی دوژمنەکان ، گلافەیەك گیا لە زەوی دەپچڕێنن ، ئەوە نیشانەی سەری کوژراوەکانەو بە بیور هەپرون بە هەپرونی دەکەن . کە دەگەڕێنەوە بۆ ئاوایی هەرکەسەو مشتك خۆلی هەلگرتوە ، گوایە سەری مرۆڤی ڕاستەقینەیە کە دەگەنە ناو دێ ، ئافرەتەکانیان هاوبە شیان لەگەلدا دەکەن بە سەماکردن و گرانی ، بەبۆنەی سەرکەوتنیان بەسەر دوژمن .)

لەو سەمایەدا دیمەنی خۆئامادە کردن بۆ جەنگ و هەلەت بردن و تێك گیر بوون و سەرکەوتن ئاشکرا دیارە (پێشەکی ، زۆرانبازی ، ئەنجام) ، بینەر (هەرچەندە سادە بێت) یەکسەر تێدەگات کە مەبەست لەم سەمایەدا وەسفی جەنگە ، کەواتە سەماکە زۆردووەرە لەمەبەستی ئاسایی ئێستای . سك بادان و لەش نیشاندان . ئەو سەمایە جیرۆکێکی بانتۆمایمەو مەبەستێکی خاوێن و بێگەرد دەبەخشێ بەبینەر ... (بانتۆمایم)یش جۆرێکە لە جۆرەکانی دراما ، هەندێ لە گەلەکۆنەکان هەرگیز او هەرگیز سەمایان لە دراما جیانە کردۆتەوە . بۆ نموونە لە کەمبۆدیا تا ئێستا بەهۆی دراما دەڵێن (خانەی سەما) .. وە لە هیندوستاندا ووتەی (نادامی سەنسکریتی) بەمانای دراما بەکاردەهێنن ، (نادام) لە بنچینەدا مانای (بەشی سەمایە) .

پاش ئەوەی کورتە باسێکمان پێشکەش کرد دەربارەی سەرەتای پەیدابوونی دراما و بەوەندی بنەڕەتی بە سەماوە ، پرسیارێك دێتە کۆری . ئایا لەپێش پەیدابوونی درامای گریکی شانۆمەوە (هیچ شتێکی وا نازانین دەربارەی شانۆ ، تەنیا ئەگەر شتێکی کەم وەدەستبکەین .) بەلام ئەوەی ئاشکراو ڕوونە مێژوو بۆمانی جێهێشتوە ئەوەیە کە مرۆڤی سەرەتایی لە سەماکرنا (ماسکی) بەکارهێناوە . هەر ماسکێکیش بۆ مەبەستێکی یا هەستێکی تایبەتی دروست دەکرا . بێگومان هۆی بنەڕەتی بەکارهێنانی ماسك ، لەپێناو لاساکردنەوەو بەهێزکردنی کاریگەری درامی بوو . هەر سەماکەرێ چەند ماسکێکی هەبوو ، هەر ماسکێکیش بۆ هەستێ بوو .. ماسکی تورەبون و خەمو شادی و ترس و هتد . هەرچەندە مێژووی بەیدابونی ماسك زۆر کۆنە ، بەلام هونەرمەندی چەرخی بیستەمیش جارهەیە ماسك بەکاردێنی بەتایبەتی هونەرمەندە (تعبیری یەکان) . هەرچەندە پشکنین و لێکۆڵینەوەی مێژووی دراما هەرگیز دوایی نایەت ، بەلام ، هەر لە کەمی ، تارادەیەك ، کورتە باسێکمان پێشکەش کرد ..

سەرچاوەکان :

١ ـ مێژووی دراما لە سێ هەزار ساڵدا .
٢ ـ مێژووی دراما ـ لیۆن شانصوریل .
٣ ـ شانۆگەری ـ پەیابوونو مێژووی ـ عمر الدسوقی .

دەنگی

ـ کتێـــــبو .. شتەکانی تر ..! ـ

محمود زامدار

● ڕاستە : بەر لەپێنج سەدساڵو بەر لەداهاتنی تورقوشمی چاپخانەو بەر لە چاوهەڵێنانی کرێکارە بلیمەتەکەی کوردە جەرمەنیان « گۆتەنبورگ »ناو .. بە هەزاران هەزار ساڵیش بەر لە ئەوو بەر لەئێمەیش (کتێب) هەر هەبوە ، هەر دڵداری لەگەڵ مرۆڤەکانی هیندستانو سۆمەر وچینو میسرو یۆنانستان .. ووو .. کردوە ، بەڵام زۆر دەگمەن بوەو دەس هەمو کەس نەکەوتوەو نرخی بەزێر قرسێنراوە .. بۆیە دەورەکەیشی هەروا کەمولاوازبوە .. ئەوانەی متووی بووینە ، کاڵای ناسنی ڕێی هاتو نەهاتیان بۆ لەبێ کردوە! بەڵام دوای پەیدابوونی چاپخانەو دنیای بەرگوشاری چاپخانە ، کتێبیش وەکو هەمو شتێکی تر بەرەی سەندو گەیشتە بەر دڵو دیدەو دەستی گەلانی زیندو ، تا بەتەواوی سەرچەمی ئێزگەی ڕواڵەتو خربەو تاوەخەونو هەنگاوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی وەرچەرخاندو خستەنێو بۆتەیەکی تازە ترەوە .. ئەو کودەتا ئاشکراو مەزنەی کە چاپخانەو کتێب لە ئێوان ئەم چەند سەدەیەو لە گشتلایەنێکی ژیانی شارستانیەتی ئەم جیهانەدا گێڕایان ، حسێبێکی هەرە زل و گرانبەهای لە تەمەنو مێژوی درێژخایەنی (ووشە)دا بۆگێڕاوە .. چونکە هەزاران ئارەزومەندومێشك تەپو ژانگرتوو ، لەژێر ساووستیەری سایەبانی‌دا ، هەڵگژانە سەر ترۆکەی شاخی زێنو بەرندەی خەونو خەلیان بەرەو ئاسمان لەشەفقەی بالی‌دا ..!

● لەنێو لانکەی کتێبدا ، هەمو ئەزمونو سەرهەلدانو بڕۆژەو داهێنانو مێژوی فیکرو یادگاری گەلان بارێزراوەو ئەبارێزرێ .. گەر کتێبنەبوایە ، ترسی تۆمارەکان نەبوایە ، نەهەنکە بژرەکان تۆزقاڵ سلیان لە هەڵوشینی سورەماسیەکان نەئەکرد ..!

کتێب : هەمیشە پەیامبەری زانستو فیکرو ژانو جێژو ڕێبازو خەونەکانبوە .. لەنێو کتێبا مرۆڤ دەرکی بەگەورەیی خۆی و گەردون هەستی بەسەرسامی ی ژیانو بەرازەکانی بوون کردوەو درەوشاوەتەوە.. لە کاتی دڵگوشرانو گومانو سەراسیمەیی و لێقەومانو نوجدانو نیگەرانی و ڕارایی‌دا ، کتێب نزیکترین دۆستی مرۆڤ بوەو مەزنترین دەوری دیوەو ئەبینێ .. گەر کتێب نەبوایە ، ڕۆژی ئەمڕۆ ، مرۆڤایەتی هەزار ئەوەندەی تر ، دوچاری چەشنەها نەخۆشی و مەترسی شارستانیو سایکۆلۆژی ئەبو.. باری گرانترو ژانی فورسترو ژیانێکی نەزۆکو بێتام ، بەقیزوبێزەوە لە بەرزینی ئەگرت ..!

● بەڵام ....! ئەوەی جێی داخو خەمو پەژارەیە ، ئەوەیە : هەندێ ـ بۆ نمونە ـ دەستاوێژو هۆی‌تری وەکو : « سینەما ـ تیاترۆ ـ شانۆ ـ تەلەفزیۆن ـ ڕادیۆ ـ ڕۆژنامە ـ موناقەشە ـ گۆڤار.. تاد » بەیتا بەیتا خەریکن جێ بە کتێبو بە (ووشە)لەقو لیژنەکەنو چوختیانەخۆیان ڕەپێش دەکەنو دێنەکۆڕەکانی ژیانی ڕۆژانەی ڕۆژشنبیرو خوێندەواران ..

من ناڵێم : ئەم شتانە خەرابن و ئەبێ قەلاچۆبکرێن ، بەڵام ئەڵێم : گەر بە باشی ئەم دیاردەیە بژاربر نەکرێ و لێی نەکۆڵرێتەوە ، لە ئەنجامانەبێتە مایەی مەترسیەکی کوشندە ، بۆ کتێبو بۆ ژیانی ڕۆژشنبیری و فیکریمان ..!

بێگومان ئەم شتانە ، دەورێکی یەجگار زل و مەزنیان لە گۆڕینو هەڵتەکاندن وەرخساندنو گەشە پێکردنی ژیانو مرۆڤا هەبوە وهەیە..لە سینەمادا گەلێ شتی بەرز پیشان ئەدرێ ، لە شانۆدا چەشنەها ژانەفیکر سەردەرەکا ، لە کونجی ڕادیۆنەوە گەلێشتی بەهاداری ڕۆژشنبیری ئەبیسترێ ، لەیەنجەرەی تەلەفزیۆن‌دا ، دەیەها شتی ئەدەبی و هونەری بەنرخ ئەبینرێ .. لە موناقەشەدا زۆر شت سەنگو سوزن ئەکرێ ، ڕۆژنامەیش کەمتەرخەمی لە بەخشینەکانی خۆی ناکات ..! بەڵام هەرگیز او هەرگیز ژیان بەبێ (کتێب) هەڵناکات و ئەم شتانەیش شوێنی کتێب ناگرنەوە ..! چونکیم ناتوانین لە سایەی سینەماو شانۆو تەلەفزیۆنو ڕادیۆو ڕۆژنامەدابین بە خودانی ڕۆشنبیریەکی پوختو بەپێتو ڕەسەنو هاوچەرخانە .. خوێندنەوەی کتێب دوبارەو هەزار بارەئەکرێتەوەو هەر بە گەرمییش ئەمێنێتەوە ، بەڵام ئەمانە ..نەء !؟ لەرێی سینەماو ڕادیۆو تەلەفزیۆنو شانۆو ڕۆژنامەوەجۆرەها شت ـ بێسەروبەر ـ دەناخرێتە گوێچکەی (کویرەخوێندە واری) نیمچەو نابەلەدو ئەبێتە مایەی سەرلێشێواوو چەواشە بوون ..!

کەچی کتێب ، زۆر بە شێنەیی و بەمیهرو سۆزەوە دەس ئەگرێ و ئەبێتە پێشەنگ.. لە کتێبا مەودایەکی یەجگار فراوان بۆبیرکردنەوەی قووڵو لەبارو شیاوەهەیە ، چونکە (هەڵبژاردن)ی تێدایەو سەرازادی ..

کەچی لە هۆیەکانی تری ڕاگەیاندنو فیکردا ئەو هەڵبژاردنە هەروا بە ئاسانی و ـ بەسەربەستی ـ چنگ ناکەوێ ، کە هەڵبژاردنیش نەبوو ، پرۆژەی هیچ چەشنە بەرنامەیەکی فیکرو لێکدانەوەئەکایە دانیە ..!

● بەداخەوە ، ئەوانە ـ نەك کتێب ـ پەتای نەخۆشیەکەیان وا تەشەنەی کردوە ، بۆتە مایەی مەترسیەکی زۆر سامناك ، بەشێوەیەکی وایش ، کەبۆتە بێبڕێوی دەستەیەکی باشی ڕۆشنبیران و ـ نیمچە خوێندەواران و ـ شوێنی (کتێب)ی گرتۆتەوە ، کە ئەمێ بە بەلە چارەسەری بۆبدۆزرێتەوە ..دەنا وردە وردە کار لە کار ئەترازێ و ...!

بڕوانە ل : ١١

Institut Kurde de Paris

له بروسکه‌یه‌کدا بۆ سه‌رۆکی فه‌رمانده :

فه‌زیله‌تی قازی‌یه‌کی به‌غدا بیزاری خۆی به‌رانبه‌ر به کلکه‌کانی ئیستیعمار ده‌رده‌بڕێت که دژی وولاته‌که‌مانن

فه‌زیله‌تی قاضی یه‌کـــه‌می به‌غدا به بۆنه‌ی بیره‌وه‌ری لـــه دایك بونی پیغه‌مبـــه‌ری مه‌زنمانه‌وه بروسکه‌یه‌کی بـــۆ سه‌رۆکی فه‌رمانده احمد حسن البکر ناردوه که تیایا بیـــزاری به‌رامبه‌ر کرده‌وه خیانه‌تکاریه‌ـ کانی کلکه‌کانی ئیستعمار ده‌ر بڕیوه که دژی نه‌ته‌وه‌که‌مان و شارستانیتی و سه‌قامگیر بونی ئه‌جوانیـــه‌وه . ئه‌مه‌ش ده‌قی بروسکه‌که‌یه :

به ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان

مهیب احمد حسن البکـــر سه‌رکۆماری به‌رێز

به بۆنه‌ی نزیك بونـــه‌وه‌ی بیره‌وه‌ری لـــــه دایك بونی جنگاوی شاتاری هه‌مو جیهان « محمد » درودی خـــوای لێ بێ ، خۆم به به‌خیـــار ئه‌زانم جوانترین پیرۆزبایـــــــان بشکه‌ش بکه‌م .

خاوه‌نی ئـــــه‌م بیره‌وه‌ریه‌پیرۆزه به فه‌رمانی خـــــوای مه‌زن و تێکۆشانی خـــــۆی و هاریکاری هاوڕێ و که‌سه‌کانی توانی گه‌لای ئه‌فسانه‌و تاریکی تێك بشـــکێنێ و بنکه‌ی ماف و دادپه‌روه‌ری دابمـــــه‌زرێنێ چه‌ماوه‌ری گه‌له‌که‌مان کـــــه دئســـــۆزی ئیشتمانه‌که‌یانن و وه‌فادارن به‌رانبه‌ر بیرو باوه‌ڕی خاوه‌نی ئه‌م بیره‌وه‌ریه پیرۆزه‌به توندی بیزاری خۆیـــــان به‌رامبـــه‌ر کرداری ئاپاکانه‌ی کلکه‌کانی ئیستیعمار ده‌رئه‌بڕن که دژی نه‌ته‌وه‌و شارستانیتی و سه‌قامگیری مان ئه‌جوانتـــه‌وه .. وه هه‌روه‌ها باوه‌ڕیان بـــه سه‌رکرداییه‌تیه لێ هاتوییه‌که‌ـ نانو برا شورشگیره‌کانمـــان هه‌یه بۆ پاراســـــتنی یه‌کێتی نه‌ته‌وه‌که‌مان و ده‌ســـکه‌وت و ئامانجه باشـــه‌کانی و ڕاڕه‌وه سه‌رکه‌وتوانه‌که‌ی .

له یه‌زدان ئه‌خوازم که ئاواو خۆراگریتـــان بداتـــێ بـــۆ به‌ختیاری و سه‌ربه‌رزی ئـــه‌م نه‌ته‌وه‌یه ، تاکو ئالای ئـــیسلام هه‌ر شه‌کاوه بێ ، خوا داوامان بێنێته دی .

عبدالقادر ابراهیم
قاضی یه‌که‌می به‌غـــدا

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ پاش نیوه‌ڕۆ به‌رێز سه‌رۆك احمد حســـن البکر له مه‌کته‌بی ره‌سمی خۆی لـــــه کۆشکی کۆماری چاوی که‌وتوه به وه‌فدێکی زاناو پیـــــــاوه ئاینیه‌کانی پارێزگای که‌ربه‌لا .

سه‌رۆکی به‌رێز له سه‌ره‌تادا به‌خێر هاتنی زاناو پیاوه به‌ڕێزه ئاینیه‌کانی کردوه‌و سوپاسی هه‌ڵوێســـتی مه‌ردانه‌یانی کردوه‌و هاوکاری کـــردنی دلسۆزانه‌یان له‌گه‌ڵ حکومه‌تی نیشتمانی‌و پشتگیری ته‌واویـــــان به‌رامبه‌ری کاروباری شۆڕش دژی ئه‌وانه خیاتیـــان به‌رامبه‌ر گه‌ل‌و ته‌وه‌ی که‌یان کردوه .

سه‌رۆکی به‌رێز ئه‌وه‌ی دووپات کرده‌وه شۆڕشی ١٧ی ته‌موز که گیانی خۆشه‌ویستی‌و خوو ره‌وشـــتی باڵاو برایه‌تی‌و یه‌کسانی له ناو ڕۆله‌کانی گه‌له‌کـــه‌مانا بازو کرده‌وه به‌بێ سه‌یرکردنی ئه‌وه‌ی سه‌ر به چ ئاین‌و نه‌ته‌وه‌یه‌ك بن ، ئه‌م هه‌ڵوســـــته‌ی له‌به‌ر ڕۆژگاریکی دیاری کراو نه‌بووه ، به‌ڵکو چه‌سپاندنی باوه‌ری حزبه سه‌رکرده‌که‌یه‌تی حزبی به‌عسی سۆشیالستی عه‌ره‌ب که نازایانه سه‌رکرداییه‌تی ده‌سه‌ڵاتداریه‌تی له عیراقـــدا ئه‌کات له‌ژێر دروشمی ئامانجی نه‌ته‌وایه‌تیدا له یه‌کێتی‌و سه‌ربه‌ستی سۆشیالستیدا .

سه‌رۆکی به‌رێز ڕوونی کرده‌وه کـــــه شۆڕش هه‌نگاوی ســـــاغ‌و چه‌سپاوی خۆی به ره‌وپیشه‌وه‌ی قۆناغی بیناکاری‌و مامه‌له‌ی ئاساییدا ئه‌نێ . چونکه پشتی‌و باوه‌ری فراوانی چه‌ماوه‌ری پێ دراوه که به قووڵی له ده‌وری کۆبۆته‌وه‌و له به‌رنامه‌که‌ی خۆی پاشـــــه‌ڕۆژ بیته‌وه‌و هه‌موو پیلانیك ووردو خاش ئه‌کات کـــه دژی شۆڕش وده‌سکه‌وته‌کانی بێت .

یه‌کێك له زانا ئاینیـــه‌کان به‌ناوی هه‌موو ئامادەبووه‌کانه‌وه سوپاسی سه‌روکی به‌رێزی کرد که هـــه‌ڵی چاو پێکه‌وتنی به‌رێزی بۆ ره‌خســـانده‌و ڕێزی باڵای بۆ سه‌رکرداییه‌تی سیاسی حزب‌و شۆڕش ده‌ربڕی به‌رامبه‌ر ئه‌و ته‌قه‌ڵلایه‌ی بۆ سه‌رنوگم کردنی ئه‌و هه‌وڵه نارەوایه دای که مه‌به‌ستی ئه‌وه‌بوو ته‌قه‌مه‌نی بخـــانه مه‌رقه‌دی ئیمام حسینی پیرۆزه‌وه و مه‌به‌ستی به‌رپاکردنی کاروباری وێران کاری‌و ئاژاوه بوو له ئه‌ربه‌لا به‌هـــــوی به‌کری‌ـ گیراوه‌کانی ئیمپریالیزم‌و کۆنه‌په‌رسته‌کانه‌وه له ڕۆژانی «٥» و «٦»ی ئه‌م مانگه‌دا .

پیاوه ئاینیه به‌ڕێزه‌کان به‌ئێنیان دا فه‌لغانی سه‌ختـــی شۆڕش‌و پشتیوانی سه‌رکرداییه‌تیه دلسۆزه داناکه‌ی بێ‌و دیسان نارەزایان ده‌ربڕی به‌رامبـــــه‌ر بەو کرده‌وه تاوانکاریه‌ی نیشانه‌ی ده‌به‌نگی‌و لادانه له هه‌مـــــوو قیمه‌تێکی مرۆڤایه‌تی .

ئه‌وه‌ی شایانی باسه ئیستاکه ژماره‌ی ئه‌و پیشانگاو لقانه ئه‌که‌نه ٥٤ پیشـــانـــگاو به‌سه‌ر هه‌موو ناوچه جیـــاوا‌ـ زه‌کانی وڵاتدا دابه‌ش کراون .

له‌و بروسکانـــــه‌دا ئاراسته‌ی سه‌روکی فه‌رمانـــده‌و هاوڕێ صدام حسین کراون :

چه‌ماوه‌ر له ده‌ره‌وه‌ی وڵاتاپه‌ژایی خۆیان به‌رامبه‌ر پیلانه‌که‌ی ئاژیمی به‌زیوی سوریا ده‌بڕیوه

له‌و بروسکانه‌دا که ئاراسته‌ی سه‌روکی فه‌رمانده **احمد حسن البکرو هاوڕێ صدام حسینی تێکوشـــه‌ر** کراون له چه‌ماوه‌رو ڕێکخراوه پێشره‌و عه‌ره‌بیه‌کانه‌وه‌و له‌و به‌یاننامانه‌دا که ده‌ربان کردوه ، باوه‌ری به‌تیـــــی خویـــــان دووپات کرده‌وه به‌وه‌ی شۆڕش ئه‌توانێ سه‌رکه‌وتنی نوێ دژی دوژمنه‌کانی لـــه ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و کۆنه‌په‌رست‌و به‌کری‌گیراوان وه‌ده‌ســـــت بخات .

چه‌ماوه‌رو ڕێکخراوه عه‌ره‌بیه‌کان نارەزایی و بیزاری خویان له‌و ته‌قه‌للایانه ده‌ربڕیوه که تاقمه به‌کـــــری گیراوه‌کان داویانه بۆ به هه‌ڵ زانینی ڕێکه‌وتنێکی ئایتی پیرۆز تا له‌و بۆنه‌یه‌دا کاری تێك ده‌رانه‌یان جێ‌به‌جێ‌بکه‌ن .. هه‌روه‌ها نارەزایان ده‌ربڕیوه به‌رامبه‌ر پیـــلانی ڕژیمی ســـــوریای داخ له‌دل به‌رامبه‌ر به شـــۆڕش‌و چه‌ماوه‌ره‌که‌ی .

کۆمه‌ڵه‌ی قوتابیانی عه‌ره‌ب لـــــه ئه‌نقه‌ره لـــــه بروسکه‌یه‌کدا ئه‌ڵێ : ئێمـــه نارەزایی خۆمان ده‌ربڕین به‌رامبه‌ر به‌و کاره‌ی تاقمێ کردویانه خۆیان به بێـــگانه فرۆشتوه‌و خیانه‌ت به‌رامبه‌ر نیشتمانه‌که‌یان ئه‌کـــه‌ن ، داوا ئه‌که‌ین به‌دەسته‌ی ئاسنین له سه‌ری خیانه‌ت کاران‌و به‌کری گیراوان بدەن‌و ئیمه‌ی ئه‌لبشتی به‌هیزی شۆڕشین بۆ پاراستنی ده‌سکه‌وته شۆڕشگێرانه‌کانی به سه‌رکردا‌ـ یه‌تی حزبی به‌عسی سۆشیالستی عه‌ره‌ب .

دیسان ئه‌و عیراقیانه‌ی کـــه لـــه ئه‌نقه‌ره‌ن لـــه بروسکه‌که‌یاندا نارەزایان به‌رامبه‌ر پیلانـــه‌کـــه‌ی ئه‌و ڕژیمه‌ی سوریا ده‌ربڕی وه که خۆی ئـــــه‌زانێ داوی پیـــلانه‌کانی ئیمپریالیزم‌و زایونیـــزمه‌وه هه‌روه‌ها وه‌ستانیان شان به‌شانی یه‌ك بۆ پاراســـــتنی کاروانی شۆڕشگیری جه‌ماوه‌ری که‌له تێکوشه‌ره‌که‌مان دووپـــات کرده‌وه .

ئا.د.ع

دوه‌مین ڕۆژی مانگی ئازاری داهاتو بیره‌وه‌ری له‌دایك بونی پیغه‌مبه‌ره ...

ڕۆژی چوارشه‌مه‌ کـــه‌رنگه‌وتی دوه‌مین ڕۆژی مانـــگی نازاری داهاتو ئه‌کات بیره‌وه‌ری له‌دایك بونی پیغه‌مبه‌ری مه‌زن (محمد)ه درودی خـــوای لێ بێ .

وه به‌م بۆنـــه پرۆژه‌وه‌دوێنێ فه‌زیله‌تی قاضی به‌غـــدا ئه‌م به‌یانه‌ی ده‌رکرده :

به‌ناوی خوای به‌خشـــنده‌و میهره‌بان .

هو الذی ارسل رســـــول‌ه بالهدی ودین الحق لیظهره علی الدین کله وکفی بالله شهیدا .

ـ صدق الله العظیم ـ

بڕیاردرا یه‌کـــه‌مین ڕۆژی مانگی ربیعی یه‌که‌می ســـاڵی ١٣٩٧ی کۆچی که‌روزی شه‌مه‌مه‌که‌ات‌و ڕێکه‌وتی ١٨ـ٢ـ١٩٧٧ له‌به‌رنه‌وه‌ی له فیواره‌ی ڕۆژی پێنج شه‌مه‌مه‌دا مانگ نه‌بینراوه ڕۆژی هه‌ینی کۆتایی مانـــگی سه‌فه‌ر بێ که ٢٠ ڕۆژ ئه‌کات، له‌به‌رئه‌وه ئه‌و پیره‌وه‌ریـــه‌ی ڕۆژی له‌دایك بونـــــی پیغه‌مبه‌ری مه‌زنمان (محمد)درودی خوای لێ‌بـــــێ ، ڕۆژی چوارشه‌مه ئه‌که‌ونته‌وه کـــــه‌دوازده‌یه‌مین ڕۆژی مانگـــــی ربیعی یه‌که‌م ئه‌کات‌و ڕێکه‌وتی ٢ـ٣ـ١٩٧٧ ئه‌بێ .

وه به‌م بۆنه پیـــرۆزه‌وه‌جوانترین پیرۆزبایی له‌هه‌مـــو برا موسلمانه‌کانم ئه‌که‌م ، وه‌له خوا ئه‌خـــــوازم‌و داوا له خاوه‌نی ئه‌م بیره‌وه‌ریه پیرۆزه‌ئه‌که‌مه‌وه که له‌سه‌ر ڕێگـــــای چاکه بمان هێنێته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی له‌ڕوی ئیستیعمارو ئه‌خشـــه کانیا ڕابوه‌ستین‌و پارێزگاری‌ڕێزی نه‌ته‌وه که‌مان بکـــــه‌ین چونکه هه‌ر ئه‌و فـــــه‌ریـــادره‌سمانه .

قاضی یه‌که‌می به‌غـــدا
عبدالقادر ابراهیم

دریـــــژه‌ی کـــــردنـــــه‌وه‌ی کـــــۆنـــــگره‌ی شـــه‌شـــه‌می کشت‌وکاڵ

هه‌روا هاوڕێ طاهر توفیـــق ووتی : کۆنگـــره‌ی ئه‌مساله‌مان له‌کاتێکدا ئه‌به‌سترێ که تیـــایا بڕیاری به‌رنامه‌ی وه‌به‌رهێنـــانو بۆمه‌ی گشتی له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی ئه‌خشه‌دانانه‌وه بڕیاردراوه ، که بۆته مایه‌ی ئه‌وه‌ی ئه‌خشـــــه‌ی به‌رهه‌مهێنان له‌ئه‌ك بۆچـــــه‌ی دارایی بڕیاردراوا بگونجێ .. ئێنجا ئیشاره‌تی بـــۆ ڕاپۆرتی ســـیاسی کۆنگره‌ی هـــه‌شته‌می هه‌ریمایه‌تی‌دا ، له‌باره‌ی مه‌سه‌له‌ی کشت‌وکاڵه‌وه ووتی : ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگره‌ی هه‌شته‌می حزبی

پێشره‌و ، حـــزبی به‌عســـی سۆشیالیستی عـــه‌ره‌ب ، ده‌ســـ‌ـ نیشانی کۆمیته‌کانی کشت‌وکاڵ‌و جاره‌سه‌ره‌کانی کـــردوه له‌ده‌ماتی پێشکه‌وتوی سۆشیالیستی‌دا .

به‌جێ‌گه‌یاندنی ئه‌و ئامـــۆ‌ـ ئاریانه‌ی که له‌و به‌ڵگه‌نامـــه مێژوییه‌دا هاتو ه‌له‌م باره‌یـــه‌وه .. ئه‌که‌وێته سه‌ره شانی ئێوه‌ی هه‌رکه‌س به‌گوێره‌ی شـــوێنی خۆی .. ئێوه ئه‌مڕۆ پتـــــر داواتان لێ‌ئه‌کرێ کۆمـــیته‌کان بدۆزنه‌وه به‌شیانگی مه‌وزوعیانه چاره‌سه‌ری‌بکه‌ن ، دور لـــه موزایه‌داتو راستی شاردنه‌وه .. هه‌روا موناقه‌شه‌کردنی ئه‌و ئه‌خشـــــه پێشیازکراوانه پشت به‌ستن به‌و ژمارانه‌ی که قابیلـــــی جێ‌به‌جێ‌کردنن ، له‌چوارچێوه‌ی ئه‌و توانایه‌ی که بۆ ده‌ســـــگیرکردنی توانا‌کان هه‌نخراوه .

هاوڕی صدام حسین گرنگی پێکه‌ڵدانی کۆڕه به‌ربڵاوه‌کانی بۆ لێکۆڵینـــــه‌وه‌ی هۆیه‌کانی نزم‌بونه‌وه‌ی به‌رهـــــه‌م داری دوپات کرده‌وه‌و گوتی ئێمه که له‌م کۆنفرانسه‌دا کۆبوینه‌وه‌ بۆ ئامادەکردنی به‌رنامـــــه‌ی به‌رهه‌مهێنانی کشتوکالی ساڵی ١٩٧٧ ، بێویسته سه‌رنجێکی زۆر بدەینه مه‌سه‌له‌ی به‌رهه‌م داری . ئه‌و کـــۆڕه به‌ربڵاوه‌ی له‌ئه‌بولی رابردودا بۆ لێکۆڵینه‌ـ وه‌ی هۆیه‌کانی نزم‌بونـــه‌وه‌ی به‌رهه‌مهێنان به‌سترا پڕ بـــو له‌ده‌رس‌و عیبره‌ت . ئه‌و کۆڕه پێداچونه‌وه‌یه‌کی بنیاتنه‌ر بـــۆ به‌ره‌وتی کارو به‌رهه‌مهێنان‌دا .

هاوڕێ سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی به‌رێزی کشتوکاڵ ستایشی ئه‌و پشتگیریه به‌رده‌وام‌و بایه‌خـــه زۆره‌ی کرد کـــه سه‌رکرده‌ی ڕتباژه‌که‌مان به‌رێز ســـه‌رۆك کۆماری تێکۆشه‌ر احمد حسن البکر به‌که‌رتی کشتوکالی ده‌داو زۆر سوره له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ئاڵای له‌کارو تێکۆشانی هه‌بێـــــت‌و له‌سه‌رکه‌وتنه‌کانی ئاگاداربێ ، هه‌روها نرخی بۆ هه‌ڵوێستی پته‌وی هاوڕێی تێکۆشـــــه‌ر صدام حسین دانا به‌رامبـــه‌ر به‌که‌رتی کشتوکاڵ‌و پشتگیری بره‌ده‌وامی له‌مه‌رتی کشتوکاڵ .

له‌کۆتایی وتاره‌کـــــه‌ی‌دا دلنیایی خۆی ده‌ربڕی که هه‌مو به‌شداراني کۆنفرانـــــــه به‌چه‌شنێکی کاریگه‌رو گیانێکی زانستی بنیاتنه‌ره‌وه لـــــه لێکۆڵینه‌وه‌ی ئه‌و مه‌سه‌لانـــه‌دا به‌شداردەبن کـــه هاتونه‌ته‌ڕێ بۆ ئه‌وه‌ی به‌رنامه‌یه‌کی ڕاست‌و واقیعی دابنرێ که بیتـــــه هه‌نگاوێکی به‌رچـــاو له‌ڕه‌وتی به‌ره‌سه‌ندنی گشتی کشتوکاڵ‌و پته‌وکردنی بناخه‌ی ئاڵ‌گـــۆڕه سۆشیالیستیه‌کان له‌لادێ‌دا ، ئه‌مه‌ش لـــــه‌ژێر ڕوناکایی ڕێنوێنی‌یه‌کانی ســـــه‌رۆکی ئه‌رمـــــانده‌و سه‌رکردایه‌تی شارەزای حزب‌دا .

له‌پاشان دوکتور حســـن فهمی‌جمعه وه‌زیری کشتوکاڵ‌و چاکردنی کشتوکاڵ ڕاپۆرتکی دریژی ده‌رباره‌ی پێشکه‌وتنی که‌رتی کشتوکاڵ له‌ســـــه‌ری شۆڕشی حه‌ڤده‌ی ته‌موزداو ده‌رباره‌ی ئاســـــۆی دوارۆژی کشـــــتوکاڵ له‌ژێر ڕوناکایی ڕێنوێنی‌یه‌کانی سه‌رکردایه‌تی حزب‌و شۆڕش‌دا خوێنده‌وه .. له‌ڕاپۆرته‌که‌دا گـــوتراوه .. کۆنفرانسه کشتوکالیه‌کانمـــان بایه‌خیان زۆر پێ‌دراوه چ به پشتگیری به‌رده‌وامی کـــه‌رتی کشتوکاڵ‌و چ به بایه‌ڵادانێکی تایبه‌تی به‌ئۆرینی بنچینـــه‌یی ئابوری‌و ئۆمه‌ڵایه‌تی ئـــــه‌م که‌رته . ئه‌وه‌ی نوێنی‌یانه له‌و چوارچێوه تیۆری‌و کطبیقـــی‌ـ یانه‌دا ده‌رکه‌وتون که لـــــه ڕاپۆرتی سیاسی ئۆنگـــره‌ی هه‌ریمایه‌تی هه‌شته‌می حـــزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب داو له‌ڕێنوێنی ڕاسته‌وخۆی باوکی فه‌رمانده به‌رێز سه‌رۆك کۆمارو هاوڕێی تێکۆشـــه‌ر صدام حسین وه‌ئه‌یراون .

هه‌روه‌ها وه‌زیری به‌رێز ده‌سکه‌وته‌کانی وه‌زاره‌تـــی کشت‌وکاڵ‌و چاکـــکـــردنی کشت‌وکاڵی له‌مه‌یانی ڕۆشـــبیر کردنی جوتیاران‌و مه‌شـــــق پێ‌کردنی پراودێره هـــــه‌ره‌وه زکاره‌کان‌و ده‌وره‌ی پێکه‌یاندن‌و مه‌شقی جووتیاران‌و کردنه‌وه‌ی مه‌لبه‌نده‌کانی له‌ناو بـــــردنی نه‌خوێنده‌واری له لادێکـــانی عیراق‌داو دامه‌زراندنی مه‌لبه‌ندی پیشه‌سازیی دێهاتی یه‌کان‌و مه‌لبه‌ندی پـــه‌روه‌رده کردنی لادێ‌و گه‌ڵێ له چالاکی‌یه جیاجیاکانی که‌ی خسته روو.

له پاشان دکتۆر مکـــــرم جمال وه‌زیری ئاودێریـــــی ڕاپۆرتێکی ده‌رباره‌ی چالاکـــی‌ـ یه‌کانی وه‌زاره‌تی ئاودێریـــی ساڵی ١٩٧٦و ئه‌خشه‌ی ئـــه‌و وه‌زاره‌ته‌ش بۆ ساڵانی داهاتوو خوێنده‌وه .. وه وێنی ئـــه‌و وه‌زاره‌ته به‌نیازی ئه‌وه‌یـــــه ئۆرانکاری‌یه‌کی تێکڕاو پله‌ی له‌باری کشت‌وکانی وڵات‌دا بکات‌و ئامانجیشی ده‌ســـت به‌سه‌راگرتنی ته‌واوی ئـــاوی دیجله‌و فورات‌و له‌کانیـــه‌تی بۆ پاراستنی وڵات له‌ڵافـــاوو له‌و ئیشاواته‌ش که هه‌موشـــێ له‌ئه‌ل خۆیانا ڕانه‌مان، هه‌روه‌ها ئه‌مبار کردنی ئه‌و ئاوانه‌ش له‌و ئه‌مبارانه‌ی بۆ ئه‌و مه‌به‌سته دروست ئه‌کرێن .

هه‌روه‌ها به‌رێز وه‌زیـــری ئاودێریی ده‌رباره‌ی گرنگترینی ئه‌و کۆسپانه که‌دێنـــــه ڕێی جێ‌به‌جێ کردنی پـــرۆژه ئاودێریی‌یه‌کـــانی وڵات دواو داوای کرد که ئه‌بێ ئـــــه‌و کۆسپانه لابه‌رێن وته‌خـــــت بکرێن ..

به‌رێز وه‌زیری ئاودیـــــری له‌ڕاپۆرته‌که ڕه‌نجه‌ی بـــــۆ ئه‌خشه‌ی ئیمسانی وه‌زاره‌ته‌که له‌بواری مه‌شق پێ کـــردن‌و ئاماده‌کردنی کادیری هونه‌ری‌و به‌ڕێوه‌به‌ری‌و حیساب گـــه‌ری

هه‌رێمی کشتوکالی ئه‌نجوماندا ئه‌کرا ئه‌وه‌ی ئه‌ڵێ ئه‌و کۆسپانه‌ی که‌ده‌بنه ڕێگر له‌به‌رده‌م کشتوکاڵ‌دا ئه‌مانه‌ن : ئه‌و ئاوه‌ی که‌ده‌گاته ئه‌و وڵاته له‌ڕێگای ئاوی ئه‌ڤراته‌وه‌ ئه‌وه‌ی که‌ده‌گاته ئه‌و وڵاته له‌ڕێگای ئاوی دیجله‌وه‌ ئه‌و

سه‌رچاوه‌یه‌کی لێپرسراو له‌باره‌ی به‌ره‌ڵلاکردنی گێراوه‌کانه‌وه‌وتوێژی

ڕۆژی یه‌کشه‌مه‌ی رابردو سه‌رچاوه‌یه‌کی لێپرسراو ، له‌وه‌زاره‌تی ناوخۆ بڵاوی‌کرده‌وه که کاربه‌ده‌ستان ، هه‌مو ئه‌وانه‌ی که له ئه‌نجامی لێکۆڵینه‌وه‌دا بێ‌تاوان ده‌رچوون ، له‌و کاره‌ی له تاوانانه‌ی که تاقمێکی به‌کرێ‌گیراو له (٥ ـ ٦)ی شوباتو به فه‌رمانو ئه‌خشه‌ی ده‌ستەو دایه‌ره‌ی ئیمپریالیزم‌و کۆنه‌په‌رستی سازاندیان ، به‌ره‌ڵلاکران ٠٠ ئێستا ته‌نیا (١١٨) که‌سیان به‌ گیراوی ماوه‌ته‌وه ٠

سه‌رچاوه‌که : خۆشنودی کاربه‌رده‌ستانی به‌وهاووڵاتیانه‌ی که دڵسۆزانه به ده‌نگی حکومه‌ته‌وه هاتوون راگه‌یاندوه ، بۆ دۆزینه‌وه‌ی ئه‌و تاقه به‌کرێ‌گیراوه‌و زڕاندنی هه‌وله‌کانی بۆ گێره‌شێوینی‌و پیلانگێڕان له‌سه‌ر ده‌سکه‌وته‌کانی گه‌ل‌و شۆڕشه مه‌زنه‌که‌ی ٠

ئاهه‌نگێکی ڕێزگرتنی یه‌کەم ده‌سته‌ی ئافره‌ته جه‌نگاوه‌ره‌کانی سوپای میللی له ته‌ئیم ٠

ئێواره‌ی یه‌ك شه‌مه‌ی رابوردوو یه‌کێتی گشتی ئافره‌تانی عیراق لقی پاریزگای ته‌ئمیم ئاهه‌نگێکی ڕێزگرتنی بۆ ئافره‌ته جه‌نگاوه‌ره‌کانی پارێزگاکه ڕێکخست ، به‌بۆنه‌ی ده‌رچوونی یه‌کەم ده‌سته‌ی ئه‌و جه‌نگاوه‌رانه‌وه ٠

له ئاهه‌نگه‌دا ، که له‌هۆڵی مه‌لبه‌ندی لاوانی که‌رکوك سازکرا هاوڕێ قاسم اسعد سلمان جێگری ئه‌میندارى سه‌رکردایه‌تی حزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب لقی ته‌ئمیم سه‌رکرده‌ی سوپای میللی له پارێزگاکه‌داو خێزانه‌کانی جه‌نگاوه‌ران‌و ژماره‌یه‌کی زۆر له هاووڵاتیه‌کان ئاماده‌بوون ٠

هاوڕێ سلمان وتاریکی خوێنده‌وه تیایدا وتی : شۆڕشی ١٧ی ته‌موز به‌سه‌رکردایه‌تی حزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب هه‌موو لایه‌نێکی کارکردنی له‌به‌ردەم ئافره‌تاندا کرده‌وه‌و ئیستا ئافره‌تی عیراق له هه‌موو مه‌یدانێکا له‌ته‌ك پیاو به‌شداری‌ئه‌کات‌و ئه‌مه‌ش به‌ڕێی بناوه‌ری شۆڕشه به‌وه‌ی که ئافره‌ت ده‌وره‌یکی گه‌وره‌ی له‌سه‌ره‌که ئه‌بێ له هه‌موو مه‌یدانه‌کاندا ببینێ ٠

ئه‌وه‌شی دووپات کرده‌وه که شۆڕشی ١٧ی ته‌موز به‌وریایی‌و چاوکراوه ده‌ستاوه‌و هه‌موو پیلانه‌کانی ئیمپریالیزم وزایونیزم‌و کۆنه‌په‌رست له‌ناوچه‌که‌دا هه‌لئه‌وه‌شێنته‌وه .

دوای‌ئه‌وه ، یه‌کێك له ئافره‌ته جه‌نگاوه‌ره‌کان و تاریکی خوێنده‌وه ، هه‌ڵسۆڕان‌و ده‌وری ئافره‌تانی له تێکوشانه‌کانی گه‌له‌که‌مان‌و هه‌ڵوه‌ستی نیشتمانی‌و نه‌ته‌وه‌ییه‌کاندا بیشان‌دا ٠

له‌کوتایی ئاهه‌نگه‌که‌شدا هاوڕێ قاسم اسعد سلمان دیاری‌و یادگاری پێشکه‌ش به ئافره‌ته جه‌نگاوه‌ره‌کان کرد ٠

ئا٠د٠ع

جه‌ماوه‌ری میلله‌ت‌و پیاوه ئاینیکان ناڕه‌زایی به‌رامبه‌ر هه‌وڵی وێران کردن ده‌ربڕین و سه‌له‌نوێ باوه‌ڕیان به‌توانای شۆڕش‌و حزبه سه‌رکرده‌که‌ی دوپات ده‌که‌نه‌وه‌و داوای سزادانێکی گرانی پیلان گێڕان ده‌که‌ن

جه‌ماوه‌ری میلله‌ت‌و پیاوه ئاینیکان به‌رده‌وامن له‌ده‌ربڕینی ناره‌زایی خۆیان به‌رامبه‌ر ئه‌و هه‌وڵی ویران کردنه سه‌رنه‌که‌وتوه‌ی به ئامانجی ناژاوه نانه‌وه له چله‌ی ئیمام (حسین) (د) دراوه ٠

وه باوه‌ری خۆی دوپاته کرده‌وه به توانای شۆڕش‌و حزبه سه‌رکرده‌که‌ی حزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب له‌به‌ر به‌ست کردن‌و پوچه‌ل کردنه‌وه‌ی پیلانه‌کانی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و کۆنه په‌رستان که به‌مه‌رام‌و ئامانجی راوه‌ستانی ڕێبازی شۆڕشه کۆنه ده‌ره‌که‌مان ده‌دڕێت ٠

له‌و بروسکانه‌دا که ئه‌و جه‌ماوه‌ره به‌رێنه بۆ سه‌رۆکی ده‌رمانده احمد حسن البکرو هاوڕێ تێکۆشه‌ر (صدام حسین)یان ناردوه ناره‌زایی به‌رامبه‌ر ئه‌و ده‌وره خیانه‌ت کاریه‌ده‌ربڕیوه که ڕژێمی ئه‌ه‌قه له کوێ ده‌یه‌وێ ده‌یبینێت ٠٠

به‌ڕێز عزیز صالح پارێزاری که‌ربه‌لاو هاوڕێ عارف حسین نجم ره‌میداری نهێنی حزبی به‌عسی سوشیالیستی عه‌ره‌ب لقی که‌ربه‌لا دوێنی له باره‌گای پارێزگاکه‌و باره‌گای سه‌رکرداییه‌تی حزب له که‌ربه‌لا پێشوازی نوێنه‌رانی جه‌ماوه‌رێکی زۆریان کرده‌وه که خۆی له ئه‌داهانی ژوری بازرگانی که‌ربه‌لاو خاوه‌ن بیشه‌کانیدا نواندبو ٠

ئه‌و وه‌فدانه ناره‌زایی‌یه‌کی ته‌واوی به‌رامبه‌ر ئه‌و ناژاوه‌و گێره شێوێنیه ده‌ربڕیوه که نۆکه‌رانی نیستیعماره‌و زایونیزم کردبویان له‌گه‌ل ئه‌و تاوانه که‌وره‌یه‌ی ده‌زگاکانی ڕژێمی سوریا ویستی جێبه‌جێی بکات ٠

ئه‌و وه‌فدانه داوای ئه‌وه‌یان کرده که سزایه‌کی قورسی ئه‌و تاقمه پیلان گێره بدرێت ، وه له‌لایه‌کی تره‌وه سلاوی له وریایی ده‌سه‌ڵات کرده‌وه به ئاشکرا کردنی ئه‌و هه‌وله پرشه‌رمه‌و شه‌ونخونی کردنی بۆ ئه‌مه‌ن‌و ئاسایش‌و دڵنیایی هاووڵاتیان ٠

وه ئه‌وه‌شی دووپاته کرده‌وه که هه‌میشه شان‌به‌شانی سه‌رکرداییه‌تی حیزب‌و شۆڕش راده وه‌ستێ بۆ پێشیل کردن‌و پوچه‌ل کردنه‌وه‌ی هه‌مو ئه‌خشه‌و پیلانێك که ئه‌کرێته سه‌ر شۆڕش‌و ده‌ستکه‌وته پێشکه‌و تنخوازانه‌که‌ی ٠

به‌ڕێز پارێزکارو هاوڕی ئه‌میندارى نهێنی لقی که‌ربه‌لا سوپاسی ئه‌و وه‌فدانه‌یان کردوه ده‌رباره‌ی ئه‌و هاوکاری‌یه به‌که‌لکه‌ی له‌گه‌ل ده‌زگا نیشتمانی‌یه‌کاندا کردویانه بۆ پارێزگاری ئاسایش‌و دڵنیایی هاونیشتمانان‌و داوای کرده که زیاتر هۆشمه‌ندو وریایێت بۆ ئه‌وه‌ی مۆڵه‌ت‌و هه‌ل نه‌خاته ده‌ست ئه‌وانه‌ی ئه‌یانه‌وێت پاشه‌ڕۆل له شۆڕش‌و ده‌ستکه‌وته مه‌زنه کانمان بده‌ن ٠٠

وه ئه‌وه‌شیان دووپاته کرده‌وه که شۆڕش هه‌رگیز بۆ‌ی به‌نو که‌ساناندا نایه‌ته‌وه که ده‌یانه‌وێت له ڕێبازه سه‌رکه‌وتوانه‌که‌یدا ڕابوه‌ستێ ٠

● ماموستایانی قه‌زای رانیه‌و قه‌لادزێ ٠

ئێمه جه‌ماوه‌ری ماموستایانی قه‌زای رانیه‌و قه‌لادزێ ئه‌و ناره‌زایی به‌رامبه‌ر ئه‌و کرداره پڕ تاوانانه ده‌ربڕین که ڕژێمی تومرای ئه‌لقه له گوێ دژی عیراقی شۆڕش ده‌یان نوێنێت ٠ ئێمه سه‌ربازێکی دلسوزی‌ی خزمه‌تگوزاری گه‌ل‌و نیشتمانین ، هه‌ربۆیشه‌وه له سه‌رکه‌وتنه‌وه بۆ سه‌رکه‌وتن‌و هه‌ربڕین بۆ تێکۆشان ٠

به‌ناوی ده‌سته‌ی به‌ڕێوه به‌ری یه‌کێتی‌ی ئه‌دیبه‌ه

تورکمانه‌کانی کۆماری عیراقه‌وه ، ناره‌زایی به‌رامبه‌ر ئه‌و کاره پڕ تاوانباریانه ده‌ربڕین که له کۆماره که‌مان ده‌کرێت به ده‌به‌سمتی له‌ده‌سمت دانی ده‌سته‌که‌وته‌کانی جه‌ماوه‌ر که ئه‌ویش تاقمێك کۆنه په‌رست‌و ڕژێمی تومرای سوریا ره‌چاویان کرد بۆ کپ‌کردنی خواستی وڵات‌و شۆڕشه‌که‌ی ٠٠ ده‌سته‌ی به‌ر ئیوه‌به‌ر بلاوی ئه‌کاته‌وه که به‌هه‌مو توانایه‌کی قه‌له‌مو ڕۆشنبیریی له‌گه‌ڵ شۆڕشدایه بۆ به‌ربه‌ست کردنی هه‌مو شتێك که مه‌ترسی بخاته سه‌ر ده‌ستکه‌وت‌و خواستی جه‌ماوه‌ر وه‌سه‌رله نوێ ناره‌زایی خۆمان به‌رامبه‌ر هه‌مو کاریکی ویران کاری‌و پیلان گێری دژی وڵاته‌که‌مان بڵاو ده‌که‌ینه‌وه که له ده‌ره‌وه‌ی سنوره‌وه دکرێت ٠

هه‌روه‌ها جه‌ماوه‌ری ناحی‌یه‌ی ئه‌جرار له پارێزگای واسیت وگه‌ره‌کی ٧ نیسان له پارێزگای به‌غدا ناره‌زایی خۆیان به‌رامبه‌ر ئه‌و هه‌وڵی ویران‌کاریه بێ‌شه‌رمانه‌یه ده‌ربڕیوه که تاقمێك ناژاوه‌چی به‌کرێ‌گیراو کردبویان‌و زیاره‌تی ئیمام حسین نیان بۆ ئه‌و کاره به‌هه‌ڵ زانیبو ٠٠

وه له‌و دوو بروسکه‌یه‌دا که بۆ سه‌رۆکی ده‌رمانده احمد حسن البکرو هاوڕێ تێکۆشه‌ر صدام حسین ناردوه هه‌ردوو ئه‌نجومه‌نی ناحی‌یه‌ی ئه‌جرارو گه‌ره‌کی ٧ی نیسان داوایان کرده که سزایه‌کی قورس‌و گرانی ئه‌و که‌سانه بدرێت که خیانه‌تیان له نیشتمانی خۆیان کرده‌و خۆیان به ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و کۆنه‌په‌رستان له پارێزگای قادسیه‌و به‌کێتی‌ی فرۆشتوه .. ئه‌و جه‌ماوه‌ره گشتی‌ی لاوانی عیراق له ئه‌وه‌ی دووپاته‌کرده‌وه که شاری البکر پشتی سه‌رکرداییه‌تی شۆڕش‌و حزبه سه‌رکرده‌که‌ی حزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب به‌رنادات له‌به‌ره‌نگار بوونه‌وه‌ی ئه‌خشه‌و پیلانه‌کانی ئیمپریالیزم

هه‌روه‌ها جه‌ماوه‌ری تیکوشه‌و ڕێکخراوه‌کانی‌و به‌کێتی‌یه‌کانی‌و میللی‌یه‌کان‌و پیشه‌یه‌کانی ناره‌زاییان له‌و کاره پڕ تاوانه ده‌ربڕیوه که ڕژێمی خیانه‌ت کاری دیمه‌شق ره‌چاوی‌کرد له‌گه‌ڵ ئه‌و ناژاوه‌یه‌ی نۆکه‌رانی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم کردیان ٠

له‌و بروسکانه‌دا که بۆ به‌ڕێز سه‌رۆکی ده‌رمانده احمد حسن البکرو هاوڕێ تێکۆشه‌ر صدام حسین نیردراون به‌یمانیان به سه‌رکرداییه‌تی شۆڕشی‌و حزبه سه‌رکرده‌که‌ی حزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب داوه که پارێزگاری له‌و ده‌ستکه‌وتانه‌بکه‌ن که بۆی به‌دی‌هێناون‌و به‌ره‌نگاری هه‌مو ئه‌خشه‌و پیلانێکی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و کۆنه‌په‌رستان بن که له ناوچه‌ی عه‌ره‌بدا (سازی‌ده‌کات ٠ ئه‌مه‌ش ناوی هه‌ندیك له‌وانه‌یه که بروسکه‌کانیان ناردوه ٠٠ ئه‌نجومه‌نی میللی له زه‌عفه‌رانیه ، کارگیرانی کارگه‌ی خانوبه‌ری حازر به‌ده‌ست له که‌ربه‌لا ده‌سته‌ی به‌ریوه‌بردنی کۆمه‌ڵی لاوانی ئه‌رمه‌نیکان له به‌سرا نۆکه‌رانی باره‌گای حزر له پارێزگای موسه‌نا ئه‌نجومه‌نی میللی له قه‌زای ڕوتبه به‌کێتی‌ی ئافره‌تانی عیراق شوعبه‌ی رفاعی کارگیرانی عیاده میللیکان ڕۆشنبیری‌و جوتیارێکان‌و مه‌لبه‌ندی هێزی فیرکردن‌و سه‌رۆکایه‌تی ته‌ندروستی زایونیزم‌و کۆنه‌په‌رستان له پارێزگای قادسیه‌و به‌کێتی‌ی لاوانی عیراق له شاری البکر

ئا٠د٠ع

داوای گرتنی ئه‌م تاوانباره ئه‌کرێ

کاربه‌ده‌ستانی حکومه‌ت ، تکا له هه‌موو هاووڵاتیه‌ك ئه‌که‌ن ، تا له‌ته‌کیا هه‌وڵی گرتنی تاوانبار جاسم صادق عبدالحسین الایروانی بدرێ ٠ بۆ ئه‌مه‌یش : هه‌رکه‌سێ ئه‌م تاوانباره بکرێ ، یا شوێنی خۆشاردنه‌وه‌ی ده‌ربخات ، خه‌ڵاتێکی باشی بۆ ته‌رخان کراوه ٠٠ هه‌روا کاربه‌ده‌ستان ، خه‌ڵك له‌وه وریانه‌که‌نه‌وه که نابێ داله‌ده‌ی ئه‌م تاوانباره بدرێ ٠

ئه‌و که‌سه‌ی ئه‌مه ئه‌کا سزایه‌کی قورسی ئه‌درێ ٠

ئه‌م تاوانباره‌ش گیرا

ماوه‌یه‌ك له‌مه‌و پێش ، کاربه‌ده‌ستان ، تاوانبار عباس هادی حسین عجینه‌یان گرت ، دوای ماوه‌یه‌ك له بڵاوکردنه‌وه‌ی به‌یاننامه‌یه‌ك به‌م بۆنه‌یه‌وه ٠

له سه‌ری

ئاواتی ئیمپریالیزم

هاوڕێکه‌م رووی تێکردم‌و به ئه‌هوه‌نی ووتی کاکه تۆ بڵێیت هه‌روا زوو گری جه‌نگی‌لوبنان دابه‌رکیته‌وه‌و لوبنان سه‌رله‌نوێ له گری جه‌نگی‌ناوخویی رزگاری بێتو ئاشتی بال به‌سه‌ر لوبنان‌دا بکێشێ ٠به‌راستی پرسیاری هاوڕێکه‌م وه‌لام دانه‌وه‌ی هه‌روا سوك‌نی‌یه‌و دیاره ده‌بێت بکه‌وه‌مه سێ‌ودوو کردنی وه‌لامه‌که‌م‌رووم‌تێ‌کردو چاوی سه‌ره‌تا له‌باری کۆمه‌ڵایه‌تی ئه‌م وڵاته‌وه‌دوام که چون به‌ره‌ی سه‌ر به ئیمپریالیزم بێ شه‌رمانه رووی‌خوی‌خسته پیش چاوی هه‌موو جیهان وه چنگی خویناوی تامه‌چه‌ك هه‌لگردوی خوی خسته ناو ده‌ستی سایونیزم‌و به‌ره‌ی کۆنه‌به‌رستانی عه‌ره‌ب . ئه‌و ده‌ژگا دارزیوه‌ی فره‌نجیه‌یه که‌پشتاو پشتی نۆکه‌ری ئیمپریالیزمه نه‌خشه‌ی جه‌نگی ناوخۆیی لوبنانی به هه‌موو هێزێکیه‌وه کێشا وه له‌شه‌قامه‌کانی لوبناندا ده‌ستی له‌سه‌ر په‌له‌پیتکه‌ی شه‌ست‌ـ تیره خویناویه‌که‌ی بۆ گوڵله‌ی ئاراسته‌ی ئازادیخوازه‌کان ده‌کرد به ده‌یان ڕۆله‌ی قاره‌مانی چینی جه‌وساوه‌ی گه‌لی لوبنانی به ده‌سته خویناویه‌که‌ی ده‌گوشت ٠

به‌بێ ئه‌ونه‌خشه‌یه‌ی که مامۆستای مه‌زنی بۆی دانابو ده‌جوڵایه‌وه مامۆستای مه‌زنی کیسنگه‌ر ئه‌و کیسنگه‌ره‌ی که نه‌خشه‌ی کوده‌تای چیلی کێشابو به هه‌زاران ڕۆله‌ی ئازادی‌خوازی به زیندویی‌ژێرچاڵ‌خست خورجه‌که‌ی وه‌ستای نه‌خشه‌ی سه‌یری‌تیدایه ده‌بێت به هه‌رچه‌هایه‌ك بێت ئه‌و نه‌خشه‌یه بکێشرێت ٠

جا هه‌ر له‌به‌ر ئه‌مه‌بو که‌ئه‌ستێره‌ی به‌ره‌ی جه‌مه‌وه‌ری کانی ئاوابو له هه‌ڵبزاردنی‌دوایی‌ئه‌مه‌ریکادا ٠ فورد داوای له (جیمی کارته‌ر) کرد که‌ده‌بێت به‌ره‌ی دیموکراتی ڕێکه بدات که کیسنگه‌ر له‌ڕۆژهه‌ڵاتی عه‌ره‌بدا بمێنێته‌وه به خۆی‌و خورجه ڕزیوه که‌یه‌وه تاکوتایی نه‌خشه‌که‌ی ئیمپریالیزم ده‌هێنی چونکه به‌ڵای ئه‌وانه‌وه هێشتا قۆناغی دووریان له پێشه ده‌بێت به‌هه‌رچ جۆرێك بێت نه‌خشه‌ی خۆیان ببه‌نه‌سه‌ر ده‌لین ته‌نها شوێنێك ماوه مه‌شخه‌ڵی ئازادیو لایه‌نگیری به‌ره‌ی پیش‌که‌وتوخوازانی جیهان تیدا جه‌وجول ده‌که‌ن ٠ ده‌بێت‌گری ئه‌و مه‌شخه‌ڵه بکوژێنه‌وه ده‌بێت ڕێبازی پیش‌که‌وتوو ـ خوازه‌که‌ی یاسای (١٧) ته‌موز له‌ناوبه‌رن مه‌ترسی زۆره‌ئه‌جگار مه‌ترسی هه‌یه ٠ جا هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه که لوبنان‌ته واوبوو سایۆنیزم ده‌ستی‌کرد به‌هێرش بوسه‌ر ((سه‌یدا))بوسه‌ر پیش‌مه‌رگه عه‌ره‌به‌کانی فه‌له‌ستین له‌ولایشه‌وه کار ـ به‌ده‌ستانی دامودەزگا ڕزیوه‌که‌ی‌سوریا چاوی‌که‌وتنی‌وو قۆڵی ده‌که‌ن له‌گه‌ڵ مامۆستایان کیسنگه‌ر ده‌چه‌جنیف تا رومه‌نی فاشیستیه‌کانی سایونیزم بانسنه‌وه‌و ئوخه‌ی‌بکه‌ن که هێزی سوپای سوریه ده‌سته‌لاتی ته‌واو هه‌یه‌له لوبنان ئینجا ڕێکاکه کوسپی تیدا نه‌ما بۆ له‌ناو بردنی هێزه‌یه‌ك‌گرتوه‌کانی به‌ره‌ی پیش‌که‌وتوخوازی لوبنان . له‌ولایشه‌وه ئیمپریالیزم ئاگرخۆش ده‌کات که‌وتوته جه‌وجێل . تێشو ڕێك ده‌خات (مرته‌زه‌فه) چۆکاو خۆره‌کان ئامادەده‌کات ده‌می داسی شه‌ڕ تیژده‌کات ده‌ست درێژی ده‌کات ده‌وێت‌دروێنه‌ی لاوانی کوردو عه‌ره‌بو که‌مه نه‌ته‌وایه‌تیه‌کانی گه‌لی عیراق بکات . به‌ڵام خه‌باتی خاوه زوڕنای جاڕانی ئه‌مڕۆ ئاه‌خی نه‌ماوه ٠

ئێمه بێت‌ده‌ڵێن ئه‌مرو عێراقی ١٠ ساڵ له‌مه‌وبه‌ر نی‌یه ٠ ئه‌مڕۆ عیراقی به‌ره‌ی یه‌ك گرتوه عیراقی ئوتونومیه ٠ عیراقی سه‌ربه‌گه‌لانی جیهانی‌ئازادی‌خوازه ، عیراقی خومالی کردنی (نه‌وته نه‌وت) ، عیراقی چینی چه‌وساوه‌یه ، عیراقی گه‌له ٠ ئه‌گه‌ر وبستان خۆتان تاقی‌بکه‌نه‌وه (سه‌رو داری راست‌و چه‌پ بۆ خۆتان ئامادەبکه‌ن چونکه عیراق گورستانی دواینتانه ٠ مه‌گه‌ر بچینه (عله‌مین له‌و نیشانانه بهێنین بوسه‌ر گوڕه‌کانتان ، ئاواتتان نایه‌ته‌دی ٠

باوکی به‌ختیار

سوپاسنامه‌ی پرسه

عثمان محمد فائق،سوپاسی گه‌رمو پڕ به دڵی خۆی بۆ هه‌مو ئه‌و دۆست‌و برا به‌ڕێزانه پێشکه‌ش ئه‌کات ، که به‌شداریان له پرسه‌ی دایکی خوا لێخۆشبووی‌دا کردوه ، چ به چوونه سه‌رگۆرستان‌و چ به ئامادە بوونیان‌و چ به ناردنی بروسکه‌ی پرسه ٠

له خوای گه‌وره‌و به‌خشنده ئه‌ڕێته‌وه ، ته‌مه‌نی درێژیان بێ ببه‌خشێ‌و له هه‌موکاره‌ساتێك بیان پارێزێ ٠٠ (انا لله وانا الیه راجعون) ٠

ماموستایانی وڵات له‌١١ی ئازاردا به‌ بۆنه‌ی جه‌ژنه که یانه‌وه ئاهه‌نگ ئه‌گێڕن

له سه‌ره‌تای مانگی مارتی داهاتودا ، ماموستایانی وڵاته‌که‌مان به بۆنه‌ی جه‌ژنی شه‌ش هه‌می ماموستایانی نیشتمانی عه‌ره‌به‌وه ، ئاهه‌نگ ئه‌گێڕن ٠

به‌رنامه‌ی ئاهه‌نگه‌کان ، بریتی ئه‌بێ له سه‌ردانی‌دۆزای به‌ری به‌ری به‌وه ، ئه‌قابه‌ی‌ماموستایان له‌چه‌ند ئه‌خوشخانه‌ که‌وتنی دۆزاکانی خوێندن‌وفێرکردن له‌و قوتابخانه یه‌کو چاوی‌ی قوتابیه‌کان ، به‌م بۆنه‌یه‌وه ، له قوتابخانه‌کانیان ئاهه‌نگی ڕێزگرتنی ماموستایانه‌ش خزمه‌تیان ژۆره‌و تا ئیستاش به‌ردەوامن‌و له‌گه‌ڵ گرنگترین ماموستایانی له‌لادێ و ئه‌و ماموستایانه‌ی ده‌مسان دکۆژراو ماجستیرانیان وه‌رگرتوه ٠

ئا ٠ د ٠ ع

کۆنگره‌یه‌کی نائاسایی کرێکارانی هه‌ولێر

له‌ڕۆژی ئێواره‌ی ڕۆژی یه‌کشه‌مه‌ی رابردو ، کۆمه‌ڵه‌ی گشتی ، یه‌کێتی ناوخۆیی ئه‌قابه‌ی کرێکارانی شاری هه‌ولێر ، کۆنگره‌یه‌کی ئاساسای گرتوه‌و به‌ڕێز مجید علی ئه‌مین پارێزاری هه‌ولێر‌و دووهاوڕێی نوێنه‌ری سه‌رکرداییه‌تی‌لقی باکوری حزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب‌و لێپرسراوه‌ی مه‌کته‌بی کرێکارانی‌سه‌ر به حزبی تیدا ئاماده بوه ٠

کۆنگره‌که باسی سازاندنی هه‌ڵبژاردنی مه‌کته‌بی هه‌ندێ له ئه‌قابه فه‌رعیه‌کان‌کردو له‌باره‌ی واقیعی ڕێکخراوی نیقابی‌و جۆری به‌ره‌پێدان‌و چاره‌سه‌ری کۆسپه‌کان دواوه ، تا به‌پێی ئه‌و ئه‌خشه‌یه‌ی که‌سه‌رکرداییه‌تی سیاسی حزب‌و شۆڕش دایان‌ناوه ، به‌ره به به‌رهه‌م بدرێ ٠

له کۆنگره‌که‌دا وتاری مه‌کته‌بی کرێکارانی حزبی به‌عسی سوشیالیستی عه‌ره‌ب خوێندرایه‌وه ، که تیایا بیرۆڕایی له ئه‌ڵه‌و کاری‌چینی کارگه‌ران‌کرد له پێناوی به‌گشتی ڕیزو توانا‌کان بۆ پترکردنی به‌رهه‌م ٠

ئه‌نجومه‌نی راپه‌ڕاندنی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی له پێویستیه‌کانی پارێزگای دهۆك ئه‌کۆڵێته‌وه

له‌کۆبوونه‌وه‌یه‌کی ئه‌نجومه‌نی راپه‌ڕاندنی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی‌دا که ڕۆژی یه‌كشه‌مه‌ی رابوردوو به سه‌رۆکایه‌تی به‌ڕێز هاشم حسن سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نه که به‌سترا له‌و راپۆرته کۆتراییه‌وه که ده‌رباره‌ی پێویستیه‌کانی پارێزگای دهۆك له لایه‌ن لێژنه‌یه‌کی سه‌ر به ئه‌نجومه‌نه‌که‌وه ئاماده‌کرابوو ٠

بریاردرا به‌ڕێزان احمد بروانه ل : ١١

موخه‌سه‌ساتی گرانی بۆ ئه‌وانه‌ی موچه‌کانیان له (١٢) دینار که‌متره

وه‌زاره‌تی دارایی موخه‌سه‌ساتی غلاء ئاعیشه‌ی بۆ ئه‌و به‌رده‌ستانه دیاریکرد که کراون به فه‌رمانبه‌رو مووچه‌کانیان له (١٢) دینار که‌متره ، ئه‌مه‌ش به‌و گوتره‌ی که بۆ ئه‌و به‌را فه‌رمانبه‌رانه‌یان که مووچه‌یان ـ١٢ـ دیناره حیساب‌کراوه.

وه‌زاره‌تی دارایی بۆ وه‌لام دانه‌وه‌ی بڕیاری هه‌ندێ دائیره‌کانی ده‌وڵه‌ت ئه‌و ڕوونکردنه‌وه‌یه‌ی بڵاوکرده‌وه ٠

داوای گرتنی تاوانباره ئه‌کرێ

له‌ڕۆژی ئه‌ڵه‌و ڕۆژه‌کانی ئه‌م ساڵه‌دا ، له‌ده‌ستی ئه‌و تاوانانه‌ی که ڕژێمی تومرای سوریا له‌ده‌ستی ئه‌کات ، ده‌ڕژێته‌وه ٠ له‌ڕۆژه‌کانی ئه‌م ساڵه‌دا له‌باره‌ی ده‌وری ئه‌و ڕۆژه‌ی که‌ئه‌ڕژێته‌وه ٠

هه‌روا به‌ڕێز کمال صابر ، سه‌رۆکی یه‌کێتی ناوخۆی ئه‌قابه‌ی کرێکاران وتاریکی خوێنده‌وه وتیایا باسی ماوه‌ی پێشوی‌کردو ئه‌وه‌شی دوپاته کرده‌وه که : کاری دیموکراتیانه له‌بێ له‌ڕێو گشت ڕێکخراوه نیقابیه‌کان‌دا به‌ره‌ی‌پێبدرێ ٠

هه‌روا ووتی : له‌بێ ئه‌م کۆنگره‌یه بیته هێزو هانێك ، بۆ کاری به‌رده‌وام ، له‌پێناوی به‌ره‌پێدانی به‌رهه‌مو قولکردنی به‌یوه‌ندی دیموکراتیانه‌ی نێوان ئیداره‌و کرێکاره‌کان‌دا ٠

له‌باشا ، هه‌ڵبژاردنی ژماره‌یه‌ك له کادیرانی نیقابی به‌کێتی ئه‌قابه‌ی کرێکارانی ناوشارو ده‌ره‌وه‌ی ده‌ستی‌ی کرد ٠

کۆڕێکی ژنانه له هه‌ولێر

به‌سترپێرێ ، نوسینگه‌ی ڕێکخراوه میللیه‌کان له‌ڕێکخستنی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی‌، باس‌و بابه‌ت هه‌ڵبژێرا ، که‌ئۆن ده‌وڕێکی گه‌وره له‌ئه‌ڵ به‌کێتی گشتی ئافره‌تانی عیراق ـ لقی هه‌ولێر ـ کۆڕێکی‌ژنانه‌ی به‌ره‌پێدانی واقیعی ئافره‌ت‌و له ناحیه‌ی گوێرداسازاندو سازاندنی ده‌رفه‌تی پێویست تیایا هاوڕێیه‌ك له نوێنه‌ری بۆ ژنان ، تا به‌شداری بکا له ڕێکخراوی حزب له ناحیه‌که‌و تیکرای ئه‌و کۆڕانانه‌ی که وڵات سه‌رباری ژنان ئامادەبوون ٠ ئه‌یبینێ ٠

له کۆڕه‌که‌دا له‌باره‌ی ده‌وری

Institut Kurde de Paris

پەروەردە

لاوان و

بۆچی مەشق پێویستە ؟

عبدالقادر خلیل

بێگومان زۆرت بیستوە کەسەرکەوتن لە یەکیك لە یاریەکاندا لە ئەنجامی مەشق کردنە . بەڵام با بینەوە سەر مەشق کردن چون دەبێ بایەخی ئەواوی پێبدرێت . هەروەها پاڵەوانێکی یاریەکی وەرزشی لە خویەوە نابێتە پاڵەوان .

بەڵکو سەرەتای ئەو سەرکەوتنەی لەسەر بناغەیەکی بتەو دادەرێژێت . لە ماڵەوانیکی وەرزشیم پرسی . ئایا زیم نالیت چون بوینە پاڵەوان لەم یاریەدا ؟

زۆر بە رویەکی خوشەوەناوری لێدامەوە وە سەرێکی بۆ داچەماندەوە بزەی سەرلێژی هەر مابو ووتی ماموستام من هیچنیم . بەبێ ئاموژگاری مامۆستای مەشق کردنم ! روم تێکرد ووتم دەمەوێت بۆخویندەواران بەرێزی ئەم لاپەرەیە شتیك بنوسم وە ئەوئاموژگاریانەی تۆیان بۆبنوسم .

بەو روەشە رینەیەوەدیسانەوە سەرێکی چەمانەوە کە نیشانەی رێزگرتنبو . ئەم چەند ئاموژگاریانەی خوارەوەی بۆووتم تا بە خویندەواران وەرزشکاری رابگەیەنم .

١ ـ تا بتوانم رێز لە مامۆستای مەشق کردنم دەنێم

٢ ـ ئەو مەشقانەی کە پێمی رادەگەینێ بەرێزەوە بەجێیان دەهێنم .

٣ ـ هەمیشە رووم بزەی پێکەنینی لێوەدێ وە هیچ کاتێك ووشەی ((ناتوانم))نەکار ناهێنم .

٤ ـ چ مەشقیکم پێبسپێرێت سوك بێت یان گران بەرووبەکی خوشەوە دەیکەم .

٥ ـ بەرگی تایبەتی مەشق کردنم هەمیشە خاوێنە تا نمونەیەکی خاوێنیم بۆ لاوان .

٦ـ توانای خوم بەکاردەهێنم بو سەرکەوتنی ناوی وولاتەکەم

٧ ـ زۆر زو دەنوم لەکاتی پێویستدا نەبێت مەشق ناکەم .

٨ ـ رۆژی (٦) سەعات مەشق دەکەم . کە بریتیە لە راکردن ، مەلەکردن ، جولانەوەی ماسولکەکانم . قورسایی هەڵگرتن ، سەرکەوتن بەسەر جیادا .

٩ ـ رۆژی چوار جار دەخوم خواردنی من بریتیە لەسەوزەی کولاو ، میوە ، شەربەتی میوە، شیر ، هێلکە ، هەنگوین ، کەرە پەنیر ، گوشتی کولاو .

١٠ـ بەیانیان زو خوم دەخەمەژێر دوشی ناوی ساردەوە هیچ سلێك ناکەمەوە . لەبەر ئەوەلەشم پتەوە .

١١ـ بەرگی تایبەتی وەرزشیم دەخەمە ناو کیسەیەکی پاکەوە .

١٢ـ تائێستا هیچ ئەلکولیکم نەخواردۆتەوە . تەنها ناوی مەعدەنی دەخومەوە .

١٣ـ تا ئێستا هەستم بەهیچ جۆرە نەخوشیەك نەکردوە وە پزیشکی تایبەتیم پێمدەڵێت چ میکروبیك بەتۆ ناوێرێت .

١٤ـ تا ئێستا کەسم لێزویرنەبوە وە هاوریکانم هەمیشە خوشیان دەوێم وەخوشم دەوێن .

١٥ـ هیچ کاتێك لە خویندنم دوانەکەوتوم وە ئێستاکەخریکی ئەوەم بتوانم پلەی بەرەو ژورتر ببرم لە خویندنا لە دوایینا زۆر سوپاسم کرد . وە چەپکێك گولی جوانم پیشکەش کرد بەناوی هەمو لاوێکی خوین گەرمو وەزرشکارەوە تا سلاوبانی پێرابگەیەنم .

گولەکەی لێوەرگرتمو ماچی کرد ووتی تکایە سلاوم بگەیەنە بە هەمو لاوانی کوماری عیراق هیوادارم بتوانم لاوانی ئیوەش لە ستادیومەکانی ئولۆمپیاتی موسکو لە ساڵی ١٩٨٠دا ببینم .

وە چەپکی گولی جوانیان پیشکەش بکەم . هەر بەو روە شیرینەوە دیسانەوەسەری بو داچەماندەوە وە چەپکە گولەکەی بۆ رادەوەشاند

خویندەواری خوشەویست ئەمە نمونەیەکی لاویکی پاڵەوانی جیهانی بو لە وەرزشدا . هیوادارم لاوەکانی ئێمەش سوود وەربگرن لە ئاموژگاریەکانی تایبەتی سەرکەوتومان دەست بکەویت لە یاریە وەرزشیەکاندا

باشماوەی : ستراتیژیەتی

تیکۆشان بۆ نەهێشتنی بنکە عەرسکەریەکانی ئیمپریالیزم لەم قوناغەدا نمونەی تیکۆشانی فراوانی گەلانە بۆ پاراستنی رێزی خویان و سەربەستی نیشتمانەکانیان .

خۆچەسپاندنی بوونی بنکەی عەسکەری ئەمەریکایی روو لە ناوچە ئاڵۆزەکانی دنیا ئەکات ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە ئەهمیەتی ستراتیژی و جوگرافی و بازرگانیان هەیە .

ئەوەی شایەنی باسە ، حکومەتی واشنتون بنکەی عەسکەری لە ناوچەکانی : خەلیجی عەرەبی و روخەکانی خوارو رۆژئاوای ئوستراڵیاو فلیپین هەبەو بوونی عەسکەری ئەمەریکایش لەم ناوچەیەدا پشتی بە بوونی عەسکەری لە سەنگافورەو بەریتانیا بەستووە نیوزیلندا و خواروی ئەفەریقا کە بوونەتە پالیشتی بنەرەتی پاراستنی دەسەلاتی ئیمپریالیزم و پاسەوانی سوودی ئیمپریالی و پشت رتنی رژیمە ئاژنەپەرستەکان و هیزەکانی دوژمن بە بزوتنەوەی رزگاریخواز لە جیهانا .

بەرکرکوێی

نیازم وایە دووەمی پاڵەوانیەتی ساڵی ١٩٧٧ وەدەست بیەم !

وەرزش پێداویستیکی ئاجێاربەنرخە لەژیانی رۆژانەی ئادەمیزاددا یاری لەش جوانی (کمال الاجسام)یش گەورەترین هۆیە بۆ پاراستنی مرۆڤ لە هەموو نەخۆشیەك .

ئەمە لەم روەوە ... بەڵام ئەمرو ئەگەر سەیری جیهانی وەرزش بکەین ئەبینین کە ئەم جۆرە وەرزشە بەتەواوی لەپەرەسەندنایەو خۆی زیاتر ئەچەسپێنێ وەئەبێ عێراقیش لەم جۆرە یاریە دواکەوتبێ بەپێچەوانەوە بەلکو زیاتر بەتەنگیەوەیەتی و هەموو ساڵێکیش لەیاری جیهانی دائەنجامێکی باش وە دەستدێنێ ....

ئەوەتایاری زانی لەش جوانی بەناوبانگ ((بەرکرکوێی)) لەو یاریانەی کە لەعێراق و لە دەرەوەی عیراقدا بەشداری کردووە چەرکەوتنێکی وەدەست هێناوە ... با گوێ بگرین لە کاك بەکر خۆی بزانین ئەڵێ چی ...

● لەساڵی ١٩٦٩ دەستم داوەتە یاری کردن لەسەر شێوەیەکی راست وە مامۆستا (محمود حسن العبیدی) یەکێکە لەو مەشق دەرانەی کە لەبەغدا مەشقی پێدوام .

تاکو ئێستا (٦) سەرکەوتنم وەدەست هێناوە سیانیان لە ساڵی ١٩٧١دا کە یەکەمی هەمو عێراقم وەرگرت ، وە لەساڵی ١٩٧٢ بەشداریم کرد

● ئەوەی راستی بێ ئەمەوێ چەند لاوێك پێبگەیەنم لە بنکەی لاوانی هەولێر ... وە هەروەها منیش لە برۆفەی خۆما بەردەوامبم ، بۆ ئەوەی بتوانم لە پاڵەوانیەتی ساڵی ١٩٧٧ی عێراق بەشداری بکەم .

× لەوبەشداری کردنەت چ نیازێکت هەیە ...؟

● ئەمەوێ پلەی دووەمی هەمو عێراق وەدەست بێنم ،

× مەسەلەی جموجۆڵی یاری لەش جوانی لە هەولێر لە چی دایە ..؟

لەیاری رۆژهەلاتی ناوەراست پلەی سێیەمم وەرگرت دوای (عباس الهنداوی) ، وە هەرلە ساڵی ١٩٧٢دا بەشداری پاڵەوانیەتی (ئاسیا)م کرد دیسان پلەی سێیەمم وەرگرت وە لە ساڵی ١٩٧٣ بەشداریم لە پاڵەوانیەتی رۆژهەلاتی ناوەراست کرد دووبارە پلەی سێیەمم وەرگرتەوە .

× باشە دوای گەڕانەوەت بۆ هەولێر ئێستا نیازی چیت هەیە ؟

● ئەوەی راستی بێ ئەمەوێ چەند لاوێك پێبگەیەنم لەبنکەی لاوانی هەولێر .. وە هەروەها منیش لە پرۆفەی خۆما بەردەوام بم ، بۆ ئەوەی بتوانم لەپاڵەوانیتی ساڵی ١٩٧٧ی عیراق بەشداری بکەم .

● لەوبەشداری کردنەت چ نیازێکت هەیە ؟

● ئەمەوێ پلەی دووەمی هەمو عیراق وەدەست بینم .

● مەسەلەی جموجۆڵی یاری لەش جوانی لە هەولێر لەچی دایە ؟

● راستیەکەی ، بەم شێوەیەی ئێستا هەیە ، ئەو لاوانەی خەریکی ئەو جۆرە یاریەن ، بەهیچ جۆرێك ناتوانن بگەنە پلەیەکی باش ئەگەر بەتەواوی هەمو کانی خۆیانی بوتەرخان نەکەن بو وێنە ، زوربەی زۆری ئەم لاوانە لەبەیانیەوە تا ئێوارە خەریکی ئیشن ، کە ئێوارەش دێن بۆ مەشق کردن ، هێشتا ماندویەتیان نەحاسەوەتەوەبۆیە ناتوانن بەگوێرەی پێویست مەشق بکەن و خۆیان رابێنن جابێشنیارم بو ئەمینداریەتی گشتی روشنبیری ولاوان ئەوەیە کە ژیانی ئەو یاریکەرانە زامن بکات تا بتوانن بەتەواوی بیەرژێنە سەر یاریەکەیان و ئەو برشتەی لێیان جاوەرێ ئەکری یەدی بهێنن .

فخر الدین طاهر صالح
ئامادەی کردووە

---

١٢٥ ملیۆن دۆلار بۆ سەرگرتنی یاریگەی مۆنتریال

وەزیری لاوان و وەرزشی نوێی ناوچەی کوبیکی کەندا کلود شارون (٣٠ ساڵ) رایگەیاندوە کە وازی لەرۆژەی ئەندازیاری فەرەنسایی روجیە تایپیر هیناوە بۆ سەرگرتنی یاریگەی مۆنتریال ، چونکە پارەی زۆر تێئەچێت .. وە بەسەرێکی نە چەسپاو یاریگەی مۆنتریال دا ئەپوشرێت لەگەڵ ئەو کۆنەکەیەی هەلی ئەگرێت ١٢٥ ملیون دۆلاری تێئەچێت .. ئەوەی شایانی باسە یاریگە گەورەکەی مۆنتریال ٧٨٨ملیون دۆلاری تێچوە !!

پشماوەی : لە بەیاننامەیەکی

دەربارەی پرۆەندی دو وڵاتو مەسەلە جیهانیەکانی ئێستا لە مەیدانی جیهانی و عەرەبی دا لەم وتوویژانە لەلایەن عیراقەوە ئەم بەرێزانە بەشدار بون :

١ـ بەرێز حسن علی وەزیری بازرگانی ناوخۆو وەزیری بازرگانی دەرەوە بەوەکالەت .

٢ ـ دوکتور سعدون حمادی وەزیری دەرەوە .

٣ ـ بەرێز منذر عریم وەکیلی وەزارەتی دەرەوە .

٤ ـ بەرێز سفیر ابراهیم اولی سەرۆکی دایرەی جیهانی وهەم لە وەزارەتی دەرەوەدا .

٥ ـ بەرێز صفاء الفلکی باڵیۆزی عیراق لە مالیزیا .

لەلایەن مالیزیاشەوە ئەم کەسانە بەشداربون :

١ ـ تنکو احمد رضاالدین وەزیری دەرەوە .

٢ ـ سەنەتۆر داتو حاجی عثمان عبدالله جێگری وەزیر لە مەکتەبی سەرۆك وەزیراندا .

٣ ـ داتو زکریا کوپی حاجی محمد علی سکرتیری شتی وەزیرانی دەرەوە .

٤ ـ بەرێز قمرالدین محمد عارف باڵیۆزی مالیزیا لە عیراق .

هەر دولامەیلی خۆیان بۆبەرە پێدانی هاوکاری لەهەمو مەیدانێکدا دەربری بە جۆرێك کە ببێتە زامنی دامەزرانی پێوەندیەکی پتەوترو باشتر لە نێوان هەردو حکومەتو گەلی عیراق و مالیزیادا . بۆ ئەو مەبەستە پەیمانێکی هاوکاری رۆشنبیری و زانستی و پەیمانێکی هاوکاری بازرگانی و ئابوری و فەنی یان پێکەوە نیمزا کرد .

سەرۆك وەزیرانی مالیزیا بێ خۆشبونی خۆی لە پێشکەوتنی هەمولایەتی وولات لە هەمو مەیدانێکدا هەروەها لەو دەستکەوتانە دەربری کە گەلی عیراق پاش براندنەوەی مۆنۆپۆلە بیگانەکانی و بە دەستەوە گرتنی سەرچاوەکانی سروشتی داهات وەدەستی هێناون .

بەرێز داتو حسین عون بەرێز جیگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و ئەڵو حکومەتی عیراق کرد لە سەر ئەو پێشوازیە تەرمەو ئەو هیواداریە باسمە کە لەگومرکی عیراقدا لەحوی و وەفدەکەی کرا .

رۆژی پێنج شەمەی رابردو بەرێز سەروك وەزیرانی مالیزیا سەردانی رەسمی خۆی لە وڵاتەکەمان کە چوار رۆژی خایاند دوایی پێهێناو بەعدای بەرەو وڵاتی خۆی بەجێ هێشت .

بەرێز داتو لەفرۆکەخانە بەرەسمی بەپێ کراو بەرێز صدام حسین لەپێشەودی بەرێی کەران دابوو زمارە یەك لە بەرزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وەزیرە بەرزەکانو لێپرسراوە گەورە کانیش لەبەرێ کردنەکەدا بەشدار بون .

بەرێز داتوو بەرێز صدام حسین چونە سەر سەکوی سلاو موسیقای پاسەوانانی گزماری سلاوی نیشتمانی مالیزیا و عیراقی لیدا .. وپاشان بەبەردەم پسەوانی شەرەف دا تێپەڕین .

لەپاشان میوانی مالیزیایی تۆقەی لەگەڵ بەرێز صدام حسین کردو ماڵاوایی لێخواست و سوپاسی ئەو پێشوازیە تەرمەی کرد کە لەسەردانەکەیدا لێی کراوەو ئەمجا سەرکەوت بۆ ناو فرۆکە تایبەتیەکەی کە لەسەعاتی یەکو نیودا وەڕێ کەوت .

بەرێز سەرۆك وەزیرانی مالیزیا ستایشی سەرۆك و حکومەتو ئەلی عیراقی کرد لەسەر ئەو هەمو رێزەی لەکاتی سەردانە کەدا لەخۆی و وەفدە هاوڕێکەی گیراوە .

بەرێز عون سوپاسی ئەوەی خۆی لە بەرێز سەرۆك احمد حسن البکرو بەرێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دەربڕی لەسەر ئەو خۆشەویستیە کەوەی لەگەڵ چاوپێکەوتنی ئەواندا هەستی پێکردن .

بەرێز عون کوتی مالیزیا داوای ناشتی و لەنو بردنی بنکەکانی ئاڵۆزی لە ئاسیاو ناوچەی عەرەبی بەتایبەتی دەکا ، وداوای چارەسەرێکی ئاشتیخوازانەی رەوای کرد کە وەرترتنەوەی مافە رەواکانی گەلی فەلەستین دەستەبەر بکا .

بەرێز سەرۆك وەزیرانی مالیزیا لەفرۆکە کەیەوە بروسکەیەکی سوپاسنامەی بۆ بەرێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ناردوە کە تیدا دەڵێ :

زۆر بەرێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بەبۆنەی بەجێ هێشتمن وڵاتە کەتانەوە رەسم بلێن بەم هەلە بەدەرفەت بزانم بۆ ئەوەی بەنوی خوم و لە جیاتی ئەندامانی وەفدەکەی هاوڕێمەوە جارێکی تر رێزو سوپاسی خاوێنی خۆمان بۆ بەرێزتان دەربڕم لەسەر ئەو پێشوازیە گەرمو پڕخۆشە ویستیەی لەلایەن بەرێزتانو حکومەتو ئەلی گەلی عیراقی وە لیمان کرا کە هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە .

هەروەها رێکام بدەن لەم دەرفەتەدا ئاواتی دلسۆزانەی خۆم دەربڕم بۆ ئەوەی پێوەندی دۆستایەتی و هاوکاری برایانەو بتەوی نێوان هەردوو وڵات زیاتر پش بکەوێ بۆ خزمەتی قازانجی هاوبەشی هەردوو کەڵو هەردوو وڵات .

تکام ئەوەیە بەرێزتان ئاواتی من بۆ بەختەوەری و لەش ساخی خۆتان لەرێگای ئاشتی و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی گەڵو وڵاتە مەزنە کەتاندا قبول بکەن .

داتو حسین عون
سەرۆك وەزیرانی مالیزیا

لەوانیش مافی ئەرانەوەیە بۆ نیشتمانە زەوت کراوەکەی .

هەردولا دۆخی ئوقیانوسی هیندیان باس کردو پشتیوانی خۆیان لە کردنی هەمو درێژایی وناپیە سروشتەکانی بە ناوچەی ئاشتی و دوور لەنفوزی بیگانە دەربڕی و لەوراییەدا یەکدەنگ بون کە بەکار هێنانی زۆرو عەرەشەی بەکار هێنانی ودامەزراندنی بنکە سەربازیەکانی بیگانە لەرەشە لەسەریە خۆیی و سەربەخۆیی دەولەتانی ناوچەکە دەکەن و مەترسی بۆ ئاشتی و ئاسایش و پێشکەوتنی ناوچەکە پێك دێنن .

هەردولا پشتیوانی خۆیان لەخەباتی دژی ئیمپریالیستی و دژی سیاسەتی جیاوازی رەگەزایەتی ئەلانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین دوبات کردەوە .

هەردولا بێزاری خۆیان لە سیاسەتی رەگەزپەرستانەی دەولەتی خواروی ئەفریقا دەربڕی کە بەسوکایەتی بەویژدانی مرۆڤایەتی دادەنرێ

هەروەها بێزاری توندی خۆیان لەداگیر کردنی نامیبیا بەشێوەیەکی ئاشکرا لە لایەن خواروی ئەفریقاوە دەربڕی کە بەوکارە بەرهەلستی بڕیاری ئەنەوە یەکگرتوەکان دەکاو دەستدرێژی حکومەتی رودیسیای رەتەزپەرستیان بۆ سەرکەلی زیمبابۆی گوناهبار کردو بێزاری خۆیان لە هەمو شێوەکانی جیاوازی رەگەزایەتی دەبڕی .

هەردولا باسی بڕیارەکانی کۆنفرانسی پێنجەمی سەرۆکانی وڵاتانی بێ لایەنیان کرد کە مانگی ئابی ١٩٧٦ لە کۆلۆمبۆ بەسترا و بێ خۆشبونی ئەواوی خۆیان لەو بڕیارانە دەربڕی کە دەتوانن پشتی خەباتی کەلانی جیهان بۆ رزگاری نیشتمانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بگرن و لە پارازتنی ئاشتی و ئاسایش و بەرەسەندن لە جیهاندا بەشداربن .

هەروەها لەسەر هەمو ئەو شتانە یەکدەنگ بون کە بینە هۆی زیاتر کاریگەر بونی بزوتنەوەی بێلایەنی لە پێوەندی دەولەتاندا .

هەردولا پشتیوانی لە بڕیارەکانی دوخولی تایبەتی کۆمەڵی گشتی ئەتەوە یەکگرتوەکان دەکەن و دوبارە دەکەنەوە کە پێویستە سیستەمێکی نازەی ئابوری جیهانی دابمەزرێ کە بتوانی پشتگیری ئاوانەکانی کەلانی جیهانی سیهەم و هەمو جیهان بکات .

ئەمەشیان دوبات کردەوە کە دەبێ ئەو سیستەمە نازەیە بەشێکی دندەزانە لە بازرگانی جیهانی دابنرێ .

دادتەرانەی کەوستە بو دەرەوە زۆرداوەکان بو دەوڵەتە پەرەئەستەنەکان دەستەبەر بکا .

هەردولا بەتایبەتی باسی کەرەستە سەرەتاییە کانیان کردو گرنگی ئەیشتن بەرێك کەوتنێك دەربارەی دامەزراندنی بەرنامەیەکی پێکەپشتوی پێکی عەمبار کراوی عەمبارکراوی رێك و پێك و دانانی سندوقیکی هوبەش و چەند ریکخراوێکی ئەوعی بۆ ئەوانەی کە رەستەی خو بۆ دەرەوە دەنێرن ، دوبات دەکەنەوە ، بۆئەوەی ئەو وڵاتانە بتوانن مافەکانیان بپارێزن و بەتەواوی دەسەڵاتی سەرچاوە نیشتمانیە کانیان لەدەستی خۆیان دابێ .

داتو حسین عون بانگ هێشتنێکی دا بە بەرێز سەر کۆماری عیراق کە خاوەن شکۆ دیم یانگ دی برتوان الکونگ پادشای مالیزیا بۆی ناردبو و هەروەها بەرێز سەرۆك وەزیران بانگ هێشتنی بەرێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی کرد بۆ سەردانی مالیزیا ، هەردو بانگ هێشتنەکە بەخۆشحالیەوە قبول کران و لەکاتێکی دوایی دا وەختیان بۆ دیاری دەکرێ .

بەرێز داتو حسین عون سەرۆك وەزیرانی مالیزیا سوپاس قولی بەرێز صدام حسین جێگری سەرۆکی سەرکردایەتی شۆرش دەربڕی لەسەر ئەو خۆشەویستیە کەوەی لەگەڵ چاوپێکەوتنی ئەواندا هەستی پێکردن .

Institut Kurde de Paris

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەرۆکی ناوچەی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانیدا

سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بایەخێکی تەواوی بەمەیانی کشتوکاڵ داوە بەتایبەتی دوای دەرچوونی ئەوگۆڕانە بنەڕەتییەی لە یاسای چاکتردنی کشتوکاڵدا کرا لەگەڵ گۆڕەکی ڕۆژنامەگەریدا بەرێز جاسم محمد صالح سەرۆکی ناوچەی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی وتی :

« ئەو سەرۆکایەتییە پلانی خۆی بۆ وەرزی ئێستای کشتوکاڵ داناوە ، کە بریتییە لەداچاندنی (٦٧٢) هەزار دۆنم زەوی بە بەروبوومی زستانە لەگەنم و جۆ ، تا ئێستاش (٥٠٠)هەزار دۆنم لەو زەوییانە داچێنراون ، وهێشتا بۆ ئەواو کردنی ئەو ڕووبێوە زەوییەی خستوویەتە سەرشانی خۆی ، کاروباری تۆو وەشاندن هەر بەردەوامە » هەروەها وتی :

ئەو سەرۆکایەتییە چاندنی (٤٥٠) هەزار دۆنم زەوی بە بەروبوومی هاوینە وەك هەرزن و سەوزەو لۆکەو چەوەندەرو گوڵەبەڕۆژەو توتن خستۆتە ئەستۆی خۆی ، لە پاشمازا وتی « وا داواوەپێ ئەکرێ پارێزگای سلێمانی لەبەر ناو وهەوا سازی و سروشتی ناوچەکەی لەبەرهەم هێنانی میوەدا یەکەم بێت ، تا ئێستاش کۆمەڵێ باخو باخات دروست کراون کە ڕووبێوە کانیان ئەگاتە ١٨٫٧٠٠ دۆنمو بەسەر ناوچەکانی خورماڵو بازیانو پێنجوینداا دابەش کراون .

لەلایەکی تریشەوە بەڕێز جاسم لە ئاگاداریی یەکانی وەزارەتی کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵدا دەربارەی بایەخ دان بە کشتوکاڵو ئەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ دواو وتی :

« ئەوچوار چێوەو پایەیەی کشتوکاڵ لەباری ولاتدا هەیەتیو لەو ناوەڕۆکی ئامانجو ستراتیژییەی شۆڕشمیشەوە کە بەبێی تیۆریکی زانستانە بۆ ئەشەپیدانی کەرتی کشتوکاڵ تێئەکۆشێ ، شۆڕش بایەخێکی تەواوی بەمەسەلەی کشتوکاڵ داوە » .

سەرۆکی ناوچەی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی بەنجەشی بۆ ڕوون کردنەوەی ناوەڕۆی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لەمەیانی هێلەبانەکانو سەرەکییەکانی ستراتیژی کەرتی کشتوکاڵ لە چەند ئەندازەیەکەوە دریژ کرد ، کە لەبەشی هەمووبانەوە بەچێشتی چاککردنی کشتوکاڵ بۆ ڕەنەوە ، لەگەڵ دەست بەسەراگرتنی موڵکی دەرەبەگەکانو لەناو بردنی بەیوەندییەیەنیمچە دەرەبەگایەتی یەکاندا ، ئەمەش لەڕێی جێبەجێ کردنی یاسای چاککردنی کشتوکاڵەوە هاتەدی .

هەروەها وتی :

« شۆڕش هەڵساوی گەلێ ئەرکی لەمەیانی دروست کردنی هەرەوەزکاری و کێڵگەی کۆمەڵی و کێڵگەکانی دەوڵەتدا بریوە ، ودەلەم ڕووەوە هەوڵو کۆششێکی بەردەو گەورو چالاکانەی داوە » .

لەکۆتایی دوانەکەیدا دوارۆژێکی جوانو گەشەداری بۆ وەرزی ئێستای کشتوکاڵ خواست .

بەشی لیکۆڵینەوە

بورماو تایلاند
کوێرەوەری دەبەخشن بەهەزارەها بەنگکێش لەجیهاندا

ئافرەتێکی دەمووچاو ناوسماو کە بەوەندەی ئەمابو بەکی بکەوێ ، لە دەری زنجەکەی دانیشتو بە پایپێك کە لە قامیشی هیندی دروست کرابو ، دەستی کرد بە پایپ کێشان .

ڕوخسارییەی هەر لەئافرەتێکی تەمەن (٦٠) ساڵ ئەچو ، کەچی لەڕاستیدا تەمەنی (٣٢) ساڵ بو .

پایپەکەی بە تلیاك بەستی بو ، ئەو شەکەتو زەردو زەبونیەی بە سیماشیەوە بوو بەڵگەی ئەوەبون کە دەمێکە ئەو ئافرەتە تلیاکی کولە خاشخاشی سووڕ ئەکێشێ .

کولە خاشخاش لەو زەویە سێ ئۆشەیەی کە لە بورماو تایلاندو لاوس پێك هاتبو دەستی کرد بە وەرین ، وەرزی ساڵانەی تلیاکیش ئێستا وا بەڕێوەیە .

بەتوانرێ ئەو بیاوە بە زەبرو زەنگانەی تیرەی (هیو) بپێترێن ، کە ڕیانیان بەشێوە یەکی سەرەکی بە تلیاك فرۆشتنەوە بەندە ، وا لە کێڵگەی گونە خاشخاشەکان داهاتونەتەوەو ئەلکە خاشخاشە سەوزەکان هەڵ ئەدرێو شیلاوکە کوشندەکەی لێدەرئەهێنن .

لە ناوەڕاستی ئەو هەموو گونە سپی و سۆرو بنەوشەیی یانەو لەناو ئەو جوانیو هیمنییەی بانی بەسەر ئەو ئەپولکانەدا کێشمابو کە بە دارو درەخت ڕازابوونەوە . زۆر بەلاتەوە ئەران بو وا باوەڕیکەی کە دەردو مەینەتیی ئەلێ لە بەنگ کێشەرانی ئەمەریکاو ئەروپاو هەموو لایەکی تری جیهان لەم سێ ئۆشە زێڕینییەدا بەرهەم ئەهێنرێ .

چاندنی لوبیا لەبری خاشخاش کۆمەڵەی ئەتەوە یەکگرتووەکان هەولی ئەوەئەدا کە بیاوانی تیرە شاخاویی یەکان والێن بکا ئەبری خاشخاش ، قاوەو لۆبیاو شتی تر بچێنن ، ئەو هەولەشی لەئەنجامی پرۆژەیەکی شاهانەدا یەك ئەگرێتەوە کە بەهۆی پول ادولیادیجی شای تایلاند پشتگیریی ئەکا .

دوای سێ ساڵ لادێیەکان دەستیان کرد بە قاوەو لوبیا فرۆشتن ، هەموو خەلکی تری شاخیش بەوبەری بایەخەوە چاوێن تێبڕیبون ، بۆ ئەوەی بزانن تا چ ڕادەیەك قازانجیان لێ وەدەست ئەکەوێ . بەڵام سەرەکی ترین کیرو گرفت ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆر بیاوانی ئەو تیرەو هۆزانە کە لە هەندێ دێهاتا ئەگەنە ٥٠٪ ، خۆیان تلیاك ئەکێشن یاخود ئەیخۆن .

هەندێکیان بۆ چارەکردنی ئازارو پێچی گەدە یاخود بو سووك کردنی ئازاری دان ... تلیاك سکرتێری گشتیی مەلبەندی ئەهێشتنی بەنگ لە تایلاند، میژەر ژەنەرال باوساراسین بۆ ڕۆژنامە نووسەکانی ڕوون کردەوە کە ساڵی دەوروبەری (٧٠٠) تەن تلیاك لەوناوچە سێ ئۆشە زێڕینییەدا بەرهەم ئەهێنرێ . زوربەی شارەزایانی بەنگ پێیان وایە کە کلیلی چارەسەر کردنی مەسەلەی هیرویین ـ بەدەست بورماوەیە . زوربەی ئەو تلیاکەی بۆ تایلاند ئەچێ ، لە هەرێمی (شان) لە بورمای ژوورووە بەکاروان ڕائەگوێزرێو سەدەها پیاوی چەکدار پاسەوانیی ئەو کاروانانە ئەکا .

بانکوك کە ئێستاکە پایتەختی هیروینیە ، بنکەی تۆڕە قاچاخچیەکانە ، لەوێوە ئەو (ئاردە سپیە) ـ تلیاك بۆ هۆنك کۆنك و ئەوروپاو سەنگاپورە بە ئاسمانا ئەنێرێ یاخود بە ئۆتوموبیل بۆ مالیزیاو ولاتانی تر ئەنێرێ .

پۆلیس ڕێ بەو کاروانانە ئەگرێ کە بەرەو خوارو ئەچن ، ڕێبوارەکانی ناو پاسو لۆرییەکان ئەپشکنێ .

هێزەکانی ئەهێشتنی بەنگ بە شێوەیەکی چالاکانە لەگەڵ پۆلیسی سنووری تایلەندیدا هاوکاری ئەکەن ، هەندێجار ئەو پولیسانە هێرش ئەبەنە سەر ئەو پالاوگە هیرۆیینانەی لە شێوە کاندان و ئێشك گرتنێکی ئەمل بەمێزیشیان هەیە ، ئەمەش ئەهۆی سەدەها پۆلیسەوە کە بە فڕۆکەی هەلیکوپتەری جەنگ ئەگوێزرێنەوە بە ئەنجام ئەدرێ .

لەیەکێ لەو هێرشانەی ئەو دوایی یانەیاندا ئەوەندەیان هیروین گرت کە لە بازاڕی ئەمەریکادا نرخی ئەگاتە (١٢) ملیون دولار .

سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە ئشیانگ ماى وتی : ئەو بەلامارە نە بەلامارێکی سەربازیی تەواو ئەچو یەکەمجار بیاوەکان بەهۆی شریتەوە لە فڕۆکە هەلیکوپتەرەکان دائەبەزین ، لە پاشا ئەوەیان بۆ دابەزینی هۆزی تر خۆش ئەکرد .

وە وتی بۆ بەدبەختیی زۆر جار کە ئەئەیشتن پاڵێوگەکان ئەیان بینی کەسی تیانەماوە ، بەڵام هیروینی پالاوتەو چەکو ئامرازی کیمیاویی یان ئی بە دەست ئەکەوت .

شارەزاکانی بەنگ سەرەڕای ئەو سەرکەوتنەیان دان بەوەدا ئەنێن کە نزیکەی ١٠٪ی ئەو تلیاکانە بە سافی ئەگەنە جیهانی دەرەوە . هەروەها شارەزاکان دان بەوەدا ئەنێن کە ئەو بیاوە زلانەی لە کاروباری بەنگدا ئیش ئەکەن وانە ئەوانەی هەر تلیاك ئەکڕنو خۆیان لە بەنگ نزیك ناکەنەوە کەمتر ئەگیرێن . زەنەرال سارا سیز لەو بارەیەوە وتی :

هێشتا ماسی یەزنەکە ئەو توانایەی هەیە کە ئەکەوێتە تۆڕەکەوە .

بەکاری ئەهێنن .

یەکێك لەو بیاوە بیرانەی تیرەی (هیو) کە چوم پێی کەوت ، وتی : ئەئەر لەجیاتی تایاك شتێکی تر بچێنم ، وا کەمێ تلیاك بۆ خواردنی خۆم هەرئەچێنم .

ئەوەی ئاشکراشە پاندنی تلیاك ئیشوکارو داوەڕێیەکی زۆری بۆ ئەوێ ، ئەوەکانیشی کەر بەر بارانێکی بەئونەد بکەوت لەناو ئەچن .

بەر وەبەری بەرهەمی ئەئەوەیە کە ئەوەکە ئەمان لە تشیانغمای ـ ڕیتشاردەمان ـ وتی : ئێستاکە لە(٣٠) ئەو (٧٠٠ دۆنمی کە تلیاك لە تایلاند بەرهەم ئەهێنن ، لە بری تلیاك شتی تر ئەچێنن .

بەڵام ئەنها ١٠٪ی بەرهەمی ساڵانەی ئەو ناوچەیە لە تایلاندەوە دێت و ١٠٪ی تریش لە لاوسەوە دێت ، کەچی دوا بەرهەمەکەی تر کە لە ٨٠٪ی هەموو بەرهەمەکەیە لە بورماوە دێت .

ساڵی ـ ٧٠٠ ـ تەن

وێنە

مرسیدس شەکر ئەشکێنێ

مشتومڕ لە وەدا نیە کە هەمووکەس حەزی لێیە زور شتی هەبێ ، دواییش ئەوەی بۆی بکری بیکا بۆ ئەوەی ئەو هەموو شتەی بەدەستەوەبەتێ بێ ئەوەی کەس چاوی و بەکامی ئەی خۆی پێیانەوە رایبوێری بی ئەمەوەی کەس چاوی تەماعیان تێ بڕێ . لەم شمانەش کە باسمان کردن ، ئۆتوموبیل لە ڕێزی پیشەوەیە ، ئەگەر لە هەرە پیشەوە نەبێت ، بەتایبەتی ئەگەر سەرمایەی خاوەنەکەیو هۆی رزقو ژیانو گوزەرانی خۆی ومالو منداڵی بوو ، لەبەر ئەوە نەبینن گەلی لە خاوەن ئوتوموبیل ، لە خوشەویستی ئوتوموبیلەکانیاندا کەیشتونەتە پلەی توانەوە ، بە تایبەتی ئەگەر ئوتوموبیلە کانیان لەو جۆرە تەورانە بن کە بو بار هەلگرتن بەکار ئەهێنرین لە نیوان شاراندو وولاتاندا ، لەوانەیە هەندیکیان سووچە حانوویەکی کە هەیبوە فروشتویەتی یا خۆی تا بوقەتەی مل کردوتە ژیر باری قەرزەوە بۆئەوەی ئوتوموبیلیکی ئەوها بکرێ ، بویە دلی هەمیشە وا لای و خەریکە دەستی پێدا دێنی و چەوری ئەکاو ڕێگی ئەخات لە زیان بەدوور بێت ، بەلام هەمیشە دەستی وا لەسەر دلی ،چاوێکی وا لای ئوتوموبیلەکەو ئەوی تریان لای قەدەری چەپکەرد مەبادا لەلایەکەوە لێی ڕابەڕی و ریسی بکاتە خوری ، بۆیە لە تاوا هەرچی ئایانی قورئانو قسەی پیاو چاکان هەیە کە باسی قەدەرو زەرەر بکا ئەیخاتە ناو چوارچیوەی زیرەوەو بەم لاو بەو لای ئوتوموبیلەکەیدا هەڵی ئەواسی تا لە چاوی بەدو قەدەری بی ئامان بە دوور بێت ، یاخو بە هەلە داوان ئەچێ بولای خۆشنووس تا پشتی بو بڕازینیتەوە بە دیاو دوعا وئاوی ئەولیاو پیاو چاکانی بو بنوسێت وەکو (محروسه سبع الدجیل)و (محروسه العباس ابو فاضل)و (محروسه الحمزه ابو حزامین)و (ماتوکلی الا بالله)و (سیری دین الله ترعاك) هەندیکیان خوشەویستی ئوتوموبیلەکەیان ئەگاتە کەوتنە دەریای .

ئەوینو ئەوین کاریەوە ئەگەیدا وەکو (محبوبه بو قیس)و (محبوبه حمید) ... هتد ئەمە جگە لە وشەی ئەندێ ئۆرانی باو لەناو ئەوەندا وەکو ئورانیەکانی ام کلثوم (یامسهرنی)و (یاریتنی طیر لاطیر حوالیك) وهەندی سەلی تری میالی وەکو (الصبر طیب)و (الحسود لا یسود)و (فی عین الحسود وه) .

ئەمانە هەموی بەجێی خۆی ، بەڵام سەیر ترینی ڕستە کە بەرچاوم کەوتبێتو ڕۆژ سەرنجی ڕاکیشا بێت ، ڕستەیەکە لە بڕیاغی سپی لە شتی ئوتوموبیلەکی مرسیدسی کەورە نوسراوە (المرسیدس یتکلم والحاسد یتألم) .. لە دلی خۆمدا زەردەخانەیەکم کرد ، ئەلێی شتێك بێم ئەلێ ، ئەم کابرایە یا نە هیچ شتێك نازانێ ، یا لە هەمو شتێك ئەزانێ ، ئەم ترس و دوو دلی خۆی بەم پەردەیە شاردوەتەوەو ئەم ڕستەیەی کردوە بە پەردە بۆی کە بڕە لە ماناو زۆر کالیشە لە روخسارا .

بەدیرە

ئەنجامی پرۆژەی نیشتەجێ لە دهۆك

گیروگرفتی نیشتەجێ کردن لە دهۆك زیادبووە بۆیە وەزارەتی کاروبارو نیشتەجێ کردن پرۆژەیەکی بەجێ هێناوەلە (١٠٠) خانوو پێکهاتووە ، (٨٠)یان دوو ژوورو یەك هۆڵینو (٢٠) یان سێ ژوورو یەك هۆڵین .

ئیوەی ئەم خانووانە دابەش کراوە بەسەر فەرمانبەرانو پاش هەفتەیەك (٢٠) خانووی تریش دابەش دەکرێت وئەمانگی چواردا ئەشەت پرۆژەکە کۆتایی دێت .

ئەندازیاری سەربەرشتی پرۆژەکە فەرمووی :

« هەر خانوویەکی بچووك (٢٦٥٠) دینارو هەرخانوویەکی گەورە (٣٠٠٠) دیناری ئەچووە » .

ئەوەی شایانی باسە ، ئەم خانوانە دەدرێن بە فەرمانبەرانو نرخەکەیان بە مانگانە لێیان دەگیردرێتەوەهەروەکو پارێزگەی کەربەلا .

بەڵام سەیر لەوەدایە کە ئێستا کۆڵانەکانی ئەم ناوچەیەچیمەنتۆ دەکرێتو پاش چەند مانگێك سەرلەنوێ هەلدەدەکەنرێتەوە بۆ ئەوەی ئاوڕۆ (مجاری) یان بۆبکرێت ! نازانم بۆچی هەر لە ئێستاوە ئاوڕۆکان ناکرێت ئەمجا چیمەنتۆ بکرێت ؟!

پ . هاوکاری لە دهۆك



کۆمپانیای شت ناردنەدەرەوە

کەل و پەل و پیشەسازی نیشتمانیمان لە بازاڕەکانی دەرەوەدا پایەیەکی گەشداری هەیە..

کۆمپانیای شت ناردنەدەرەوە لەو دەزگایەی کە لەرکی ناردنی هەموو پەروەوەیەکی عیراقی بۆ کرتی تشتی و تایبەتو تیکەلاوو بازاڕەکانی دەرەوە لەسەودەیە، یا راستەوخۆ لەو کەل و پەلانەی لەنیری بۆدەزگا بازرگانیەکان یاخود لە ریگای ئەو بنەبازرگانیانەی خریەوە کە لە دەرەوەی عیراقن، وەکوو قاهیرە، بیروت، دیمەشق، عەمان، کویت، قەتەر، بەحرەین، ابوظبی، دبی ..

فراوان کردنی بازاڕەکان

بۆ ئەوەی بازاڕەکان بەرفراوانتربن و جۆرەکانی تازە بۆ کەل و پەلەکانمان بڕەخسێنێ و هەول بدرێت کەل و پەلی تری وەك خۆی لە بازاڕەکانا بوەستێ و گرنگیش بیان ناسین و شارەزایان بین کۆمپانیایەکە ملیدایە بەر فراوان کردنی بنکەی مەلبەندە بازرگانیەکانی، بەوهۆیەوە مەلبەندێکی خۆی لە خەرتووم لە ولاتی سودانداە دامەزراند، بەردەوامیشە لە کردنەوەی مەلبەندەکانتر لە موریتانیا و مەغریب و تونس، هەروەها باڵیش دەنێ بەو کەل و پەلە عیراقیانەی بەرەو بازاڕەکانی ئەفەریقا دەچن، ئەمەش لە ریگای لیکۆلینەوەو بیرلێ کردنەوەی ئەو کۆمپانیایە کە لە سۆمال و کینیا هەندێ مەلبەندی بازرگانی بکاتەوە .. ـ هاوکاریەکی تەواو لە نێوان کۆمپانیاکەو کەرتی بەرهەم هێنانداـ هاوکاریی راستەو بە کەلك لە نێوان کەرتی بەرهەم هێنان و کۆمپانیاکەدا دەورێکی بنەڕەتی ئەبینێ لە هێنانەدی خواست و ئامانجەکانی کۆمپانیاکە بۆ ئەوەی کەل و پەلی عیراقی بەرەو باشترین پایە ببرێت و شۆڕبوونەوەیەکی لە بارتریشی بۆ ناوبازاڕەکان بۆ بەدی بهێنرێ تاوەکوو بتوانن روو بەروو کەل و پەلەکانی وەك خۆیان ببنەوەو بیشیان لەو بازاڕانەدا جێگیر بکەن و خەلك هۆگری کرینیان ببێت .

لەم رووەوە « هەروەك بەڕێز زهیر محی الدین » بەڕێوە بەری کاروباری لیکۆلینەوەی کۆمپانیاکە، ئەی :

کۆمپانیاکە توانیویەتی رادەی شت ناردنە دەرەوەی بۆ مەلبەندە بازرگانیەکان وا بەرزبکاتەوە کە تەنها لە سالی ١٩٧٦دا بەنایە نزیکەی ملیون و چارەکێك، لە سالی ١٩٧٥دا قەبارەی شت ناردنە دەرەوەی ئەو کۆمپانیایە دەوروبەری سێ چارەکە ملیون بو، ئەو هۆیانەی یارمەتی ئەوراده بەرزبوونەوەیەی بۆ ئەو ژمارەیەدا، هەول و تەقەللای ئەو کۆمپانیایە بوو لە بەدەست خستنی کەل و پەلی نوێ و تەنها پشت بە کەل و پەلە کۆنە کانیش نەبەستێ، ئەوەو لەگەل ئەوەشدا کە لە ١ـ٤ـ١٩٧٤وە ناردنی جیمەنتۆ بۆ دەرەوە وەستێنراوە، ئەمەش بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی رێکخستنی بازرگانی بوە، ئەو بڕیارەش بەهۆی ئەوەوە دەرچو کە جیمەنتۆ لە ناوخۆدا داواو پێویستیەکی زۆری لەسەرە، و بزوتنەوەی خانووبەرە دروست کردن و ئاوەدان کردنەوەش لە شۆڕشی حەفدەی گەلاوێژەوە لە ولاتدا بەرەوپەرە سەندن تەکان ئەدا وەکو ئەزانرێ نە شت ناردنە دەرەوەی ئەو کۆمپانیایە بۆ ولاتانی دەرەوە جیمەنتۆ رێژەیەکی بەرز پێك ئەهێنێ .

کەل و پەلی تازەو رێژەیەکی بەرزی شت ناردنە دەرەوە

ئەو کەل و پەلە تازانەی لە سالی رابوردوو و ئیمسالدا ئەنێررێنە دەرەوە : کێلەبەرد، بەردی کاشی، ئەنمە کوتاو، ساوار، چەتال، سپرینگ و تەلی کەل و پەلی تر .. بۆ نموونە بەڕێز زهیر محی الدین بەڕێوەبەری لیکۆلینەوەی کۆمپانیاکە ئەوە ئەسەلمێنێ کە ئەو کۆمپانیایە لە سالی ١٩٧٦دا بەرژەیەکی کەلی بەرزتر لە چاو سالی ١٩٧٥دا کەل و پەلی ناردۆتە دەرەوە، بۆ نموونە وەك ئەو رێژە بەرزبوونەوەیەی لە بەردەم ئەو کەل و پەلانەی خوارەوەدا نووسراون :ـ

جامی شووشە رێژەی ناردنە دەرەوەی ٢٥٠٢٪ بەرزبۆتەوە .

بۆرەکو ئەچ رێژەی ناردنە دەرەوەی ٢٠١٥٪ بەرزبۆتەوە .

چەتال و سپرینگ رێژەی ناردنە دەرەوەی ١٨٠٢٪ بەرزبۆتەوە .

کارتۆنی بەتال رێژەی ناردنە دەرەوەی ٤٧١٥٪ بەرزبۆتەوە .

ئەنمە کوتاوو ساوارو بڕوش رێژەی ناردنە دەرەوەیان بۆ ٣٦٢٪ بەرز بۆتەوە .

ئەمە سەرەڕای (٢٠) شتی تری تازەکە لە سالی ١٩٧٦وە ئەنێرراونەتە دەرەوەو بەشتر لە سالی ١٩٧٥دا بۆ دەرەوە ئەنێرراون، ئەمەش کارەش بۆ ئەنمەوەو لە کەرانی ئەو کۆمپانیایە بە دوای پەیدا کردنی کەل و پەلی تازە ئەخەنەروو لەو کەل و پەلانەش ئەلەفزیون و پەڕەکاربۆنی نووسین و باسکیل و کەنی شتی تر ..

پلانێکی نوێی شت ناردنە دەرەوە

بەڕێز بەڕێوەبەری لیکۆلینەوەی کۆمپانیاکە لەو پلانە نوێیە ئەدوێ و ئەنێ : لە رێژشنایی بڕیارەکانی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبەوە کە بنکەیەکی بەرفراوانتر بۆ ستناردنە دەرەوەیە خستنێ و ئەو کەل و پەلانەی کە نرێرنە دەرەوەش هەموو جۆرین، ئیمسال کۆمپانیاکە پلانێکی دانا کە شستومەك ناردن لە عیراقەوە بۆ دەرەوە زیاتر راپەڕێنێ و لەو بارەو لەباری کەل و پەلی تازەشەوە باشترین پێشکەوتن بەدی بهێنرێت .

چالاکی مەلبەندەکان

دەربارەی پرسیارێك کە پەیوەندیی بە چالاکی مەلبەندە بازرگانیەکانی عیراقەوە هەبو لەدەرەوەبەڕێز زهیر محی الدین وتی :

مەلبەندە بازرگانیەکانمان لە کوێت و بەحرین، پشکەوتن و رێژە بەرزبوونەوەی شتومەك ناردنیان لە سالی ١٩٧٦دا زیاتر لە سالی ١٩٧٥دا بەدی هێناوە .

ئەو رێژەیەی مەلبەندی بازرگانیمان لە کوێت بەدی هێناوە بڕیتیە لە ٢٠٥٪ بەلام مەلبەندی بەحرەینمان رێژەی لە ٤٥٪ی هێناوەتەدی، هەردوو مەلبەندی عەمان و قەتەریش دووبارە بلەی شتومەك ناردنە دەرەوەیان بەرێژەی ٢٤٪ و ٣٦٢٪ (یەك بەدوای یەك) بەرزبۆتەوە .

ئەو مەلبەندانەی لەابو ظبی و دبی ن رێژەیان ٣٢٢٪ و ٤٢٥١٪ (یەك بە دوای یەك) بەرزبۆتەوە .. بەلام مەلبەندی بازرگانیمان لە بێروت بەهۆی رووداوە خوێناوی یەکانی لوبنانەوە داخراوە، دەسەلاتداریی یەکەی حەلەپراوو بەکرنگیراوەکەی حوکمرانی سوریاش مەلبەندە بازرگانی یەکەمانی لە دیمەشق داخستووە ...

بارستایی ئەو کەلوپەلانەی نێردراونەتە دەرەوە ـ بە پارە ـ

بۆ ئەوەی وێنەیەکی ناشکرای ئەو کەل و پەلانەی نێرراونەتە دەرەوەو پارەکانیشیان بە دەستەوە بدرێ بەڕێز بەڕێوەبەری لیکۆلینەوە ئەڵێ : کۆمپانیاکە کەلی کەل و پەل و شتوومەك بۆ دەرەوە ئەنێرێ، لەئەنجامیشدا وەك ئەوەشما وەك نموونە لیستەی هەندێکیان بخرێتەروو کۆمپانیاکە خورمای پرناو و جۆری چاك ئەنێرێتە دەرەوە، نرخی ئەو خورمایەش کە ناردووەیەتی گەیشتۆتە (٣٠) هەزار دینار، رۆنی رۆکیش گەیشتۆتە (١٢٧) هەزار دینار ناردە سابۆنی جل شمن (١٧١) هەزار دینار، بەتانی (٧٢) هەزار دینار، ئەلەفزیون (١٦) هەزار دینار، پاسکیل (١٦) هەزار دینار، جگەرە (٣٠) هەزار دینار، دیشاو (٤٦) هەزار دینار، صابونی هەمە جۆر (٢٨) هەزار دینار، بۆرك ١١٤ هەزار دینار .. و ئەڵێ کەل و پەلی تر کە لە پێشتر باس کراون ..

هەروەها بەڕێز بەڕێوەبەری لیکۆلینەوەی کۆمپانیاکە وتی : هەندێ جار لە پێناو بەردەوام بوون و جێگیر بوونی شوێن و پایەی کەل و پەلێکی دیاری کراوو لە بازارێکی دیاری کراودا ئەو کۆمپانیایە نرخی ئەو کەل و پەلە دابەشکێنێ و بە هۆی سنووقی بشتگیریی کردنی شت ناردنە دەرەوەوەو بەپێی پلانی کەشە پێدانی ئەتەوەیی ٩٧٦ـ١٩٨٠و ئەو فراوان بوونەش لەو پرۆژانەی بەراستی دامەزرێنراون چاوەڕێ ئەکرێ، پشتگیریی ئەکا، ئەو پرۆژانەش ئەو پرۆژانەن کە لە ماوەی پلانەکەو دوای ئەو ماوەیە ئەچنە نێومەیانی بەرهەم هێنانەوە، بەم پێیە کۆمپانیاکە میقدارێکی فراوانتر بۆ بازاڕە کۆنینەکانی و بۆ بازاڕە تازە

بروانە ل : ١١

شوێنەوار

دۆزینەوەی شوێنەواری دێیەکی نوێی ئیسلام

● قاسم راضی حسین ●

دۆزینەوەی شوێنەواری دێیەکی نوێی ئیسلام ئەرراوە هەروەها بەڕێز قاسم وتی: بەهۆی ئەوەی بەسەرۆکایەتی یورکن شەس لەوەرزی یەکەمی ساڵەوشتانەی تە کردەکانی لە کەربەلا هەندێ نزدیکان دۆزیوەو کە بە کەرزی (اخیضر) دۆزراونەتەوە (احیضر) ناو ئەبرێن دوو کیلومەتر لە سەرووی دینگە پایەیەکە لە خشت قەلای (احیضر)ی ئیستاوەدووەن . هەر هەمان ئەوەدروست کراوە . لەمزانەوت و ئەخش و نیگارەی لە هۆلی شەرەفی گرسکی (احیضر)داخانوەکەدا ئەو دینگە پایە هەن لەو کردانەشا هەنە .

دروست کردنی ئەو دینگەو پایەو جۆری خشت و شیوازی بیناکردنەی تە دروست کردنی ئەو شوینەدا رەچاوکراوە کە هەر لەوە ئەچن کە لە کۆشکە کەدایە، شارەزایی هونەرمەندی ئەوکات لە خانوبەرە دروست کردن دا لەوکارە بەدیارو ئەشەدارانەدا دەر ئەخا کە بەئەنجامیان هێناوە، ئەمەش بەلگەیەکە کە عەرەب لەناوەدان کردنەوەی بیابان داوکردنی ئەوبیابانە بەمێرکێکی جوان خاوەنی هێزو توانای خۆی بوە. ئەو فرمانەی کە لێرەدا کرنگە ئەوەیە کە ئەندازیاری ئیسلام توانیویەتی بیناکردن بەپێی ئەو دزخەرەقەی بیابان بڕەخسێنێ، ئەك هەر لەبەرەی بیناکاریەوە بەلکو لە بارەی ئەو شێوازە جوان و قەشەنگە شیەوە کە سەرنجو ئارەزوو ئەبزوێنێ. قەلای (اخیضر)و ئەو کردانەی دەوری ئەو قەلایەیان داوە یەکێکن لەو نهێنیانەی کەهێشتا شارەزایان خەریکن ئامرازەکانیان لێك ئەدەنەوە .

لەچاوپێ کەوتنێکا لەگەل بەڕێز (قاسم راضی) نوێنەری بەڕێوە بەرێتی کشتی شوێنەوارەکان کە لەگەل ئەرراوە ئەلەمانی یەکان لە شوێنەو، دەربارەی ئەو دۆزینەوە ئەنگەو ئەوکارە زلەش کە ئەو دۆزینەوەیە ئەیکاتە سەر ئەروەی ئەو ناوچە کرنگە دوای فەرەوی :

ئەرراوە ئەمەانی یەکان هەوڵو کۆشمشێکی باسیان لە لیکۆلینەوەی بەدەرخستنی شوێنەوارەکانی ئەردەکانی (اخیضر) داوە، کە ئەمەش لەم سەرخانەدا دەردەکەوی خاڵی یەکەمیان باری سەرەودی گرتەوە کە لە کۆشکی (اخیضر)وە بۆ بەرەو ژوور دووکیلو مەترە دووەو و هەندێ بەشی خانوویەکیش (گرشکیت) کە، بەخشت دروست کراوو پشکیت .

خانی دووەمیش مەودی ٤٨ متر خوارووی ئەو خانوەیە، ئەو هەلکەندنانەی لەوێدا کران پاشماوەی بناغەی مزگەوتێکی بەخشت دروست کراوی دەرخست کە کۆمەڵی ژوور بە دیواری باری خوارەوەیەوە بو، بەلام خاڵی سێیەم ئەکەوێتە ژوورووی رژۆناوای ئەمەوە، ئەو هەلکەندنانەی لەوێشدا کران خانوونکی ساکاری بە دەرخست کەلە کۆمەلەبەردێك و ژوورێکی بەربلاو ئەناوە ڕاستیا پێك هاتبو .

مزگەوتێك لە چەرخی عەبباسی یەکەمدا

بەڕێز قاسم دەربارەی شێوازو نیشانەکانی خانووبەرە دروست کردنی ئەوشوێنە دۆزراوەیە وتی :

گرنگترین شت کەلەو شوێنەدا دۆزراوەتەوە، مزگەوتێکی بچووکە، میحرابێکی بۆشی لەسەرپایە دامەزراوی تیدایە، ئەو میحرابەش یەکێکە لەو نموونانەی کە بەدرێژایی چەرخی عەبباسی یەکەم لە رژێمەلاتی جیهانی ئیسلامدا بلاوبوەوە، ئەو میحرابە لەنیوە تاقێك پێك هاتبو کە ئیستا لە مۆزەخانەی بەغدادا هەئیراوە، تاراده یەکی دوور لەو تاقانە ئەچی کە لۆچە قووەکانی باری سەرەوەی مزگەوتی (عمرو بن العاص)ی لەرووی دەرەوەوە بە راز ئراوەتەوە، هەروەها لەو تاقانەش ئەچێ کە بەسەر لۆچە قووەکانی ئەوان پەنجەرەکانی مزگەوتی بن طولون دا پەخش کراوە، هەروەنده لۆچی ئەو تاقانە لەلۆچی رووی دیوارەکانی مزگەوتی (عمرو بن العاص) زیاتر پێشکەوتوترین .

رواڵەتێکی کۆنی خانو دروست کردنە کە لە چەرخی عەبباسی یەکەمەوە لە پەنەخانە دروست کردن لەناو ئیسلام دا بلاو بوبوەوە . ئەمەش بریتی بو لەوەی کە کۆڵەکە ئەخرایە ژێر بردە دیوارو لاپەنجەرەکان . دووبارە هەمان شێوەش لەمزگەوتی عمرو بن العاص و کۆشکی (اخیضر)دا هەیە، هەروەها کۆنترین شت لەوبارەیەوە لە دەرکای بەغدادا بەدەرکەوتوە، لە باشانا ئەمە لە ئەوانی باڵەخانەکانی تری ئیسلامدا بلاوبوەوە .

لەو دۆزینەوە ئەرنگانە، لە ئاوکەلاوەکانا هەندێ نەخش و نیگار دۆزرانەوە کە لە بارچە کەچ پێك هاتبون و نەخش و نیگاری رووەکی و ئەندازیاریان لەسەر دروست کرابو، هەروەها هەندێ پارچەی سالانی دوای ئەمەشیان تیدا دۆزرایەوە، کە ئەشێ دیوی ناوەوەی دیوارە بلندەکانی پێرازێنرابێتەوە، تا رادەیەکی دووریش لەوانە ئەچن کە رووە دیوارەکانی پێ ئەرازێنرانەوە .

ئەو رواڵەتە ماوەیەك ئەما، کەچی لە پاشانا دوای ئەوەی دەقوودق مۆرکێکی ئیسلامی بەسەر خۆیا هەنگیشا سەری هەلدایەوە، وەك لەهەندێ لە بەنەخانە ئیسلامی یەکانی چەرخی عەبباسی یەکەمدا دەرئەکەوێ . ئەرراوەکان لەوەرزی دووەمشا کارەکەیان بردەسەر لەوشوێنەدا هەندێ دیوار بە دەرکەوتن لەئەل هەندێ کۆڵەکە، کە، بەئەلن دینگەوە بەند کرابونو بەنەخشو نیگاری شێوە رووکیو ئەندازیاریی نەخشێنرابون، لەوانەیە ئەو لیکۆلینەوانە شێکی تازە بەمێرووی کۆشکی (اخیضر) بگەیەنێ .

بەشی لیکۆلینەوە

کـه منالّ لـه دایك و بـاوکیّکی دوو نـه‌ته‌وه‌ی جیـاوازئـه‌بیّ ، بـه‌چ زمـانیّ قسـه ئـه‌کات

لەوانەیە ، لەسەرەتادا ، مەسەلەکە بایەخێکی ئەوتۆی نەبێ یان ، لەوانەیە زۆر دایك گۆی بە سەرنجدانە هەڵوێستی منالەکانیان نەدەن لە مانگداکە دانیشتوانی مانەکە بە زمانێکی تری جیالەزمانی دایك فسەنەکەن ، بەڵام پێویستە بایەخ بەم خاڵەبدرێ ، چونکە زمان گرنگترین هۆی پەیوەندی و ڕێکەوتنە لە نێوان خەڵکا ، منال یان بەگشتی مرۆڤ ئەم هوبەیان لەدەستچو ، مانای ئەوەیە لەدوایيدا لە پەیوەندیە کانیان لەگەڵ کەسوکاریاندا سەرکەوتو نابن ، یان ناتوانن لەگەڵ کەسوکاریا بەزمانی ئەسنەکەی خۆی قسەبکا .

بۆنموونە ئەو منالەی زوربەی وەختی لای دایەتێک لە وڵاتێکی بێگانە بەسەر ئەبا ، ڕووبەڕووی گیروگرفتی گوی‌گرتن لە دووزمانی جیاوازئەبێ . زمانی دایك و باوکی کە کوردیە ، زمانی دایەنەکەی کە هەرزمانیکی تربیت ...

هەروەها ، هەندێ منال کە لە وڵاتێکی بێگانە لە دایك ئەبن و سەرەتای منالیان لەوی بەسەرئەبەن، بەهوی کاروباری دایك و باوکیانەوە لە وڵاتە بابە هێی خوێندنەوە ، کەئەوانیش ڕوو بەڕووی هەمان گیروگرفتی دووزمانی جیاوازئەبن ، دیسان منالانی‌تر هەن ڕوو بەڕوی هەمان گیروگرفت ئەبن ، وەك ئەوانەی لە دایك و باوکێکی زمان لێك جیاواز لە دایك ئەبن ، بۆنمونە ، مێردێکی کوردکە ژنەکەی بێگانەیە ، یان ، بە پێچەوانەوە .

ئەو جۆرە منالانە ، کەسوکاریان ، سەریان سوڕ ئەمێنێ و نازانن بە چ زمانی لەگەڵیاندوێن ، بە کامزمان فێری بکەن ، لە یاڵ ئەوەشدا کەسوکاریان زۆرجار ناچار ئەبن ماوەیەکی زۆر یان کەم لە وڵاتێکی بێگانە بمێننەوە ، ئەمەش وایان لێئەکا بترسن لەوەی منالەکە زمانی خۆی لە بیربچێتەوە و دوای بەئاسانی فێری نەبێتەوە .

جالێرەدا، ئەم ئامۆژگاریانە، ئاراستەی باوك و دایکەکان ئەکەین ، بۆ چارەسەری ئەم گیروگرفتە وەبایۆکەم کردنەوەی و ئاسان‌کردنی :

● ئەگەر دایەنی منال بێگانەبوو ، لە سەر دایك پێویستە ماوەیەکی زۆری لەگەڵ منالەکەیا بەسەربەری و بەزمانی خۆی قسەی لەگەڵ‌دا بکاو وەلامی ئەو پرسیارانەی ئەداتەوە کە بەزمانی بێگانە ئاراستەیان ئەکاتا ناچار ئەبێ بە زمانی خۆی پرسیار ئەکا ، چونکە منال ئەگەر ماوەیەکی زۆر لای دایەنەکەی مایەوە زمانەکەی ئەو باشتر لە زمانی دایکی فێرئەبێ ، وە بەزمانە تازەکەی قسە لەگەڵ دایکی ئەکات ، جابۆ ئەوەی ناچاری بکات بەزمانی زگماکی خۆی قسە بکات ئەبێ ئەوی لەو قسەیەی ئەتری کەبە زمانە بێگانەکەیە بە کوردی لە گەڵ منالەکەیدا بدوێ . خۆ ئەگەر ئەیزانی ئەوا ئەبێ خۆی زۆرترین وەختێ کە لە توانایایەتی قسەی لەگەڵ بکا ، یان ناوبەناو بینێرێتە مالی بابیری تاباشتر گوێی لە کوردی بێت و بیری رابێ .

● **خۆ ئەگەر دایك و باوك ناچاربوون ماوەیەکی دوورو درێژ لە دەرەوەی وڵات ، لە وڵاتێکی بێگانە بمێننەوە ، ئەوا لە سەریانە هەوڵێکی چاك بدەن کە بە زمانی خۆیان لە گەڵ منالەکەیانا بووێن لەهەرهەڵێکا بۆیان هەڵدەکەوێ ، دیسان چاریش نیە ، ئەبێ منالەکە زمانی ئەو وڵاتە بێگانەیە لە قوتابخانەبێ یان لە ناو خەڵکا ، فێربێ ، بەڵام هەر زمانی کوردی ئەبێ لە میشکیاێ تا کە گەرایەوە بۆ وڵاتەکەی بە تەواوی فێری‌ببێ .**

تێکڕا ، مەسەلەکە بەستراوە بە باوەڕی دایك و باوکەوە ، ئەگەر قسەکردنی بە زمانی بێگانەیان بۆ منالەکەیان هەلبژارد ، جا زمانی دایکی‌بێ یان هی‌دایەن ، با هەردووکیان لەسەر ئەوە ڕێك بکەون ، گرنگ ئەوەیە هەر یەکە بەزمانێکی جیاواز قسەی لەگەڵ ئەکا ، چونکە ئەوساکە ئەوە بو لە فێربوونی هەردوو زمانە کەدا بێ هیزئەبێ ، لەوانەیە دایك و باوك زمانی ئەو وڵاتە بۆ منالەکەیان هەلبژێرن کە تیایا ئەژین ، ئەمەش لەسەر ئامانجی هەردوکیان و چونیەتی قسە لەگەڵ کردنی منالەکەوەستاوە ، گرنگ ئەوەیە منالەکە نەکەوێتە گیژاوی دوو زمانی جیاوازەوە ، ئەزانی قسە بەکامیان بکات و کامیان نێبکا .

باشماوەی دەرخواردان

گرتوویانەو ، بەکێك لە پیاوانی ئەو دەستەیە لێکۆڵینەوەی لەگەڵا کردووە بە هەوڵی ئەوەی ناچاری‌بکات لەهەندێ ڕووداوی بەخەیال کە ئەو بەگرێگیراوە باسی‌کردوون و گوایە لە عیراق ڕوویانداوە ئەمەیکات ، کاتێك ئەو هاوڵاتی‌یە وڵوویەتی ئەم ڕووداوانە ڕووی‌نەداون ، بەگرێگیراوی ڕژێمی سوریا بەربۆتە گیانی بەندان و بە ئابڕوبردنی ، دەمانچەی لێدەرهێناوەو .

هەڕەشەی کوشتنی لێکردووە .

هەروەها هاوڵاتی‌یەکە ووتی :

دوای ئەوەی هەموو هەوڵێکی ئەو بەگرێگیراوە ڕووخاو نەتیوانی لە خشتەی بەرنت ، داوای لێکرد هەلس‌وکەت لەگەڵ موخابەراتی ڕژێمی هەڵکەڕاوەدا بکات و پاس‌و خواس دەربارەی عیراق دەستگیربخات .

ئەو هاوڵاتی‌یە بە توندیی بەربەچی ئەو داوا بێئابڕووی دایەوە، لەبەر ئەوە بەگرێگیراوەکە بەزۆر پەرداخێ ئاوی دەرخوارددا کە لە پاشانا هەستی بەوە کرد کە ئەمە ماددەی سڕکردن‌بووە ، ناچاریشی‌کرد تیلمە کاغەزێك کە پێشتر بەگرێگیراوی موخابەراتەکە ئامادەی‌کردبوو نووسیبوی ئیمزابکات .

پێئەوەی ڕێی ئەوەی‌بدات بزانی چی تیانوسراوە .

هاوڵاتی سمیر ابراهیم سعید (قوتابی ئامادەیی بازرگانی رسالە)ش لە بەغداد کە بەکێ‌بووە لە نەفەرەکانی شەمەندەفەرەکە ئەوەی دەرخست کە هەرهەمان ڕەفتار لەگەڵ ئەویشدا کراوە .

ووتی : ئەوکەسەی لەویشی کۆڵیوەتەوە بەزۆر کوێی چای‌داوەتی ، دوایی زانیویەتی ئەوە ماددەی سڕکردنە دەرخواردی‌داوە ، پێش ئەوەی خۆی‌و هاوڕێکەی‌و نەفەرەکانی‌تر بەربدەن تیلمە کاغەزێکیان لەبابەتی پێشوو پێمۆرکردووە ، بەم چەشنە ڕژێمی بەگرێگیراوی دیمەشق ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بەردە لەرووی خۆی هەڵئەمالێ کە تاچ ڕادەو بارستایی‌یەك بێ لە بێئابڕویی لێهەلکشاوە .

باشماوەی ڕژیمی

کە ئەنجامی هەموویان نوشوستی‌و تێشکان بوە ... بێ‌گومان ئەنجامی ڕۆژە ئیمپریالیستیەکانی ئیستاش ..ڕۆژەی لەناوبردنی بەرگری فەلەستین‌و بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان‌و ڕۆژەی سازان لەگەڵ فەوارەی زایۆنی مەخفەری پێشەوەی ئیمپریالیزمی چیهانی ، هەر ئەو ئەنجامە دەبێ کە ڕۆژە ئیستیعماریە گۆڕاوەکانی پێشو توشی‌هاتون .

جەماوەری تێکۆشەرمان لەهەمو جێگایەك لە خۆراگرتنی قارەمانانەی عیراقی شۆڕش‌و بەربەرەکانی ئازایانەی بۆ هەمو مەیدانخوازی‌و بیلانەکانی ئیمپریالیزم‌و بیاتانی تاقیکردنەوەیەکی شۆڕشگیرانەی نمونە لەناوخۆدا سەرمەشقێکی باش دەبینن بۆ توانای تێك‌شکاندنی بیلانەکانی ئیمپریالیزم‌و ڕوخاندنی ئەو ڕژیمانەی بەدوای ئیمپریالیستەکان‌دا دەڕۆن‌و بۆ وەدی‌هێنانی سەرکەوتن‌و گەیشتن بەهەمو مافە زەوت‌کراوەکان .

بۆ ئاگاداری

دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی ، دەرچوانی خوێندنی سەرەتایی بانگ‌نەکات ، ئەوانەی کە ئەتوانن زمانی کوردی بنووسن‌و بخوێنەوەو خزمەتی عەسکەریان لەسەرنیە یان ((بدل))یان داوە ، بێن بۆ ئەو دەورە چابەمەنیە عەشقیەی لەم بابەتانەوە ئەبێ :

١ ـ ((مداور))ی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە .

٢ ـ دێر ڕیك‌خەر بە مەکینەی ((لاینوتایپ))و ((ئەنترتایپ)) .

ئەم دەزگایە ((مخصصات))ی ماوەی مەشق کردن ئەدات ، دیسان بەتینی ئەوەیان ئەدەینی کە وەکو ((فنی)) دایان ئەمەزرێنین بەو مووچەیەی کە ئەیانکەوێت ، بێجگە لە یادداشتی هاندانی ئەوانەی ماوەی مەشق بەزووی ئەبرن .

داواکاری تا ٢٨-٢-١٩٧٧ بە هەموو نوسراوێکی ڕەسمیەوە ئەدرێ بەم دەزگایە .

عثمان محمد فائق
بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

بۆ ئاگاداری

داوا لەو کەسانە دەکەین کە داخوازی‌یان پێشکەش بەم دەزگایە کردبوو کە بەگرێکاری لابنۆو نەخشەساز (مداور) دابمەزرێن ، بەیانی‌ی‌ڕۆژی ٥ مارت ١٩٧٧ بێن بۆ بینین و تاقیکر دەنووەیان‌ئەوی لەو ڕۆژەدا نەیەت ، ئیتر هەقی نامێنێت . دەکەوێت .

عثمان محمد فائق
بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەزگای بڵاوکردنەوەو ڕۆشنبیری کوردی

باشماوەی : ڕاپورتی سیاسی

بەگڕتوەکانی ئەمریکا‌و ماشەکانی دەستپشی بەسەروکایەتی ڕژیمی سوریائەیانەوێ بکوازنەوە بو ڕووبەکی تری نەخشەکە ، وانەئەو ڕوەی کە بەستنی کونفرانسی جنیف بە ئامادەبوونی لایەنی فەلەستینی نیشان ئەدا ، بەڵام ئەم کردارەشیان هەروا بە ئاسانی ناڕواو بە شیوەی تازەبەرەنگاری ئەکرێ ، کنگرو ماستیش بەوادەی خۆی .

هاوکاری

پاشماوەی دەنگی

ئەمڕۆ ئیش وای‌لێهاتوە ، هەندێ کەس ـ ڕۆشنبیر ـ! بیرای بیرای بیر لە (کتێب) ناکەنەوەو هەمو خوو خەو خەیالیان داوەتە ، تەلەفزیۆن‌و ڕادیۆو سینەماو شانۆو ڕۆژنامەو شتەکانی‌تر ..!! ئەمانە لەلایەکو کتێب لەبارسەنگێك ..! بێگومان ئەم نامرازە فیکریانە ـ وەکو گوتم ـ دەورێکی دیاریان لە ڕەخساندنی هۆش‌و چێژو سۆزو ژانی مرۆڤا هەیەو هەبوەو بارمەتیەکی زۆری (ووشە) شیان لەم دەرفەتەدا داوەو ئەیدەن ،بەڵام بەمەرجێ لەسەر حسێبی ووشەو کتێب نەبێ ، دەنا کارەکە سەنگەلا ئەبێتو ئەنجامیش تاریك ..!

● ئەم (کتێب) لەژێر سایەی چەتری فراوانی ئەم چاخی تەکنۆلۆژیاو سیبەرنە تیکابەدا ، نەبێتە (تاکە) نامرازێك بۆ خوتفاندنی شارستانیەتێکی پڕ لە میهرو لە ڕاستی .. ئەوا بێگومان، ئەبێ ببێتە نامرازێکی بەکچار ئەورەی ئەو شارستانیەتە .. ئەوانەی ـ لەم چاخە جەنجاڵەدا ـ بەرگری لە کتێب ئەکەنو لە هەمیزی ئەگرن ، بێگومان بەرگری لە فیکرو مێژوی فیکرو مرۆڤایەتی سەرکەش ئەکەن .!

گومپانیای شت‌ناردنە: باشماوە

کانی ئەنێرێ‌و بەوەش زیاد بوونێك لەشت ناردنە دەرەوە یەدی ئەهێنێ کە بایەخێکی تەواو بە ئابوریی نیشتمانی ئەکەیەنێ ، ئەو کەلو پەلانە کە لە ساڵی ٩٧٧دا ئەیان نێرێت ماددەی یوریایە لە دەوروبەری (١٢٠) هەزارتەن لەگەڵ کەرەستەی پتروکیمیاوی و پیشەسازی‌ترا ئەو کەلو پەلانە کە ئەچن بەلاوە گەلێ ئران ئەبێت سەرەڕای گیروگرفتی گواستنەوەو ئەبوونی ئەمیەو پاڕێزی ڕۆخ‌ئاو . لەبەر ئەوە کۆمپانیاکە ناچار ئەبێت ئەم جۆرە پێویستی‌یانە لە کەرتی تایبەت بەکرێ بگرێ‌و کەلو پەلەکانی خۆی بۆ بازارەکانی کەنداوی عەرەب ڕێیان بگوازێتەوە ، ئیستاکە کۆمپانیاکە لە گەڵ هەندێ لایەنی دیاری کراودا وەکو کۆمپانیای گواستنەوەی دەریایی‌و هێڵی ئاسمانی‌عیراقی لە چۆنیەتی گەیاندنی کەلو پەلەکانی خۆی بۆ بازارەکانی ئەفەریقاو ئووروپا ئەکۆڵێتەوە .

گیرو گرفت

گرنگترینی ئەو کەندو کۆسپانەی دێنە ڕێی ئەو کۆمپانیایە ، بەرزبوونەوەی نرخی هەندێ لە کەرەستەکانە ئەمەش کۆسپ ئەخاتە بەردەم بڕوتنەوەی کۆمپانیاکە ، و لە ئەنجاما بەربەرەکانی کردنی ئەو کەلو پەلانەی لەگەڵ‌و پەلەکانی خۆی ئەچن بەلاوە گەلێ ئران ئەبێت سەرەڕای گیروگرفتی گواستنەوەو ئەبوونی ئەمیەو پاڕێزی ڕۆخ‌ئاو . لەبەر ئەوە کۆمپانیاکە ناچار ئەبێت ئەم جۆرە پێویستی‌یانە لە کەرتی تایبەت بەکرێ بگرێ‌و کەلو پەلەکانی خۆی بۆ بازارەکانی کەنداوی عەرەب ڕێیان بگوازێتەوە ، ئیستاکە کۆمپانیاکە لە گەڵ هەندێ لایەنی دیاری کراودا وەکو کۆمپانیای گواستنەوەی دەریایی‌و هێڵی ئاسمانی‌عیراقی لە چۆنیەتی گەیاندنی کەلو پەلەکانی خۆی بۆ بازارەکانی ئەفەریقاو ئووروپا ئەکۆڵێتەوە .

دیمەنە دەوکاویەکان : باشماوە

دەکەمەوەو دەڵێم :ـ

ئەی چۆنی زانی لەشی بیس‌بووە ؟.. بۆچی لەدادگادا شایەتی‌یەکەی بۆ ڕاخاس ئەدا ؟!! بۆچی لە سەرقەبرانی جوامێراغادا .. فانیحایەکی بۆ مردووەکان ئەخوێند ؟! بە چ خەیاڵێ شەرعی بردە لای مەلا ؟!..

دووبارە ، ئەم پرسیارانەش چاوەڕوانی وەڵامێکی ئەوێ ترەدەکەن .. ئینجا ڕەچەب ، بێ‌بزانێ یان نەزانێ .. ئومان لەوددا نەما هەل خەڵەتاوە ، و بە هەل خەڵەتاندنە کەشمی زانیوە .. کەچی لەهەل ئەوانەشدا ئەو سەرەی بردی‌یە دادگاو سەرقەبرانەکەوە هەر بردی !!

بەبڕوای من ، مادام ئەدەب بۆ جەماوەرەو ئاژارەکانی کۆمەڵ سارێژ دەکاتەوە ، پێویستە ئەدیبش لە بەرهەمە ئەدەبی‌یەکانی‌دا چەند ئیلتزامێکی هەبێت .. لێرەدا کە دەڵێن ئیلتزام ، مەبەستمان لەوەنیە ئەدیب بۆ تاقمێ یان سەر بە کۆمەڵێ بێ بکەرە مەبەست لە ئیلتزام ئەوەیە ئەدیب بەرامبەر جەماوەر ... بەرامبەر ژان‌و ئاژارەکانی .. بەرامبەر بە چارەسەرکردنی ئەو کیروگرفتانە ڕاست ئەبێ‌و ئەخێی‌و نە کۆمەڵ هەل ئەخەلە تێنێت .

بەراست کۆیانەو ئازایەتی‌یەوە ، وێنە فۆتۆغرافی یەکانی ژیان بگرێت‌و ڕەنگی دوا ڕۆژی ژیان بڕۆژێت .. چونکە ئەدەبەکەمان ئیمڕۆ پێویستی بەوەیە وێنەی فۆتۆغرافی‌یەکانی ژیان ، هەر بە ڕوالەت نەکێشی‌و دەوری خزمەت ئوزاری کۆمەڵ بە سەرزارەکی نەبینێ ..

بێتر لە دوا ووتەدا .. هیوادارم گاك سەلام ، بەدڵ فراوانی‌یەوە .. ئەم چەند بۆچوونە خێرایەم ئوودرگرت کە ئەخزمەت بەولاوە هیچی‌کەی تیا بەدی ناکەم و ئەو بەدیمش ڕزو سوپاسم پێشکەش بەبرای چیرۆك نووس دەکەم .

سۆران مەحوی

پاشماوەی : سەرۆتار

ئەردەنی‌و فەلەستینی‌یەکان جاربکرێ ، کە ئەمە لەگەڵ مەبەسی قەوارەی زایۆنی‌دا ڕێك‌دەکەوێ .

ڕژیمی بەگرێگیراوی سوریاش شێوەی تابیەتی خۆی هەبە بۆ ڕاگەیاندنی خزمەتی بیلانەکانی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم بەچەشنێك لەگەڵ ئەو دەورەدا بگونجێ کە بۆ لبدانی بەرگری فەلەستین‌و بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان بێ‌سپێرراوە . هەر لەگەڵ گەشتەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەناوچەی عەرەبی‌دا ڕژیمی سوریا هێزەکانی خۆی لە خواروی لوبنان کێشابەوە ورێگای بۆ هاوبەیمانەتی زایۆنی‌و گۆشەگیرەکان کردەوە تا دەسەڵاتی خۆی بەسەر خواروی لوبنان‌دا بنوێنێ‌و زەبر لە هێزەکانی بەرگری فەلەستین‌و بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان‌بدا ، ئەمەش بۆ ئەوەی بەزایۆنی دوژمن نیشان‌بدا کە بونی هێزەکانی لە لوبنان هیچ هەرەشەیەك لە ئاسایشی فەوارەکەی ناکاو مەبەست لەبونی ئەو هێزانە لە لوبنان تەنیا چەك دامالینی بەرگری فەلەستینە .

هێزەکانی ڕژیمی سوریا لەباش ئەوەی لە خواروی لوبنان کشانەوە ئێردوگاکانی فەلەستینی‌یەکانیان لە بیروت‌و هەروەها بارەگای ڕێکخراوی ڕزگارکەری فەلەستینیان کەمارۆدا بۆ ئەوەی ئێردوگاکان چەك‌بکەن‌و توانای بەرگری‌و دیفاع لەخۆیان بێنەهێڵن ، ئەمەش بەو مەبەستە کە کاتێك سیروس فانس ئەیشتە لوبنان دیمەنێکی ڕوونتری بیشان بدەن‌و کاربەدەستانی دیمەشق دەری‌بخەن کە دەسەڵاتی تەواویان نەك تەنیا بەسەر لوبنان‌دا بەڵکو بەسەر بەرگری فەلەستینیش‌دا هەیەو بەوجۆرە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دلنیابکەن کە هیچ کەندوکۆسپێك لەڕێگای سازاندن‌دا نەماوە .

هەوڵ‌و تێکۆشانی کەرمی هێندێك ڕژیمی عەرەبی بۆ بەستنی ئاشتی لەگەڵ قەوارەی زایۆنی‌و لەژێرچاودێری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا ئەو ڕاستیە دەردەخا کە تێکۆشانەکە شەپۆلێکی دەرگەڕان‌و بۆزانەوەی هێزە ڕاستڕەوو کۆنەپەرستەکانی ناوچەی عەرەبیشی لەگەڵدایەو دەربڕینی ناوات‌و ئامانجی بزوتنەوەی جەماوەری تێکۆشەرنیە .. بۆیە خێرا کرتنی جەماوەرو سوربون لەسەر مافە ڕەواکانیان‌و بەردەوام‌بون لەسەر خەباتی نیشتمانی‌و نەتەوەیی دەتوانێ هەمو بیلانە ئیمپریالیستیەکانی دژ بە ئامانجە نیشتمانی‌و نەتەوەییەکان تێك‌بشکێنێ .

ناوچەی عەرەبی زۆر ڕۆژەی جۆربەجۆری ئیمپریالیستەکانی بەخۆیەوە دیتوە کە ئامانجی هەموویان لێدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی‌و جێگیرکردنی تالانی‌و بڕێی نیستیعمار لەناوچەی عەرەبی‌داو بەستنەوەی بەپەیمانە عەسکەری‌و ئیمپریالیستیەکانەوە بوە ، وەك پەیمانی بەغداو ڕۆژەی ئایزە نهاوەرو هی‌تر

بۆ ئاگاداری

داوا لەو کەسانە دەکەین کە داخوازی‌یان پێشکەش بەم دەزگایە کردبوو کە بەگرێکاری لابنۆو نەخشەساز (مداور) دابمەزرێن ، بەیانی‌ی‌ڕۆژی ٥ مارت ١٩٧٧ بێن بۆ بینین و تاقیکر دەنووەیان‌ئەوی لەو ڕۆژەدا نەیەت ، ئیتر هەقی نامێنێت . دەکەوێت .

عثمان محمد فائق
بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەزگای بڵاوکردنەوەو ڕۆشنبیری کوردی

باشماوەی ئەنجومەنی

ئەندامو احسان طاهر هەردوو ئەندامی ئەنجومەن ڕاسپێردرین بە بەدواداچوونی جێبەجێ‌کردنی ئەو پێوویستیانەی لە ڕاپۆرتەدان بە خێرایی‌و لەیەر ڕووناکی ئەو پارەیەدا لە بوجەی ئیستای ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا دانراوەو ئەو پێویستیانەش کە لە دەسەڵاتی ئایەنە مەرکەزی‌یەکاندایە بەزووی بکەیەنرێتە جێی ئیان .

دیسان ئەنجومەن لە ڕاپۆرتی کۆڵایەوە کە دەربارەی خزراك‌و خواردەمەنی قوتابخانەکان‌بوو ، لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتی سەر بە ئەمانەتی گشتی کاروباری ئەندروستی‌و کۆمەڵایەتیەوە لەسەر خواستی ئەنجومەنی ڕاەراندن ئامادەکراوو .

ئەنجومەن چەند بڕیارێکی دا بۆ جێبەجێ‌کردنی زوربەی زۆری خاڵەکانی ئەو ڕاپورتە ، بە شێوازێکی تێکڕایی دەبووە لە چارەسەری هەندێ سەلبیاندا کە لە کاروباری دایەش کردنی خواردەمەنی بەسەر قوتابخانەکاندا لەڕووی ئەندروستی‌یەوە ڕوویانداوە .

باشماوەی : سەرۆکی فەرمانده

کە هەیانە بەشدارێکی ئەواو ئەکات لەقال کردنی قوتابیانەکاندا‌و پشتگیری کردنی هەوڵو ئەقەلای چاك بۆ بەرەپیدانێکی بەردەوامی بەرەوەردە بەومانا ئراوان‌و قولەی کە هەیەتی .

هەروەها بەرز مەجبوب وەزیری بەرەوەردە لە کۆبونەوەکەدا ڕاپورتێکی دوورودرێژی خوێندەوە لەبارەی ئەو کارانەی وەزارەتی بەرەوەردە لەمەیانی بەرەوەردەی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و پیشەیی‌و ئامادەکردن‌و مەشق پێ کردن‌و بڕۆگرام دانان‌و هۆکان‌و ناقی‌کردنەوەدا جێبەجێی کردون.

باشماوەی : لە ناسۆی ئەدەبدا

بە چاوەوە ئرتەکی شاری کوران وای لێکردم وا بڵێم ، کەوتم ئیتر بەلاەوە ئرنەنك ئەبووە سەری چەند پێنی پێکوناهی تیادەچێت !

خۆ ، دەی پێشترو ، دای پاشکر وەك ، لێرەدا ، و ئەوە هەر مەپرسە بە ١٠و ٥ئەو چ حەشرنگیان پێدەکرێت ..!

ئەوا من وتم ، ئیتر ڕووش ئارەزووی خۆتانە ، خۆ ئەگەر دەڵێن‌و تنیان گرانەو ، زەتمان تازە وا ڕاهاتووە ، هەر هیچ ئەبێت لە نووسینەندا بنووسرێت‌و پەڕەو بکرێت‌و ، هەر کەسێکیش لە خوێندنەوەو لە گفتوگۆدا چۆنی پێخۆش بوو وای بڵێت ، تا ڕۆژمانەکەمان لەمە زیاتر بەرت‌و بلاونە بێتەوە .

Institut kurde de Paris

بۆیەکەم جار ئافرەتێک زانستگای سۆربۆن بەڕێوە دەبات

بە درێژی مێژووی دێرینی زانستگای سۆربون لە فەرەنسا ، کە ئەمە ٧٠٠ ساڵ ، ئەمە یەکەم جارە ئافرەتێک دانرێت ببێت بەڕێوە ئەو ئافرەتە ناوی (هێلین ئەروبلار) ، خەلکی فەرەنسایەو بەرەچەنەك یونانییە .. مێردی کردوە ، کچێکی ١٢ ساڵانی هەیە ..

زمانانی یونانی و ئینگلیزی و لە فەرەنسایدا زمانێکی ئەڵمانی و ئیتالی و تورکی باراوی هەیە زۆر چاکیش ئەزانێت خۆشی پسپۆری شارستانێتی بیزەنتی یە . .

لەمەوبێش لە زانستگاکانی نیورك و مۆسکۆو هارفەردو بەمنگهام و بروکسل و لەندن و فینسیاو لووس ئەنجلس و بۆن و شیکاغو و مونتریال و بیرکل و سالوینکادا دەرسی وتۆتەوە ئەم ئافرەتە لە دایەرەی مەعاریفی بەریتانیدا بەشی ئیمپراتوریەتی بیزەنتی نووسیوە .

زانستگای سۆربۆن ٣٠ هەزار قوتابی تیدایەو ٧٠٠ مامۆستا دەرسی تیدا ئەڵێتەوەو نزیکەی ٢٠٠٠ مامۆستا بۆ سەردان ئەچنە ئەو زانستگایە ..

زانستگاکە کتێبخانەیەکی تیدایە جێگای خوێندنەوەی ١٠ هەزار قوتابی تیدا ئەبێتەوە .

مێردی ئەو بەڕێوەبەرە نوێیە ئەندازیارێکی کیمیاگەریە لەزانستگای سۆربۆندا ماوەیەک کتێبێکی سەبارەت پیاوە بەناوبانگەکانی سیاسەت نوسیوە .

پەیدابونی دورگەیەکی نوێ

لە رۆژئاوای ئوقیانوسی هێمن (باسفیك) نزیك ئایوجیما دورگەیەکی نوێ پەیدابوە . دورگەیەکە لە ئەنجامی بیشخوار دنەوەی ناوجەرگی زەوی وبەهۆی تەقینەوەی شاخێکی ئاگرینەوە لە ژێر ئوقیانوسەکەوە پەیدابوە .

ئەو دورگەیەی ١٤٠٠ کیلومەترە لەپایتەختی ژاپۆنەوە دوورە یەکێ لەفرۆکەکانی دەزگای فرۆکەوانی دەریایی ژاپۆن دۆزیویەتەوە .

گەورەترین پاسکیل لەجیهاندا

کابرایەکی دانیمارکی کە ناوی « فیشنیرجارد »ە گەورەترین پاسکیلی دروست کردوە کە ٣٤ کورسی تیایە . هەروەها «فیشنیر» پاسکیلیکی تری هەنمی دروست کردوە کە بەبچوك ترین پاسکیل لە جیهاندا ئەژمێردرێ و وەك پاسکیلی منالانەو منال ئەتوانێ بۆ هاتوچوی قوتابخانەو سەیران بەکاری بێنێ و کورسیەکی پاشکۆی زیادەی تیوەیە کە ئەتوانێ منالێکی لەگەڵ خۆی سوار بکات .

هەنگ بۆچی زوو یەکی ئەکەوێت و کەمرێت

هەنگ زۆر دەکەوێتە بەناوباخچەکاندا بۆ مژینی شیلەی گول بۆ ئەوەی بیکەن بە هەنگوین .

بۆ دەستکەوتنی یەك کیلۆگرام لە هەنگوین پێویستە لەسەر هەنگ کە (٨٠,٠٠٠) جار بچێتە دەرەوە بۆ باخچەکان و شیلەی گول بهێنێت ، بەڵام ئەمە کارێکی زۆرگران و قورسە . لە لایەکی ترەوە لەکاتی فڕیندا زیاتر لە (٢٠٠) جار باڵەکانی ئەجوڵێنێ لە چرکەیەکدا . وە زۆری بێ ناچێت باڵەکانی لە کەلەك ئەکەون و قەراغەکانی هەلدەوەرێت وە ماوەی مانگێك باڵەکانی ئەدڕێن و ئیتر هەنگەکە توانای فڕینی نامێنێ . وە هۆیەکی تریش هەیە کە هەنگ زوو ئەمرێت :-

ئەویش ئەوەیە لەکاتێکداکە ئەچێت بەکز دوژمنەکەیدا بە جزووەکەی پێوە ئەدات . وەهەموو ئەندامی لەشی بەسترأوە بەو جزووەوە ، وەئیتر ناتوانێت دەری بهێنێتەوە لە لەشی دوژمنەکەی ، وە ئیتر

هەندێك جزری هەنگ هەبەلە ئەمریکای خوارو بەکەسەوە نادات بەڵام ئەتوانێت خۆی لەدوژمنەکەی بپارێزێت بەوەی شیلەیەك لە دەمیەوە ئەڕژێتەسەر لەشی دوژمنەکەو ئەبێتە هۆی ئاوسانێکی بە ئازار لەگیانیدا . ئەم جۆرە هەنگانە لە هەنگەکانی لای خۆمان درەنگ تر دەمرن .

رۆشنبیری نوێ ئەکەوێتە بازاڕەوە

لەسەرەتای هەفتەی ئایندەدا ژمارەی «٥٧»ی گۆڤاری« رۆشنبیری نوێ » ئەکەوێتە بازاڕەوە .. کەلێ بابەتی بەهاداری شیعرو چیرۆك و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فیکری و سیاسی تیایە ...

لەم ژمارەیەدا ئەم نوسەرانە بەشدا ریان تیاکردووە ، حسین عارف ، کامەران ابراهیم حسن ، مهرەبان ، فوزی عزیز ، جاسم الیاس ، صباح عبدالرحمن ، روناك احمد فخری ، نەژادعزیز ، سەلام محمد ، د . ابراهیم عزیز ابراهیم ، صلاح احمد ، محسن محمدحسین ، فؤاد حمه خورشید ، زهیر احمد القیسی ، مکرم رشید ، هەروەها گەلیك لەنوسەرانی تریش .

ئافرەتانی مەی خۆر

لە گەڕەکێکا کابانی مامێك ئەبینن ، چەند شوشەیەکی بەتاڵی پڕیەو ئەچێ بۆ دوکانی مەی فرۆشێو پڕیان ئەکاتەوە ، ئافرەتێکی تر لە نیویورك ئەبینن رۆژی لە نیودرواندا سێ شوشە « مارتینیز »و لەئێوارانا پێنج ئەخواتەوە ، ئەمانەدوو نموونەی ملیۆنەها ئافرەتن کە مەی خۆرن ، ژمارەشیان تادی زیاد ئەکات ، ساڵی رابوردو سەرژمارەیەك لەم بارەیەوەکرا ، دەرکەوت کەلەنێوان هەر شەش کەسدا ، ئافرەتێکی مەی خۆر هەیە ، چاودێری ئەوە ئەکرێ بگاتە رادەی هەرسێ کەس ئافرەتێك مەی خۆربن .

لە ئافرەتێك لەوانەی مەی ئەخونەوە پرسیاری کرد هۆی خواردنەوەی مەیی لەلایەن ئافرەتەوە چی یە ؟! هەر خۆی لەوەڵاما وتی « جۆرێکە لە فەنتازی ! » .

دوکتور جاکسون سمیث ئەڵی (لەبیرمە ژنێکی سەرخۆش هاتە لام وتی : ژووری نوستنەکەم فرۆکەی هەلیکوبتەری تیادا ئەسورێتەوە .

بەیاڵەقی ئێوە

هەندێ لە ئێمەمانان ، واتێ دەگەن کە لە (ئیستا) دا ئەژین ، کەچی راستیەکەی ئەوەیە ، لە نێو دوارۆژا ئەژین و بەردەوام چاویان بریوەتەدوا رۆژ .

(ئیستا) کەمەربەستن و خۆ ئامادە کردنە بۆ دوا رۆژ .. واتە (ئیستا) جوڵانەوەیەکی بەردەوام و داکشاوی رابردوەو پەندە بە دوارۆژمانەوە . (ئیستا) ئەو جوڵانەوەیەیە ، کە بەکارو ئارەزوی بەیانیەوە ، ئەمان بەستێتەوە ، رەگەو ماکەکانی بەندە بەو یادگاروهیواو خەونانەی کە لە نێو دڵو دەرونمان جژشی ئەخواردوچاوە چاوی سەردەرکردن بوو .

ئێمە - لە نێوانی رابردوودوارۆژماندا - واتێ دەگەین کات تەنیا هەر (ئیستا)یە ، کەچی لە راستیا کات (ئیستا) نیە ، یاوەك (هایدگەر)ی فەیلەسوف واتەنی : کات ، کاتی دوا رۆژە ..

کات ، کاتی دینامیکیانەی ئەو بوون و مان و نامانجانەیە ، کە خۆی لە نێوکارو بڕۆژەکانی دوارۆژماندا ئەنوێنێ .. واتە : ئێمە لە نێو پاشەڕۆژدا ئەژین و پاشە رۆژیش بریرەی پشتی ژیانمانە .. هەرچەندەیش دوا رۆژە کەمان تەمو مژاوی و بەتەنکەبەری بێتە بەرچاو ، کەچی بەردەوام . وچان نادەین و ئەڵهای ئەکەین و بێ سڵەمینەوەو بەهەمو توانایەکمان هەولی رۆشنکردنەوەی کونج و لایەنەکانی ئەدەین ، تا ئەبێتە ئاسۆیەکی بەرکوشادی پڕ لە ئارەزوو خەون و ئامانجەکانمان .

ئۆشە نیگای پاشەرۆژانەی کاتییش ، لە رۆشنکردنەوەی ئەو ئۆشەیەی کە ستارەمان تیدا کرتوە ، دەس بۆ ئەکات ، بەمەرجێ کاری رۆژانەمان نەبێتە مایەی فەراموشکردنی ئامانجەکانمان ئەم تریکەشتن و ئۆشە نیگایەش ، دەستەبەرتکی راستەوراستی کاری پڕ لە سود بەخشی ژیانە ، چونکەسەر بەهۆشنیکی بەجۆش و بە دڵنیایی بوون و مانی راستەقینەیە .

- لەم حالەدا - نرخ و بایەخی ئێمەیش بەندە بە دوارۆژمانەوە .. کاری بەردە وامیشمان بۆ ئەو رۆژەی ، کە لێوریژە بە هیواو ئەرکو ئارەزوی بەیەیمان مایەی خۆشبینی و ئەنجامی هێزو ژیانی لەبارو پڕ لە کامەرانیمانە .

● عثمان محمد فائق ●
١٩٧٧/٢/١٩

یونانی بە چەتەولەکە

جاکلین کیندی ئەیویت چیرۆکی ژیانی خۆی لە فلیمێکا بە (٢٠٠) هەزار دۆلار بفرۆشێ ، لەبەر ئەوە ئەو دەورە بە « جاکلین بیسیە » سپێررا ناوی فلیمەکەش « یونانی یە چەتەولەکە » .

رۆمانەکە چیرۆکی ژیانی جاکلین ئەگێڕێتەوە ، جاکلینیش دەوری پاڵەوانیەتی فلیمێکی تر ئەگێڕی کە ناوی « سەگەکانی دەریاکە » یە . ئەوەی شایانی باسە ئەو فلیمە (٨) ملیۆن دۆلاری تێ ئەچێ !

ریزلێنانی تاقمێکی نوێی پێشەنگەکانی بزوتنەوەی مۆسیقا

بریاردراوە ، هەرلەئیستاوەخۆ ئامادەکردن بۆ ئاهەنگەکانی ولات بەبۆنەی رۆژی موسیقای جیهانیەوە کە لەمانگی تشرینی یەکەمی داهاتودا ئەبێ دەستپێ بکات .

وانیازە لەو بۆ نەیدا ریزی دستەیەکی تر لەپێشەنگەکانی بزوتنەوەی موسیقایی بکێری ، کە ئەوانە ئەگرێتەوە لەلایەنەکانی پەروەردەی موسیقایی و موسیقازەندن و ئاوازدانان و گۆرانی وتن لەماوەی ١٩٤٠ - ١٩٥٠دا کاریان کردوە ، ئەوەی شایانی باسە لەئاهەنگەکانی ساڵی رابوردوودا بەبۆنەی رۆژی ئاوبراوەوە ، وەزارەتی راگەیاندن دەستی ریزی لە (٥٠) نامبراوی بزوتنەوەی موسیقایی عیراق نا .

تاقی کردنەوەیەك

تاقی کردنەوەیەکی سەیر بۆ بەربەستی ئیس بوونی ئاوهەوای زیانکە ، بەهۆی سن ئوتومبیلی جۆربەجۆرەوە ئەکرێ و بۆ ماوەی یەك مانگ کە لەو ماوەیەدا ئەو سێ ئوتومبیلە هەشت هەزار کیلومەتر رتگا لە شاری «ساوباولۆ » وە بۆ ناوەوەی ولاتی بەرازیل ئەبڕن و ئوتومبیلەکان جۆرە ئەسپرتو یەکی پاڵیوراو لە جیاتی بەنزین بەکار ئەهێنن و ئەم ئەسپرتویە کەم مەسرەفەو هێزی مەکینەی ئوتومبیلیش زیاد ئەکات ، دیسان لەجیاتی رۆنی ئاسایی چەوری ئوتومبیل رۆنی رووەکی کە چەکی بۆ بەکار ئەهێنرێ . ئەم تاقی کردنەوەیە بۆ روون کردنەوەی ئەو کارەیە دوکەلی روون و سووتەمەنی ئوتومبیل ئەیکاتە سەر پیس کردنی ئاوهەوا دیسان بۆ سەرنج راکێشانی بەکار هێنانی سووتەمەنی نوێتر بەمە بەستی پاراستنی خاوینی ژیانکەو ئاوهەوا .

شازادەو یاسا

قازی دادگای « دیربشیر » لەلەندن فەرمانی داوە ٤٠ جنێو نیسمەرلینی لە « نان »ی شازادەی بەریتانیا بسڕێتەوە چونکە بینراوە ، ئوتۆمبیلەکەی بەخیرایەك لەخوری وە زیاتر لەوراوەیەی ئەئونجێو رتگای پی دراوە . لەبەردەمی دادگاکەدا « نارثرو بلیامز » نوێنەری شازادە « نان موتی »ەن لەزبان شازادەوە پێیانرا ئەگەیەنم کە داوای لێبوردن دەکاتو داخی خۆی پێشکەش دادکا دەکات .

بەرهەمێکی نوێ

کابانە پکۆلەکە

لە زنجیرەی چیرۆکی منداڵان بەرتوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی حەوتەمین چیرۆکی بەناونیشانی (کابانە بچکۆلەکە) خستە بازاڕەوە ئەم چیرۆکە بەشێوەیەکی ریکوپێك و قشتیلانە رانجایی منداڵ دەکات بۆ یارمەتیدانی دایکی لە ئیشوکاری ناومالداو بەوتنەی رەنگاورەنگ رازاوەتەوە .

***

شوعەیبیە

شوعەیبیە یەکێکە لەو ئالەتانەی کە بە بەکارهێنانی فوو لێئەدرێت ، پێکدێت لە چەند بۆریەك (جیاواز لە درێژیدا) ئەوکەسەی پیەوێت شوعەیبیە بەکاربهێنێت فوو دەکات بە کونەکانی سەرەوەی ئەو بۆریانەدا وە کۆنایی ئەو بۆریانە لە خوارەوە داخراون ، وە ژمارەی ئەو بۆریانە لە نێوانی (٧-٩) دا وە لە کانزایان تەختە یان عاج (ئیسقان) یان (قامیش) . وە بەپێی مێژووی یونانی یەکان داهێنانی ئەم ئالەتە ئەگەڕێتەوە بۆ خواوەندی (هرمز) پاش ئەویش بۆ کورەکەی (بان) وە لە عەرەبیدا شوعەیبیە ئەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەر (شوعەیب) .

● مێژووی ئالەتەکە ..

گرنگترین شوێنەوارێك کەبوونی ئەم ئالەتە سەلمێنێ ئەو شوێنەوارە ئەغریقیەیە کە مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمو حەوتەمی پێش زایین بەڵام لە رۆژهەڵاتدا درەنگ دەرکەوت بۆ نموونەلە عێراق کۆنترین شوێنەوارێکی ئەم ئالەتە ئەگەڕێتەوەبۆ چەرخی (هلنستی) (٣٣٢-١٣٥)پێش لەدایکبوون وە هەرلەو چەرخەدا ئەم ئالەتە لە میسرو سوریاو فەلەستین دەرکەوت . لە راستیدا بنچینەو شوێنی تەواوەتی ئەم ئالەتە نەزانراوە ئەوەتا لە (ئەلیازە)دا بە ئالەتێکی پێگانەدانراوە ئەوروپاییەکان لە هەموو چەرخەکۆنەکان بەکاریان هێناوە هەتا گەیشتە تیپی ئۆرکسترا ئەوەتا دەنگی ئەم ئالەتە لە (نای جادویی مۆتزارت)دا ئەبیستین .

وە ئەوەی تێبینی ئەکرێت ئەوەیە کە ئەتەوە سەرەتاییەکان ئیستاش بەکاری ئەهێنن هەر لەسەر شێوەی رابوردوو وەك چۆن لە کۆندا ئالەتی شوان بووە .

محەمەد مەحمود
وەرگێڕاوە

کاریکاتێر لەجەزاوە

Institut Kurde Paris